دوو رۆمان

# پیری کێوان و بەردەژن

مەولود ئیبراهیم حەسەن

هەولێر ــ ٢٠١٩

# حکومەتی هەرێمی کوردستان

## وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر

سەرپەرشتیاری گشتی
سیروان عوسمان

| | |
|---|---|
| ناوی کتێب | : پیری کێوان و بەردەژن |
| بابەت | : ڕۆمان |
| نووسەر | :مەولود ئیبراهیم حەسەن |
| پیتچنین و هەڵەچن | : نووسەر |
| نەخشەسازی ناوەرۆك | : ئاسیا صباح |
| نەخشەسازی بەرگ | : شاخەوان جەعفەر |
| تیراژ | : ٥٠٠ دانە |
| چاپ | : چاپی یەکەم - چاپخانەی ڕۆشنبیری- هەولێر/ ٢٠١٩ |
| نرخ | : ٤٠٠٠ دینار |

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردن، (٤٠٤)ی ساڵی (٢٠١٩)ی پێدراوە



مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر



هەولێر - گەڕەکی ڕاستی/ نزیك گەراجی بەغدا ژمارەی تەلەفۆن: ٠٦٦٢٥٨٥٤٢٧

# پیری کێوان

# ١

پشتت بەبەردێك داو سبیڵ و کیسە تووتنەکەت دەرهێنا، دووجار تووتنەکەت سەراوبن کرد. هوردەکەت لەنێو دەمی سبیڵەکە کردو بە پەنجەی گەورەی دەستە چەپت کەمێك پەستات، ئەستێ و بەردەستێیەکەت دەرهێناو چەند جارێك لێکت دا، کەچی - قاو- دانەگیرسا! لەدڵی خۆت دا گوتت: ڕۆژێکی شوومە، هەتا ئاگرەگەشم کوژاوەتەوە!

پاش چەند هەوڵدانێك نائومێد بووی لەداگیرسانی، تووتنەکەت لەنێو کیسەکەی کردەوەو سبیڵەکەت لەبەرپشتێ راکردو بەنادڵییەوە گوتت:

- هی ئەو تەم و تومانەیە، هەواش تەواو شێدار بووە، کەولەکەت تەواو لەشانی خۆت گیر کردو تفەنگەکەت بەنێو ڕانیدا لولەت

خستە سەرشانی خۆت و هاتەوە بیرت: کە چ جاران ئەوەندە بەدوای نێچیردا نەگەڕاوی و هێندەش درەنگ نێچیرت هەڵنەستاندوە! ئەوا لەوەختی ڕۆژان تێپەڕی، کەچی بە پێچەوانەی جارانی پێشوو ئەمڕۆ. هەتا باڵندەیێ، زیندەوەرێ، لەو زیندەوەرانەی لەوەو پێش قەت فیشەکت لێ خەسار نەکردوون، بەتەماش نەبووی چ ڕۆژان لێ یان خەسار بکەی، تووشت نەهاتوون.

ڕەوشتی هەموو گیانلەبەرکانی چاك دەزانی، بەهاوین، زستان، پاییز، بەهار، بەدرێژایی ساڵ، دەیزانی هەریەکەو لەچ وەختێك دێنە دەرێ و هەتا بەچ ڕێگایەکیش دادەڕۆن. هەرئەم شارەزاییەش بوو، وای لێ کردبوو سەرەڕای دەست ڕاستی و نیشانە شکێنی، لەهەموو کەسێك زووتر نێچیری خۆی بگرێ و هیچ جارێکیش دەست بەتاڵ نەگەڕێتەوە. ناو و ناوباوبانگی وا ڕۆیشتبوو، ئەگەر لەم ناوە ڕاوچییەك دوو ڕۆژان لەسەریەك نێچیرێ کوشتبا!! خەڵکەکە دەیان گوت:

- بویتە پیری کێوان، دەست بەتاڵ ناگەڕێتەوە. کەچی ئەمڕۆ خەریکە بەمەزەندەی خۆی وەختێ ڕاو بەسەربچی! هێشتا نەك هەر نێچیرێکی نەکوشتووە، بەڵکە هیچیشی هەڵنەستاندوە.. با ڕێوییەك یان سمۆرەیەکیش بێ.

زۆر لەدڵەوە هەستت کرد، کەهەموو هیواو ئارازووت ئێستا تەنیا دیتنی نێچیرێکە. یەکەم جار بوو لەهەموو ژیانتدا هاتیتە سەر ئەوەی گازندە لەبەختە ڕاوی خۆت بکەی. ئاخر هەموو ژیانی تۆ هەر تەنیا ڕاو و نیشانە شکاندن بووە! ڕاو و نیشانە

شـکاندن و بـەس، ئەگـەر ڕاو نەبـێ؟! ئەتـۆ پەیوەندیـت بـەم ژیـان و جیهانـەوە چیـە! نیشـانە شـکاندن و نێچیـر کوشـتن، تەنیـا دەمـارە بۆ تـۆ، لەنێـوان ژیـان و مـردن!! تاکـە پەیوەنـدی و نیشـانەی مـان و زیندوویەتـی تۆیـە بـەم ژیانـەوە!.

نێچیرێکت هەڵنەستاند... سبیلەکەشت بۆ دانەگیرسا!!

لەدڵـی خۆتـدا وات هەسـت کـرد، کەلـەم ڕۆژەوە ئیتـر سـەرەتای بەدبەختیانـە، هەتـا لـەڕاو و نیشـانە شکاندنیشـدا!!

بـێ ئـەوەی هەسـت بەخـۆت بکـەی، ئـاوڕت بـەلای شـانی ڕاسـت دا دایــەوە. بـڕوات بەچـاوی خـۆت نەکـرد. بەپەلـە سـەرو چـاوی خـۆت هەڵگلۆفـت و چاوەکانـت ڕوون کـردەوە، خەریـك بـوو لەخۆشـیان هـاوار بکـەی و ببیتـەوە ئـەو گەنجـە بـێ ئەزموونـەی کـە یەکەمیـن جـار دەچێتـە ڕاو و نێچیرێـك هەڵدەسـتێنێ و بـە خـۆی ناوەسـتێ و هـاوار دەکا، ئەهـای نێچیـرە!! لەزەتـی بینینـی ئـەو نیچیـرە بـە تەنیـا، هێنـدەی لەزەتـی هەمـوو ڕاو و کوشـتن و نێچیـر هەڵسـاندنەکانی لەوەپێـش بـوو. ئـەو دەم یەکەمیـن جار بـوو، پـاش بیسـت و پێنـج سـاڵ هەسـتت کـرد، هەمـوو ڕابـردووی خـۆت لەبیرکـردووە، خۆشـیەکی تـەواو دڵـی تەنیـوی! کەتـەواو دڵنیـا بـووی، ئـەوەی دەیبینـی ڕاستەو نێچیـرە! بەزانایـی ڕووی تفەنگەکـەت تێکردو فیشـەکت لیـێ خوڕییـە بـەرێ و سـێرەت لێگـرت. زۆر بەدڵێکـی پـڕ بـاوەڕ، بـاوەڕ بەدەسـت ڕاسـتی و نیشـانە شـکێنی خـۆت، پەنجـەت خسـتە سـەر پەلاپیتکـەو نیشـانەت لەکەللـە سـەری پڵنـگ گـرت. پڵنگەکـە زۆر لـەو نزیکتـر بـوو کەتـۆ گومـان لەنەپێکانـی بکـەی. جگـە لـەوەش پڵنگەکـە لەسـەر

بەردێك بەرامبەر بەتۆ هەڵتوتکابوو، بەوشتی سەیری دەورو بەری خۆی کرد. کە تەواو پڵنگ لەگەڵ سەر سێرەی تفەنگ یەکی گرت، زۆر بەعەشقەوەو بەتێنویێتیەوە پلت لێ بزوات و گرمەت لێوە هێنا!!

## ٢

کـە گوێت لەتەقـەی تفەنگـی خـۆت بـوو، شـادییەکت لـەدڵ دا گـەڕاو دڵـت خۆشـتر کەوتـە لێـدان و خوێـن بەخۆشـییەوە بەهەمـوو لەشـت دا پـەرت بـوو. هاتـە بـەر چـاوت کەئێسـتا پڵنگەکـە لەخوێـن خـۆی دادەگـەوزێ، پـەل دەکوتـێ و خەریکـە گیـان دەدا. کەچـاوت ڕوون کـردەوە، حەپەسـای!! وەکـو جـاران پڵنـگ لەسـەر بـەرد هەڵـتوتکاوەو بـە وشـتی لـەدەوری خـۆی دەڕوانـێ.

لەتفەنگەکەی خۆت کەوتیتە شك و گومان!

-نـەکا لەبـەر ساردی و تـەم و تومـان ئەویـش وەکـو ئەسـتێ و بەردەسـتێکە، لەکارکەوتبـێ!!.

بەهێواشـی باقەنەجمـەی تفەنگکـەت ڕاکێشـاوەو قەوانەکـەت دەرهێنـا، قـەوان گـەرم و بەتـاڵ بـوو.

ئەوە یەکەمین جارە لەهەمـوو ژیانت کەنیشانە نەپێکی و نێچیر ئاوا بەقیتی و بێ باکی لەبەرامبەرت هەڵتوتکێ! ئاخر ئەو جارەی کەلەسەربازی مادۆنیان دایتێ و بە خۆت و (دیاری)یەو گەڕایەوە ئاوایی، زۆر بەشانازییەوە باسی خۆت بۆ گێڕانەوەو دیاری و خەتەکەت بەخەڵك نیشان دەدا. کە لەپاداشتی نیشانە شکاندن ئەفسەرو لێپرسراوەکان پێیان دابووی. کەم نەبوو بە ماوەیەکی زۆر کەم، ڕاهێنان و مەشق وای لێ کردبووی، کەلەسەریەك دە فیشەك لەتەختەی نیشانە بدەی و هەر دە فیشەکیش لەیەك جێگا بدەی! بەئاستەم هەست بکرێ، کەئەم جێگایە لەفیشەکەکی زیاتر بەر کەوتووە.

لێپرسراوەکان تائەو دەم سەربازی وایان نەدیبوو کەلەماوەیەکی کەمدا بەمەشق وڕاهێنان نیشانە شکێن و دەست ڕاستی وای لێ دەربچێ! بۆیە هەموو لایەك باسیان دەکردو شاباشیان کردی. ئەوەبوو خەتێك و دوو دینارو مەدالیایەك و (دە) ڕۆژ مادۆنیان دایێ. ئاواییەکەشتان شتی وای بەخۆیەوە نەدیبوو، ئاخر تۆ یەکەمین گەنج بووی لەئاواییەکەتان چوو بویتە سەربازی! نەك هەر باوکت، بەڵکە خەڵکی ئاوایی و ناوچەکەش، شانازییان پێوەدەکردی و بەخۆشیەوە باسی تۆیان بۆ یەکدی دەگێڕایەوە. ئەو ڕۆژانە باس هەر باسی تۆ بوو. دایکت نەما بوو تا شانازیت پێوەبکات و لەنێو ژنانی ئاوایی خۆت پێ هەڵکێشی و لەهەموو کەس زیاتر دڵی شادبێ! تەنیا باوکە پیرەکەت بوو دڵی بەوە خۆش بوو. باس هەر باسیی تۆ بوو ئەویش لەهەمووان زیاتر

لەدڵەوە شانازی پێوە دەکردی.

ئەم شەوەی کەبۆسبەینێ مادۆنیت تەواو دەبوو دەچوویتەوە سەربازی، خەڵکێکی زۆر لەماڵەکەتان کۆببوونەوە، باوکت لەپێش خەڵکی ئاوایی، بەشانازیی و دڵسۆزییەوە ڕووی تێ کردی و گوتی:

- کوڕم لەژیان هەر کەسەو بەهرەیەکی هەیە، کەئەوبەهرەیە لە خەڵکی دی جیای دەکاتەوە: ئەوا تۆش ئەم نیشانە شکاندن و دەست ڕاستییە بەهرەی تۆیە. ئەمەش نیعمەتەو دەبێ ئاگاداری بی و بیپارێزی، نەکەی ڕۆڵە قەت بەناهەق، ئەم دەست ڕاستی و نیشانە شکاندنەت بەکار بێنی، هونەر تەنیا لەزانین و وەستاییەکەیدا نیە، بەڵکە هونەر لەبەکارهێنان و ئەنجامەکەیەتی!! کوڕی خۆم لەخۆت بایی نەبی. لەخۆبایی بوون سەرەتای هەموو شکستێکە!!

سەلیم گەنجێکی ئاوایی بوو، لەکۆڕەکە دانیشتبوو پاش قسەکانی باوکت ڕووی لەباوکت کردوو گوتی:

- خاڵە شاکر نیشانە شکاندن و دەست راستی تفەنگ خۆ سنعەت نیە!! خراپەی چی لەوە دەوەشێتەوە، ئەوە هەربۆ زەوق و هەوەسە!! ئەوەش حکومەتە شتی وابەهەند هەڵدەگرێ. دەنا دەست ڕاست و نیشانەشکێنی، هی ئەوە نیە مەترسی لێ بکرێ!

باوکت لەسەرخۆ و پشت قایم بەقسەکانی خۆی ڕووی تێ کردوو بەنەرمی و شێنەییەوە گوتی:

- نا کوڕی خۆم نا! وانیە. پیاو کە فێری کارێك بوو، وەستایی لێ پەیدا کرد ئەم کارە ئیدی لێی دا نابڕێ ژیانیش

زۆری بەبەروە ماوە، ڕۆژگاریش زۆری پێیە! کێ دەزانی، سبەینێ چیمان بۆ دێنێ و تووشی چیمان دەکات؟ پیاو دەبێ هەموو شتێك بەهەند هەڵبگرێ! با ئەو شتە لەبەر چاوان بێ ڕەواج و کەم قیمەتیش بێ.

بیست و حەوت ساڵ بەسەر ئەم قسانەدا ڕۆیشتووە: ئێستا وات هاتەوە بیر، کەدەتگوت: دوێنێ ئێواری بوو. خۆ لەوەتەی وەبیرت دێ، تائێستا، تفەنگت لەمامز و پڵنگ و شێری ئاوس نەگرتووە: تەیری لەسەر هێلانە و فەرخانت نەکوشتووە! هەتا ماری ئاشقەو ماشقەت لێك نەکردوە! دائیمە نێچیری تۆ ئەو نێچیرانە بوون کەلەخۆبایی وغورد بووینە. ئێستا بۆچی ئەم نیشانە نزیك و بەردەستەت نەپێکا؟!

فیشەکێکی ترت خستە بەرتفەنگ و تەواو چاوی خۆت ڕوون کردەوەو دەستت توند کردو زانایانە لەبەر نیشانێ دانیشتی و دڵنیاتر لەجاری پێشوو نیشانەت لەکەللە سەری پڵنگ گرت و لێت ئاگردا.

# ٣

هەناسـەیەکی قووڵـت هەڵکێشـاو دەسـتت بەسـەرو چـاوی خـۆت داهێنـا، سـەرو ڕیـش و سـمێڵ و بـرۆت خوناوێکـی تەنکـی گرتبـوو. هەسـتت کـرد نـاو لەپـت تـەڕ بـووە. دەسـتی خـۆت بەپژدێنـیَ داهێنـاو وشـکت کـردەوە. بەنیـازی ئـەوەی هەڵسـی و بچێتـە سـەر کەلاکـی پڵنـگ. کەچـی، دیسـان سـەیرت کـرد، پڵنـگ وەکـو جاران، هەلتوتـکاوەو وشـت چـاو دەگێـڕی!! بـڕوات بەچـاوی خـۆت نەکـرد، هەمـوو هێـزی چـاوو بیـری تیـژی خـۆت کۆکـردەوە. نەخێـر! ڕاسـتەو پڵنگەکەیـەو دەڵێـی نەبـای دیـوەو نەبـاران.

لەبەیانییـەوە دڵتەنگـی ئـەوە بـووی، کەنێچیـرت بـۆ هەڵنەدەسـتا! ئێسـتا ئـەوە دووەمیـن فیشـەکە لەپڵنگێـی دەگـری! کەچـی پڵنـگ وەك لەگـەڵ ئەویشـت نەبـیَ وایـە! ئێسـتا ئەگـەر دوور بوایـە، یـان

لەهەڵاتـن بوایە،هـەر قەیـدی نەدەکـردو لەگیـن بـوو. بـەڵام، تـۆ تائێسـتا بەبیـرت نایـێ قـەت و قـەت تەقـەت لـە نێچیـری وانزیـك کردبـێ. ئەوهـا ڕەپ و ڕاوەسـتاویش هـەر هیـچ!!

* * *

سـێ ڕۆژ بـوو نیشـانەیەکیان دانابـووەوە، هەمـوو خەڵکەکـەی هاتبوونـە سـەر شـاییێ و هەرچـی چەکێکـی هەبـووە، فیشـەکیان بەخۆ نەهێشـت! هەندەی تەقـەی لـێ بکـەن بێفایدەبـوو کـەس نیشـانی نەشـکاند!! خەڵکێکـی یەکجـار زۆر بـوو، نیشـانە شـکێنی چاکیشـیان تێـدا بـوو، لەبـەگ و کرمانجـان، ئاخـر شـایی بـوو شـایی کەریـم بـەگ! کەژنـی دووەمـی دەهێنـاو دەبوایـە حـەوت شـەوو حـەوت ڕۆژ شـایی بگـەڕێ و دەهـۆڵ و زوڕنـا بکوتـێ. سـێ ڕۆژ بـوو نیشـانە نەشـکابوو، نیشـانە ببـووە گرێیـەك لەسـەر دڵـێ هەمـووان. هەتـا زۆرتـر تەقەیـان لـێ دەکـرد، پتـر دەکەوتنـە سـەر مـەرەق.

پـاش عەسـری ڕۆژی سـێیەم بـوو، دەسـتت دایـە تفەنگەکـەت و چویتـە نـاو خەڵکەکـە، دیسـان خەڵکێکـی زۆر لـە بەرنیشـانێ دانیشـتبوون، هەرچەنـدە خەڵکێکـی زۆر فیشـەکیان کـەم ببـوو، بـەڵام هێشـتا نـاوە نـاوە تەقـەی تفەنگێـك دەهـات. کەریـم بەگـی زاوا خـۆی نیشانەشـکێنی بـاش بـوو، زۆر سـەربردەو بەسـەرهاتی دەسـت ڕاسـتی و نیشـانە شـکێنی خـۆی دەگێڕایـەوە، پێـی وابـوو لـەم ناوەکـەس لەخـۆی دەسـت ڕاسـت تـرو نیشـانە شـکێن تـر نیـە! دوو ڕەخـت فیشـەکی هاویشتبووەنیشـانێ!

بـەڵام، نیشـان هێشـتا هەرقیـت دەچـۆوە، لەدڵـەوە زۆر پەسـت و

تــوورە بــوو، جــار جــار بەگــەف و توورەییــەوە دەیگــوت:
-ئەونیشانە هەردەبێ زاوا، کەریم بەگ بیپێکێ!!
خەڵکــی بێــزار ببــوون و زۆر بــاس و لێکدانــەوەی ئەفســانەییان بۆنیشــانەکەدەکرد. پیــرەکان دەیــان گــوت:
ئــەم گــردەی نیشــانەکەی لــێ دانــدراوە، جــێ نزرگــەی پیــاو چاکانــە، بۆیــە لــێ ناگــەڕێــن گوللــەی بەرکــەوێ، نیشــانەکەی دەپارێــزن. هەندێــك دەیــان گــوت:
- نیشانەکە ڕووەو قیبلە داندراوە بۆیە، ناپێکری!
کەریم بەگ گوێی بەم بەندو باوانە نەدەدا، دیسان بەبەرچاوی خەڵکەکــەوە، ئەمجارەش بــە دڵنیایــی و لەخۆباییــەوە، فیشــەکی ڕادا بــەر تفەنگــێ و لەســەر زگ خــۆی خێواندەعــەردی و لەبــەر نیشــانێ ڕاکشــا.
پــاش دەمێــك دەســت و وشــان تونــد کــردن و ســەر ســێرەگرتن، تەقــەی لێــوە هێنــا، خەریــك بووهــاوار بــکاو بڵــێ ئــەوە تــا. پێــکام، کەچــی ســاغی نیشــانەو پێکەنینــی خەڵکەکــە ساردیان کــردەوەو لــێ نەگــەڕان قســەکەی تەواوبــکا.
لەتووڕەییــان کەریــم بــەگ ســوور هەڵگەڕابــوو و مــڕ دامــا بــوو، پتــت لــێ دابــا دەتەقــی! چاوەکانــی پــڕ خوێــن ببــوون و شــەڕیان لــێ دەبــاری.
تــۆش ئــەو دەم، هــەر بەپێــوە، زۆر بەســەربەســتییەوە، فیشــەکێکت ڕادا بــەر تفەنگــێ و نیشــانەت لــێ گــرت و تەقــەت لێــوە هێنــا، لەناوەنــدی نیشــانێت داو قوتــی جغارەی دوبەدەربوو، دەنــگ وهــەرای

خەڵكەكە بەرزبووە، دەست خۆش دەست خۆش لەسەر زاری هەموان كەوتە تەترە، هەر بابا بوو دەستیان دەگوشی و ماچیان دەكردی و پیرۆزبایی یان لێ دەكردی. نیشانە شكاندنەكە، خوێنێكی تازەی لەدڵی هەمووان گێڕاو شاییەكە بەڕەونەق و پڕ زەم و زەمەتر بوو. زوڕناژەن بەسۆزتر بای لەزورنایێ كرد. دەهۆڵ ژەن توندتر دەهۆڵی كوتا و كچی كوڕی نێو شایێ سوكتر هەڵدەپەڕین و شایەر گەرمتر بەندی هەڵدەدا. دەنگوباسی نیشانە شكاندنەكە لەسەر زاری هەمووان دەگەڕا، ژن وپیاو ئافەرینیان دەكردی و گرێی دڵی هەمووانت كردەوە. تەنیا كەریم بەگ بۆ كەنیشانە شكاندنەكە پەست و توڕەی كردبوو، لەدڵی خۆی دەیگوت:

-چۆن دەبێ كرمانجێكی دەم ڕووت، بەپێوە یەكەو فیشەك نیشانەی من ببپێكێ؟ لەبەر چاوی ئەو هەموو بەگ و كرمانجەم سووك و ڕسوابكا؟! ئاخر من چەند جار جەڕەم لەسەرشانی ژنان پێكاوەو لەڕێی كانی ژنان، چەندین جار ژنم بەبێ جەڕە گەڕاندۆتەوە ئاوایی!! ئەوە بۆ من بێ حورمەتیە، لەخەڵك و شاییەكە دوور كەوتەوەو بانگی خولامێكی كرد و گوتی:

-هەرئێستا ئەو سەگ باوكەم بۆ بانگ دەكەی!؟

-كام سەگ باوك، قوربان؟

- ئەو سەگ باوكەی ئەو ناماقولییەی كرد.

- كام؛ ناماقوڵی گەورەم؟!

كەریم بەگ بەسەریدا هاڕاندو گوتی:

-ئەو سەگ باوكەی نیشانەكەی شكاند؛ كوڕی سەگ!

-بۆچی قوربان؟

- دەڵێم بانگی کە کەر کوڕی کەر.

کـە چویتـە بەردەمـی، کەریـم بـەگ لەتووڕەییـان پریشـکی دەهاویشـت. بـە تووڕەییـەوە هاڕانـدی وگوتـی:

-ئەوە کێ، ڕێگەی بە تۆ داوە تفەنگ باوێتە نیشانێ؟

گوتـت: ئەوەسـێ ڕۆژە، کـەس نەمـاوە خـۆی تاقـی نەکاتـەوە، قوربـان.

- دەڵێم کێ، بەتۆی گوت کەتفەنگ بگریتە نیشانێ!!

-قوربـان شـایی جەنابتـەو خۆشـی هەمووڵایەکـە، نیشـانەش بـۆ خۆشـییەو هەرکـەس تفەنگـی تـێ دەگـرێ.

-بۆ هەمـوو خەڵێك نیە! هـەر سـەگ و سـوارێکی هەڵسـێ نابێ لەخۆوە تفەنـگ باوێتـە نیشـانێ، جارێکـی تـر ناماقوولـی وانەکـەی، نـەوەك هـەر دوو چـاوت دەردێنـم! سـەگ کـوڕی سـەگ، تۆچـی نیشـانەی مـن بشـکێنی!!

- نیشـانە بـۆ هەمووخەڵکـە، جوانیـش نیـە بـۆ جەنابـت قسـەی واناشـیرین بکـەی!

- من قسەی ناشیرین دەکەم، کەری کەران باوك گاو.

تووڕەیـی و بێـزاری گیانـی داگرتبـووی، کەریـم بـەگ خەریکـە جوێنـی ساردو سـوکت پـێ دەدا: خـۆت پـێ نەگیـراو گوتـت:

- گەورەم، واچاکە جوێن نەدەی و قسەی سووك نەکەی!

خەڵکێکـی زۆر دەوریـان دابـوون و گوێیـان لەمشـت و مـڕی ئێـوە ڕاگرتبـوو.

کەریـم بـەگ شـێت گیـر بـوو ویسـتی داتڕیسـتێ ولێـت بـدا، خەڵکەکـە گرتیـان، بـەڵام دەمـی بۆکـەس نەدەگیـرا.

- ئـەم سـەگی سـەگ باوکـی ناکـەس بەچەیـە، وای لـێ هـات لەبـەر دەمـی مـن ڕاسـت بێتـەوە، لەودەمـەی چویتـە سـەربازی و شـاران گـەڕاوە زۆر لەخـۆی ڕازییـە، داك ماکـەرەی حـەرام زادە ! چیتـر خـۆت پێنەگیـراو گوتـت:

- کەریـم بـەگ، واچاکـە لەمـە زیاتـر جوێـن نـەدەی و قسـەی ناشیرین نەکەی، دەنا ئەگەر دەمێکت هەیە، قسەی ناشیرینی پێ بکـەی و جوێنـی پـێ بـدەی، دەبـێ ئـەوەش بزانـی، کـە دوو گوێشـت هەیـە، قسـەی ناشـیرین تـرو جوێنـی بەتـام تـری پـێ بیسـی!!

کەریم بـەگ کـە ئـەم وەڵامـەی بیسـت، شـێت و هـار بـوو، ئـەوە یەکەمجـار بـوو، لەهەمـوو ناوچەکـەو بنەماڵـەی بـەگان، کرمانجێـك لەبەردەمـی بـەگ ڕاسـت بێتـەوە.

کەریم بـەگ، دەسـتی بـۆ دەمانچەکـەی بـردوو خـۆی لەدەسـت خەڵکەکـە پچڕانـد، خەڵکەکـە زوو تێـی وەرهاتـن و گرتیـان و تۆشـیان لـەو نـاوە دوورخستەوە، گوێت لـێ بـوو، کەریـم بـەگ، بەتووڕەییـەوە دەسـتی بـۆ سـمێڵی بـردو گوتـی:

- ئـەو مـووە لەپیـاوان نەهاتبـێ، ئەگـەر ئەودڕکـەت لەبـن پێـی دەرنەهێنـم!!

- ئەو دەم قسەکەی باوکت هاتەوە بیر کەگوتی:

(هونـەر تەنیـا لەزانیـن و وەسـتایی یەکەیـدا نیـە! بەڵکـە هونـەر لەبەکارهێنـان و ئەنجامەکەیەتی ) لەبەکارهێنانی، هونەرەکەت پەشیمان

نەبووی هەڕەشەو قسەی ناشیرینی کەریم بەگ و جوێنەکانی ڕقێکی ئەستووریان لەدڵ پەیدا کردی. دڵنیا بووی کەژیان زۆری بەبەرەوەماوەو ڕۆژگار زۆری تری پێیە!

ئەمانەت زۆر بەپەلە هاتەوە بیرو لەدڵی خۆت دا گوتت:

-نیشانەیەك ئەم هەموو خەڵکە سێ ڕۆژ تەقەیان لێ کرد، نەیان پێکا تۆ بەیەکەو فیشەك و بەپێوە، دوو بەدەرت کرد! ئێستا لەم نزیکی یەو پێش نیوە ڕۆیە و دوای ئەم هەموو ساڵەو ڕاوە... پڵنگ بەزیندوویی و بێ باك بەرامبەرت هەڵتوتکێ!!

پێت وابوو لەبەر ئەوەی ڕۆژێکی تەم و تومانەو لەبەر تەم پیاو چاوی بە چەند هەنگاوێك دوور لەخۆی چیتر نابینێ!

-دەشێ چاوم ڕەشکەو پێشکەی بکا! ئەوەی دەیبینم پڵنگ نەبێ! ئەو پڵنگە لەنێو زیهن و خەیاڵی مندا دروست بوویێ.

بۆیێ زیاتر چاوی خۆت ڕوون کردەوەو وردترو ساف تر تێی ڕامای.

- نەخێر پڵنگە ئەوە تا! ئەوەسەرو کەللەو بەر زگی، ئەوە خاڵ خاڵ و تەنگەو لاملی، جوان و ڕێك دیارەو هیچ گومان ناهێڵتەوە!!

دیسان قەوانەکەت فرێداو فیشەکێکی ترت لێخوڕیە بەرتفەنگێ، نیشانەت لێ گرت و پلت خستە سە رپەلاپیتکەی تفەنگی، ئەمجارە نیشانەت لەسەرو کەللەی گواستەوە بۆ سنگی ودڵنیابووی و جێگای شك وگومان نەما، پاش دووسێ جار دەست گۆڕین و چاو ڕوون کردنەوە، هاتیە سەر ئەوەی دیسان

تەقەی لێ بکەی، ئاخر دڵنیا بووی کەسەدا سەد دەیپێکی.

دەهاتە بەر چاوت، ئێستا لەگەڵ تەقەی تفەنگێ چۆن بەپشت دا دەگەڕێ و لەخوێنی خۆی دەگەوزێ و پەل دەکوتێ، دواجار تەقەت لێوە هێنا.

# ٤

لەگەڵ تەقەی تفەنگ. پێت وابوو بارت سووك بووە خوێنت خۆشتر لە بەدەن دادەگەڕێ، هەناسەیەکی قووڵت هەڵکێشاو ئەمجارەش ویستت هەڵسی، کەچی سەرت هەڵبڕی! پڵنگ بەڵێ پڵنگ، وەکو جاران، لە هەمان جێگاو بەهەمان شێوە هەڵتوتکاوە!

هەستت کرد تاقەتی ئەوەت نەماوە بەتەواوی چاوبکەویتەوەو ئەم ڕاستی بەڕوونی ببێنی! دەتویست لەم شوێن و کاتە بچیە دەرێ، ئاخر کەم نەبوو، تۆ کەناوو دەنگت، لەنیشانە شکێنیدا دنیای داگرتووە، ئێستا ئەوەندە فیشەك بەخۆڕا بڕواو پڵنگ هەرساغ وزیندووبێ؟ هەتا نێچیرت هەڵنەستاندبوو، چەند بەتاسەوە نارەحەتی بێ ڕاویی بووی! ئێستا چەند

بـەدڵ و بەگیـان لـەم نێچیـرە بێـزاری و خۆزەگـەی تـووش نەهاتنـی دەخـوازی. بیـرت لەڕێگایـەك دەکـردەوە خـۆت پـێ لـەم بـن بەسـتە ببەیتـە دەرەوە، نەتدەویسـت چـاوت بکەیتـەوە نێچیـرە شـووم گوللەنەبڕەکـە ببێنـی! حـەزت دەکـرد، خـەوت لـێ بکـەوێ. خەوێـك بەگیـان و بەلـەش، خـۆت بـۆ باریکـە یادێـك شـل کـردو گەڕایتـەوە ئـەو شـەوە درەنگـەی پێکـەوە لەگـەڵ ژنەکـەت کەبووکی ساڵی بـوو، هەشـت مانـگ بـوو گواسـتبووتەوەو سـکی حـەوت مانـگان بـوو، پێکـەوە لەسـەربان ڕاکشـا بـوون، دەسـتت خسـتە سـەر منداڵەکـەو گوتـت:

- ئەگەر کوڕ بوو چ ناوێکی لێ دەنێی؟

- ئەگەر کوڕ بێ، ناوی لێ دەنێم کاکە مەم.

- ناوێکی خۆشە، بەڵام خۆت دەیزانی کاکە مەم عاشقێکی نامراد بوو، دەترسم، ئەمیش دوارۆژی وەکو ئەو بێ!؟

ژنەکەت گوتی:

-ئەگەر کچ بوو، تۆ چ ناوێکی لێ دەنێی!؟

-ناوی لێ دەنێین (گوڵچین)

هەردووکتان پێکەنین و دەستت لەملی ژنەکەت کردو گوتت:

(دێ وەرن گوڵڵا بچینین

هاگوڵێ هاگوڵێ ها گوڵاڵێ).

خواسـتنی ئـەم ژنـە بـۆ تۆڕێککـەوت و هـاو ڕەنگـی بـوو، بەکـچ و کوڕێتـی، هـەر لـەدوور نـاوی یەکـدی تـان بیسـتبوو، بەڵام پاش گواستنەوە خۆشەویستییەکی وا لەنێوانتان دا دروست

بــوو، کەلــە خۆشەویســتی ژن و مێــردی ئاســایی هەڵبواردبــوو ببــووە عێشق و دڵــداری، ئەشــق و دڵداری تێکــەڵ بــە غەریبــی وبێ کەسی، بــێ دایــك و بــاوك و خوشــك و برایــی هەردووالتــان زەمینەیەکــی چاکــی بــۆ ئــەم خۆشەویســتییە خــۆش کردبــوو، ئێــوەش ســەری غەریبــی وبێکەســیتان پێــك وەنابــوو.

زۆر جار ژنەکەت دەیگوت:

-هەرچــی خەڵــك باســی دەســت و تفەنــگ و نیشــانە شــکێنی تــۆ دەکــەن، مــن لەخۆشــیان وەك گــوڵ دەگەشــێمەوە خــۆم بــە بەختیــار تریــن ژنــی ئــەم ئاوایییــە دەزانــم.

چەنــد ژنەکــەت باســی خۆشەویســتی خــۆی بــۆ تــۆ دەکــرد، تــۆش زۆر تــرت خــۆش دەویســت وپتــر هەســتت بەپیــرۆزی و بەربــاڵوی خۆشەویســتییەکەت دەکــرد. چەنــد خۆشەویســتی ژنەکــەت پــەرەی دســەتاندو لەنێو مێشــك و دڵــت ئەســتوور دەبــوو، هێنــدەش ژیانــت لــەال خۆشەویســت دەبــوو، بەجۆرێــك هەســتت نەدەکــرد، کــەدڵ ومێشــکت ئیتــر جێــگای ڕق و تووڕیــی یــان تێــدا ببێتــەوە.

ئەوشــەوە بەعشــەق و خۆشەویســتییەکی زۆرەوە دەم و ســمێڵت لەالمــل و گەردنــی گێــڕاو گوتــت!

- ئــاگاداری خــۆت و ئــەو منداڵــەی ســکت بــە. خــۆت دەیزانــی ! ئێمــە هەردووکمــان بــێ بــراو باوکیــن. ئەمــەی ئێســتا لەژێــر پــەڕەی دڵتدایــە هیــواو گیانــی هەردووکمانــە!

ژنەکــەت هــەردوو دەســتی لەملــت وەرهێنــاو خــۆی هاویشــتە

ئامێــزت و یەکترتــان گرتــە بــاوەش، وا چەســپابوونە یەکــدی هەردووکتــان پێتــان وابــوو ئــەوە یــەك دڵــە لەسینەی هەردووکتــان، بەگەرمــی و بەعەشــقەوە بــۆ ژیــان لــێ دەدات.

گوێــت لەچرپەیــەك بــوو، پــڕت دایــە تفەنگەکــەت و خــۆت هاویشــتە پەنــا دیــواری. ژنەکــەت هەڵسایەوە ســەر پێیــان، لەســەر بانەکــەی پشــت ماڵتــان ئاگــری تفەنگێــك دیــاری داو ژنەکــەت زیرانــدی بەلاداهــات و دەنگــی بــڕا!

لــەدوو ســێ لای تــر ئاگــری تفەنــگ لەنێــو تاریکــی شــەو دیاریــدا، نیشــانەت لەجــێ ئاگــرەکان گــرت و دەســتت لەتفەنگــێ دەبــزوات، لــەدوو لایــان ئاگــری تفەنگیــان بــڕاو پەرتەیــان کــرد.

***

بــۆ ڕۆژی دوایــی کێشــتانێ لەنێــو حەوشــی بــەر ماڵتــان، خەڵکێکــی زۆر لــە دەوری جەنــازەی ژنەکــەت کۆبوونــەوەو کــڕ وری بــوون کــەس نەدەگریــا، کــەس وەرتــەی نەدەکــرد، تــۆش تفەنگەکــەت لەبــاوەش گرتبــوو، بەهەمــوو دڵ و هەســتت حــەزت دەکــرد بگریــێ! بــەڵام، ڕق و تووڕەیــی وابــەری دڵیــان گرتبــووی، هەتــا فرمێســکەکیش چیــە؟ بــەری چاویــان تــەڕ نەکــردی، ئــەم هەمــوو خۆشەویستییەی بۆ ژنەکەت هەبوو، لەگەڵ ئەم هەمــوو خۆشەویســتیی و هیوایــەی کەبەمنداڵەکــەت هەبــوو، هەمــووی گــوڕاو بــوو بــەڕق و تووڕەیــی، ئــەوەی لــەم دەمــە کەمێــك دڵــت پــێ خــۆش بــوو و ســەرەداوی هیوایەکــی باریکــی دەدایــە دەســت. ئەوەبــوو کەبیســتت، شــەو دوو خولامــی کەریــم بــەگ کــوژراون،

فەقێ محەمەد لێ نەگەڕا بەرگی بە خوێنی ژنەکەت بگۆڕن و کفنی بکەن! لەنێو خەڵکەکە دەهاتوو دەچوودەیگووت!

- شەهیدە، شەهید کفنی پێ ناوێ!!

فەقێ محەمەد مەلایەتی تەواو خوێند بوو، بەڵام بەنانی مەلایەتی نەدەژیا! زۆر جار دەیگوت!

-من ناتوانم! حەقێ بگۆڕم و شایەدی بەناحەق بدەم!

-قەتیش بەقسەی کەس بەکاری مەلایەتی هەڵنەدەستا! ئەگەر بەکەیف و خواستی خۆی نەبووایە، دەنا ترس و تەماع چیان پێ لەگەڵ نەدەکرا.

زۆریش ئاشقە مزگەوت و دیوەخان نەبوو. هەرئەوەش بوو وای لێ کردبوو، لەکن بەگ زۆر جێی متمانە نەبێ.

بەڵام بەپێچەوانەی بەگ! خەڵك زۆریان خۆش دەویست و لەکاروباری خۆیان پرسیان پێ دەکردو لەقسەی دەرنەدەچوون. بۆ یەکە ڕووی لەتۆش کردوگوتی!

- شەهیدە! شەهید نەکفنی دەوێ،نەشووردن! بەڵام، ئەم شەهیدە! کێلەکی بەرزی دەوێ، زۆر بەرز، بۆ ئەوەی لەدورەوە دیاربێ و هەتا دنیا دنیایە، بنسارێ و بزانرێ!!

تۆش لەم وەختە پڕ لەخەم و دڵناسکیەی خۆت نەتتوانی دڵی بشکێنی و بەگوێی نەکەی، کەجەنازەکەیان بۆ سەر قەبران برد. خەڵکی گوند بەشی هەرە زۆری لەگەڵ جەنازەی ژنەکەت بوون و تەرمەکەیان بەڕێزو حورمەتەوە بەڕێ کرد.

هەر زەلامەو شانی دەخستە ژێر دارە مەیت و لەویدی

وەردەگرتەوە. نەرم دەڕۆیشتن، کەس نەدەگریا، کەس لەبرا ڕۆی نەدەدا، کەس خوشکە رۆی نەدەکرد. نەژن نەپیاو نەمنداڵ، هیچ کەس ورتەی لەدەم دەرنەدەهات. تەنیا (حەسەن لاوك) بوو، لاوکی پێدا هەڵدەگوت. ئەو لاوکانەی بەکەلە مێردان دا هەڵدەگوترێن. بەشۆڕە سواران دا هەڵدەگوترێن، بەشۆڕە ژنان دا هەڵدەگوترێن. (خاڵەحوسە)ش بە شمشاڵ، بەئاوازی سەر چیاو هاوارە لەمن! باگۆی حەسەن لاوکی دەدایەوە.

جەنازەی ژنەکەت، بەڕێزو خۆشەویستییەکی زۆرەوە بەرق و توورەییەکی زۆرەوە، بەحەشاماتێکی ئەستوور لەئاوایی دابڕاو ڕووەوە قەبرستانی مسکێنان بەڕێ کەوت.

***

کەریم بەگ هەر چەندە دوو زەلامیشی لێ کوژرابوو. بەڵام، لەدەست و پەیوەندو خزم و کەسی کوژراوەکان زیاتر کەسی لەگەڵ نەبوو، بەئاشکرا دیاربوو کەسنگایی خەڵکەکە بەلای تۆدا شکاوەتەوە.

کەلەقەبرستانی میران ڕا کەریم بەگ سەیری قەبرستانی مسکێنانی دەکرد، قەبرستان ڕەش دەچووەو جمەی دەهات، لەخەڵك، کەتۆش لەقەبرستانی مسکێنان ڕا سەیری قەبرستانی میرانت دەکرد، ئەگەرچی دوو کوژراویش دەنێژران کە خولامی کەریم بەگ بووە بەڵام، هێشتا قەلەباڵغییەکی وانەبوو، خەڵکەکەت یەك یەك بۆ دەژمێدرا، تەواو هەستت بەجیاوازی یەك دەکرد.

ئەمــە کەریــم بەگــی هێنــدەی تــر تــوورەو پەســت کردبــوو، لەدڵــەوەش هەســتی بــە ترسـێکی گــەورە دەکــرد. چــۆن ئەمــەی بەســەرەتای کێشــەیەکی درێــژ خایــەن دەهاتــە بەرچــاو هــەر لەئێســتاوەش بەشــی زۆری خەڵکەکــەی لەگــەڵ تــۆ دی، هــەر ئەمــەش بــوو، کەبــەلای خــۆی ئەمــە ڕێــز لــێ گرتنێکــی کوژراوەکانــە، کەتائێســتا لەوەپێــش شــتی واڕووی نــەدا بــوو.

هەرچەنــدە تــۆش خۆشەویســت تریــن کەســت، واتــە ژن و منداڵەکــەت لــە دەســت دا بــوون، هیــچ شــتێکت نەمابــوو، لەژیان،ئیتــر دڵــت پــێ خــۆش بــێ، بــەلام گــردو کــۆی ئــەم خەڵکە لــەدەوری تــۆو بوونــی ئــەم جیاوازییــە، بــە ئاشکرا دەســتی پــێ لەژیــان بەرنەدەدایــی و حــەزت بەمردنــی خــۆت نەدەکــرد! دڵنیابــووی، کەژیــان زۆری بەبــەروە مــاوە، دەبــێ شــانی بدەیتــە بــەر.

***

هەناســەیەکی قووڵــت هەڵکێشــاو بــەر چــاوت ڕوون بــووەو ســەیرت کــرد، دیســان پڵنگــی گــۆڕین! لەجێــی گــۆڕیــن بەهەمــان شــێوەی گــۆڕیــن هەڵتوتــکاوە.

زوو بەخــۆت داهاتیــەوەو لەبێــداری خــۆت کەوتیــە شــك! دەســتت لــە چــاوو ڕووی خــۆت گێــڕاو بــەردو خاکەکــەی ژێــر خــۆت ســەح کــردەوە.

- نەخێر مــن خــۆم خۆمم هیچم نیە! دەشــێ ئەمــەی دەیبینم، پڵنگ نەبێ، ئەجندەیێ، دێوبێ، ئەهریمەن بێ! جادووبێ!!

ناوی خوات هاوردو شادەو ئیمانێکی بەهەقت هێناو کەوتیە بسمیڵلاهی ڕەحمانی ڕەحیم بسمیڵڵاهی!! بەڵام، بسمیڵڵا و ئایەت خوێندنیش وەکو فیشەکەکان و تەقەی تفەنگەکەت لەبەرچاوت کاری لەپڵنگ کە نەدەکرد. هەستت کرد پشووت تەنگ بووە، خۆت بێ هێزو لاواز بێ کەس هاتە بەر چاو! خەریك بوو ترسێ لەنێو دڵ و هەستت جێگای خۆی بکاتەوە. بەڵام، دەتزانی ئەوەی چاری تۆ بکا هەر تفەنگەو پێکانی پڵنگەکەیە، کە سووکنایەك دەخاتە بەردڵ و هەستت!! ئەمجارەش فیشەکێکی ترت خستە نێو تفەنگ و زۆر بەدڵ و داو و ڕق و بێزارییەوە نیشانەت لێ گرت، ئەمجارەش نیشانەت لەخوار سنگی گرت، ناوی خوات هێناو لێت ئاگردا.

# ٥

هاتە بەرچاوت کە ئیستا دەبۆڕێنێ و پەڵ دەکوتێ وخوێنی لەبەر دەڕوا تۆش دەچیتە سەری و لەگیانەلادا دەیبینی.

بەڵام! ئەمجارەش کەچاوت ڕوون کردەوەو لەسەر بەردەکە ڕامای دیسان پڵنگی گۆرینت دی، قیت هەڵتوتکاوەو وشت بەدەوری خۆیدا دەڕوانی و گەرم هەناسە دەدات.

ئەوەی کەریم بەگ لێی دەترسێ و تائێستا ژانی پێوە چەشتوە،هەر دەست و تفەنگ و نیشانەشکێنی تۆیە! ئەوەی ئەوە چەندین ساڵە ئەم ناوچەیە باسی لێوە دەکەن و بویتە چیرۆکی هەموو کۆڕو دانیشتنێك و بەرگی ئەفسانەی پۆشیوە! هەرتەنیا، دەست ڕاستی و ڕاوچییەتی تۆیە، ئێستاش پاش ئەم هەموو ساڵە خەڵك ببیسنەوە، کە لەدووری چەند هەنگاوێك (پیری کێوان)

پڵنگی نەپێکاوە؟!
هەستت کرد، دڵ و چاو و مێشکت وەکو جاران کا رناکەن! ئەوەی ئێستا توشت بووە نەك هەرداهاتووت لێ دەگۆڕێ، بەڵکە ڕابردووشت سەراوبن دەکا!!
چاوێکی ترت بەدەوری خۆت داگێڕات لە بەر تەم و تومان لەنێو دۆڵەکەڕا، قەدی کێوەکانت بۆ نەدەبینرا! نەك هەر لوتکەکان، تەمەکە وای باڵ بەسەر داکێشا بووی، تەقەی تفەنگەکە شتی قووت دەداو نەیدەهێشت دەنگی دوور بڕوا، تا ئێستا قەت ڕووی نەدا بوو، نەبەشەو و نەبە ڕۆژ، لەم دۆل و کێوانە، لەتەنیایی و دڕەندە کێوی بترسێی!! ئێستا هەست دەکەی، ئەم دۆڵ و کێوانە، جێی مەترسین! بەدڵ حەزت دەکرد، کەسێکت لێ پەیدا ببێ لەم تەنگانە سروشتی ودەروونی یە دەرت بێنێ!!
نەتزانی چۆن بوو لەپڕ فەقێ محەمەدت بیر کەوتەوە کەجارێکیان هاتە لات وباسی کەپر سووتانەکەی بۆ گێڕایەوە، تۆش گوێت بۆ دەنگە خەیاڵییەکەی فەقێ محەمەد شل کرد.
-خولامەکانی کەریم بەگ هەشت کەس بوون. هەر چوار دەوری کەپرەکەتیان گرتبوو، لەهەر چوارلا بەیەکجار دایانە بەر دەسترێژ. پێیان وابوو تۆ لەنێو کەپرەکەدای و لێی هاتنە پێش و بەنیشان لەدەرگەو پەنجەرەکانیان دەدا کەتەقەو وەلامێك نەبوو، خۆیان گەیاندە کەپرەکەو ئاگریان تێپەردا. بلێسەی ئاگر بەرز بۆوە، ڕووناکایی سووتانی ئاگری کەپرەکەت دولەکەی پڕ کرد.
ئاگریان بۆ ڕەزەکەشت بردوو لەوێش ئاگر بلێسەی سەند،

قووتییەك باروتیشیان لەنێوکانییەکە کرد. خەریك بوون دەکشانەوەو لەئاگرەکە دوور دەکەتنەوە، تەقەی تفەنگێکی ناکاو یەکێکیان دەپێکی و هاواری لێ هەڵدەستێ، ئەوانی تر دەیانەوێ خۆ بگەیننە لای، گوللە یەکێکی تریشیان لێ بەلادا دێنێ، لەترسان کەس نایێتە برای کەس و شەش کەسەکەی تر هەریەکە بەلایەکدا هەڵدێن!

بۆ سبەینێ کێشتەکی درەنگ، دوو جەنازە لەهێستران بارکرابوون و لەدۆڵەکان ڕابەرەو ئاوایی شۆڕ دەبوونەوە، لەپیاوەکانی کەریم بەگ زیاتر! نە کەسیان لەگەڵ بوو، نەکسیش بەپیریانەوە چوو.

ڕۆژی پاشتر لەدیوە خانێ، لەنێو کۆڕی تازییەی کەریم بەگ، ڕوو لە مەلای گوندی دەکاو دەڵێ:

- مامۆستا حەز دەکەم ئەم خەونەم، بۆ لێك بدەیتەوە!

مەلا دەڵێ: بەگ خێر بێ! خەونی چی وکام خەون!؟

کەریم بەگ دەڵێ: ئەمشەو لەخەوما، سوارێك کەلەسواری ئاسایی نەدەکرد! بەئەسپ وکەلەش زۆر لەسوارو ئەسپی ئاسایی گەورەتر بوو. لەو لەعنەتیەی دەکرد، ئەویش نەبوو! لەکێوەکان دەهاتە خوارێ، بە توورەیی ڕووی لەماڵ و دیوەخانی ئێمە بوو، هەرچەند تەقەم لێ دەکردو تفەنگم دەهاویشتێ، نەهیچی بەردەکەوت و نەباکیشی بەتەقەو تفەنگ بوو، بەخۆشم، هیچ گوێم لەتەقەی تفەنگی خۆم نەدەبۆوە. ئەوەلجار تەنیا بوو، بەڵام، هەتا تەقەم لێ دەکرد پتر دەهاتە پێش، زۆرتر خەڵکی بەگەڵ دەکەوت، دوا جار ویستم هەڵێم، نەمتوانی وپێ یەکانم

لەدوونەدەهاتن، ویستم هاوار بکەم! نەمتوانی دەنگم دەرنەدەهات. زۆر ترسام!

لەو بگرەو بەردەیە، بەئاگا هاتم، سەیرەکەم کەوتوومەتە ژێر ئاوو ئارەقە! تەمەشایەکی کتێبێم بۆ بکە، مامۆستا بزانە کتێب دەڵێ چی؟ دڵم زۆر پێی تەنگە.

مەلا پاش کەمیك دامان و ورد بوونەوە ڕووی لەبەگ دەکاو دەڵێ:

- بەگم کەنووستی دەست نوێژت هەبوو؟ ئەگەر لەبیرت بێ لەسەر چ کەلەکەیەك نووستبووی و ڕووت لەچ لایەکی بوو؟

-وەللا مامۆستا، ئەوانەم هیچ لەبیر نیە!؟

مەلا دەڵێ:

-بەگم، خەون دیتن شەرت و شروتی خۆی هەیە! ئینشاالله خێر دەبێ، ئەتۆش کوشتییەکی بکە خێرو گەڵەگیش گوێ بەخەونان مەدە!

کەریم بەگ وەڵامەکەی مەلای زۆر بەدڵ نابێ و دەشترسێ و ناوێرێ زیاتری لێ بکۆڵینەوە.

فەقێ محەمەد کەباسی کەریم بەگی تەواو کرد ڕووی لەتۆ کردوو گوتی:

- ئەرێ! پێم ناڵێی! تۆ لەوکاتەی بەسەر کەپرەکەتیان دادا، تۆ لەنێو کەپر نەبووی، لەکوێ بووی؟ لەگەڵ پرسیارەکەی فەقێ محەمەد بەئاگا هاتیەوەو پڵنگەکەت زۆر گەورەترو بەسام تر هاتە بەرچاو. دیسان پەنات بردەوە بەر یەکە سەرمایەکەت! ئەویش

کەتفەنگەکەت بوو. ئەوەندەی ئەو دەم بۆت دەکرا، هەست وبیرو چاوی خۆت ڕوون کردەوە، پڵنگەکەت خستە بەر سێرەی نیشانێ، چاوو سەرسێرەت لەگەڵ سەردڵێ پڵنگی کردە یەك و پلت لێ بزاوت و گرمەت لێوەهێنا!!

## ٦

پێت وابوو، پێ ڕاناگا پەل ببزیوی، چۆن نیشانەت لەدڵێ گرتبوو، پاش ئەم هەموو ساڵەو ئەم هەموو نێچیر كوشتن و نێچیر كەول كردنە، چاك دەتزانی دڵی پڵنگ كەوتووتە چ ڕاستێك و دڵیش كاریگەرترین جێگایە بۆ دڕەندە.

دیسان دەستت بەسەرو ڕیشی خۆت داهێناو خوناوێكی زۆرت لەسەرو ڕیشی خۆت سڕییەوە. كە لەبەردەكە ڕامای، چ ببێنی! هەمان پڵنگ و هەمان هەڵتوتكان و هەمان چاوگێڕان!!

هەموو شتێكت لەبیر چوو بۆوە، ئەوە یەكەمین جا ربوو، پاش ئەم هەموو ساڵە ژن و منداڵكەت لەبیر بكەی! چۆن پاش ئەم هەموو ساڵ و شەڕو كوشتنە. نەك هەر وەختی بەئاگایی، بەڵكە، خەویشت هەر بەو دووەوە دەبینی. لەپڕ ئەوانت هاتەوە بیر!

بەڵام وات هەست کرد کە وەکو جاران کار لەهەست و دڵت ناکەن، یان ئەوەتە ئەم پڵنگە تەواو هەست سۆزو بیری داگیر کردوی و خەریکە هەموو شتێکت پێ لەبیر دەکا.

ئێستا هەرلەوە ناترسێی. دەنگ و باسی ئەم پڵنگ نەپێکان و کارەساتەت بگاتەوە کەریم بەگ! لەتەنیای خۆت و سام ترسی ئەم دۆڵ وکێوانەش ناترسێی!

بەڵکە تەواو ترسی ئەوەت لێ نیشتووە، کەپڵنگەکە هەست بەبوونی تۆبکا بتبینێ و هێرشت بکاتە سەر!

خۆت واهاتەبەرچاو کەپڵنگ خواردبێتی و تفەنگت بێ خاوەن لەم ناوە کەوتووە!

ئەم هەواڵە دەگاتەوە کەریم بەگ، ئەویش لەخۆشیان شاگەشکە دەبێ و ئیتر لەمەولا بۆ خۆی بێ ترس دەخواو دەخەوێ!

-لەمەولا دەبێ زۆر بەزانایی و بێ هەست و خوست تر لەجارانی پێشوو، تفەنگەکەم ببزیوم و نیشانەبگرم! بێ ئەوەی دەنگم لێوە بێت! نەکا پڵنگ هەستم پێبکاو ئەمەش لەم بارە دەروونی یەی ئێستای من، خۆماندو کردن و زەحمەتێکی زۆری دەوێ!! دەبێ زۆر لەم شەوە بەپارێزترو کە مۆیانەتر بجولێمەوە، کەچوومە سەر ماڵێ کەریم بەگ ئەو شەوەی ژنە گچکەکەی بەوان حالان بوو.

کەریم بەگ زۆر چاك دەیزان، تۆ لەچ کاتێکدا دەستی لێ دەوەشێنی و لە کوێندەرێ دەدەی!! بۆیێ ئەم شەوەی مامانیان هێنایە لای ژنە بچوکەکەی، دووئەوەندەی شەوانی پێشوو خولام

و چەکداری لە دەوری ماڵی خۆیان و ئاوایی کردبوە پاسەوان، ئەو جێگایەی لێی دەترساو گومانی لێ هەبوو، چەکداری لێ دانابوو، کەریم بەگ، پاش ئەوەی بە خۆی لەسەر هەموو جێگاو چەکدارەکان گەڕا، دڵنیابوو،جا بۆ خۆی لە سەرکۆشکێ، لەگەڵ سێ چوار خولامان بەتفەنگەوە چاوەڕێ بوون.

شەو ڕاکشابوو لە حەرەم سەرای ماڵێ کەریم بەگ، دوو مامان لە دەوری ژنە ژان گرتووەکەی دەهاتن و دەچوون. ژنە نیوە ڕووت پێچی دەکردو دەینالاند، دوومامەنەکەش دەست و دەمیان خستبووە کار بۆ یارمەتی دان و دڵدانەوەی ژنە.

لەپڕ گوللەیەك لەدەلاقەی بەر هەیوانی ڕا، چووە ژووری وبەبن مێچەی خانوو کەوت و جامی دەلاقەکە شکا وتۆزو خوڵ لە بن مێچەکە هاتە خوارێ و چراکەی کوژاندەوە.

ژنە ژان گرتووەکە زیڕاندی ومامانەکان دەستیان بەزریکە زریکێ کرد.

کەریم بەگ و خولامەکانی، وەك ئەوەی تەقە لەمێشکیان کرابێ، تاسان نەیانزانی لەکوێڕائەم گوللەیە هات، ماوەیەك نەیانتوانی هیچ بکەن، پاشان بۆ ئەوەی ترسی دڵی خۆیان بڕەوێننەوە، کەوتنە تەقەی سام ڕەوێن و هەیهاو کردن!.

تۆش وەك مووی نێو ماستی، بەکڕی و بەدزی خۆت کێشایەوەو بە کێوەکاندا هەڵکشایەوە.

ئەم بەسەرهاتەش دوو ڕۆژ باشتر فەقێ محەمەد بۆی گێڕایەوەو گوتیشی:

- ژنــە بەمندالــەوە مــرد. دوو مامانەكــەش یەكێكیــان لەترســان شــەپرەی لێــداو، ئــەوی تریشــیان، لەنێــو جێــگا كەوتــوە!

كەریــم بەگیــش، وەكــو گێــژان لەســەر ســەر دەســوڕێ و جوێنــان دەداو هوڕێنــان دەكا.

پــاش ئــەوەی فەقــێ محەمــەد قســەكانی تــەواو كــرد، دیســان ڕووی تــێ كــردی لێــی پرســی:

- پێــم نالێــی، تــۆ لەنێــو ئــەم هەمــوو خــولام و چەكــدارە ! بــەم شــەوە تاریكــە لــەم وەختــە ناســكە، چــۆن توانیــت، نیشــانە لەدەلاقــەی ژووری ژنــە بگــری؟!

ئــەم جــارەش لەگــەڵ پرســیارەكەی فەقــێ محەمــەد بەئــاگا هاتیــەوەو پڵنگــە ئەجنــدە ئاســایەكەت، بەهەمــان شــێوەو لەهەمــان جێگادابینیــەوە:

ئەم جارە دەستت بۆخەنجەرەكەت بردو لەكالانیت دەرێناو لەپێشە خۆت لەسەر بەردەكەت دانا. بۆ ئەوەی هەرپاش تەقە كردن! ئەگەر دیسان بەر نەكەوت پڵنگەكەش هەستی پێ كردی وهێرشی بۆت هێنا، ئەودەم بە خەنجەر لەگەڵی بكەویتە شەڕ! زۆر لەسەرخوو بێ چپە قەوانەكەت فڕێداو فیشەكێكی ترت خستە بەرتفەنگێ و لەبەر پڵنگێ دانیشتی، سیرەت لە سەردڵی گرتەوەو پلت لێ بزوات!!

# ٧

هەر چەندە پێت وابوو، سەتا سەت پێکاوتە، بەڵام هەر زوو دەستت دایە خەنجەرەکەت! کەسەیرت کرد، دیسان پڵنگ ساغ وقیت زۆر بەوشتییەوە چاو بەدەوری خۆی دەگێڕێ، ویستت بە خەنجەرەوە تاوی دەیتێ و لەگەڵی بکەویتە شەڕ، بەڵام هەر زوو هەستت بەبێ شنگی خۆت کردو پەشیمان بویتەوە، بێ ئەوەی بجولێی! دەستت دایەوە تفەنگکەت و بڕیارت دا هەتا فیشەکت پێ مابێ، هەربەم تفەنگە شەڕی لەگەڵدا بکەی، چۆن هەربەم تفەنگە بیست و پێنج ساڵە بەر مەیدانت لەکەریم بەگ گرتووەو بێ ئەوەی هیچی تێ بێڵیەوەو تێبینی یان بکەی لەجێی کارێی دەدەی.

نەتدەزانی ئەمە چۆن لێک بدەیتەوە، خۆت گۆڕاوی و تێک

چـووی! یـان تفەنگەکـەت نابـڕێ و کار نـاکا؟ یـان ئەوەتـە ئـەم پڵنگـە. . پڵنـگ نیـە! سـێبەرە. تارماییـە؟!

پـاش ئـەوەی، ژنەکەتیـان بەمنداڵـەوە کوشـت، ئاوایـت بەجـێ هێشـت. لەنێـو ڕەزەکـەی خـۆت، کەپرێکـت دروسـت کـرد کـە کەپـرو ڕەزەکەشیان سـووتاند، ئیتـر کەوتیتـە کێـوان، سـەر بـەردو نێـو دۆڵ و ئەشـکەوت بوونـە ماڵـێ هاویـن و زسـتانت، چەندیـن سـاڵە تەنیـا و تەنیـا لـەم کێوانـە دەسـوڕێیتەوە!

کارو کاسـبیت ڕاوە، کەولـەکان دەفرۆشـی و بەپارەکـەی پێویسـتییەکانی خـۆت پێـك دێنـی. ئـەوەی زۆرتریـش پێویسـتت پێـی ببـێ، هـەر فیشـەکە، ئـەم ئـاڵ و گۆڕییـەش فەقـێ محەمـەد بۆتـی دەکا، بەزسـتان زۆرتـر کەولەپڵنـگ و کەولـە شـێر لەبەردەکـەی، هاوینانیـش کەولـە مامـز! بـەم جـۆرە لەکێـوەکان دانـا بـڕێ و لەجێگایەکـی دیاریـش گیرنابـی! شـەوانە ئەگـەر کـزە ئاگرێـك لـەو کێوانـە بتروسـکێتەوە،خەڵکی هەمـوو دەڵێـن: (ئەمـە نـووری پیـری کێوانـە) هـەر ئـەوە شـە وای لەخەڵکەکـە کـردوە، نـاوی (پیـری کێوانـت) لێبنێـن!

ماڵەکانـی ئاوایـی بەشـەو کـەس دەرگای حـەوش و ژوورەکانیـان داناخـەن! هـەر یەکـەو دەست بوخچەیەکـی پـڕ لەنـان ومێـوژوو گوێزو بـادام وپەنیروقەسپ پـڕ خواردن دەکەن وادیدەنیـن، ئـەم ماڵـە چەنـد شـادو بەختـەوەرن! کەسـبینێ هەڵدەسـتنەوەو دەبینـن، نوردییـە نانەکـە یـان نەمـاوە!!.

جگـە لـەوەش خەڵکەکـە تـۆ بـە پیـرۆزو تـۆ لەئەسـتێن. دەزانـن

لەسایەی تۆوە ئێستا ئەو کێوانە زۆر لەجاران خۆشەویست ترو پیرۆزترن لەلای خەڵك، خەڵکەکە هومێدیان بە تۆ هەیەو بەکێوەکان شادن، کەریم بەگ ودارو دەستەکەشی، سەد ئەوەندە لەکێوەکان دەترسین و ڕەقیان لەتۆ دەبێتەوە.

دەساڵ لەوەپێش کەریم بەگ، مەلاو ریش سپی هەنارده لای تۆو داوای یارمەتی لێکردی. هەتا لەگەڵت پێك بێتەوە ئاشتیت لەگەڵ ببەستێ!! گوتبووشی: بێ دانیشێ ژن بینی! من ئامادەم خەرجی ژن هێنان و ماڵەکەی بەخۆم بکێشم و پارەکەی لەکیسەی خۆم بدەم!

نەکەریم بەگ راستی دەکرد، نەتۆش ئامادەبووی پیی بڕوا بکەی! خۆ ئەگەر هەموو ئەوکێوانەشی بۆ بکردایەتە زێڕ ئامادەنەبوونی لەبڕی ژن و منداڵەکەت وەریان بگری!

تۆ خۆت بەکوژراوی دیت، ئەوان بۆ گیانی تۆ هاتبوون، بەڵام ژن و منداڵەکەت بەرکەوتن، ئەگەر تۆ کوژرابای و منداڵەکەت کوڕبوایە، دوورنەبوو،تۆ نەوەت نەبڕێتەوەو ئاگردانی باوکت کوێر نەبێتەوە!

بەڵام کە ژن و منداڵەکەت بەقوربانی تۆ بوون، بەرگوللەی کەریم بەگ و خولامەکانی کەوتن، تازە تۆ جاریکی تر پاش ئەو ژنە خۆشەویستەو منداڵەکەی نێو زگی، کە جێگای هیوات بوون، ناتوانی لەگەڵ ژنێکی تر بژی و ماڵ دابنێی؟ ئەوەی بۆ تۆ ماوەتەوە تەنیا تفەنگێکی نیشانەشکین و دڵێکی پڕ تووڕەییە. ئەم تورەییەش ساردنابێتەوە، هەتا ئاگردانی کەریم بەگ، ئاگری

تێدا بسووتێ! تفەنگەش لەنیشانە شکاندن ناکەوێ، هەتا دارێکی ماڵی کەریم بەگ بەسەر بەردەوەمابێ.

ئەمە بڕیارو بەخۆ داهاتنەوەت بوو، پاش سێ ڕۆژەی تازیەی ژنەکەت، هەتا ئێستاکەش، کەبیست و پێنج ساڵی بەسەردا ڕادەبرێ و پاش ئەم هەموو شەڕو کوشتنە، گۆڕانی بەسەر دانەهاتووەو هەر هەمان بڕیارە.

ئێستا ئەم دەستە ڕاست و تفەنگە نیشانە شکێنەی تۆ، تەنیا ئەم پڵنگەی لێ بووە بەکێوبۆی بەلادانایێ!

ئەمجارەش نیشانەت لەکەللە سەری پڵنگ گرت و لەگەڵ سەر سیرەی تفەنگەکەت کردەیەك. بەرقێکی زۆرەوە، کەچ جاران، هێندە بەرقەوە نێچیرت نەکوشتوە! هەموو جارێ خۆت بەتاوانبار دەزانێ، کەدەستت بەخوێنی نێچیرێك سوور دەبوو، بەڵام پێویستی زۆر جارکارێك بەمرۆڤ دەکات کە بەخواست و ئارەزووی خۆی نیە! بەم ڕق و پێویستی و ترسەوە تفەنگت لێ ئاگردا

## ٨

چەند هەناسەیەك لەخۆت ڕانەدیت، تەمەشای جێی پڵنگی بکەی! لەلایەك هەستت ڕاگرتبوو، پرخەو لرفەی گیاندانی پڵنگەکە ببیسی، کە ئەوەت نەبیست! پێت وابوو، هێرشت بۆ دێنی! کەئەویش نەبوو بۆت نەکرا تەمەشای جێگای پڵنگەکەی بکەی ودیسان بەساغی!! بیبینیەوە.

چ جاران ئاوا دەست بەتفەنگ بەدیار نێچیرو نیشان دانە ماوی تەنیا ئەو جارە نەبێ کە کەریم بەگ پاش مردنی بوك وشێت بوونی کوڕەکەی، لەلای میری شکاتی لێ کردبووی وبەبەرتیل ودەم چەور کردن پۆلیسی بەو کێوانە دا بەدوای تۆپەرت کردبوو.

پاشان فەقێ محەمەد لەزاری پۆلیسەکان بیستبوویەوە، کەگوتبویان ئێمە حەزمان نەدەکرد تووشی پیری کێوان ببین! چۆن

دەمانزانـی لەسـەر هەقـەو خۆبـە ڕاسـتیش زۆر لەدەسـت وتفەنگـی دەترسـاین چونکـە دڵنیـا بوویـن ئەگـەر لێـك ڕاسـتبێن و تەقەمـان لـێ بـکا! یـەك یەکمـان دەپێکـێ!

ڕاستیشـیان دەکـرد، کـە پۆلیسـەکان بەبەرچـاوت ڕادەبـردن، جـار جـار ڕقـت هەڵدەسـتاو دەتویسـت، یـەك یەکیـان بەلادابێنـێ! بـەڵام، کـە لێکـت دەدایـەوە، دەهاتیـە سـەر ئـەو ڕایـەی کـە ئـەوان بەڕقـەوە نەهاتـوون! بەڵکـە ئەمـرەو پێیـان کـراوە! دوایـش هـەر ئەمڕۆژەویـەو دەڕۆنـەوە! دەنا ئەگـەر ویستبات، جێگاکـەت عاسی بـوو، زۆریشیان وەکـو نێچیـری غافلگیـر بـە بەرەسـێرەی تفەنگەکـەت دا ڕادەبـردن! تـۆش فیشـەکت لەبـەر تفەنگـی ودەستت لەسـەر پـەلا پیتکـەی بـوو، کەچـی دانـت بەخـۆت داگـرت وکەسـت لـێ نەکوشـتن!!

ئێسـتاش، نێچیـرت لەبـەر دەمـەو، فیشـەکت لەبـەر تفەنگێیـەو دەسـتت لەسـەر پەلاپیتکەیـە، ئەمـە چەنـد جاریشـە بـەدڵ نیشـان لـەم نیشـان ولـەم نێچیـرە دەگـری وهەمـوو هونـەرو تاقیکردنـەوەی ئـەو تەمەنـە درێـژەت بەکاردێنـی، کەچـی وەك تەقـە لـە بـا بکـەی یـان ئەوەتـە هـەر قـەوان وباروتـی بـێ فیشـەك بتەقێنـی وایـە.

حـەزت دەکـرد سـبیلەك بکێشـی! بـەڵام، بیـری دانەگیرسـانی ئەسـتێ وبەردەسـتێیەکە لەلایـەك وتـرس وهەسـت پـێ کردنـی پڵنگەکـە لەلایەکـی تـر، پەشـیمانیان کردییـەوە، ئەمجارەش سـەردڵی پڵنگەگەکـەت کـردە نیشـان وتفەنگـت لـێ ئاگـردا.

# ٩

نێچیر کوشتن و دەست لەخوێنی گەرم وەردان و کەولکردنی گۆشتەکەی کارێکی ڕۆژانەی تۆ بوو، ئەگە ڕۆژێك کەمێك درەنگ لەوەختی خۆی بە سەرچووباو نێچیرت بۆ وەگیرنەهاتبیایە هەستت دەکرد کەتێنووی بۆنی خوێنی گەرمی و کەولکردنی نێچیری نیوە گیانی! لەم کێوانە هەموو بوونی خۆت لە کوشتنی نێچیرو پێکانەکەی دا دەبینی، گەرمی خوێن و پەڵە قاژەی نێچیری گیانەلا لێت بووە بەخوو.ئەگەر ڕۆژێ نەیانبێنی، هەرگیز ئارام ناگری، ئەوەتە بیست و پەنج ساڵە زیاتر تۆ لەوکێوانە، حەیوانە کێوی، بەشێرو پڵنگ و ئاسك و کەروێشك وتەیرو باڵندەوە هەڤاڵ و هۆگرتن، سەبووریت بەوان دێ و بەخوێنی ئەوان دەژی!!

سەرت بڵند کرد، تەم و تەمانە کە کەمێك لەبندا ڕوونی

کردبوو. بۆیی بینینت لەئاستی پڵنگەکە دوورتر دەچوو.کەمێك ئەو ناوەت باشتر دەدی! وەك ئەو شەوەی کەشەوی زاوایی کوڕە گەورەی کەریم بەگ بوو، پاش حەفت شەو حەفت ڕۆژ شایی و دەهۆڵ و زوڕنا بووکیان بۆ لە پەردەکردبوو.

کەریم بەگ دەیزانی ئەمشەوەش دەچیتە گیانی چۆن پاش ئەوعومرە پڕ کێشەیە دەیزانی تۆ لەچ وەختێك دەستی لێ دەوەشێنی و لە چ جێگایەکی دەدەی،هەر چەندە خولامەکانیشی کەم ببونەوە چ ئەوانەی کوژرابوون چ ئەوانەی کەریم بەگیان بەجێ هێشت بوو، ئەوەی تریش پیری کێوان دەستی پێ شل کردبوون! بەڵام هێشتا کەریم بەگ بەزۆری هەڕەشەو تەماع چەند چەکدارێکی بەدایمی لەماڵێ خۆی ڕاگرتبوو. بەتایبەت ئەم شەوەش چەند کەسێکی، هەر بۆ ئەو شەوە لەئاواییەکانی دەوروبەر بەکرێ گرتبوو! تەماعی زۆریشی دابوونێ. بەڵام دیسان ترسی پیری کێوان دڵی هەمووانی پڕکردبوو نەك هەر خولام و چەکدارە کرێگرتەتان، بەڵکە کەریم بەگیش پاش ئەو تەمەنە درێژەی کوشت و کوشتارو کوژرانی ژنە باردارەکەی بەدەستی پیری کێوان ترسێکی زۆرو بەدایم لەدڵی ئەویش جێگای خۆی کردبۆوە! ئەم چەند ساڵەی ئەو دواییەش بۆ کەریم بەگ کە پڕ شەڕو کارەسات بوو، زۆری پیر کردبوو، لە دڵڕازۆر دەترسا! بەڵام ناوی بەگایەتییەکەی لێ ببووە بەڵا! دەناسەری خۆی هەڵدەگرت و پشتی دەدا!!

کەریـم بـەگ ژن و منداڵەکـەی و چەنـد خوڵامێکـی بەدەسـەتی پیـری کێـوان کـوژرا بـوون! خەڵکـی ئاوایـش پشـتیان تـێ کردبـوو لەسـەریان نەدەکـردەوە، بەڵکـە زۆربەشـیان بەئاشـکرا لەگـەڵ پیـری کێوان بـوون، خۆ سـەرو سامانەکەشی لـەو ڕۆژەوە ڕوو لەکەمـی بـوو، ئاخر دەبوایـە بەرتیلێکـی زۆر بداتـە پیاوەکانـی میـری و پارەیەکـی زۆریـش لەخولامەکانی خـەرج بـکا! هەرنـاوە نـاوەش خوڵامێکی بەجێی دەهێشـت، دەبوایـە بەپارەیەکـی زۆرتـر جێگایەکـەی بـە خوڵامێکـی دی پـڕ بکاتـەوە! بەگیـش بەخـوڵام وسـامان بەگـە!! ئەوانیـش هەتـا دەهاتـن لەکورتیـان دەداو کەریـم بەگیـان پیرتـرو لاوازتـر دەکـرد!

کەریـم بـەگ بـەم پیرییـە بـە خـۆ بـەدوو خولامـەوە بـەم مانگـە شـەوە لەسـەر کۆشـکێ و دەسـت لەسـەر تفەنـگ ودڵ لەنێـو دەسـت و بەدڵـە لـەرزەوە چاویـان دەگێـڕاو هەسـتیان ڕاگرتبـوو.

پیاوەکانیشی چوار دەوری ئاوایی و ماڵێ کەریم بەگیان گرتبوو، لـە زۆر جێگای تریش کەمینیان دانا بۆوە، زاواش لـەژووری پـەردە، ترسـی پیـری کێـوان چـوو بـووە نێـو دڵـی!!

هەرچەنـدە خـۆی لـە بووکـێ هەڵدەسووی و بـووك نـازو عیوشـەی کچانــەی بۆدەکــردوو بەڕووتــی خــۆی داوێشــتە باوەشــی، کــوڕە دەمــاری توونـد نەدەبـوو.

کـەرم بـەگ، لەسەرکۆشـکێ چاوەڕێـی زاوا بـوو، بێتـە دەرێ و تەقیـەك بـکا! دەیوسـت پێـش ئـەوەی پیـری کێـوان دەسـتێك بوەشـێنێ کارەکـە ببڕێتەوەوتـەواو ببـێ. درەنـگ داهـات. زاوا سـەدایەکی نەبـوو کەریـم بـەگ لەسـەر کۆشـکێ ڕاجوێنـی بـۆ کـوڕە زاواکـەی دەنـارد.

دەهات ودەچوو، لە بەر خۆیەوە دەیپرماندو دەیگوت:

داوەشاوە، سەگ كوڕێ سەگ، لەپیاوەتی كەوتووە!! وەرە دەرێ، داك ماكەر!!

لەو دەمی كوللەیەك بەدەرگای ژووری زاوا كەوت و لەدیواری بەرامبەر دەرگا خۆڵ و تۆزی بەژوورەكەدا پەرت كرد! چرا كوژایەوەو بووك زریكاندی!!

دواتر فەقێ محەمەد هەواڵی پێ گەیاندی، وردو باریكی ڕووداوەكەی بۆ گێرایەوەو گوتی: كەسێ ڕۆژ پاشتر بووكەكە گیانی دەرچوو، زاواش لەو ڕۆژەوە، هەرچی جلی لەبەری دەكەن، خۆی ڕووت دەكاتەوە،هاوار دەكا تەقەیە! تەقەیە! هات. . هات. .

بەم هۆیەوە، لەم ڕۆژەوە زۆر جا ردەیبەستنەوە!! خۆ لەخەو راپەڕین و زریكاندن و هات. . هات هەرتەنیا كورەكەی كەریم بەگ تووش نەهاتووە! كەریم بەگ خۆیی و ژن و منداڵەكانی هەتا خولام چەكدارەكانیش ئەم نەخۆشیەیان گرتووەو شەونیە! هاوار و زریكەی یەكێكیان ئەوانی دی زڕخەونەكا!! ئێستا ماڵ و دیوەخانی كەرمی بەگ، ئەو ماڵە ئاوەدان و پڕ جوانە ژنی خاتوون و كوڕەبەگەی جاران نیە! بەڵكە نەخۆشخانەیەكی پڕ نەخۆش ونیوە شێتە!! جگە لەوەش خەڵكی ئاوایی وەكو جاران، سەر بەدیوەخان و ماڵی كەریم بەگ نین! ئەوەخۆ بەئاشكراش دەیانبوغزێنن. نەك هەر خەڵكی ئاوایی و كرمانجەكان، بەڵكە بەگەكانی دەروبەریش، نایەنەوی و ناشوێرن خۆ لەداوی پیری كێوان بئاڵێنن و لەگەڵ كەریم بەگ بەئاشكرا بچنە سەنگەرێك! دژ بەپیری كێوان! ئەگەرچی لەدڵەوەش

پێیـان خۆش نیـە، ئەوکێشـەیە بەقازانجی پیـری کێـوان کۆتایـی بـێ، چۆن سـەرکەوتنی پیـری کێـوان، یانـی سـەرکەوتنی خەڵکـی ئاوایـی سـەرکەوتنی خەڵـك. چونکـە هـەر چەنـدە دەزانـن ودەبینـن کەپیـری کێـوان تەنیـا زەلامـەو کەسـی تـری لەگـەڵ دانیـە، تەنیـا لەوکێوانـە دەسـوڕێتەوە، بـەڵام لـە ڕاسـتی داو لەبنەوەهەمووخەڵکـی گونـدی (میـر سـوار) و کرمانجەکانـی ئـەم ناوچەیـەی لەگـەڵ ئـەون! بەگـەکان بەدرێژایـی ژیانیـان ئەوەنـدە جێـی خۆیـان لـەدڵ و مێشـکی کرمانجـەکان نەکردۆتـەوە! ئاخـر هـەر کرمانجێکـی بیگـری، داخـی بەگێکـی بـە دڵەوەیـە، بەگـەکان ئەگـەر ڕێگای زوڵـم و زۆریـان لـێ بگیـری، ڕێگایەکـی تریـان نیـە! پێیدابچنـە نێـو دڵـی خەڵـك!

نـەك هـەر ئەمـە، بەڵکـە بـەر هەقـی پیـری کێـوان و درێـژی و پڕ خوێنـی کێشـەکە بەرگێکـی ئەفسانەیی و پیرۆزی کردبـووە، بەر پیـری کێـوان!

ئەگـەر وانەبـێ! لـە نێـو ئـەم هەمـوو خـوڵام و چەکدارە چۆن خـۆ دەگەینیتـە ماڵـێ کەریـم بـەگ و لەوەختـی ناسـك لەجێـی ناسـکیان دەداو کاری خـۆی دەکا! بـێ ئـەوەی کـەس هەسـتی پـێ بکاوبتوانـێ ڕێـی لـێ بگـرێ! ئـەوە جگـە لـەوەی کەریـم بـەگ، چەنـد جـار چەکداری ناردووتەسـەرو بـەر تفەنگیـان داوە، چەنـد جار بـۆی لەکەمیـن دانیشـتوون، چەنـد جاریـش پۆلیسـی بـەو کێوانـەدا پـەرت کردووە! بـەڵام! پیری کێـوان، وەك ئـەوەی کڵاوی سـەخرە جنـی لەسـەربێ و نەبینـدرێ یـان بەهـۆی گوللـە بەنـدەوە گوللـەکاری لـێ نـەکات و سـاغ وسـەلامەت دەربـاز بـووە! ئـەوە پیـری کێوانـە هێشـتا

بەتفەنگــەوە بەکەولــی بەرییــەوە، بەکێوانــدا دەســوڕێتەوە، لــەڕۆژی پێویســت ماڵــێ کەرمــی بــەگ دەداتــە بــەر تەقــەی تفەنــگ و دەستی خۆی دەوەشێنی و لەنێو ئەلقەی خوڵام چەکداران دەربـاز دەبـێ و کـەس نایبینـێ!!

فەقـێ محەمـەد هەرجارێکی دەهاتـە لات، فیشـەك و پێویسـتی بۆ دەهێنـای و دەنـگ وباسـی ماڵی کەریم بەگی بۆ دەگێڕایـەوە، قسـەو باسـی نێـو خەڵکی بۆ بـاس دەکردی، هەمـوو جارێکیش لێی دەپرسی:

-ئـەرێ پیـری کێـوان پێـم ناڵێـی بەکـوێ داهاتـووی و بەکوێـدا گەڕایتــەوە؟!

یەکە پرسیار بوو کەحەزت نەدەکرد کەس لێت بپرسێ، بائەوکەسە فەقـێ محەمەدیش بێ! چۆن فەقـێ محەمـەد تەنیـا کـەس بـوو، بـەردەوام لـە هەوڵـەوە سـەری لـێ نەدەبـڕی و پێویسـتییەکانی بـۆ جـێ بەجـێ دەکـردی و کەولەکانـی بـۆ دەفرشـتی! بـێ فیشـەکی نەدەکری،دەنـگ وباسـی ئاوایـی و ماڵی کەریم بەگی بۆ دەهێنـای و دەنـگ و باسـی تۆشـی بـۆ خەڵـك وئاوایـی دەبـردەوە.

سـەرەڕای ئـەم هەمـوو پیاوەتـی و پشـت گرتـن و وەفادارییـە هێشـتا ئـەم پرسـیارەی فەقـێ محەمـەدت وەڵام نەدەدایـەوەو نـەت دەویست نهێنی خۆت بۆ هیچ کـەس باس بکەی، بائەم نهێنییەش پتر ڕاستی وئازایەتی و کارامەیەتی تۆش بۆ خەڵك ئاشکرا بکا، تـازە تـۆ بـەدوای نـاوو نـاو بانـگ نەدەگـەڕای، دەتزانـی درەنـگ یـان زوو دەبـێ بچێتـە دوو ژن و منداڵەکـەت، بـەڵام هەتـا دڵـت لـێ بـداو

دەستت تفەنگ بگرێ، دەبێ ببێتە عزرایلی ماڵێ کەریم بەگ. ئەگەر لەپاش تۆ ئاگردانی بنەماڵەکەتان دەکوژێتەوە، دەبێ بەدەستی تۆش ئاگردانی ماڵی کەریم بەگ وابکوژێتەوە، ببێتە داستان و هەتا کرمانج و مسکین لەم ناوچەیەدا بژین، بیگێرنەوە!! ئەمەش بڕیارێکەو پاش گەزبوونەوەی بۆنیە!

ئەم خەیاڵ و خۆ دواندن و پێداچوونەوەیت زۆر بەپەلە بەخەیاڵدا هات و دیسان لەگەڵ پرسیارەکەی فەقێ محەمەد بەخۆ هاتیەوە.

دیسان پڵنگ پڵنگی گۆڕین لەسەر بەردی جاران قیت هەڵتوتکاوە! لەسەر خۆ بەترس و داخێکی زۆرەوە قەوانەکەت دەرهێناو فیشەکێکی ترت لێ خوڕییە بەرتفەنگەکەت ئەوتفەنگەی لەژیان هەموو شتێکی دابووێی و لەسایەیەوە ناوو ناوبانگت یەکجار دوورو ڕۆیوە ناوو ناوبانگی دەست و تفەنگ ونیشانەشکێنی تۆ دنیای داگرتووە! هەر ئەویش بووەتە هۆی لەدەست دانی هەموو شتێکت.

خەڵك بەمتفەرك بەدوای دەسەتکوژت دا دەگەڕێن تابیخۆن! کەولت بە پیرۆزی لەبەر دەکەن شەوانە بەشەوقەوە بەسەرهاتی تۆ بۆ منداڵەکانیان دەگێڕنەوە، بەپیرۆزی تۆ سوێند دەخۆن. رقیشیان لەیەکێك بێتەوە دەڵێن. بەر گوللەی پیری کێوان کەوێ!هۆی چیە ئەمڕۆ ئەوە چەندین گوللە لەتەنیا پڵنگێك بگری کەچی ناپێکی و هەرفیشەکەو دەتەقێ و بەهەوادا دەڕوا پڵنگیش قیت و بێ باك لە جێی خۆی هەڵتوتکاوەو نابزوێ!

سەیرت کرد دوو فیشەکت پێ ماوە، ئەویش یەکێکیانت لێ

خورپیوەتەوە بەر تفەنگی و ئەوانیشانەت لەنێچیرە ئەفسانەیی یەکە گرتووە!

بەبێزاری و داخێکی زۆرەوە بڕیارت دا، ئەم دووفیشەکەشی تێ بگری و خۆت بگەینیتە دوا ئەنجام وکۆتایی یەکەی ئەم بەسەرهاتە پڕ دڵە کوتێ یەو چیتر تاقەتی چاوەڕێ کردن و مل ملانێ کردنت نەماوە!!

بۆ دڵنیای زیاتر چاوت خستەوە سەر نیشانێ و ئەمجارەش سەر سێرەت لەسەردڵی پڵنگێ گرتەوەو تەقەت لێ وەهێنا!!

# ١٠

دوێنێ کەفەقێ محەمەد هاتە لات زۆرتان باس و خواس کرد، پاش ئەوەی تەواوی دەنگوباسی ماڵی کەریم بەگی پێ ڕاگەیاندی تۆش گوتت:

بیست وپێنج ساڵە من وەکو دڕندەو کێوی دەژیم! ئامادەم سەد ساڵ، هەزار ساڵی تریش بەم شێوەیە بژیم وببمە غەنیمی ڕوحی یەکە یەکەی بنەماڵەی کەریم بەگ، ئەوان منیان کوشت: وەختێ ژن و منداڵەکەمیان کوشت. ئیتر کاری من لە ژیان ئەوەیە بەڕێ و ڕیشەو ڕەچەڵەکیاندا بچمە خوارێ! بۆ ئەوەی تادنیا ماوە، نەتوانن جارێکی دی، بەناحەق دەست بۆکەسێکی دی درێژکەن و ببنە پەندی هەموو بە گێڵی ناوچەکە و هەموو زالمێکی دنیا!

فەقێ محەمەد لێێ وەرگرتیەوەو گوتی:

پیری کێوان، ڕاستە تۆ ژن و منداڵە خۆشەویستەکەت لەدەستدا، بەڵام، ئێستا تۆ خۆشەویستی هەر هەموو خەڵکی ئەو ناوچەیەت بەدەست هێناوە. لەپاش بەسەر هاتی تۆ، خەڵکی ئەم ناوچەیە تەواو بەئاگا هاتوون. ئەم خەڵکەئەگەر بە سەرهاتێکی گرانیان بەسەرنەییێ، بەئاگا نایەن ولێك گردنابنەوە! بەسەرهاتی تۆ ترسێکی ئەستووری خستووتە دڵی هەموو بەگەکان و بووشە بەهێڵێکی نادیار هەمووکرمانج و مسکێنەکانی پێکەوە بەستووتەوە، ئەوە هەر تەنیا لە نێو ئاوایی (میر سوار) وانیە! بەڵکە ناوچەکەی تەواو داگرتووە، سێ ڕۆژ لەوە پێش (پور حەلیم) هاتە لام و گوتی:

فەقێ محەمەد خەونێکم دیوە.

گوتم:

خێرە پووریێ.

گوتی:

خێرە ئینشاڵڵا

گوتم:

چیە؟

گوتی:

ڕۆڵە لەخەوما تاقمە سوارێك لەم کێوانە دەهاتنە خوارێ. هەموو بەرگ و ئەسپیان سپی بوو، سوارێکی زۆر نورانی لەپێشەوەی هەمووان بوو، باز بەسەر سەری سوارەکانەوە هەڵدەفرین و شێرو پڵنگ بەدوایانەوە بوون! سوارەکان گەیشتنە ئاوایی، خەڵکەکە لەهەوەڵەوە سەنگرانەوە، پاشدان سەر سوارەکەیان دابەزی و شتێکی

بەسەر خەڵکی ئاوایی دابەخشیەوە، بەسەر ژن و پیاوان، نەم زانی شتەکە چی بوو، بەڵام خەڵکەکە زۆریان کەیف پێ دەهات.

پاشان سوارەکان چۆن هاتن ئاوا بەکێوەکاندا هەڵگەڕانەوە کەچی لەگەڕأنەوەدا هێندە زور بوون، هەر دوایی یان نەدەهات! سەری لەکیوان بوو بنی لەئاوایی!! هەر نە دەبڕایەوە، لە نێو ئاوایی تاك و تەرا خەڵك مابوون هیچیان بەرنەکەوتبوو، لەدەنگە دەنگی ئەم چەند کەسە بەئاگا هاتم. ئەوەخەونی پورە حەلیمێ بوو، ئەوەندەی منیش سەرم لەخەونان دەربچێ و لێی بزانم، جاری واهەیە، خەون پێش بینییە،ئێستاش تۆ تەنیانی، ئەوە ماڵی کەریم بەگ ڕوو لەکزییەو خەریکە دەبڕێتەوە، ئەوەبیست و پێنج ساڵیشە چیرۆکی تۆ بۆ منداڵەکان دەگێڕدرێتەوە، گەنجەکان وهەموو خەڵکی ئاوایی، کەس نەماوە گۆشتی دەسکوژی تۆی نەخواردبێ، کەسنەماوە کەولی تۆی لەشان نەکردبێ، جگە لەوەش لەوەتەی تۆو میر لێك ڕاست هاتوون، خەڵکی ئاوایی وەکو پێشان مل کەچ و گوێ لەمستی کەریم بەگ نین! بەگیش ئەوسام و هەیبەتەی جارانی نەماوە، هەربیر لەوە دەکاتەوە، چۆن تۆ لەنیو ببا! چونکە چاك دەزانی و دڵنیایە هەتا تۆ بەو کێوانە وەبی، هیچی پێ لەگەڵ خەڵکی ئاوایی ناکرێ، بۆیە تۆ ئێستا لەلای خەڵکی ئاوایی هەر زوڵم لێ کراوێك و تۆڵە ئەستێنێك نیی!

بەڵکە رزگاری هێنەر و پارێزەری سەرو ماڵێ خەڵکی ئاوایی و ناوچەکەشی خەڵکەکە هەمووی چاوی ئومێدیان لەتۆیە پشتیان بەتۆو بەکێشەکەت ئەستوورە! ئەوە چەند ساڵیشە،

کـەژن و منداڵەکـەت بوونـە قوربانـی خـۆت و کێشـەکەت سـەری هەڵداوە،هەرلـەرۆژی سـەرقەبران و هەتـا ڕۆژی ئەمـڕۆش بەشـی زۆری خەڵکەکە پشتیان لەمیرەوە ڕووی دڵیان لەتۆیە، بەسەرهاتی تـۆ تەنیا گۆڕانـی بەسـەر هەست ودڵ خەڵکەکـەدا نەهێنـاوە، بەڵکـە نـاو ماڵەکانیشـیان ئێستا ئـاوەدان تـرو منداڵـە کانیشـیان بەخـواردن و پۆشـتە تـرن، چـۆن لـەو سـاتەوە تائێسـتا خەڵکەکـە بـەرە بـەرە دەبنـە خاوەنـی زەوی و مـاڵ و حـاڵ خۆیـان، ئـەوەی پێـی وەمانـدو دەبـن و بەدەستی خۆیـان بەرهەمـی دێنـن بۆ خۆیـان خەرجی دەکـەن، لـەوەش زیاتـر پیرۆزی و بەرهەقـی کێشـەی تـۆ لەنێو دڵ و هەستی هەمـووان جێگـەی خـۆی کردۆتـەوە، ئەگـەر تـۆ بـە کوژرانـی ژنەکـەت کوڕێکت لەدەستدا!! ئێستا گەنجەکانـی ئاوایـی وناوچـە هـەر هەموویـان تـەواو کـوڕێ تـۆن، تۆچـاوی هەمـوانـت کـردەوەو، هەسـت و بیریانـت تیژتـر کـرد، ئەوانـە هەموولەشکری نادیـارو لـە بـن نەهاتـووی تـۆن، ئەگـەر بتـەوێ هـەر هەمویـان بەکـەول و تفەنگـەوە ئامـادەن، جگـە لـەوەش تـۆ بـەم هەمـوو سـاڵە لەشـکرێکی لەبـن نەهاتـووی لاوك و داسـتانت بـۆ خـۆت پێکـەوە نـاوە، ئـەو لاوکانـەی دوور دەڕۆن و زۆر دەژیـن! دەنـگ وباسـی بەسـەرهاتت دوور دەبـەن. ئـەو گەنجانـە هەموویـان تفەنگچی و نیشـانە شـکێنن! تـۆ دەبێ،ئـەوان بەکـوڕی خـۆت بزانـی و سەرمەشـقیان بـی، نهێنـی ڕاوو نیشـانە شـکاندن و شـەبەیخونیان پـێ بڵێـی:

لێـرە لەگـەڵ وشـەی نهێنـی فەقـێ محەمـەد بەئـاگا هاتیـەوەو دیسـان پڵنگـی داسـتان خولقێنـت دی وەکـو یەکەمیـن جـار بەهەمـان

شێوە و لەسەر هەمان بەردی قیت هەڵتوتکاوە. کلکی بەدەوری نێکیدا لول داوەو تەنگەی لەگەڵ هەناسەدانی بەرزو نزم دەبێتەوەو دەمی لێك کردۆتەوەو ددانەکانی زۆر گەورەو بەترس دێنە بەرچاو.

تەنیا یەك فیشەکت پێ ماوە، ئەم چەند فیشەکەی پێشتر تەقاندبووت و نێچیر هەرزیندووبوو، ئەو ماوەیە ئەگەر چی زۆر درێژ نەبوو، بەڵام چۆن حاڵەتێکی رۆح کێشان ئاسا بوو، لەنێوان هەرفیشەکێك وفیشەکێکی تردا بەسەرهاتێکی خۆت بە بیر دەهاتەوە، ئەویەکەمین جاربوو، لەو هەموو بیست و پێنج ساڵەی ڕابردوو ئاوا یەك یەك بەسەر هاتەکانی خۆت بەبیر بێتەوە بەزنجیرە بۆیەکەمین هەنگاوی کارەسات بگەڕێتەوە.

ئێستا بەروونتر پڵنگەکە دەبینی، ئەستووری و چڕی تەمەکە لەکەمی داوەو پڵنگەکە لەسەر بەردێکی گەورە هەڵتوتکاوە، پشتی بەردەکە لێژایی و دۆڵێکە، نەمانی فیشەك خەمێکی تر بوو لەسەر هەموو خەمان، دەهاتە بەرچاوت ئەم فیشەکەش بە خۆڕا دەڕواو پڵنگ هەر زیندوە، ناچاری شەڕی دەستەو خەنجەر دەبێ، بەڕاستی ئێستا خۆت هێندە دڵ گەرم و بەهێز نابینی.

بۆیێ پێت وایە بەزیندوویی چاوان دوا جار پڵنگ دەتخوا!! بەسەرهاتەکەت دەگاتەوە ئاوایی و کەریم بەگ و بنەماڵەکەی ئەوانەی کەمێك لەسەرخۆن! لەخۆشیان شاگەشکە دەبن. ئەم خەیاڵ و لێکدانەوەیە، زۆری ئازار دەدای.

زۆر حەیف وپاش ئەو هەموو ساڵە کۆتایی ئەم بەسەرهاتە ئاوا تاڵ بێ! ئیتر بەندی پڵنگ خواردنی، دوابەندی لاوك و

داستانەکان دەبێ.

تائێستا لەژیان، خودی خۆت خۆش نەویستووە! کەیفت بەخۆت نەهاتووە! بەڵام، ئەمڕۆزۆرت سوو لەخۆت بوو، بەوها کۆتایی یەك دوایت بێت! قەت چاوەڕێی پێش هاتێکی وانەبووی!

ئەم چەند دەقیقەیەش کەئەم بەیانییە لەگەڵ ئەم پڵنگە داستان خوڵقێنەت بەسەبرد، بەقەد دەیان ساڵ پیری کردی، تائێستا بەرێگادا رۆیشتن و بازدانی نێو شاخ و بەردو لەدوای نێچیری بریندار ڕاکردن، لەهەموو ئەمانەدا نیشانەی پیریت پێوە دیارنەبووە! بەڵام ئێستا هەست دەکەی، نەتەنفگی نیشانە شکاندنێ! نەدەست و پێ و هەست وبیرت وەکو پێشان بۆت لەکاردێن!! خۆت وەکو شیرێکی بریندار هاتە بەرچاو کەڕاوچی بەسەر سەرییەوە ڕاوەستابێ.

دەست دا خەنجەرەکەت ودیسان لەپێشە خۆت دانایەوە ئەمجارەش تفەنگەکەت سەح کردەوە، دوا فیشەکت خستە بەرێ و لەگەڵ دوا فیشەك وات دەزانی لەنێوان خۆت وکۆتایی یەکی پڕ خەم، تەنیا ماوەی تەقاندنی ئەم فیشەکە ماوە، لەلایەك دەست وپێت شل بوو لەلایەك ئارامت لەبەر براوبوو! نەتدەویست پتر چاوو بیرت لەم کات و شوێنە پڕ گۆڕان و تاڵییە بمێنی!! دەستێکی ترت بە سەرو ڕیشی خۆت داهێنا، ڕیشەکەت هەتا سەرسنگت هاتبوو، خوناو سەرو ریشی تەڕکردبووی، کەدەستت بەر خوناوەکە کەوت، هاتە بەرچاوت، ئێستا پاش چەند چرکەیەکی ترە ئەم ڕیشە ماشو برنجی یەت لەخوێن داسوور دەبێ، پڵنگ دەم لەخوێنت

دەنێ. تفەمگەکەت بێ خاوەن دەکەوێ لەم نێوە درەنگ یا زوو خەڵکی ئاوایی میر سوارو ناوچەکە ئەم بەسەرهاتە دەبیسنەوە؟

دوا فیشەکە فیشەکی هات و نەهاتە دوا چرکەی ژیانیشەوە چاوەڕێ کردنی مردنە!!

بیست و پێنج ساڵە لەم کێوانە دەسوڕێتەوە، بۆ شەوێك لەخەودا دڕەندەیەك نەیخواردی بۆ ئەوەی ئێستا لەم بەیانییە زووە هێندە لەچاوەڕوانی مردندا نەبی و بەهەمووهەست و نەستت تامی مردن نەکەی !!

ئەم کێوانە بن بەردی نەماوە نێچیری لێ نەکوژی، جێی ئەستەم نەماوە پێی تۆی تێ نەچێ! ئەشکەوت ودەرەزە بەرد نەماوە شەو تێیدا نەخەوی و نەیکەی بە هەوار، دووپشك ومار پێی ونەدای! شێر نەیخواردی؟ بەر گوللەی دوژمن نەکەوتی؟ بیست و پێنج ساڵە مەرگ بەدواتەوەیە، ئەوائێستا لەگەڵ ئەو مردنە لێك ڕاست هاتوون! چ لێك ڕاست هاتنێك!؟ توێکی هیلاك و ماندووبێ فیشەك، ئەویش مردن! مردنێکی بەسام و دڕەندە چ مردنێکیش ! مردن بەزیندویی چاوان!!

دوا جار هەموو هەست و زەینی خۆت لەسەرتدا کۆکردەوەو دەستت لەتفەنگی توندکرد. هەتا بۆت دەکرا بەچاو لەنێچیرو سەر سێرەو تفەنگێت ڕۆنی، کە پێت وابوو دوا بینینە دنیای ڕوونی پێ دەبینی!! ئەمجارەش سەر دڵی پڵنگێت کردە نیشان و دەیەمین فیشەکت لێ ئاگردا.

## ١١

بەپەلە دەستت دایە خەنجەرەکەت وویست تاوی دەیتێ کەچی پێ یەکانت لەدوونەهاتن! تەکانت دایە خۆت بێ فایدە بوو، کەلەبەردەکە رامای بڕوات نەکرد! لەخۆشی و سەرسامیان خەریك، بوو هاوار بکەی! بەڵام دەنگیشت نووسابوو، هەرچی خۆت دەپچڕییەوە هیچت بۆ نەدەکراو نەدەگوترا! وەك دەست و پێو زمانیشت بەسترابێ.

دوا جارهەر چۆنێك بوو، بەخشە خش و لەسەر زگ و لەپان خۆت گەیاندە سەربەردەکەو تەماشای ئەودیوی بەردەکەت کرد. چیت بینی، ڕاستە؟ درۆیە؟ بڕوات نەدەکرد، گەلە پڵنیگ بەسەریەکدا کەوتبوون و خوێنیان لەبەر دەڕۆیشت.

هەستت کرد دەسێیتەوە سانەوەیەك لەدوای ماندو بوون و بێزاریەکی دوورو درێژ وگران کەهەموو دەمارەکانی لەشی

داگرتووی و خزاوەتە نێو هەستەکانت. دیمەنێك دەبینی کەئەنجامی ئەم هەمـوو مانـدوو بـوون و تـرس دڵـە کوتێیەیـە! دیمەنێـك لەگـەڵ بینینیدا، جاریکی تر بەتاقی کردنەوەو هۆشیارێکی پتر بەدڵێکی پـر هەسـت و عەشـق و گـەرم و بەژیـان لەگەڵیـا لەدایـك بوویتـەوە! لەدایـك بوونەوەیـەك. هەمـوو ژیـان لەگەڵـی نـوێ بـووەوە

ئـەوەدەم چەنـدت حـەز دەکـرد کەفەقـێ محەمـەدت لـێ پەیـدا بـێ و تـۆش وردو باریك،ئـەم بەسـەرهاتەی بـۆ بگێڕێتـەوە بەسـەر هاتێـك کـە لەمـاوەی چەنـد دەقیقەیەکـدا ئارەقـەی بیسـت و پێنـج سـاڵی پـێ ڕشـتی، هەمـوو ئـەو نهێنـی و شـەبەیخونا نەشـی بـۆ بـاس بکـەی، کەچەندیـن سـاڵە هەڵتگرتـوون وکـۆت کردوونەتـەوە کـەس لێـێ نەبیسـتووی!!

١٩٨٥- هەولێر

# بەردە ژن

# ١

لەوەتــەی دنیا..دنیایــە..!! لەوەتــەی مــرۆڤ مرۆڤــە..! لەوەتــەی زینــدەوەر... ڕووەك لەســەر ئــەم زەوییــە پەیــدا بــوون و چــاو دەگێــڕن و هەناســە دەدەن و ســەوز دەبــن، هیــچ چاوێــك. چاوی هیــچ مرۆڤێــك گیانلەبەرێــك، فرمێســك. فرمێســکی ئــاوا گــەرم و گــوڕ... گــەرم و گــوڕ و بەڕێــز، فرمێســکی ئــاوا ڕوون و لــەدڵان! فرمێســکی ئــاوا بەکــوڵ و گەرمــی لــێ نــەڕژاوە. ئــەو فرمێســکانە... فرمێســکی چــاوان بــوون، ئــەو چاوانــەی دنیــای ڕوونیــان دەدی! ئــەو فرمێســکانە فرمێســکی چــاوان نەبــوون! لــە چــاوان هەڵنــەدەڕژان، ئــەو فرمێســکانە فرمێســکی ناخــی دڵان بــوون لــە قووڵایــی دڵانــەوە زۆر بــەدڵ... لەدڵــەوە گــەرم و گــوڕ و ســێ ڕیــز لەســەر یــەك هەڵــدەوەران، ئــەو فرمێســکانە فرمێســکی دڵان نەبــوون لەناخــی ئێســکەوە گــەرم...

گەرم و سێ ڕیز لەناخی ئێسکانەوە هەڵدەقوڵان، ئەو فرمێسکانە فرمێسکی ئاو نەبوون، ئاوی چاوان... تا لەچاوانەوە ساف و ساف هەڵبڕژێن، ئەو فرمێسکانە خوێن نەبوون! خوێنی سوور، تا لەناخی دڵانەوە سوور و ساف هەڵبقوڵێن، ئەو فرمێسکانە فرمێسکی ئاسناو بوون، لەناخی ئێسکانەوە، وەك ئەوەی ئێسك بتوێتەوە سێ ڕیز هەڵدەقوڵان و لەگەڵ خوێنی سووری دڵ، سووری یاقووتی تێکەڵ دەبوون، شیر و خوێن گەرم و گەرم ... ساف و ساف، لەگەڵ فرمێسکی چاوان، فرمێسکی ڕوونی ئاوی چاوان، گەرم و گەرم، شیری ئێسکان و خوێنی یاقووتی دڵ و ئاوی ڕوونی چاوان، سوور و سوور، شیر و شیر، ڕوون و ڕوون، گەرم و گەرم تێکەڵ دەبوون، ئەو فرمێسکانە لەناخی ئێسکانەوە بەناخی دڵدا ڕەت دەبوون و لەقووڵایی چاوان... گەرم گەرم و سێ ڕیز... سێ ڕیز و ساف و ڕوون، ڕوون و سپی، سپی وەك چۆڕی شیر تێکەڵ دەبوون، تێکەڵ دەبوون و گەرم وەك کوورەی دڵان، لەسەر یەك و سێ ڕیز لەچاوان... ئەو چاوانەی دنیای ڕوونیان دەدی دەتکانە خوارێ، گەرم و لەسەر یەك ئەو فرمێسکانە، ئەو فرمێسکانەی فرمێسك نەبوون، تا ئاوی چاوان بن، ئەو فرمێسکانە خوێنی سوور نەبوون تا یاقووتی دڵان بن، ئەو فرمێسکانەی گەرم و ڕوون، ڕێك و ڕاست. ئاسنا و بوون... ئاسنا و بوون و لەناخی دڵانەوە گەرم و سێ ڕیز هەڵدەقوڵان.

ئەو فرمێسکانە! ببوورن فرمێسك نا. ئاسنا و بوون، ئاسنا و بوون و گەرم دەتکانە سەر گڵە سوورێ، ئاسنا و وەك تیژاوێ،

تیـژا و بکوڵـێ... بکوڵـێ و بڵقـان بـدا و بڕژێتـە سـەر نەرمـە گۆشـتێ، گۆشـتی زینـدوو، یەکسـەر... یەکسـەر و دەسـبەجێ، دەسـتبەجێ گڵی سـوور چززەی لـێ هەڵدەسـتا، ئەو چززەیـەی لـە گۆشـتی زینـدوو هەڵدەسـتێ، لەکاتـی تکانـی تیـژاوێ.

ئەو فرمێسـکە گـەرم و سێ ڕیزانە، ئەو فرمێسکانەی فرمێسك نەبـوون، ئاسـنا و بـوون! ئاسـناو. ئاسـنا وی ئاسـناو!! تیـژاو بـوون، تیـژاوی گـەرم، گـەرم و سـاف، لـەو چاوانـە دەڕژانـە خـوارێ، ئـەو چاوانـەی کـە دنیـای ڕوونیـان دەدی، دنیـای خـۆش، دنیـای کـۆن، دنیـای جـوان. ئـەو دنیایـەی کـە خەریـك بـوو لەبـەر دیـدەی ئـەو چاوانـە تاریك. تاریك و لێڵ دادەهات، ئـەو چاوانـەی کـە فرمێسـك، فرمێسکی ئاوی چاوان نـا!! فرمێسـك فرمێسکی خوێنی دڵان نـا!! فرمێسـکی ئاسـناو. ئاسـناوی تیـژا و... تیـژاوی گـەرم. گـەرم و سێ ڕیـزی لـێ دەتـکا.

ئـەو چاوانـە ... چـاوی سـەگێك بـوون، کـە لەسـەر قسـەی خەڵکـی (کەندێنـاوەو قـەراج)[1] ی، بەتایبـەت خەڵکـی گونـدی (عاڵڵا)[2] ی، ئـەو سـەگە بـە ڕەچەڵـەك دەچێتـەوە سـەر ڕەچەڵەکـی ئـەو یەکەمیـن سـەگەی کـە پـاش ئـەوەی (بـاوە ئـادەم و دایـە حـەوا) لـە (بەهەشـت)ێ دەرکران و بەر نەفرەتـی ئاوارەیـی کەوتـن، یەکەمیـن ئاوارەیـی، ئـەو نەفرەتـەی پاشـان هەمـوو مرۆڤایەتـی گرتـەوە، ئـەو نەفرەتـەی بەیـەك ڕێگا دایـەو بابـەی لـە بەهەشتێ وەدەرنـا، کەچـی لـەوێ ڕۆژێـوە نەوەکانـی ئـادەم و حـەوا ... ئادەمیـزاد! هەرچـی ئادەمیـزاد هەیـە، لەهـەزار یـەك ڕێـگاوە دەیانـەوێ بگەڕێنـەوە نێـو

بەهەشتیێ ئەو بەهەشتەی لەوێ ڕۆژێوە چۆڵ و هۆڵە، کەچی بێهوودەیە، تا ئێستا هیچ کەس... تاکە یەك کەس چییە؟ ڕێگای بەو بەهەشتە لەدەسچووە نەکەوتووتەوە! خەڵکی ئاوا دەگێڕنەوە، ئەوانیش لە باپیرانیان بیستووە، باپیرانیشیان لە باپیرەی باپیرانیان بیستووە، بیستوویانەو بیستراوەتەوە، تا دەگاتە باوە ئادەم، کە باوە ئادەم فەرموویەتی: (( لەپاش ئەوەی بەگوناهی (گەنم خواردنیێ[٣] کەوتینە بەر غەزەبی خودای تەعالا و لەبەهەشت وەدەر نراین، لەم شوێنە، لەسەر ئەم چیایە... (چیای —بڵباسان)[٤] خۆمان بینییەوە، ئەو چیایە ڕووت و بەردییە، ئەو بەردە ڕەق و زوورگییە،لە سەر ئەم چیایەوە کە بە لای دەشتی قەراجیدا دەڕوانی هەتا چاو بڕ دەکا دارستان بوو، کە بەلای کەندی کەندێناوەیدا دەڕوانی هەتا چاو بڕ دەکا دارستان بوو، لەسەر ئەو چیایە ڕەقە، لەنێو ئەو دارستانە چڕە، هەوەڵین دەنگ، ئەو دەنگەی بیستمان دەنگی سەگ بوو)) باوە ئادەم دەنگی سەگ دەبیستیێ، سەگێك کە ئەو سەگی چاو بەفرمێسك، ئەو سەگەی بەڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر ئەو سەگە، ئەو سەگەی کە ئەوێ ڕۆژێ باوە ئادەم، گەلێکی پیێ شا و شوکر بوو! ئاخر کەم نەبوو، ئادەم... ئادەم و حەوای بەهەشتی، کە سزا دەدرێن و لە بەهەشتیێ دەردەکرێن، ئەو بەهەشتەی پڕ لە فریشتەو مەلایەکەت! ئەو بەهەشتەی پڕە لە خۆشی و جوانی، ئەو بەهەشتەی نزیك ماڵی خودای، نزیك بارەگای خودای، لەو بەهەشتە وەدەر نران، ئەوێ ڕۆژی یەکەمین جار بوو، باوە ئادەم پاش ئەو تەمەنە درێژە.

ئەو تەمەنەی کە هەر خودا دەیزانێ. خودا خۆی دەیزانێ چەندە؟ پاش ئەو تەمەنە، ئەو تەمەنە دوور و درێژەی نێو بەهەشت، ئەو بەهەشتەی هەر خودا خۆی دەیزانێ چەند خۆشە!؟ لەپاش ئەو تەمەنە درێژ و ئەو تەمەنە پڕ لە خۆشی و جوانییە، خۆشی و جوانییەی نێو بەهەشت، بەهەشتی نزیك بارەگای خودای. باوە ئادەم هەست بەتەنیایی و غەمباری دەکات، غەمبارییەك لەپاش ئەو تەمەنە درێژ و پڕ خۆشییە، ئەو هەموو خۆشییەی نێو بەهەشت، لەنێو دڵی غەم نەدیوی باوە ئادەم و دایە حەوا غەم پەیدا دەبێ، غەمێك لەو پەڕی بێکەسیدا. بێکەسێك لەوە بێکەستر هەیە، کەسێك کە فرمانی خودای شکاندبێ و خودا. خودای بانی سەری، خودای هەموو خودایان، ئەو خودایەی لە هەموو زانایان زاناترە، ئەو خودایەی رەنجاندبێ! ئەو خودا مەزن و بەدەسەڵاتە، ئەو خودا بێ هاوتایە سزای دابێ و لە بەهەشتی وەدەر نابێ! ئەو بەهەشتەی خودا تەنیا بە خۆشەویستانی خۆی دەدا، کەسێك لەو بەهەشتە دەرکرابێ، ئەو بەهەشتەی لەوەتەی ئادەم ئادەمە، لەنێو ئەو بەهەشتەدایە، لەو بەهەشتەدا ئاوی لە هەموو کانییەکانی خواردووتەوە، جا ئەو کانییەکانی شیر بێ، کانی هەنگوین بێ، یان ئەوەتا کانی کافوور، لەژێر هەموو بنەدارێك ڕاکشابێ، ئەو بنەدارانەی بۆ خۆیان بەرهەمەکانیان بەرهەمە خۆش و بەتامەکانیان دەهاتنە نێو دەست و دەمی باوە ئادەم دایکە حەوا. کەسێك لەو هەموو خۆشی و جوانییەی ئەو بەهەشتەی چەشتبێ، شارەزای سەر هەموو بستە خاکێك و ژێر

هەمــوو بســتە ئاسمانێکی بێ، ئێســتا لــەو بەهەشــتە دەرکرابێ، ئــەو بەهەشــتەی کــە خــودا هــەر بەخۆشەویســتانی خــۆی ڕەوا دەبینــێ، کەسـێك لـەو بەهەشـتە دەرکرابێ، لـە خـۆی بێکەسـتر نەبووەو نابـێ، دەرکرابــێ... دەرکرابێتــە ســەر ئــەو زەوییــەی، کــە هێشــتا لەخــۆی زیاتـر کـەس ... هیـچ کـەس ڕێـی تـێ نەکەوتبـێ، لـەو دنیـا بەرینـە کـە شـارەزای سـەر هیـچ بسـتە خاکێـك و ژێـر هیـچ بسـتە ئاسـمانێکی نەبـێ! لەسـەر ئـەو زەوییـە لـە خـۆی بێکـەس و غەریبتـر نەبـووەو نەدەبـێ. لـەو دنیایـە ... لـەو دنیـا پـان و بەرینـە، ئـەو هـەر بەتەنیـا چیـای بڵباسـان بـوو پێشـوازی لـەو کەسـە کـرد، ئـەو کەسـەی کـە خـودا. خـودای بانـی سـەری سـزای دابـوو و لـە بەهەشـتێی وەدەر نابـوو، ئـەو پێشـوازیکردنە، ئـەو وەرگرتنەوەیـە، کارێکـە هـەر بەتەنیـا لـە چیـای بڵباسـان دەوەشـێتەوە.

پـاش ئـەو وەرگرتنەوەیـە، بـاوە ... بـاوەی بێکـەس و دڵ پـڕ لەغـەم، ئـەو دڵـەی تـا ئـەو ڕۆژە نەیدەزانـی غـەم چییـە؟ دڵێـك بـوو غـەم نەدیـو. دەنگێـك دەبیسـتێ، دەنگێـك کـە لـە حەپـەی سـەگ دەبـێ زیاتـر چـی بـێ؟ ئـەو سـەگەش هەوەڵیـن ڕەچەڵەکـی سـەگی چـاو بەفرمێسـکە، ئـەو دەنگـە ئـەوێ ڕۆژێ دەنگـی سـەگ بـوو، حەپپـە بـوو، حەپـەی سـەگ، لـە بـاوە ئـادەم دەگێڕنـەوە کـە فەرموویەتـی: ((پـاش دەرکـران و لـە بەهەشـت وەدەرنرانـێ، پـاش تەنیایـی و بێکەسـی و غـەم پەیـدا بوونـێ، ئـەو دەنگـە... ئـەو حەپپـەی سـەگە، خۆشـترین دەنـگ بـوو دەمبیسـت، دەنگێـك هەوەڵیـن دەنـگ بـوو، پـاش سـزای لـە بەهەشـت وەدەرنانـێ هاتـە فریـام و یەکەمیـن دەنـگ بـوو لەژیانـی

سەر دنیایی پێشوازی لێ کردم و لەژیانی سەر چیای بڵباسانی ڕاهێنام)) خەڵکی گوندی (عاڵلا) ی دەگێڕنەوە، ئەوانیش لە باپیرانیان بیستووە، باپیرانیشیان لە باپیرەی باپیرانیان بیستووە، ئەوانیش لەسەر زاری باوە ئادەم دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: ((ئەو دەنگە خۆشترین دەنگ بوو، کە بۆ یەکەمین جار لەسەر زەوی دەمبیست)) ئەو دەنگە دەنگی ئاوەدانی بوو، دەنگی پێشوازی بوو، دەنگی ڕاهێنان بوو، ڕاهێنان لەژیانی سەر دنیایێ، ژیانی نوێی پاش سزادانێ، پاش لە بەهەشت وەدەرنانێ، ئەو دەنگە دەنگی سەگێك بوو، کە سەگی چاو بەفرمێسك، ئەو سەگەی بەرەچەڵەك لەگەڵ باوە ئادەم و دایە حەوا بۆ یەکەمین جار لەم شوێنە، سەر چیای بڵباسان ژیانیان دەست پێکرد، ژیانی سەر دنیایێ، ئەم هەموو نەتەوەو تیرەو هۆزە، ئەو هەموو زمانە، کە ئەمڕۆ سەر زەوی بەخۆی ناگرێ، لە هەوەڵین ماڵەوە، ڕێك و ڕاست لەسەر ئەو چیای بڵباسانەوە کەوتووتەوە.

خەڵکی کەندێناوەو قەراجی، بەتایبەت خەڵکی گوندی عاڵلای دەگێڕنەوە، دەیگێڕنەوەو دەڵێن کە باوە ئادەم فەرموویەتی:((ئەو سەگە پێشمان کەوت، ڕێك و ڕاست ئێمەی بردە نێو ئەشکەوت، ئەو ئەشکەوتی چیای بڵباسان)) ئەو ئەشکەوتەی کە تا ئێستا کەس نازانێ بنی لە کوێ دەر دەکا، ئەو ئەشکەوتەی خەڵکی کەندێناوەو قەراجێ، بەتایبەتی خەڵکی گوندی عاڵلای هەزار و یەك چیرۆکی لێدەگێڕنەوە، هەر چیرۆکەی هەزار و یەك شێوەی هەیە، سەگ ... سەگی بەوەفا، سەگی ئادەم دۆست، زۆر

بەزانایی، زۆر بە هێمنانە پێش باوە ئادەم و دایە حەوای دەکەوێ و ڕێك و ڕاست دەیانباتە نێو ئەشکەوتێ، ئەشکەوتی چیای بلْباسان، ئەو ئەشکەوتەی کە هەوەڵینماڵی باوە ئادەم و دایە حەوایە، ماڵی سەر دنیایێ، هەوەڵین ماڵ و هەوەڵین ئاگردانی باوە گەورەی هەموو ئادەمیزادێکە.

ئەشکەوت. ئەشکەوتی پەرییان، ئەو ئەشکەوتەی سەری دیارەو بنی بزر. ئەو ئەشکەوتەی کە لەناوەوە چەندین شار و باژێڕە، شار و باژێڕی ئاوەدان، ئاوەدانتر لە شار و باژێڕی سەر دنیایێ، ئەو ئەشکەوتەی کە دەرگای دەرەوەی دەرگایەکی بچووك و ئاساییە. بەڵام، لەناوەوە هەر خودا خۆی دەزانێ چیەیو چەندە؟ ئەو ئەشکەوتە... ئەو ئەشکەوتەی لەسەر قسەی شوانەکانی شەوین و شیوە خوارێ، لەسەر قسەی ڕاوچییان، ڕاوچییانی (کەوی سپی) ئەو ڕاوچییانەی بەشەو شەوی تاریك و نووتەك لە ژوانی کەو، کەوی سپی ئەو کەوەی لە هەموو دنیادا وێنەی نیە! لەسەر چینچکان و بێدار... بێدار هەتا تاریك و ڕوونی بەیانییان لەژوانی کەوێ دانە! لەسەر قسەی ئەو شوان و ڕاوچییانە، ئەو شوان و ڕاوچییانەی ڕاوی تاریك... تاریك و بێدەنگ... ئاگادار و بێدار لەدەوروبەری ئەشکەوتی پەرییان شەو بەسەر دەبەن، ئەو شوان و ڕاوچییانە دیویانەو دەگێڕنەوە: ((شەو... شەوی تاریك، ئەو شەوانەی مانگ دەنوێ، ئەستێرە دەنوێ، با دەنوێ، ئەوەی بەئاگایە تەنیا و تەنیا تاریکییە، لەو شەوە تاریکانە، لەو شەوە کڕ و بێدەنگانە! درەنگی شەو ئەو وەختانەی با خەوتووە، لەو

ئەشــکەوتە ئەشــکەوتی پەرییــان، ئــەو ئەشــکەوتەی لەنــاوە خۆیــدا شــار و باژێڕێکــە. وڵاتێکــە! لــەدەرگای ئــەو ئەشــکەوتەوە، لــەو دەرگا بچووك و ئاساییەدا. یـەك یـەك و دوو دوو پـەری دێنە دەرەوە، هێمن و لەسـەرخۆ لەنێـو ئـەو ئەشـکەوتە تاریکـە بـەم شـەوە تاریکـە. ئـەو پەرییە جوانانـە! ئەو پەرییانەی لە هەمـوو پەری دنیایی جوانترن... لەسـەرخۆ هێمـن ... بەنـاز یـەك یـەك و دوو دوو دێنـە دەرەوە، لـەو شـەوە تاریـك و بـێ ئەسـتێرانە، لـەو شـەوە تاریـك و بـێ ڕووناکییـە! لەنێـو ئـەم ئەشـکەوتە تاریکـە، لـەم شـەوە تاریکـە، لەبـەر تیشـکی جوانـی خۆیـان، لەبـەر تیشـك و شـەوقی ڕەنـگ و ڕووی خۆیـان، بەهێمنـی و بەنـازەوە هەنـگاو داوێـن و دێـن، دێـن و لەسـەر (کانـی دەرمانـاوێ)[٥]، کچـی شـای پەرییـان، ئـەو پەرییـەی لـە هەمـوو پەرییـان جوانتـرە! ئـەو پـەری وا جـوان... لـەم شـەوە تاریکـە، بـەر پێی خۆی، دەور وبەری خۆی لە سایەی تیشکی جوانیی خۆی دەبینـێ، ئـەو پەرییـە! پـەری ڕووتـی دەکەنـەوە، یـەك یـەك جلەکانـی دادەکەنـن، یـەك یـەك پـەڕە گوڵەکانـی لێدەکەنـەوە، ئـەو جلانـەی هـەر لـە پەرییـان دێ. ئـەو پەرییـە، ئـەو کچـی شـای پەرییـان بەڕووتـی دەبێتـە یـەك پەیکـەر لـە تیشـك، یـەك پەیکـەر لـە جوانـی، ئـەو پەرییە ئـەو پەرییـەی کـە پـەڕی گوڵبەرگـی لەبـەر دادەکەنـن، ئـەو پەرییـەی پـەری دەسـماڵی بـۆ ڕادەگـرن، ئـەو پەرییـەی پـەری قـژی دادێنـن، پـەری... ئـەو پەرییـەی پـەری خزمەتـی دەکـەن. بەهێمنـی بەکـڕی لـەو شـەوە تاریکـەدا، لـەم شـوێنە تاریکـەدا، بەوێنـەی پەیکەرێـك لـە تیشـك، پەیکەرێـك لـە جوانـی، دەچێتـە نـا و ئـا و ئـاوی کانـی،

کانـی دەرمانـاویێ. ئـاو دەبـێ بەتیشـك، کانـی دەبـێ بەتیشـك، ئـەو شـوێنە تاریکە، ئەو شـەوە تاریکە دەبێ بە ڕۆژی ڕووناك ڕووناکتر لەدنیـای ڕوون، ڕوون وەك دڵـی ڕوونـی ئیمانـداران.

شـوان دەگێڕنـەوە، ڕاوچـی دەگێڕنـەوە: ئـەو پەرییـە جوانـە، ئـەو پـەری کچـی شـای پەرییـان پێـش ئـەوەی شـەو بڕەوێتـەوە، پێـش ئـەوەی دنیـا ڕووناك بـێ، ئـەو پەرییـەی پـەری خزمەتـی دەکـەن، ئـەو پەرییـەی پـەری دەسـماڵی بـۆ ڕادەگـرن، ئـەو پەرییـەی پـەری قـژی بـۆ دادێنـن، لەبـەر تیشـکی جوانیـی خـۆی، لەبـەر ڕووناکـی ڕەنـگ و ڕووی خـۆی لـە کانـی دێتـە دەرێ و بـەو هەمـوو ڕووناکـی و جوانییـەوە بـەو هەمـوو تیشـك و بریـق و باقـەوە، دەچێتـەوە نێـو ئەشـکەوتێ، ئـەو ئەشـکەوتی وەهـا تاریـك، تاریـك وەك دەروونـی بـێ ئیمانـان، ئـەو ئەشـکەوتی دەرگا بچووك، ئـەو ئەشـکەوتی دەرگا دیـار و بـن بـزرە! ئـەو ئەشـکەوتەی لـە نـاوەوە باژێـڕ و شـار و وڵاتـە! ئـەو ئەشـکەوتەی لـە هەمـوو ئەشـکەوتان کۆنتـر و لـە هەمـوو ئەشـکەوتان پـڕ نهێنیتـر. ئـەو خەڵکـە دەڵێـن: ئـەو شـوانانەی ئـەو پەرییانـە دەبینـن، ئـەو شـوان و ڕاوچییانـەی ئـەو پەرییانـەی دەبینـن، بەهـۆی بینینـی ئـەو پەرییانـەوە، ئـەو پەرییـە تیشـکاوییانە! لەخـۆ دەچـن، لەخـۆ دەچـن و سـێ شـەو و سـێ ڕۆژ بەخـۆ نایێنـەوە. کـە بەخـۆ دێنـەوە، بەدڵێـك نـا، بەسـەد دڵ عاشـق دەبـن، عاشـقی ئـەو پەرییانـەی لـە پەرییەکانـی بەهەشـتێ جوانتـرن، عاشـقی ئـەو پەرییانـەی نـە لـە بەهەشـتێدا هـەن نـە لەسـەر دنیایـێ، ئـەو عاشـقانە دەسـتی داری شـوانیان نامێنـێ، دەسـتی چەکـی راوێـان نامێنـێ، ئیتـر دەبـن بەمجێـوری ئەشـکەوت،

بەپاسەوانی ئەشکەوت، زستان هاوین، بەهار پایز، شەوانە هەر لەئێوارێوە، بەمانگە شەوو تاریکە شەو بەدیار کانییەوە دادەنیشن، دادەنیشن بێدار. بێدار لەژوانی ئەو پەرییانەی نەلەسەر دنیایێ هەنە، نەلەنێو بەهەشتێ، ئەو پەرییانەی شەوی تاریک لەو ئەشکەوتە دێنە دەرێ و خۆ لەئاوی کانی وەردەدەن، ئەو کانی دەرماناوێ، دەرماناوی بەر دەرکی ئەشکەوتێ، ئەو ئەشکەوتەی هەوەڵین ماڵە، ماڵی باوە ئادەم، باوە ئادەمی لە بەهەشت دەرکرا و، باوەی سزادراو.

# ٢

خەڵکی گوندی عالّلای بەتایبەت و خەڵکی کەندێناوەو قەراجێ بە عام لەزاری باوە ئادەمی دەگێڕنەوەو گوتوویەتی، ئەوێ رۆژێ کە (قابیل و هابیل) بەشەڕ دێن، ئەو شەڕەی یەکەمین شەڕ بوو، شەڕی (برا کوژی) لێ کەوتەوە، ئەو براکوژییەی کە هەموو براکوژییەکانی تر لەوێوە سەرچاوە دەگرن، خەڵکی دەگێڕنەوە کە هابیل و قابیل دەبێتە شەڕیان باوە ئادەم لە حەژمەتان پشت بەدەرکی ئەشکەوتێ دەدا، ئەو ئەشکەوتی بەردی ڕەق، ئەو بەردی زوورگە بەرد، ئەو بەردەی کە هیچ مرۆڤێك، هیچ مرۆڤێکی پاڵەوان، هیچ پاڵەوانێکی هونەرمەند، هیچ هونەرمەندێکی عاشق، لەبەر ڕەقی و لووسی ئەو چیایە، چیای بڵباسان نەیتوانیوە وێنەیەك. هێمایەك. یادگارێکی لەسەر

هەڵكەنیَ، ناوێك ڕستەیەكی لەسەر بنووسیَ، زۆر مرۆڤ، مرۆڤی پاڵەوان و هونەرمەند و عاشق، لەو چیا و ئەشكەوتە ژیاون، زۆر جاران بەچەكوچی تیژو گران، بەعەشق و هونەر و پاڵەوانییەوە، هەنگژاونەتە ئەو چیایە. ئەو بەردە ڕەقانە... ئەو بەردە زوورگ و لووسانە، زۆر پاڵەوانی هونەرمەند بەعەشقەوە، كوتاویانە... كوتاویانەو ویستوویانە هێمایەك... وێنەیەك... نووسینێك... یادگارێك لەسەر ئەو چیا و بەرد و ئەشكەوتانە بەجیَ بهێڵن. بەڵام چیای بلّباسان كە ڕەق و لووسن، هێندە رەقن، لەگەڵ هەموو چەكوچێك. لەگەڵ هەموو چەكوچ وەشاندنێك گرۆز گرۆز ئاگریان لیَ هەڵساوە، هەر ئەو خەڵكە دەگێڕنەوەو دەڵێن: ((یەكەمین ئاگر كە مرۆڤ دۆزیبێتیەوە، لەم چیای بلّباسانەوە دۆزراوەتەوە)) ئەو بەردە ڕەقانە لەبەر دەستی هیچ مرۆڤێك، هیچ مرۆڤێكی پاڵەوان، هیچ پاڵەوانێكی هونەرمەند، هیچ هونەرمەندێكی عاشق، نەرم نەبوونەتەوە، كەس و كەس نەیتوانیوە نەخشێك... نووسینێك لەسەر ئەو چیایە. لەو ئەشكەوتە بەرد و رەق و بەردە زوورگانە بەجیَ بێڵیَ، هەر بۆییَ زانایان...زانایانی زەوی ناس و بەردناس و ئەشكەوت ناس و مرۆڤ ناس هیچ پاشماوەو نەخش و نووسینێكیان لەسەر بەدەنی ئەو چیایە بەدەست ناكەویَ. كۆنیی ئەو چیای بلّباسان، كۆنیی ئەو هەوەڵین ماڵە، هەر بەتەنیا لەنێو خەیاڵ و چیرۆكی كۆنی خەڵكی كەندێناوەو قەراجیدایە، بەتایبەت خەڵكی گوندی عاڵلای، ئەوان كۆنیی چیای خۆیان لە هەموو كۆنێكی ئەو دنیایە بەكۆنتر دەزانن، هەر

ئـەوان دەگێڕنـەوە گوایـە: وەختـێ هابیـل و قابیـل بەشـەڕ دێـن، بـاوە ئـادەم لەحەژمەتـان پشـت بەدەرکـی ئەشـکەوتێ دەدا، ئـەو ئەشـکەوتی ڕەق و لووس...لـووس و ڕەق و نەخـش تێنەبـوو! ئـەوێ ڕۆژی بـاوە ئـادەم پشـت بـەو بـەردە ڕەق و لووسـە دەدات، کـە بەبـەر چاوییـەوە کوڕەکانـی هابیـل و قابیـل بەشـەڕ دێـن ئـەو لەحەژمەتـان گـەرم دادێ و ئارەقـەی دەکا، ئارەقـەی دەکا و بەردیش بـەردی رەق و لـووس لەگـەڵ گەرمـی و ئارەقـەی بـاوە ئـادەم گـەرم دادێ، گـەرم دادێ و نـەرم و شـل دەبێ، نـەرم و شـل وەك شـەمێی. بـاوە ئـەو مرۆڤـی وا بـە شـان و شـەوکەت، لەحەژمـەتان گرانایـی خـۆی داوێتـە سـەر بـەردی، ئـەو بـەردی وهـا ڕەق و لـووس، لەحەژمـەتان لەحەژمەتـی بـاوە ئـادەم، نـەرم دەبێ وەکـو شـەمێی، ڕێـك و ڕاسـت ئـەو بـەردی وهـا ڕەق و لـووس یـەك بەشـانی بـاوە ئـادەم قـووڵ دەبێ، قـووڵ دەبێ و ئێسـتاش، لەبـەر دەرکـی ئەشـکەوتێ، ئـەو ئەشـکەوتی وهـا ڕەق و لـووس، جێـی شـان و پشـتی بـاوە ئـادەم دیـارە، دیـارەو بـووە بـە جێنزرگـە و خەڵکـی بـۆ شـان و پشـت ئێشـە دەچنـە سـەری، دەچنـە سـەری و ڕێـك لـەو جێگایـە دادەنیشـن، کـە بـاوە ئـادەم لێـی دانیشـتووەو پشـتی پێـداوە، ئەگـەر شـانیان بێشـێ، شانێشـەی مردنـێ، ئەگـەر پشـتیان بێشـێ، پشـت ئێشـەی مردنـێ، ئەگـەر بەچـوار دەسـتەو جەنـازان بێنـە سـەر ئـەو جێگایـە، ئەگـەر لەحـەوت مردنـان بـن، هـەر کـە گەیشـتنە ئـەو جێگایـەو پشـتیان بەجێ پشـتی بـاوە ئـادەم دا، یەکسـەر و دەسـبەجێ عەلەمیـان لەبـەر دەبڕێ، شانێشـەو ژانـە پشـتی سـەد سـاڵان، بەچـا و قوچێنەکـی چـاك دەبێتـەوە، چـاك بوونەوەیـەك، وەك ئـەوەی چ ڕۆژان

شان و پشتیان نەهێشابێ، خۆ ئەگەر خۆ لەئاوی ((دەرماناو)) ێ وەربدەن، ئەو دەرماناوەی هەر سەگی تاین بۆ یەکەمین جار پیشانی باوە ئادەمی دا، ئەو دەرماناوەی دەرمانی هەموو دەردانە، ئەو دەرماناوەی تەنیا دەردی مردنێ نەبێ، دەنا هەموو دەردێکی چاك دەکاتەوە، چاك و ساغ وەك ساغی رۆژی هەوەڵێ، ئەگەر کەسێك پشت و شانی بێشێ و بچێتە سەر بەردی باوە ئادەم و چاك نەبێتەوە! ئەگەر کەسێك دەردێکی گرانی بێ و خۆ لەئاوی کانی دەرماناوێ وەربدا و چاك نەبێتەوە! ئەوە خەڵکی کەندێناوەو قەراجی بەتایبەت خەڵکی گوندی عاڵڵای، لێی دەکەونە گومان و دەڵێن: (( تۆبەی بکە، خیانەتت لەکێ کردووە؟ )) ئەو خەڵکە دەگێڕنەوە کە گوایە : باوە ئادەم، هەوەڵین دەسنوێژی بەئاوی ئەو کانییەی، کانی دەرماناوێ هەڵگرتووە، هەوەڵین نوێژی لەسەر ئەو بەردە کردووە، هەوەڵین دوعاو پاڕانەوەشی لە خوای ئەوە بوو کە : (( خودایە، بۆ خاتری گەورەیی خۆت، ئەم بەرد و کانییە بکەی بەدەرمان، دەرمانی هەموو دەردێك، دەردی هەموو کەسێك، تەنیا ئەو کەسانە نەبێ کە خیانەت دەکەن!)) خەڵکی بەو کەسە دەڵێن کە دەچێتە سەر بەردی و خۆ لەئاوی کانی وەردەدا و چاك نابێتەوە، پێی دەڵێن: (( بڕۆ تۆبەی بکە، تۆبە، بزانە! خیانەتت لەکێ کردووە!)) خیانەت. خیانەت لە ماڵی خۆت، لەخەڵکی گوندی خۆت، لەخەڵکی ناوچەکەی خۆت، لە نەتەوەکەت. لە خاکەکەت لە مرۆڤ و باوەڕ بزانە خیانەتت لەکێ کردووە! ئەو کەسەی بچێتە سەر بەردی باوە ئادەمی و خۆ

لەئاوی کانی دەرماناویێ وەربدا و چاك نەبێتەوە، ئەو کەسە لەکن خەڵکی کەندێناوەو قەراجی بەتایبەتی خەڵکی گوندی عاڵڵای — ڕوو ڕەشترین کەسە- ئەو کەسە لە خەڵکی کەندێناوەو قەراجی بەتایبەت لە خەڵکی گوندی عاڵڵای دادەبڕێ، دادەبڕێ و کەس سڵاوی لێ ناکا و کەس سڵاوی لێ وەرناگرێتەوە، کەس باراشی بۆ ناباتە ئاشی، هیچ ئاشێك باراشی بۆ لێ ناکا، کەس نایکاتە شوان، کەس نایکاتە سەپان، کەس ژنی ناداتێ، کەس ژنی لێ ناخوازێ، دوژمنت... دوژمنی باوەکوشتەت دوژمنە خائینەکانت لەو کەسانە بن، کە نەخۆش دەکەون و دەچنە سەر بەردی باوە ئادەمێ و خۆ لەئاوی کانی دەرماناویێ وەردەدەن و چاك نابنەوە.

ئەو کەسەش کە چاك دەبێتەوە، ئەو خودا پێداوەش کە چاك دەبێتەوە، نانی دەبێ بە موتفەڕك، دەستی دەبێ بە موتفەڕك، ماڵەو ماڵ، گەڕەکەو گەڕەك و گوندا و گوند لەسەر نەخۆشی دەگێڕن، نەخۆش... نەخۆشی گران، گران و دەردەدار، دەردەداری سەر مردنێی پێ چاك دەبێتەوە.

## ٣

خەڵکی کەندێناوەو قەراجی، بەتایبەتی خەڵکی گوندی عالّلای ئەوە چاك دەزانن، کە ئەو سەگە، ئەو سەگی چاو بەفرمێسك، ئەو سەگەی لە نێوان گوندی (عالّلا و چەلتووك)ی لەسەر گردی (بێمرادان) وەرکەوتووەو چاوی بڕیوەتە رێگای هەولێر ئەو سەگەی فرمێسکی لە چاوان دەبارێ، فرمێسك نا ... ئاسنا و ... ئاسنا و نا تیژا و، ئەو سەگەی کە باپیرە گەورەی ئەوو ئەو سەگەیە پێشوازی لە باوە ئادەمی کرد و ئەشکەوتە بێ بنەکەی پیشان دا و بردییە سەر ئاوی دەرماناوێ. ئەو سەگە ڕەچەڵەکی یەکەمی ئەو سەگەیە کە سێ ڕیز و گەرم... فرمێسکی ئاو نا ... فرمێسکی خوێن نا، فرمێسکی تیژا و. تیژاوی ئاسناوێ، فرمێسکی تیژاوی ئاسناوی لەچاوان

دەبارێ و لەسەر گردی بێمرادان بەرامبەر بە رێگای هەولێر وەك شاخ ڕماوەو وەك کوورە گەرم داهاتووەو گەرم و سێ ریز تیژاوان لەچاو دەبارێنێ، ئەو سەگە لە ڕەچەڵەکی ئەو سەگەیە لەبەر دەرگای ئەو ماڵانە وەرنەدەکەوت، نانی دەستی ئەو ژنانەی نەدەخوارد کە خاوەنەکانیان نەخۆش و دەردەدار بوان و چووبانە سەر بەردی باوە ئادەمێ و خۆیان لەئاوی کانی دەرماناوێ وەردابا و چاك نەبوانایەوە، کە موتفەڕکی ئەو کانی و بەردە کاری لێ نەکردبان، ئەو ماڵەی ئەو سەگە لەبەر دەرگایان وەرنەکەوتبا، ئەو ماڵە لەبەر چاوی خەڵکی گوندی. گوندی عاڵڵای بەتایبەت، خەڵکی کەندێنا وە، و قەراجی بەشێوەیەکی گشتی بەچاوێکی سووك ... بەڕقێکی زۆرەوە، ئەو ڕقەی لە خائینانی هەڵدەگرن! لەچاوی ئەو ڕقەوە سەیری ئەو ماڵانەیان دەکرد، ئەو ماڵانەی ئەو سەگەیان لەبەر دەرکی وەرنەکەوتبا.

ئەو سەگە ئێستاش لەسەر گردی بێمرادان، وەك کەپکە شاخ ڕماوەو بەرامبەر بەڕێگای شاری هەولێر و لەنێوان گوندی (عاڵڵا)ی و (چەلتووك)ی وەك کوورەی گەرم داهاتووەو سێ ریز فرمێسکان دادەبارێنێ، فرمێسك نا. خوێناو.. خوێناو نا... ئاسنا و ئاسناوی تیژا و، تیژا و تك تك دەڕژێتە سەر گڵە سوورێ، ئەو گڵە سوورەی وەك نەرمە گۆشتێ گۆشتی زیندوو. چزەی لێوە دێ و دەسووتێ، دەسووتێ و دەسووتێتەوە.

خەڵکی کەندێناوەو قەراجی، بەتایبەت خەڵکی گوندی عاڵڵای، ڕەچەڵەکی ئەم سەگە، مێژووی ئەم سەگە، لە ڕۆژانی باوە

ئادەمــەوە، لــە ســەگی بەوەفــای بــاوە ئادەمــەوە، دەهێنــن... دەهێنــن و تــا دەیگەیەننــە ئــەو ســەگە چــاو بەفرمێســکەی کــە ئێســتا لــە نێوان گوندی چەلتووك و گوندی عالّلای لەسەر گردی بێمرادان ڕمــاوەو ڕوو لەهەولێــر وەك کــوورەی گــەرم داهاتــووەو ســێ ڕێــز فرمێســك... فرمێســکی تیــژاو دادەبارێنــێ.

ئــەو خەڵکــە لــە پیرانــی خۆیــان بیســتووە، پیرانیــش لــە باپیرانــی خۆیــان بیســتووە، باپیرانیــش لــە باپیــرە گــەورەی خۆیــان بیســتووە، کــە باپیــرە گــەورەی ئــەم ســەگە، ئــەم ســەگی چــاو بەفرمێســکە بــووە، بەدیــار (یارانــی ئەشــکەوت)ەوە زەپ و زینــدوو وەرکەوتــووەو پاسەوانی لێکردوون، پاسەوانی لێکردوون و ئەو هەمــوو ساڵە ئەوان —یارانــی ئەشکەوت- لــە خــەوی شــیریندا بــوون، ســەگ... ســەگی بەڕەچەڵەك، سەگی باوە ئادەم، سەگی بەوەفا، بەهەمــوو ئازایەتی و وەفایەکــەوە، ڕۆژ و شــەو، زســتان و هاویــن، ئــەم هەمــوو ساڵە لەسەر یــەك ئاگاداریــان بــووەو پاراســتوونیەتی، یــەك هەناســە چییــە؟! یــەك چــاو قوچێــن چییــە؟ بەجێیــان ناهێڵــێ و بەدەوریانــدا دەســووڕێتەوە، ئــەم هەمــوو ســاڵە بەزیندوویــی و خــەو لێکەوتوویــی دەیانپارێــزێ و لێناگــەڕێ دز ماڵەکانیــان بــەرێ، گــورگ کەرەکانیــان بخــوا، هــەر لــە پاداشــتی ئــەم پاســەوانییە، لــە پاداشــتی ئــەم وەفادارییــە بــێ وێنەیــە، خــودا... خــودای بانــی ســەر بەزەیــی پێــدا دێتــەوەو لەیارانــی دانابــڕێ و گفتــی چوونــە بەهەشــتی بەویــش دەدا. ئــەوە یەکەمیــن جــارە، لــە بــاوە ئادەمــەوە تــا بەئەمــڕۆ ســەگ. ســەگی بەســتەزمان، بــەر ڕەحمەتــی خــودای بکــەوێ و خــودا خــۆی گفتــی چوونــە بەهەشــتێی

پێبدا، ئەو بەهەشتەی خودا هەر بەتەنیا بە خۆشەویستانی خۆی ڕەوا دەبینێ، گفت! ئەو گفتەش لەلایەن باری تەعالاوە بێ، گفتیش گفتی چوونە بەهەشتێ، چوونە بەهەشتی سەگ، سەگی چاو بەفرمێسك، ئەو سەگەی ئێستا لەسەر گردی بێمرادان... ڕەپ و ڕاست وەرکەوتووە، ڕێك و ڕاست بەڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر ڕەچەڵەکی ئەو سەگەی کە سەگی بەهەشتێیە. ئەو خەڵکە دەڵێن: ((باپیرانمان گوتوویانە، هەر باپیرانی ئەو سەگە بووە، وەختی خۆی کە خودا خودای بانی سەر، دەریا... دەریای پان و بەرین پان و پۆڕی بۆ حەزرەتی (موسا) شەق کرد، پێش حەزرەت کەوتووەو بەنێو دەریا شەقبووەکەدا پەڕیوەتەوەو ترسی حەزرەتی شکاندووە))

خەڵکی کەندێناوەو قەراجی، خەڵکی گوندی عاڵڵای لەوە ماندوونابن، کە چیرۆك. چیرۆك و بەسەرهاتە زۆرەکانی ڕەچەڵەك و باپیرانی ئەو سەگە چاو بەفرمێسکە بگێڕنەوە، هەر ئەوان دەگێڕنەوە: ((کە حەزرەتی نوح کەشتییەکەی بەپڕی و لەسەر ئاوێ دەسووڕایەوە دەسووڕایەوە لەتی دەدا، لەتی دەداو جێگا نەبوو بنیشێتەوە، پاش چل شەو و چل ڕۆژان، ئا و لەتووڕەیی خۆی کەوت، لافا و هێمن بووەوە، گوێی شاخان بەدەرکەوتن، حەزرەت کەشتی ئەو کەشتییە پڕ لەژیان و ئامانەتەی لە زۆر چیایان نزیك کردەوە، کەشتی بردە سەر زۆر چیایان، بێ فایدە بوو، زۆر چیا خۆیان (بێخێر)[٦] کرد و لە خۆیان ڕانەدی ئەو بارە گران و پیرۆزە، ئەو کەشتییە پڕ لە (ژیان)ە وەرگرنەوەو بۆ

خۆیـان بـەو پیرۆزییـەوە بچنـە نێـو مێـژوو بچنـە نێـو دڵـی مرۆڤـەوە. ئـەو چیایـەی کـە خـۆی بـۆ کەشـتییەکە خـۆش کـرد و خـۆی بـۆ کەشـتییەکە ڕێکخسـت و پشـتی خـۆی بـۆ نـەوی کـرد، ئـەو چیایـە چیـای ڕەق و لـووس، چیـای ئـازاو لێهاتـوو، چیـای میـوان دۆسـت، چیـای بڵبـاسـان بـوو، خەڵکەکـە دەگێڕنـەوە، کـە ئـەوێ ڕۆژی چیـای بڵباسـان بـۆ یەکەمیـن جـار و دوا جـار بەقسـە هـات، بەقسـە هـات و گوتـی: (( حـەزرەت بەخێـر بێـی، بەرەکەتـت هێنـا. فەرمـوو... فەرمـوو سـەرم لەژێـر پێتـە، گـەورەم بکـەو ئـەو شـەرەف و پیرۆزییـە بەمـن ڕەوا ببینـە، حـەزرەت چۆنـت لـەدڵ خۆشـە، کەشـتییەکەت چۆنـی دەوێ، ئاوەدانییەکـە چۆنیـان مەیـل لێیـە، مـن ئەوەتـا هـام لـە خزمەتتـان!)) خەڵکەکـە لەسـەری دەڕۆن و دەگێڕنـەوە: ئـەوێ ڕۆژێ، ئـەو چیـا بـەردە ڕەق و لـووس و تیـش تێنەبـووە، لەبـەر پێـی پیـرۆزی حـەزرەت و لەژێـر کەشـتییە پـڕ لـە ئاوەدانـی و ژیانەکـەی حـەزرەت، لەژێـر کەشـتییە مانـدوو و هیـلاك و دڵ پـڕ لـە مەترسـییەکەی حـەزرەت خـۆی نـەوی کـردوو لۆچـی لـە خـۆی بـڕی، حـەزرەت پـاش چـل شـەو و چـل ڕۆژان، چـل شـەو و چـل ڕۆژەی چـل سـاڵەیی، کەشـتی ئـەو کەشـتییەی وهـا ئـاوەدان و گرانـی لەسـەر چیـا ڕاگـرت. ئـەو چیایـە چیـای بڵباسـان بـوو، هـەر لـە سـەر ئـەو چیایـە بـوو، حـەزرەت قەلـی هەڵـدا بـۆ ئـەوەی وشـکانی بدۆزێتـەوە، قـەل هـات و لـەو کەنـدی (کەنداڵـە قـەل) ی نیشـتەوە، نیشـتەوەو نەگەڕایـەوە، دیسـان بـۆ جـاری دووەم هـەر ئـەم شـوێنەی کـردەوە بـە هێلانـە، جـاری دووەم حـەزرەت، حەزرەتـی لـە قـەل بێهیـوا! کۆتـری

هەڵدا. کۆتری پیرۆز... کۆتری موبارەك، گەڕایەوە، گەڕایەوە بەچڵە زەیتوونەوە، حەزرەت... حەزرەتی شاد بەگەڕانەوەی کۆتر، دڵتەنگ لە نەهاتنەوەی قەل، کەشتی ... کەشتییە پڕ لەژیانەکەی لەسەر پشتی چیای بلّباسان، ئەو چیایەی لە هەموو چیایان ئازاترە، کەشتی ڕاگرت. کەشتی ڕاگرت و یەکەمین گیانلەوەر پێش هەموان، پێش حەزرەتی نوحیش لەکەشتی دابەزی، خەڵکی دەگێڕنەوە دەڵێن: ((ئەم زیندەوەرە، سەگ بوو)) سەگی باپیرە گەورەی سەگی چاو بەفرمێسك، ئەو سەگەی ئێستا لەنێوان گوندی عالّلا و چەلتووکی، لەسەر گردی بێمرادان، ڕوو لە هەولێر وەرکەوتووە، وەرکەوتووەو وەك کوورەی ئاگر گەرم داهاتووەو سێ ڕیز فرمێسکان دادەبارێنێ.

خەڵکی کەندێناوەو قەراجی، بە تایبەت خەڵکی گوندی عالّلای، هەر بەتەنیا ئەو ڕوودا و و چیرۆکانە ناگێڕنەوە، کە لەباپیرانیان بیستووە، لە ڕۆژانی باوە ئادەم و حەزرەتی نوح ڕوویان داوە، زۆر لەو چیرۆك و بەسەرهاتانەش دەگێڕنەوە، کە بەچاوی سەری خۆیان دیویانن، ئەو چیرۆك و بەسەرهاتانەی کە باس لەئازایەتی باب و باپیری ئەو سەگی چاو بەفرمێسکە دەکەن، هەر یەکێکیان بگری، لەگەڵ هەر یەکێکیان بدوێی و باسی سەگ بکەی، ئەو یەکسەر دەچێتە سەر باسی (سەگی حەجێ) ئەو سەگەی ڕێك و ڕاست دەکاتە باپیرە گەورەی سەگی چاو بەفرمێسك.

سەگ، سەگی پشتا و پشت سەگ، ((سەگی حەجێ))

چۆن بووە بە سەگی حەجیٚ؟ هەموو خەڵکی عالّلا و کەندێناوەو قەراجی ئەوە دەزانن و دەگێڕنەوە، کە (حەسەن کەر گەورە) حەسەن گەورەی ئەو ماڵەی، کە ئەو سەگە پشتا و پشت لەحەوش و ماڵی ئەوان گەورە بووە. ڕوو لەماڵی خوای دەکا و بەسواری کەر... کەری گەورە و بەنا وبانگ، ئەو ڕێگا دوورە، ئەو ڕێگا پیرۆزە دەگرێتە بەر، ئەو ڕێگای نێو سەحرا و پڕ لە مەترسی، ئەو ریٚگایەی کە بەڕۆژ و حەفتە و مانگ دوایی نایێ، ئەو ڕیٚگایەی ساڵ و دوو ساڵی دەوێ، دەگێڕنەوەو دەڵێن: (( حەسەن کەر گەورە توێشەی ڕێگا لە کەر بار دەکا و گەردن ئازادی لەگەڵ یەکە یەکەی خەڵکی گوندی دەکا و بەڕێ دەکەوێ، سەگ، ئەو سەگەی پاشان پێیان دەگوت سەگی حەجیٚ! کە دەکاتە باپیرە گەورەی سەگی چاو بەفرمێسك، پێش حەسەن کەر گەورەی دەکەوێ، ئەو حەسەن کەر گەورەیەی پاشان بووە ((حاجی حەسەن)) خەڵکی گوندی زۆر هەوڵدەدەن سەگ بگێڕنەوە، ئەو سەگەی کە تائێستا کەس دڵی نەهاتووە داری لیٚ ڕاست بکاتەوە، هەڕەشەی لێدانیان لێکرد. بەڵام، سەگ. سەگی بەوەفا، بەهێمنی و بیٚ خۆ شێلووکردن، بەچاوان لە حەسەن کەر گەورە و خەڵکی گوندی دەپاڕایەوە، سەگ سەگی بەستەزمان، ئەو سەگەی بەڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر سەگی باوە ئادەم، هێندە بەسۆزەوە دەنووسکایەوە، بەچاوان دەپاڕایەوە، هەر هێندەی نەمابوو بەقسە بیٚ، حەسەن کەر گەورە و خەڵکی گوندی کە ئەو بەستەزمانە ئاوها دەبینن، چیتر دڵیان بەرایی نادا ریٚی لیٚ بگرن و دڵی بشکێنن.

پاش ساڵێك و چوار مانگ، پاش سەفەری دوور و درێژی حەج، کە حاجی حەسەن دەگەڕێتەوە، پێش ئەوەی لە گەرووان بەدەر کەویٚ، سەگی تاین، سەگی بەوەفا، پێش حاجی حەسەنی دەکەویٚ و یەکسەر دەچێتە نێو حەوشەی ماڵی حەسەن کەر گەورەی و لەسەر سەکۆی یەك بە بەژنی خۆی خۆ بەکەس و کار و ژن و منداڵی حاجی حەسەنی پیشان دەدا، کە خەڵکەکە چاویان بەسەگ دەکەویٚ، هاوار دەکەن و دەڵێن: (( سەگی حەجیٚ هاتەوە!)) ماڵ و منداڵی حەسەن کەر گەورەی، خزم و کەس و دەر و جیران و خزمانی گوندی، هەر هەموویان کۆ دەبنەوەو سەگ، سەگی حەجیٚ پێشیان دەکەویٚ و پێکەوە دەچنەوە پێشوازی حاجی حەسەنی، ئەو حاجی حەسەنەی ساڵێك و چوار مانگە بیٚ سەر و شوێنە، ڕۆیشتووە و تا ئەمڕۆ هیچ هەواڵێکی نەبووە، خەڵکی گوندی بەرێزەوە باوەش بۆ حاجی حەسەن دەکەنەوەو لە سواری کەرە گەورەی دادەبەزێنن و یەك یەك شان و دەستی ماچ دەکەن.

پاشان حاجی حەسەن گێڕاویەتیەوە، خەڵکیش لە حاجی حەسەنی دەگێڕنەوە، ئەو سەگە، سەگی بەوەفا، سەگی حەجیٚ، چەند جار لەو سەفەرە پیرۆز و پڕ مەترسییە گیانی حاجی حەسەنی کڕیوەتەوە، حاجی حەسەن گوتوویەتی: (( ئەو سەگە سەگی بەوەفا چاوساغی من بوو، لە گەردەلوولی بیابان، لەشەوی تاریکی بیابان، سەگ سەگی بەوەفا، وا چاکە بڵێم: سەگی شارەزا، هێمن و لەسەرخۆ پێشم دەکەوت، ڕێگای بزر نەدەکرد، ئەگەر ڕەشەبا، ڕەشەبای بیابان هەڵیدەکرد. گرد گرد.

گردە لمی دەگواستەوەو هەموو نیشانەیەکی دەسڕیەوە، سەگ... سەگی زیرەك سەگی بە هەست هێندەی بەس بوو، لەسەر لمۆزی وەرکەوێ و زەوی بۆن بکا و دوو جار چاوی ببڕێتە ئەستێران، یەکسەر هەڵدەستایەوە سەر پێیان و ئاوڕێکی پڕ لە دڵنیایی لە من دەدایەوەو پێشم دەکەوت)).

حاجی حەسەن گوتوویەتی: (( سەگی بەوەفا، هەر بەتەنیا ڕێناسی نێو ڕەشەبای بیابان و شەوی تاریك نەبوو، بەڵکە پاڵەوان و پاسەوانی مەترسییانیش بوو.

لەنێو غەرگەدا بۆرژابووم، کەرم لەسەر برکە گیایەك بەستابووەوە، سەگ سەگی ئازا بەدیارمەوە وەرکەوتبوو، کاتێك وەك ئەوەی بانگم بکەن، بەئاگا هاتم، دەنگی سەگەکە بوو، کە چاوم کردەوە، بەرامبەر سێ گورگان، سێ گورگی برسیی نێو بیابان وەستابوو، وەك شێر دەیمراند و پێشی لێگرتبوون، گورگەکان چاویان پڕ بوو لە برسییەتی و تووڕەیی، گەش و پڕ ترس دەتریسکانەوە، ددانەکانیان تووڕەو تیژ، تیژ و برسی دەهاتنە بەر چاو، شادەی مردنم هێنا لەدڵی خۆمدا گوتم: (( منیش دەبمە ژمارەیەك لەو ژمارە زۆرانەی کە گورگی بیابان خواردوونیەتی، منیش ئێسکم تێکەڵ بەو ئێسکانە دەبێ و دەبم بە یەکێك لەو ئێسکە بێ ناونیشان و کەس نەناسانە، لەپڕ سەگ... سەگی ئازا، سەگی پاسەوان، سەگی پاڵەوان کە هەستی کرد من بەئاگا هاتووم، وەك بروسکە پڕی دایە گەرووی یەکێکیان و لەعەردی وەردا و گەرووی دڕی. کە گورگەکانی تر چاویان

بەخوێن کەوت دەمیان لەخوێن و گەرووی هاوەڵەکەیان نا، کەوتنە گۆشت خواردن و خوێن مشتن، سەگ ... سەگی ئازا سەگی پاڵەوان وەك شێرێکی سەرکەوتوو لەشەڕێکی گران بەدیاریانەوە دەیمراند. هەر ئەوەندە گورگەکان بە خۆهاتنەوە، لەترسان وەك چەقەڵ کلکیان لەنێو گەڵیان نایەوەو تێیان تەقاند، سەگی ئازا کەوتە دوایان و هەڵیبڕین، تا لە چاو بزر بوون، کە گەڕایەوە دەم بەخوێن، سەرکەوتووانە دوورا و دوور بەرامبەرم وەرکەوت.))

حاجی حەسەن گێڕاویەتیەوە، خەڵکی گوندیش لەوی دەگێڕنەوە: ((ڕۆژێکی تر لەنوێژی نیوەڕۆ دوو جەردەی بیابان دەوری دەدەن و داوای ڕووتبوونەوەی لێدەکەن، حاجی حەسەن دەڵێ: لە دڵی خۆمدا گوتم: خودایە کارت چەد ڕەنگینە!! لەدەست گورگی دڕندە ڕزگارم بوو، ئەمجارە نۆرەی گورگی ئادەمیزادە ! هیچ چارێکم نەما، لە خودای خۆم پاڕامەوەو دیسان پەنام بۆ هاوڕێ و دڵسۆزەکەم برد و لەپڕ گوتم: ((دەی کەڕۆ)) هەر ئەوەندەی چاو تر ووکانێك، شێرە سەگ خۆی هەڵدایە سەر پاشی یەکێ لە ئەسپەکان و پاشەڵی جەردەکەی دادڕی! جەردە لەترسان ملی لەبەر غاریێ نا! سەگ ... سەگی ئازا دابەزی و بەهەمان شێوە پاشەڵی دووەمیشی دڕی، جەردەکان ئەوەی ئەو دەم بۆیان دەکرا، تەنیا هەڵاتن بوو. هەڵاتنێك جارێکی تر ڕوو لەم کارە نەکەنەوە. دەڵێن: لەو رۆژەوە تا ئێستاش، نەوەی ئەم جەردانە ئەم ناوەیان بۆ بە میرات ماوەتەوەو بە نەوەی (پاشەڵدڕای!!) بەنا وبانگن. دەگێڕنەوە حاجی حەسەن گوتوویەتی: کە لە مەترسی جەردەکان

ڕزگاریـم بـوو، زۆر بەخۆشەویسـتییەوە سـەیری سـەگە بەوەفـا و ئازایەکـەم دەکـرد و گوتـم: خودایـە کارت چەنـد سـەیرە ((ئادەمیـزاد گیانـی ئادەمیـزادی بـرای دەخاتـە مەترسـی و سـەگیش ئادەمیـزاد لـە مەترسـی ئادەمیـزاد رزگار دەکات!؟))

خەڵکـی دەگێڕنـەوە ... هەتـا حەپـەی ئـەو سـەگانە، سـەگی ڕەچەڵەکـی سـەگی بـاوە ئـادەم لـەو گونـدە گونـدی —عاڵـڵا-ی هاتبـێ، هیـچ گورگێکـی برسـی، هیـچ پڵنگێکـی ئـازا، هیـچ شـێرێکی نەتـرس... نەیوێـراوە ڕوو لـەو ئاقـارە بـکات. کـە حەپـەی ئـەو سـەگانە هاتبـێ گـورگ... گورگـی برسـی لـە حـەوت کێـوان تەقیـون! هـەر هـۆی ئازایەتـی ئـەو سـەگانەش بـووە، شـوان بـێ تـرس شـەو لـەوەڕ و شـەوینە خـواری کـردووەو مەڕەکانـی بـێ تـرس دو ونگیـان قەڵـەو بـووەو بزنـەکان بـێ تـرس گوانیـان پـڕ شـیر بـووە.

ئازایەتیـی ئـەو سـەگانە، گورگـە دڕندەکانـی برسـی و لاواز کردبـوو، زۆر جـار خەڵکـی گونـدی دیویانـە، گـورگ... گورگـی ئـازا گورگـی بـە سـام، ئـەو گورگـەی مێگـەل بۆنـی بـکا قەدەمـی دەشـکێ، پیـا و پیـاوی ئـازا لـوورەی ببیسـێ چـوڕە میزکـە دەگـرێ، ئـەو گورگـە بـە لاوازی و برسـییەتییەوە بەسـەر شـارە مێـر و ولـەدا دەوەرێتـەوەو شـڵپ شـڵپ بەزمـان لەبرسـان مێروولـەی ماشـتووتەوە.

خەڵکـی دەڵێـن: ئـەوەی چـاوی سـەگ دەیبینـێ، بینینـی لـە توانـای چـاوی مرۆڤـدا نییـە! ئـەوەی گوێـی سـەگ دەیبیسـتێ، بیسـتنی لـە توانـای گوێـی مـرۆڤ دا نییـە!!

ئـەو خەڵکـە دەگێڕنـەوە: زۆر جـار گـورگ، لـە ترسـی سـەگی

ئــازا، لــە ترســی ســەگی پاڵــەوان نەیوێــراوە خــۆ لــە مێگــەل بــدا لەبرسان کەوتووتە نێو ئەجندان و زیرەی تێخستوون. لەو ((گەرووی ئەجنـدان)) ئـەو گـەرووەی پـڕا و پـڕە لـە ئەجنـدە، ئەجنـدەی ژن، ئەجندەی پیـا و، ئەجنـدەی پیـر، ئەجنـدەی منـداڵ، ئـەو گـەرووە وەك گونـدی ئەجنـدان وایـە، وەك شـاری ئەجنـدان وەك وڵاتـی ئەجنـدان وایـە. خەڵکەکـە دەڵێـن، دەڵێـن و قسـەی خۆشـیان بەڕاسـت دەزانـن. چۆن ئێمـە لـە گوندان دەژیـن، ئـەو گـەرووەش ئـاوا گونـدی ئەجندانـە. چۆن ئێمـە لـە شـاران دەژیـن، ئـەو گـەرووەش ئـاوا شـاری ئەجندانـە. چۆن ئێمـە لـە وڵاتـان دەژیـن، ئـەو گـەرووەش ئـاوا وڵاتـی ئەجندانـە. خەڵکـی بـۆ خۆیـان زۆر جـار بەچـاوی سـەری خۆیـان، ئەجندەیـان دیـوە، دیویانـەو قسەشیان لەگەڵدا کـردووە. نـاوی زۆر کـەس دێنـن و دەڵێـن: فلانـە کـەس ژنـی لـە ئەجنـدان هێنـاوە، یـان کـوڕی فلانـی ژن بـە ژنـی لەگـەڵ ئەجنـدان کـردووە، یـان کچـی فلانـە بێوەژنـی شـوی بەئەجنـدان کـردووە ئەجنـدەی ئـەو گـەرووەی. لـەم ناوچەیـەوە، لەناوچـەی کەندێنـاوەو قەراجـی هـەر کوڕێـك یـان هـەر کچێـك شـەو لەخـەو هەڵسـێ و ناولەپـی خـۆی بەخەنـەوە ببینـێ، خەنـەی جـوان و سـوور. ئـەوە دایکـی پێـی دەڵـێ: ((مەترسـە کـوڕم ! مەترسـە کچـم ! ئـەوا ئەمشـەو کـوڕە ئەجندەیـەك کـە نـاوی وەکـو نـاوی تۆیـە! کچـە ئەجندەیـەك کـە نـاوی وەکـو نـاوی تۆیـە، ژنـی هێنـاوە، یـان شـووی کـردووە، لـەو گـەرووەی گـەرووی ئەجنـدان.))

ئێسـتاش تـۆ دەتوانـی بچـی و باسـی ئـەو ئەجندانـە لـەو پیرەژنانـە بپرسـی کـە مامانەتـی دەکـەن. کـە یارمەتـی ژنـی بـەوان حـاڵان

دەدەن. ئـەو ژنانـە ... ئـەو پیرەژنانـەی کـە مامانەتـی دەکـەن... ڕاسـت و ڕەوان بـێ کـەم و زیـاد چییـان دیـوە بـۆت دەگێڕنـەوە، چۆنیـان دیـوە، ئـاوا باسـی چوونـی خۆیانـت بـۆ دەکـەن. چوونـی خۆیـان بۆ گـەرووێ ئەجنـدان، بۆ یارمەتیدانـی ژنـە ئەجنـدەی بەوان حـاڵان.

پـوورە گوڵچیـن، پـوورە گوڵچینـی مامـان... بـۆ تـەواوی ژنـی گونـدی گێڕاوەتـەوە، بـۆ منیشـی گێڕاوەتـەوە، ئامادەیـە بـۆ تۆشـی بیگێڕێتـەوە.

(( چەندیـن سـاڵ بـوو مامانیـم دەکـرد، بیسـتبووم ئەجنـدەش دێنـە دوو مامانـان و ئەوانیـش وەختـێ ژنیـان دێنـە سـەر وەختـی ڕۆژ و سـەعاتی خۆیـان، دێـن... دێـن و بەشـەو لەگونـدی لەبـەر دەرگای ماڵـە مامانـێ وەك هـەر کەسـێکی گونـدی وەك هـەر کەسـێکی ناسـیا و بەنـاوی خۆتـەوە بانگـت دەکـەن. شـەو بـوو، شـەوێکی مانگـە شـەو درەنگـی شـەو. گوێـم لەنـاوی خـۆم بـوو، لـە کەلێنـی دەرکـەی تەمەشـام کـرد کـەس دیـار نەبـوو، نووسـتمەوە! جارێکـی تـر بانگیـان کـردم ((پـوورە گوڵچیـن)) دەرگام کـردەوە هاتمـە حەوشـەی، کەسـم نـەدی. دیسـان گوتیـان ((پـوورە گوڵچیـن)) چوومـە دەرەوەی حەوشـەی. دەبینـم یەکێکـی کورتەبنـەی سـەر زل، لەپێـش دەرکـەی حەوشـەی ڕاوەسـتاوە. خەریـك بـوو بترسـم! دوایـی زوو هاتـەوە بیـرم کـە لەمەچێتـرن. خەریـك بـوو بسـمیللای بکـەم. زوو کورتـە بنـەی سـەر زل گوتـی: تـکات لـێ دەکـەم ئـەوەی لەسـەر زارتـە مەیڵـێ! گێڕامـەوەو نەمگـوت. گوتـم: هـا بابـە چیـت دەوێ؟ گوتـی: پـوورە

گوڵچیــن شــای ئەجنــدان ئەمنــی نــاردووە، ژنــی شــای ئەجنــدان لەسـەرمنداڵ بوونـە و بـەوان حاڵانـە..

شا حەز دەکا ئەتۆ یارمەتی ژنەکەی بدەی! دوودڵ بووم! بچم؟ نەچـم؟ دواجـار بڕیـارم دا بچـم. گوتـم ڕاوەسـتێ، چوومـە ژوورەوە بەمنداڵەکانم گـوت: دەچمـە مامانـی، کەرەسـتەی خـۆم هەڵگـرت و بـەدوای کورتەبنـەی ئەجنـدە کەوتـم. ئەجنـدە... ئەجنـدەی کورتـە باڵا لەبەر تیشکی مانگە شەوێ، دیار و ئاشکرا، بەرەو گـەرووی ئەجندان بەڕێ کەوتین. درەنگ...زوو گەیشتینە گـەرووێ، کورتـە بنەیەکی ریش سپی، هاتە پێش و گوتـی: پـوورە گوڵچیـن تـکات لـێ دەکـەم هیـچ مەترسـێ و دڵ لـە دڵـی مـەدە، تەنیـا باسـی یـەك شت مەکە! ناوی یـەك شت مەهێنـە، یـەك قسـە هەیـە ئـەو قسـەیە مەکـە! بێ تـرس کاری خـۆت بکـە، لەبیـر نەکـەی... لەبیـر نەکـەی ئـەو ژنـەی ئەتـۆ هاتـووی مامانـی بـۆ بکـەی، ژنـی شـای ئەجندانـە، گوێـت لێیـە پـوورە گەڵچیـن. گوتـم: ((بەسـەر چـاو)). چووینـە ماڵـی شـای ئەجنـدان ماڵێکـی گـەورەو گـران، لەماڵـی پاشـای لەحەوشـەی گـەورەو گرانـی پاشـای، ئەجنـدە... ئەجنـدەی ژن و پیـا و کـچ و کـوڕ لـە خۆشـییان شـاییان دەکـرد، گۆرانییـان دەگـوت: شـاییان وەکـو شـایی ئێمـە بـوو، گۆرانییـان دەگـوت: گۆرانییـان وەکـو گۆرانـی ئێمـە بـوو. منیـان بـردە ژووری شـاژنێ، شـاژن لەسـەر جێگـەو بالینگانێکـی شـاهانە ژانـی هاتبـوێ ژانـی منداڵبوونـێ، کەوتبـووە ژێـر ئارەقـان. ژنـە... ژنـە ئەجنـدەی بـەوان حـاڵان. وەك هـەر ژنێکـی تـری گونـدی، یارمەتیـم دا، مامانیـم

بۆ کرد. ژنە رزگاری بوو. خوا کوڕێکی دایێ. شا ... شای ئەجندان لە خۆشییان دەستی ماچ کردم، شاژن لە خۆشییان دەستی ماچ کردم. ئەجندە لە خۆشییان دەستیان ماچ کردم. شەربەتیان هێنا. خواردنیان هێنا شەربەت و خواردنی خۆش -بێ ئێوە ناخۆش- منیش تێر و پڕم لێ خوارد. گوتم: درەنگمە دەڕۆمەوە! شا دەستی گرتم و منی بردە ژووری خەزێنەی. ئەو خەزێنەی ئاوا پڕ. پڕ زێڕ و جەواهێر، ئەو زێڕ و جەواهێرەی کە چاوی لەبەر هەڵنەدەهات. شا گوتی: (پوورە گوڵچین تۆ منداڵی هەتیوت هەن! هەتا بۆت هەڵدەگیرێ زێڕ و جەواهێریان بۆ بەرەوە). منیش هیچم پێ نەبوو جگە لە بەرامپیل. بەرامپیلم گرتەوە، هەتا بۆم هەڵدەگیران، هەتا بەرامپیل گرتی، زێڕ و جەواهێرم تێ کرد. گرێم دا و بەپشتی خۆم دادا. تاسێکی جوانی زێڕ زیویش لەوێ بوو، تاسەکەم بە دەستەوە گرت و گەڕامەوە. ئەجندە ئەو ئەجندەیەی هاتبووە دوام، لە گەرووێ ئەجندانەوە هەتا گوندی، هەتا بەردەرکی ماڵێ منی بەڕێ کرد. هێشتا هەر شەو بوو، زۆرم خەو دەهات، بەرامپیلەکەم دانا و لێی خەوتم. سبەینێ کە بەئاگا هاتم، سەیرەکەم بەرامپیلەکەم بەتاڵە!! تەمەشا دەکەم لە بەختی من بەرامپیل کونەو زێڕ و جەواهێرەکەم لێ ڕژاوە، ئەوەی بۆ من ماوەتەوە، تەنیا تاسەکەیە! ئەو تاسە زێڕ و زیوە، ئەو تاسەی کە وەکو موتفەڕك وایە. بچمە هەر مامانییەك لەگەڵ خۆمی دەبەم. هەر ژنێك! هەر ژنێکی بەزەحمەت رزگار ببێ، ئەو تاسەی لەبن سەری دانێن، ژنە بەئاسانی و بێ زەحمەت ڕزگاری

دەبێ، پووره گوڵچین بەردەوام دەبێ و دەگێڕێتەوە: (گوندی ئەجندان وەك گوندی ئێمەیە! خانوویان وەك خانووی ئێمەیە! نا و ماڵیان وەکو نا و ماڵی ئێمەیە! زمانیان بەرگیان وەکو زمان و بەرگی ئێمەیە! کورتە باڵا و سەر زلن! سەریان زۆر لەوە گەورەترە هی ئەو بەژن و باڵایە کورتە بێ).

زۆر کەس، زۆر کەسی کەندێناوەو قەراجی، بەتایبەت خەڵکی گوندی عالڵای، لەشایی ئەجندان هەڵپەڕیون، لەگەڵ کچی شای ئەجندان شاییان کردووە، ئەو خەڵکە دەڵێن: تۆ دەتوانی بە شەو. بە ڕۆژ. بەمانگ بەساڵ لەگوندی ئەجندان بمێنیتەوە، بمینێتەوەو لەگەڵ ئەوان وەکو ئەوان بژی. بەو مەرجەی تەنیا یەك وشە هەیە، تەنیا ئەو وشەیە بەسەر زمانتدا نەیێ و بەکاری نەهێنی. هەتا بتوانی تۆ ئەو وشەیە بەکار نەهێنی، دەتوانی. دەتوانی لە گوندی ئەجندان لە گەرووێ ئەجندان، تەواو وەکو ئەجندان لەگەڵ ئەجندان بژی! بژی و هیچ نامۆییەکت لێ نەکەن، تەنیا یەك وشە هەیە. هەر ئەو وشەیە دەتوانێ، ئەو گوندە گوندی ئەجندان، ئەو شارە شاری ئەجندان، ئەو وڵاتە وڵاتی ئەجندان. لەیەك هەناسە، لەیەك چاوقوچێن ئەو گوند و ئاوەدانییەت لەبەر چاوی ڕەشکاتەوە، ڕەش بکاتەوەو هیچ پاشماوەیەکی لێ بەجێ نەمێنێ، ئەو هەموو خەڵکەی گوندی ئەجندان، ئەو گوندەی ئاوەدانی ئەجندان، لەیەك چاو قوچێندا بزر بکات، بزر بکا و کەس نەزانێ کیوە چووە، ئەو وشەیەش تەنیاو تەنیا وشەی پیرۆزی ((بسمیللا)) یە.. بیسمیللای بیسمیڵڵا.

زۆر کەس لەگەڕی شایی، شایی ئەجندان، لەسەر سفرەی نان خواردنیَ، نان خواردنی ئەجندان، لە ژوانی کچیَ — کچی ئەجندان. لەگەرمەی راموسان و دەس لەملانیێدا، خۆی لەبیر کردووەو گوتوویەتی: (بسمیللا) بەو بسمیللا یە لەخۆی تێکداوە، لەخۆی تێکداوەو خۆی بەتەنیا هێشتووتەوە.

لەم گەرووەی، گەرووی ئەجندان. لەم وڵاتەی وڵاتی ئەجندان. ئەجندەی وەکو من و تۆ و خەڵکی گوندان، لەو گەرووەیدا دەژین جا گورگ، گورگی برسی. ئەو گورگەی لەترسی سەگی ئازا سەگی پاڵەوان ناوێریَ خۆی لەهیچ مێگەلێك بدا. دەچێتە گەرووێ ئەجندان، ئەو گەرووەی پڕا و پڕە لە ئەجندە، گورگ... گورگی برسی زیڕە دەخاتە نێو ئەجندان، گورگ گورگی برسی، زۆر بەبرسییەتی و هارییەوە دەکەوێتە ئەجندە خواردنیَ، ئەجندە ئەجندەی بیَ دەسەڵات، ئەجندەی بابەلباب لەگورگ ترسا و دەست دەکەن بەزیڕ و هۆڕیَ، جا ئەو دەم، سەگ سەگی ئازا سەگی بەوەفا، ئەو سەگەی بەڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر ڕەچەڵەکی سەگی باوە ئادەمی، تاریکە شەوان لە دوورەوە زیڕەی ئەجندان دەبیسیَ، دەبیسیَ و یەکسەر خۆ دەگەیێنێتە گەرووێ ئەجندان و ئەجندان لە دەست گورگی ڕزگار دەکات، گورگی برسی. خەڵك دیویانە زۆر جار ئەم سەگە ئەجندەی لە گورگ ساندووتەوەو گورگی لە حەفت کێوان تەقاندووە.

# ٤

خەڵكی كەندێناوەو قەراجی، بەتایبەت خەڵكی گوندی عالّلای، لەسەر ئەو باوەڕەن — لە كە سیشیان قبووڵ نییە! گومان بخاتە سەر باوەڕیان- لەسەر ئەو باوەڕەن كە خودای بانی سەری هەتا ئێستا هەموو زانیارییەكانی خۆی بە هیچ یەكێك لە بەندەكانی خۆی نەداوە. خەڵكەكە دەڵێن: سەری بچوك و بێ هێزی بەنیادەم ! دڵی بچووك و بێ هێزی بەنیادەم! چاوی بچووك و بێ هێزی بەنیادەم! هی ئەوە نین كە بتوانن، ئەم هەموو زانیاری و نهێنی و كارە پەرچوانە لە خۆدا كۆ بكەنەوەو پەنا بدەن و ببینن!! بۆیێ هێشتا زۆر زانیاری خودا، زانیاری بێ وێنەو بێ ژمارەی خودا، هێشتا زۆر كاری خودا، كاری زۆر و بێ وێنەی خودا ماون و لە هیچ كتێبێك. هیچ كتێبێكی ئاسمانی، بۆ هیچ پێغەمبەرێك باس نەكراون.

# ٥

ئەو سەگە، سەگی چاو بەفرمێسك، کە ئێستا لەسەر گردی بێمرادان، لەنێوان گوندی عالّلا و گوندی چەلتووکی لەسەر ڕێگای هەولێر،چاوی بڕیوەتە ئەو پەستەی کە لە (( هەورازی دومبەلآنان)) ڕوو لە هەولێر چەقیوە، فرمێسك... فرمێسك نا ! ئاسنا و... ئاسنا و نا! تیژاو... تیژاوی گەرم و گوڕ، گەرم و گوڕ و سێ ڕیز لەچاودا دەبارێنێ، ئەو سەگە بەڕەچەلەك دەچێتەوە سەر ڕەچەڵەکی ئەو سەگەی کە لەشەوی تاریك، لە دووری دوورەوە، گوێی لە زیڕەی ئەجندان دەبێ، ئەجندەی گەرووێ ئەجندان، دەسبەجێ و بێ ڕاوەستان ڕوو دەکاتە ئەو شوێنەی کە گورگ ئەجندەی تێدا دەخۆن، سەرا و دووی گورگی دەنێ، گورگی برسی لە حەوت کێوان ئاودیو دەکاو ئەجندان لەدەم گورگ دەردێنێ، ئەجندەی ترساو ئەجندەی بێ دەسەڵات.

# ٦

لەوەتــەی دنیــا... دنیایــە ! لەوەتــەی مــرۆڤ مرۆڤــە... لــە وەتــەی زینــدەوەرو ڕووەك لەســەر ئــەم زەوییــە پەیــدا بوویــن و چــا و دەگێڕن و هەناسە دەدەن و سەوز دەبن. هیچ چاوێك چاوی هیچ گیانلەبەرێك فرمێسك فرمێسکی ئاوا گەرم و گوڕ...گەرم و گوڕ و سێ ریز، فرمێسکی ئاوا ڕوون و لە دڵان، فرمێسکی ئاوا گەرم و گوڕ و بەکوڵی لێ نەڕژاوە. ئەو فرمێسکانە فرمێسکی چاوان بوون، ئەو چاوانەی دنیای ڕوونیان دەدی، ئەو فرمێسکانە لەو چاوی دنیای روون بینانە سێ ڕیز هەڵدەڕژان، ئەو فرمێسکانە فرمێسکی چاوان نەبوون! لەچاوان هەڵنەدەڕژان، ئەو فرمێسکانە فرمێسکی ناخی دڵان بوون، لە قووڵایی دڵەوە زۆر بەدڵ لەدڵەوە گەرم و گوڕ و سێ ڕیز لەسەر یەك هەڵدەوەران. ئەو فرمێسکانە

فرمێسکی دڵان نەبوون، لە ناخی ئێسکەوە گەرم... گەرم و سێ ڕیز لە ناخی ئێسکانەوە هەڵدەقوڵان، ئەو فرمێسکانە فرمێسکی ئا و نەبوون، ئاوی چاوان. تا لە چاوانەوە ساف و ساف هەڵرژێن، ئەو فرمێسکانە خوێن نەبوون، خوێنی سوور... تا لەناخی دڵانەوە سوور و ساف هەڵبقوڵێن، ئەو فرمێسکانە فرمێسکی ئاسنا و بوون، لە ناخی ئێسکانەوە، وەك ئەو ئێسکەی بتوێتەوەو سێ ڕیز هەڵدەقوڵان و لەگەڵ خوێنی سووری دڵ. سووری یاقووتی تێکەڵ دەبوون. شیر و خوێن. گەرم و گەرم... ساف و ساف، لەگەڵ فرمێسکی چاوان، فرمێسکی ڕوونی ئاوی چاوان، گەرم و گەرم، شیری ئێسکان و خوێنی یاقووتی دڵ و ئاوی ڕوونی چاوان، سوور و سوور، شیر و شیر، ڕوون و ڕوون، گەرم و گەرم تێکەڵ دەبوون. ئەو فرمێسکانە لەناخی ئێسکانەوە بە ناخی دڵدا ڕەت دەبوون و لەقووڵایی چاوان... گەرم و سپی، سپی وەك چۆڕی شیر تێکەڵ دەبوون، تێکەڵ دەبوون و گەرم وەك کوورەی دڵان، لەسەر یەك و سێ ریز لەچاوان. ئەو چاوانەی دنیای ڕوونیان دەدی و دەتکانە خوارەوە، گەرم و لەسەر یەك ئەو فرمێسکانە، ئەو فرمێسکانەی فرمێسك نەبوو، تا ئاوی چاوان بن. ئەو فرمێسکانەی سوور نەبوون، تا یاقووتی دڵان بن، ئەو فرمێسکانەی گەرم و ڕوون. ڕێك و ڕاست.... ئاسنا و بوون... ئاسناوی تیژا و لەناخی دڵانەوە گەرم و سێ ڕیز هەڵدەقوڵان.

ئەو فرمێسکانە ! ببوورن فرمێسك نا !! ئاسنا و بوون، ئاسنا و بوون و گەرم دەتکانە سەر پشتی پەستی، پشتە بەستی دار و

ئاسن، ئاسنا و وەك تیژاوێ! تیژاو بکوڵێ و بڕژێتە سەر نەرمە گۆشتێ، گۆشتی زیندوو. یەکسەر یەکسەر و دەسبەجێ، دار... داری وشك، ئاسن. ئاسنی سارد چزەی لێ هەڵدەستێ چزەی کون بوون و توانەوە لەکاتی تکانی تیژاوێ.

ئەو فرمێسکە گەرم و سێ ڕیزانە ! ئەو فرمێسکانەی فرمێسك نەبوون! ئاسنا و بوون. ئاسنا و ... ئاسناوی ئاسنا و ! تیژا و بوون تیژاوی گەرم، گەرم و ساف، لەچاوانەوە دەڕژانە خوارێ، ئەو چاوانەی کە دنیای ڕوونیان دەدی، دنیای خۆش، دنیای جوان، دنیای کۆن، ئەو دنیایەی خەریك بوو، لەبەر دیدەی ئەو چاوانە تاریك و لێڵ دادەهات ئەو چاوانەی کە فرمێسك، فرمێسکی ئاوی چاوان نا !! فرمێسك فرمێسکی خوێنی دڵان نا!! فرمێسکی ئاسنا و ... ئاسناوی تیژا و. تیژاوی گەرم. گەرم و سێ ڕیزی لێ دەتکا.

ئەو چاوانە چاوی منداڵێك بوو، منداڵێکی دە ساڵی، ئەو منداڵەی لەگەڵ خوشکە چکۆلەکەی، لە نێو کۆلی سەرپشتی پەستدا، ئەو پەستەی روو لە هەولێر و لەنێوان گوندی عاڵلا و چەلتووك و کەنداڵە قەلی دا، لەسەر ((گردی دومبەڵانان)) چەقیبوو ئەو منداڵە تەمەن دە ساڵییە، لەنێو کۆلی لەسەر پشتی بەستدا باوەشی لە خوشکە چکۆلەکەی وەرێناوە بوو، بە پێچەوانەی پەستەکە رووی لەو ڕێگایە بوو کە دەچووە گوندی عاڵلای و ڕاست و ڕاست چاوی بڕیبووە ئەو سەگەی بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر ڕەچەڵەکی سەگی باوە ئادەم، ئەو سەگەی کە

ڕەپ و ڕاست رماوەتەوە سەر ((گردی بێمرادان)) و ڕێك و ڕاست چاوی بڕیوەتە ئەو پەستەی کە گوندی عاڵڵای بەجێ دێڵێ و روو لە هەولێر لەسەر ((گردی دومبەڵانان)) چەقیوە، بە چاوان ئەو چاوانەی گەرم. فرمێسك، فرمێسك نا !! تیژاوان دادەبارێنێ و سەیری ئەو منداڵە دەکات، ئەو منداڵەی کە بە دوو پشتان دەگاتەوە ((حاجی حەسەن))ی، ئەو حاجی حەسەنەی کە بەڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر حەزرەتی نوح و باوە ئادەمی.

# ٧

خەڵکی کەندێناوەو قەراجی، بەتایبەت خەڵکی گوندی عالّڵای، هەر هەموویان، لەسەر ئەو باوەڕەن، کە هەر بنەماڵەو بەچەند پشتان ڕاست و راست دەچنەوە سەر حەزرەتی نوح و باوە ئادەمی، ئەو باوە ئادەمەی لەسەر ئەو چیایەی بڵباسان دابەزی و لەنێو ئەشکەوتی ئەو چیایە، ئەشکەوتی (بێ بن) هەوەڵین ماڵی مرۆڤی داناو دەستنوێژی یەکەمین نوێژی بە ئاوی ((کانی دەرماناو))ێ هەڵگرت.

بنەماڵەی حاجی حەسەنی لە هەموو خەڵکی گوندی عالّڵای پتر لەسەر ئەو باوەڕەن کە بەڕەگەز دەچنەوە سەر حەزرەتی نوح و لەوێیشەوە بەچەند پشتان ڕێك و ڕاست دەچنەوە سەر باوە ئادەمی، ئەو باوە ئادەمەی کە باپیرە گەورەی هەموو ئادەمیزادێکە.

ئـەوان بـۆ ئـەو باوەڕانـە پشـتیان بـەو چیرۆكانـە قایـم بـوو، كـە ئەوان بە ڕاست و در وستیان دەزانی و لـە كەسیان قبوولْ نەدەكرد، گومان بخاتـە سـەر باوەڕیان. چۆن قبوولْ بكەن! ئەوان جێ پشتی بـاوە ئادەمیـان لـە بـەر دەركـی ئەشـكەوتێدا دەدی. لـەو جێ پشـتە، یـەك یـەك جـێ دەنـدەو پەراسـووی بـاوە ئادەمیـان دەژمارد.ئـەوان ئێسـتاش لەسـەر ئـەو بـاوەڕەن هەمـوو ڕۆژانـی هەینـی، كـە ڕۆژانـی پشـووی بـاری تەعـالا و پێغەمبەرانییەتـی، بـاوە ئـادەم و حەزرەتـی نـوح، بـە جووتـە دێـن لەسـەر ئـەو چیـای بڵباسـان پیاسـەی دەكـەن و بەئـاوی ئـەو كانییـەی، كانـی دەرمانـاوێ دەسـتنوێژ هەڵدەگـرن و لـە سـەر بـەردە نوێـژی. بـەر دەركـی ئـەو ئەشـكەوتەی نوێـژی هەینـی دادەبەسـتن.

خەڵكی كەندێناوەو قەراجی، بەتایبەت خەڵكی گوندی عاڵڵای، لەسـەر ئـەو بـاوەڕەن كـە باپیرانیـان زۆر جـار نوێژیـان لـەدوای بـاوە ئـادەم و حەزرەتـی نـوح كـردووە. نوێـژی ڕۆژی ((هەینـی)). لەبـەر دەركـی ئـەو ئەشـكەوتەی بـاوە ئـادەم و دایـە حـەوا پـاش ئـەوەی لـە بەهەشـتێ دەركـران، یەكەمیـن — مـاڵ- یـان لێـرە. لـەم ئەشـكەوتە دانـا. تەنانـەت ئـەو خەڵكـە ئـەو جێگایـەش دەناسـنەوە، كـە دایـە حـەوا، پـاش ئـەوەی لەگـەڵ بـاوە ئـادەم لـە بەهەشـتێ دەركـران، لێـرە تێـر بـە سـكی خۆیـان نانـی گەنمیـان خـوارد، نانـی گەنمـی كەندێنـاوەو قەراجـی، خـودا دوو منـداڵ بـە سـكی دایـە حـەوای خسـت، خەڵكەكـە بەتایبەتـی ژنـان، ئـەو جێیـە دەناسـنەوە كـە دایـە حەوا دایـە گـەورەی هەمـوو — دایـك - ان بـۆ یەكەمیـن جـار ژانـی

هاتیێ و ژانی منداڵبوونیێ ژانی دوورو درێژ. جمکەکەی لیێ دانا. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن، لە کەسیشیان قبووڵ نییە! گومان بخاتە سەر باوەڕیان. ژنان لەسەر ئەو باوەڕەن، هەر ئافرەتێکی بیێ منداڵ ! ئەگەر لەو ڕۆژەی کە دایە حەوا، دایە گەورە ئەو جمکەی داناوە، بچێتە ئەو جێگایەی کە لەبەر دەمی ئەشکەوت، بەجێگای پیرۆزی دانانی هەوەڵین جمك دەناسریێ! ئەوا ئەو ژنە ئەویش بیێ شك جمکی دەبیێ. ئەو ژنانەی  کە دۆعایان قبووڵ بووەو جمکیان بە سك کەوتووە، لە قەراج و کەندێناوەی بەتایبەت لە گوندی عالـلای ژمارەیان کەم نییە!!

ئەو خەڵکە دەڵێن: پێشیان وایە ئەوەی کە دەیڵێن ڕاستە! دەڵێن کەشتییەکەی حەزرەتی نوح پاش ئەوەی چل شەو و چل ڕۆژان، لەسەر ئاویێ، لەسەر ئاوی لافاویێ، لەسەر ئاوی لافاوی تووڕەو بیێ سەر سووڕایەوە. پاش ئەوەیێ ڕۆژیێ، تەنیا و تەنیا چیای بڵباسان بوو، ئەو چیا بەرد ڕەق و لووسە! شانی خۆی خۆش کرد و، لە دڵەوە زۆر بەڕێزەوە فەرمووی لە حەزرەتی نوح کرد، ئەوان بۆ پشتگیری ڕایەکەی خۆیان، دەڵێن: ئێستاش لە دەشتی کەندێناوەو قەراجی، گاسنی جووتیاران زۆر جاران لە تەختەداری کەشتییەکەی حەزرەت گیر دەبیێ، ئەوان لە سەر ئەو باوەڕەن  و لە کەسیشیان قبووڵ نییە! گومان بخاتە سەر باوەڕیان. کە ماڵ نەماوە لە هەر دوو ناوچەی کەندێناوەو قەراجی — تەختەدار- تەختەداری کەشتییەکەی حەزرەتی تێدا نەسووتابیێ، نەسووتابیێ و ماڵی ئەوانی پڕ لە نوور نەکردبیێ! نووری موبارەك! زۆریان

تـوورِە بکـەی ئێسـتاش لـە نێـو بوخچـەو بـن هـەرزاران، تەختـەداری موتفەڕکت پیشـان دەدەن، ئـەو تەختـەدارەی هیـچ گومـان هەڵناگرێ تەختـەداری کەشـتییەکەی حەزرەتـە! ئـەوان ئێسـتاش ئـەو قیـڕە جـوان و لووسـەی کـە دنیـا گـەرم دادێ ڕێچکـە دەبەسـتێ ئـەو قیـڕە ڕەش و جـوان و لووسـەی لـە کەلەنـە شـاخان دێتـە دەرێ، ڕێچکـە دەبەسـتێ، ئـەو قیـڕە زۆر بـە پیرۆزییـەوە وەکـو بنێشـت دەجـوون! دەجـوون و لێکـی وەردەگرنـەوە، ئـەوان ئـەو قیـڕە بـەو قیـڕە دەزانـن، کـە حـەزرەت کەشـتییەکەی پـێ سـواق دابـوو. ئـەوان لەسـەر ئـەو باوەڕەن هـەر کەسـێ جارێـك زار جـووە قیرەکـی لـەو قیـڕە پیـرۆزەی لـە زاری وەردابـێ و جـوی بـێ، هەتـا مـاوە، دەم و زمانـی ددان و پووکـی، نـە دێشـێ نـە ڕەش دەبـێ نـە هەڵدەوەرێ، ئـەوان ئێسـتاش پیرەژنەکانیـان، پیرەمێردەکانیـان ئەوانـەی دەم و ددانیـان سـاغە، سـاغ و سپییە، ئـەو سـاغییە لـە سایەی قیـڕ جوینـی ئـەو قیـڕە دەزانـن و دەڵێـن: (( ئـەو ددانـە سپی و سـاغانە، سپی و سـاغیی جوینـی قیـری رەش و پیـرۆزن)).

خەڵکـی کەندێنـاوەوە قەراجـی، بەتایبـەت خەڵکـی گونـدی عالڵای، ئێسـتاش بەهـاران کـە دەچنـە سـەر چیـای بڵباسـان، لەسـەر ئـەو چیایـە، لەسـەر ئـەو بـەردە ڕەق و لووسـە، لـووس و تیـش تێنەبووە، جـێ نیشـتنەوەی کەشـتییەکەی حـەزرەت پیشـانی یەکتـر دەدەن، لـە تەنیشـت جێـگای کەشـتییەکە، جـێ پێـی پیـرۆزی حـەزرەت، ئـەو جـێ پێیـەی بـۆ یەکەمیـن جار پـاش لافـاوە گەورەکـە کەوتـە سـەر زەوی و بـووە هـۆی ئـەوەی جارێکـی تـر ئاوەدانکردنـەوەی ئـەو دنیایـە،

ئەو دنیا پان و بەرینە، ئەو دنیا ژێر ئاو کەوتووە، ئەو دنیا کەس تێ نەماوە، هەر لێرەوە دەست پێ بکاتەوە ! هەر بۆیێ ئەوان، خەڵکی کەندێناوەو قەراجی، بەتایبەت خەڵکی گوندی عاڵڵای، ئەو شوێن پێ پیرۆزە بۆ خۆیان بەشانازی دەزانن و دەڵێن: ((ئەوە شوێن پێی بابە گەورەمانە)) شوێن پێی حەزرەتی نوح، ئەو حەزرەتەی کە منداڵە چا و بە فرمێسکەکە ئەو منداڵەی لە نێو کۆلی سەر پشتی پەستی، ئەو پەستەی ڕوو لە هەولێر، لەنێوان گوندی عاڵڵا و چەلتووك و کەنداڵە قەلی، لە سەر گردی دومبەڵانان چەقیوە! ئەو منداڵە نەوەی حاجی حەسەن نیە. حاجی حەسەنیش ڕێك و ڕاست بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر حەزرەتی نوح، لە حەزرەتی نوحیشەوە هیچ گومان هەڵناگرێ دەچێتەوە سەر حەزرەتی ئادەم و لەگەڵ باوە ئادەم یەك دەگرنەوە.

خەڵکی کەندێناوەو قەراجی، لەسەر ئەو باوەڕەن! لە کەسیشیان قبووڵ نیە ! گومان بخاتە سەر باوەڕیان. ئەوان دەڵێن: لەیەکەم شەڕی (براکوژی!) کە قابیل هابیلی کوشت. قابیل لەدیار مەیتی براکەی دامابوو، نەیدەزانی چی لێ بکات ! چۆنی بشارێتەوە ؟ قەلەڕەشکە! قەلە ڕەشکەی سەری هێران ! لەو کەنداڵە قەلەی هەڵفڕی و چوو لە بەرامبەر – قابیل- هاوڕەگەزێکی خۆی کوشت و بەدندووك و جینجڕۆك قەلە ڕەشە کوژراوەکەی لەژێر خۆڵی شاردەوە. قابیل کە ئەمەی بینی دەسبەجێ لە قەلە ڕەشکە! فێری شاردنەوەی مەیتی براکەی بوو، فێری شاردنەوەی یەکەمین قوربانیی شەڕی براکوژی بوو، فێر بوو قوربانیی شەڕ

بخاتە ژێر گڵ. لەوێ ڕۆژێوە قەلە ڕەشكە! قەلەڕەشكەی بەدیۆم! هێلانەی لە كەنداڵی ئەو گوندە كردووە، هەر ئەوانیش واتە خەڵكی كەندێناوەو قەراجی، بەتایبەت خەڵكی گوندی عاڵڵای دەڵێن: پاش ئەوەی حەزرەت قەلەڕەشكەی راسپارد، وشكانی بدۆزێتەوە، دیسان جارێكی تر قەلە ڕەشكە، هات ڕێك و ڕاست لەو كەنداڵی كەنداڵە قەلی هێلانەی دانایەوە، بێ ئەوەی گوێ بەوە بدات و لە خەمی ئەوەدا بێ، كە هەواڵی وشكانی بۆ حەزرەت بەرێتەوە. ئەو خەڵكە دەڵێن: كە باوە ئادەم لەو چیای بڵباسان بۆ یەكەمین جار ئاوەدانی خستە سەر زەوی، هەر لەوێ ڕۆژێش قەلە ڕەشكە هێلانەیان لەو كەنداڵ و گوندە داناوە. خەڵكەكە تەواوی خەڵكەكە، بەتایبەت خەڵكی گوندی عاڵڵای، ئەو قەلەڕەشكانە بە بەدیۆم دەزانن ! هەر یەكێكیان بگری ! دەیان و سەدان چیرۆكی تاڵ و پڕ كارەساتی ئەو قەلە ڕەشكانەت بۆ دەگێڕنەوە، هەر ئەوان دەڵێن: هەر كەسێك بتوانێ هێلانەی ئەو قەلە ڕەشكانە تێكبدا و ئەو قەلانە لەو ناوچەیە بتارێنی، ئەوا جارێكی دی ئەو براكوژییە!ئەو براكوژییە لەعنەتییە! ئەو شەڕەی لەسەردەمی باوە ئادەمەوە، لە قابیل و هابیلەوە، تا ئەمڕۆ رەگی لێرە داكوتاوە، ئەو براكوژییەی هەموو شتێكی لەدەست چواندین و دەستی هەموو داگیركەرێكی پێ فێر كردین ! ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن، ئەگەر ئەو قەلە ڕەشكانە لێرە بتارێن، ئەوا ئەو نەفرەتی براكوژییە ! ئەو خیانەتی براكوژییە یەخەی ئەو خەڵكە بەردەدا.

ئەو خەڵكە، ئەو خەڵكەی كە پیرۆزیی خۆیان. پیرۆزیی

وڵاتی خۆیان، لە کن لە پیرۆزیی هەموو وڵاتان پیرۆزترە! ئەو خەڵکەی کە جوانیی وڵاتی خۆیان، لەکن لە جوانیی هەموو جوانان جوانترە! ئەو خەڵکەی کە کۆنیی وڵاتی خۆیان، لە کن لە هەموو کۆنان کۆن ترە! ئەو خەڵکەی کە وڵاتی خۆیان لەکن یەك پارچە بەهەشتە ئەو بەهەشتەی لە هەموو بەهەشتان بەهەشتترە ئەو بەهەشتەی لە هەموو بەهەشتان بەهەشترەو! ئەو خەڵکە لەنێو ئەو هەموو جوانی و خۆشی و کۆنی و پیرۆزییە، ئاخ -ێکیان هەیە، ئەو ئاخەیان لەکن لە هەموو ئاخان پێ (ئاخ) ترە ! ئەو ئاخەی تام. تامی هەموو خۆشییەکانی گۆڕیوە ! جوانیی هەموو جوانییەکانی گۆڕیوە! پیرۆزیی هەموو پیرۆزییەکانی گۆڕیوە! ئەو —ئاخ- ە، ئاخی شەڕی برایانە! ئاخی شەڕی براکوژییە. ئەو برا کوژییەی لە ڕۆژگاری باوە ئادەمەوە، لەسەر دەستی کوڕانی باوە ئادەمەوە، ئاگرەکەی داگیرسا. داگیرسا و هەتا ئێستا نە کوژاوەتەوە. هێندە بەسە لە دوورەوە، لەدووری دوورەوە، پاشایەك، پاشایەکی هیچ لەبارا نەبوو، پاشایەکی هەتا سەر ئێسکان دوژمن! لە ڕۆژهەڵات، یان لە ڕۆژئاوا، لە باکورەوە یان لە باشوورە، بۆ هەر مەبەستێك، کششە لە قەلێك بکات، قەلە ڕەشەکانی کەندی کەنداڵە قەلی، کششە لە قەلێك بکا و قەل هەڵبفڕێ، هەڵبفڕێ و باڵ لێکبدا، باڵ لێکبدا و بقیرێنێ، هەر هێندە بەسە قەل بقیرێنێ، لەشکر. ئەو لەشکرەی ماتبووی براکوژییەکانی رابردوو، ئەو لەشکرەی لە سەرپێی برا کوژییەکانی داهاتوو، ئەو لەشکرەی لە هەموو ڕۆژگار و هەواران، لە هەموو

بزووتنـەوەو ڕاپەڕیـن و شۆڕشێکدا لـە بەرگی دیـن و چیـن و خینـدا، لـە هـەر بەرگێکـدا بـێ، لەگـەڵ قیـرەی قـەل یەکسـەر یەکسـەر و بـێ ڕاوەسـتان لەگـەڵ بـرای خـۆی، بـرای دایـك و بابـی، بـرای نێـو، سـەنگەر دەکەوێتـە شـەڕ شـەڕی براکـوژی، ئـەو شـەڕەی لـە ڕۆژگاری بـاوە ئادەمـەوە، لەسـەر دەسـتی کوڕانـی بـاوە ئادەمـەوە دامـەزرا. ئـەو برایانـەی لەسـەر یـەك سفرە نـان دەخـۆن لەنێـو یـەك سـەنگەر دەجەنگن، ئـەو شـەڕەی بووەتـە ئاخێکی گـران، وەك ئاخی ئاخـان، تامـی هەمـوو خۆشـییەکانی گۆڕیـوە، ڕەنگـی هەمـوو جوانییەکانـی گۆڕیـوە، پیرۆزیـی هەمـوو پیرۆزییەکانـی گۆڕیـوە، بووەتـە ئاخێـك ئاخـی هەمـوو ئاخـان و لـە هەمـوو ئاخـان ئاختـر!!

# ٨

ئەو خەڵکە لە پیرۆزترین شوێنی سەر زەویدا دەژین، ئەو سەر زەوییەی یەکەمین جار باوە ئادەم، یەکەمین (ماڵ) ماڵی مرۆڤی تێدا ئاوەدان کردەوە، بۆجاری دووەم،حەزرەتی نوح پاش ئەوەی لافاوی گەورە دنیای ژێراو ژوور کرد، کەشتییە پڕ لە (ژیان) ەکەی لێرە گیرسایەوە... ئەوەش هەمووی بە بەڵگە و ئیسپات، ئەو بەڵگەنامانەی کە خەڵکی کەندێناوە و قەراجی بە تایبەت خەڵکی گوندی عاڵڵای لە کەسیان قبووڵ نییەگومانیان لێ بکات.

ئەوان دەڵێن: ئەو خاکە هێندە پیرۆزە، خودا بەشێکی زۆری بەرەکەتی خۆی لەو شوێنە داناوە. ئاخر چۆن وا نەبێ ؟ باوە ئادەم ؟ باوە ئادەمێکی کە باوە گەورەی هەموو تیرە و هۆزو

نەتەوەیەكە، هەمو مرۆڤایەتی لەدامێنی ئەو كەوتووتەوە، ئەویش هەوەڵین ماڵی خۆی لێرە لەو چیای بلْباسان داناوە، هەوەڵین ئاگردانی لێرە كوچاگری ڕەش كردووە. حەزرەت حەزرەتی نوح، ئەویش پاش ئەوەی لافاو لافاوی گەورەو گران، تەواوی ڕووی زەوی ژێر خۆی خست جارێكی تر هەر لێرە، لە نێو ئەم ئەشكەوتەكەدا بۆ جاری دووەم، سەر لەنوێ دنیای ئاوەدان كردەوە، ئەو دنیایەی لە تاریكییەوە دەست پێدەكات و تا دەگاتە ڕووناكی، لە ڕووناكی دەست پێدەكات تا دەگاتە تاریكی. تا ئێستاش پڕاوپڕە لە مرۆڤ... مرۆڤی نەوەی باوە ئادەم، نەوەی حەزرەتی نوح، ئەو مرۆڤەی هەمەڕەنگ و هەمەزمانە، ئەو مرۆڤەی كە بەكەس ناژمێردرێ، ئەو خەڵكە هەر هەمووی بەڕەچەڵەك دێنەوە سەر یەكەمین ئاگردان، ئەو ئاگردانەش ئەوەتا لێرە... لەبەر دەركی ئەشكەوتی ئەشكەوتی بێ بن! ئەشكەوتی چیای بلْباسان.

هەموو خەڵكی كەندێناوەو قەراجی، بەتایبەت خەڵكی گوندی عالْلای، لەعالْلاش ئەوەی لەهەمووان پتر پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ بنەماڵەی (حاجی حەسەن ) ی یە، ئەو بنەماڵەیە لەسەر ئەو باوەڕەن، لە كەسیشیان قبووڵ نییە ! گومان لەباوەڕیان بكات. لەسەر ئەو باوەڕەن كە ئاگردانیان ڕێك لەگەڵ ئاگردانی حەزرەتی نوح لەوێشەوە لەگەڵ ئاگردانی باوە ئادەم تێكەڵ دەبێتەوە. ئەو بنەماڵەی كە ئێستا كوڕە دەساڵییەكەیان لەنێو كۆڵی لەسەر پشتی پەستی، باوەشی لە خوشكە بچووكەكەی وەرێناوە وبەپێچەوانەی پەستەكە ڕووی لەم ڕێگایەیە كە دەچێتەوە

نێوگوندی عاڵڵای و چاوی بڕیووتە ئەو سەگەکەی لەسەر گردی بێمرادان ڕەپ و ڕاست ڕماوە. بەردەوام بەچاوان سەیری ئەو دەکات و لەچاوان فرمێسك دەبارێنێ، فرمێسك نا !! تیژاو. ئەو تیژاوەی تك تك لە چاوی ئەو منداڵە تەمەن دە ساڵییە بەردەبێتەوە سەر پشتی پەستی، ئەو پشتە پەستەی کە دارو ئاسنە ! ئەو دارو ئاسنەی لەژێر تیژاوی فرمێسکان، ڕاست و ڕاست، خشت و خشت چززەی لێ هەڵدەستێ و کون دەبێت، ئەو چززەیەی لە گۆشتی خاو لە گۆشتی زیندوو هەڵدەستێ.

خەڵکی کەندێناوەو قەراجی، بەتایبەت خەڵکی گوندی عاڵڵای، بەتەنیا ئەو چیرۆکانە ناگێڕنەوە، لە کۆنی کۆنەوە پشت بۆ پشتی دەگێڕنەوە ئەو چیرۆکانەی، کە ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن، لە کەسیشیان قبوولْ نییە! گومان بخاتە سەر باوەڕیان. دەڵێن : ئەو چیرۆکانە چیرۆك نین! ڕووداون ڕووداوی ڕاستەقینە، ئەوان پاڵەوانی چیرۆکەکانیان، ڕاستتر پاڵەوانی ڕووداوە ڕاستەقینەکان لەخۆیان چاکتر دەناسن، شوێن... شوێنی ڕووداوەکان ڕووداوە ڕاستەقینەکان لەبەر دەستی خۆیان دەیبینن سەیری هەر بەردێك... کەنداڵێك.. کانییەك. دۆڵێك گردێك دەکەن، دەیان و سەدان چیرۆك... چیرۆك نا !! ڕووداوی ڕاستەقینەی لەبارەوە دەزانن، ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن کە خودا خودای بانی سەر هەموو زانیارییەکانی خۆی بە پێغەمبەران نەگوتووە ! ئەو کتێبە پیرۆزانەی بۆخۆشەویستانی خۆی ناردوون، بەشێکی کەمی زانیارییە زۆرو لەبن نەهاتووەکانی خودان. هێشتا زۆر زانیاریی تر ماون. خودا... خودای بانی

سەر هێشتا بە کەسی نەگوتوون، ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن، کە سەر ! سەری بچووك وبێ هێزی مرۆڤ، دڵ ! دڵی بچووك و بێ هیزی مرۆڤ. چاو ! چاوی بچووك و بێ هێزی مرۆڤ. لە توانایاندا نییە ! کە تەواوی زانیارییەکانی خودا، تەواوی نهێنیەکانی خودا، تەواوی کارە پەرچووەکانی خودا بزانن و پەنا بدەن و ببینن. ئەوان لەسەر ئەو باوەرەن کە خودا خودای بانی سەر کارە پەرچووەکانی خۆی لە هەموو ڕۆژگارێك و لە هەموو هەوارێکدا بەدەر دەخات. بەڵام هەموو مرووڤێك، سەری هەموو مرۆڤێك، چاوی هەموو مرۆڤێك، دڵی هەموو مرۆڤێك، هی ئەوە نین و لە توانایاندا نییە! تەواوی ئەم زانیاری و کارو نهێنی یانە، بزانن و ببینن و پەنابدەن.

تەواوی خەڵکی گوندی عالڵای، هەموو خەڵکی کەندێناوە و قەراجی، زۆر چیرۆك و بەسەرهاتی سەیرو باوەڕ نەکردنیان دیوەو بیستووە. ئەو چیرۆك و بەسەرهاتانەی، کە لەڕۆژگاری باپیرانیان، لە ڕۆژگاری خۆیان روویانداوە ! ئەوان هەر یەکێکیان بگری هەتا خودا حەز دەکات، بەسەرهات و چیرۆکەت بۆ دەگێڕێتەوە ئەو چیرۆك و بەسەرهاتانەی کە تۆ لە گوێگرتنیان ماندوو دەبی. ئەوان لە گێڕانەوە نا.

ئەوان دەڵێن : خودا... خودای بانی سەر، خودای دەوڵەمەندو دەست بڵاو خودای پیرۆزو مەزن بەشێکی زۆری بەرەکەتی خۆی، بەشێکی زۆری پیرۆزیی خۆی بەو دوو ناوچەیەداوە، ناوچەی قەراج و کەندێناوەی.

دەڵێـن: لەسـەر ئـەو خاکـە بـەردی بڕوێنـێ، بـەردی ڕەق، بـەرد دێتـە بـەر ! ژێـر ئـەو خاکـە زێـڕە زێـڕ !! لـە هـەردوو ناوچـەی کەندێنـاوە و قەراجـی ئاقـار نەمـاوە تێیـدا گاسـن لـە کووپـەی گیـر نەبووبـێ ! کووپـەی زێـڕ. ئـەوان لەسـەر ئـەو بـاوەڕەن، لـە کەسیشـیان قبـووڵ نییـە! گومـان بخاتـە سـەر باوەڕیـان. ئـەو زێڕانـەی زێـڕی سـەردەمی بـاوە ئادەمـن. زێـڕی زەمانێکـی کۆنـن، ئـەوان کۆنیـی ناوچەکـەی خۆیـان، لـە کۆنیـی هەمـوو دنیایـێ بەکۆنتـر دەزانـن. ئـەوان بەدڵنیاییـیەوە دەڵێـن: ئـەو ناوچەیـە لـە بـاوە ئادەمیش کۆنتـرە ! دەڵێـن : خـودای بانـی سـەر چەنـد ملیـۆن سـاڵ پێـش وەدەرنانـی بـاوە ئـادەم لـە بەهەشـت، ئـەو زەوییـە، ئـەو ناوچەیـەی ئامـادە کردبـوو.

دەڵێـن: هیـچ کۆنێکـی ئـەو دنیایـە، لـە کۆنیـی ئـەو ناوچەیـە، ناوچـەی کەندێنـاوەو قەراجـی لـە چیـای بڵباسـان کۆنتـر نییـە!

دەگێڕنـەوە: لـە سـاڵی گرانییەکـەی، ئـەو سـاڵەی پیـرەکان چـاك بـە بیریـان دێ، لەگـەڵ جووتـی بەهـاران، لـە ئاقـاری کاریتـان، گاسـنی جووتـی کـون لـە زەوی دەکا، جووتیـار بـەدوای کونەیـدا دەچـێ و هەڵیدەدڕی کـون دەبێتـە ژوور... ژوورێکـی گـەورەو گـران، لـەو ژوورە ( ژنێـك) ژنێکـی زینـدوو زینـدووی جـوان، جـوان بەڕووتـی، هـەر ڕووتـی ڕووت لەنێـو ژوورەکـەدا دەبـێ، کـە ژنەکـە دەردێنـن، ژنـە هـەر هێنـدە بـای سـەر دنیایـێ بەردەکـەوێ، یەکسـەر یەکسـەر و دەسـبەجێ، ژنـەی ڕووت... ژنـەی ڕووت و جـوان، جـوان و ناسـك دەبـێ بـە بـەرد، بـەردی ڕەق، ڕەق و لـووس، لـووس و سـارد، ساردو گـران. ئـەو ژنـە، ئـەو ژنـەی کـە ئێسـتا بوویتـە بـەرد، بوویتـە بـەردو لـەو

ئاقارەی. بای لێدەدا، بای لێدەداو ڕووت و جوان سپی دەچێتەوە. شوان، شوانی لەئاقاری. جووتیار، جووتیاری لە ئاقاری. ڕاوچی ڕاوچی لەئاقاری. ڕێبوار، ڕێبواری لەئاقاری کە چاوی بە (بەردە ژن)ە[٧] دەکەوێ، ئەو ژنە ڕووتە، ڕووت و ساردوو سڕە دەبینێ، مووچڕکی بە لەشی دادێت و لەشەرمان ڕووی خۆی وەردەگێڕێ و پشت لە ژنە دەکات، ژنەی ڕووت و ڕووتی بەردین ! بەردی ساردو سڕ ساردو سڕو جوان، جوانتر لە دەستگیرانەکانیان، جوانتر لە ژنەکانیان، ئەوان تا ئێستا دەستگیرانەکانیان... ژنەکانیان، ئەو ژنانەی بە شەرعی خودا و پێغەمبەران حەڵاڵی خۆیانن ! حەڵاڵ بەشەرعی خوداو پێغەمبەران ئاوا ڕووت، ڕووت و جوان، جوان و لەبەر هەتاوێ نەدیوە ! ئەو ژنە... ئەو ژنەی ئێستا بەڕووتی لە ئاقاری بای لێدەدا، لەوێ ڕۆژێوە پیرو پیاو چاکان، پیاو چاك و حاجی و مەلای گوندی، هەرچی ئەو ژنە، یان ڕاستتر! بەردە ساردووسڕە دادەپۆشن، بەرگی لەبەر دەکەن، بەرد... بەردی ساردو گران، بەرگ و سەرپۆش قبووڵ ناکاو لەبەر خۆی دادەدڕێ، تا ئێستا دەیان جار ژنە. ژنەی ڕووتیان پۆشتە کردووە، سبەینێ کە گەڕاونەتەوە، ژنە ژنەی ساردوسڕ، ژنەی بەرد بەردی ڕەق جارێکی تر بەرگی لەبەر خۆیدا دادڕیوە !! دادڕیوە و ڕووت بای لێداوە!!

پیرو زاناکانی ناوچەکە، بەتایبەت پیرانی گوندی عاڵڵای، لەسەر ئەو باوەڕەن، لە کەسیشیان قبووڵ نییە! گومان بخاتە سەر باوەڕیان.

دەڵێـن: ئـەو ژنـە، ئـەو ژنـەی ئێسـتا بوویتـە بـەرد، ئـەو ژنـەی ئێسـتا لـە ئاقـاری بـای لێدەدا. ئـەو ژنـە بـوو لەسـەر داخـوازی ((گلگامـش))[٨] گلگامشـی پاڵـەوان، پاڵەوانـی بـێ نەدیـم. ((ئەنکیـدۆ))[٩] ئەنکیـدۆی کێـوی هەڵخەڵەتانـدو و ڕامـی کـرد دەڵێـن: ئـەو ژنـە بـوو، ئـەو ژنـە جوانـەی ئێسـتا بوویتـە بـەرد، بـەو لەشـولارە جوانـەی خـۆی، ئەنکیـدۆ ئەنکیـدۆی کێـوی، لـە تەنیایـی و دڕندەیـی هێنایـە دەرەوە و کـەوی کـردو لـە ژیانـی نێوئاوەدانـی ڕاهێنـا. بـەو لەشـە جوانـە، خوێنـی هـەوەس و ژن دۆسـتی لـە دڵـی ئەنکیـدۆ هێنایـە گـەڕ. ئـەوان دەڵێـن: ئەنکیـدۆ لـەو دارسـتانەیدا دەژیـا، دارسـتانی دامێنـی چیـای بڵباسـان، ئـەو دارسـتانەی کـە ئـەوی ڕۆژێ، داری بـە داری وە نووسـابوو، گلگامـش گلگامشـی پاڵـەوان لـەو بـەری کەنـدی کەندێنـاوە دەژیـا. ئـەو کەنـدەی ئـەوێ ڕۆژی کەنـد نەبـوو، رووبـار بـوو ڕووبارێکـی دەریـا ئاسـا لێـواو لێـو ئـاو. ئاوێـك کـە هـەر خـودا. خـودای بانـی سـەر دەزانـێ بنـی لـە کـوێ هەڵدەسـتاو سـەری لـە کـوێ دەنیشـتەوە. ئـەوان دەڵێـن: گلگامـش لەوبـەری کەنـدی کەندێنـاوەی دەژیـا، کـە ئـەوەێ ڕۆژێ کەندنەبـوو، ڕووبـار بـوو، ڕووبارێکـی دەریـا ئاسـا. ئەنکیـدو لـەو دارسـتانەی دەژیـا، دارسـتانی دامێنـی چیـای بڵباسـان کـە ئـەوێ ڕۆژێ دارسـتانێك بـوو، داری بـە دارییـەوە نووسابوو، گلگامـش لـەو ڕووبـارو دارسـتانە ڕاو و مەڵـەی دەکـرد، هـەر لـەو دارسـتانە بـوو ( گیـای نەمریـی )) دۆزییـەوە، ئـەو گیایـەی کـە لـەو دەشـت و دەرە یەکجـار زۆرە، زۆرە بـەڵام، چـاو... چـاوی ئێمـە توانـای بینینـی

ئـەم گیایـەی نییـە ! خەڵکەکـە دەڵێـن: خـودا خـودای بانـی سـەر بیەوێ نەمریی بکاتـە نسیبی هـەر کەسێك، ئەوا ئەو گیایـە لەبەر چـاوی ئـەو کەسـە وەکـو ئاگـر دادەگیرسـێنێ ! مـار ئـەو مـارەی گیـای نەمرەیی لـە گلگامـش دزی! دزی و خواردی، ئـەو مـارەی شـای مـاران، ئـەو مـارە هـەر ئێستا لـەو ناوچەیـەدا دەژی، زۆر جار دیویانـە، ئـەو مارەیـان دیـوە بـە چـاوی سـەری خۆیـان، ئـەو مـارەی گیـای نەمریـی لـە گلگامـش دزی، دزی و خـواردی، ئـەو مـارەی هەمیشـە زینـدوو، سـبەینان زوو وەختـی ڕۆژ تـازە هەڵـدێ، ئـەو مـارە لـە بەژنـی ئـەو ژنـە ئـاڵاوەو بـە بـەر چـاوی ئـەو خەڵکـەوە، مـار مـاری هەمیشـە زینـدوو و گـەردن گـۆ مەمکـی ئـەو ژنـە ئـەو ژنـە بـەردە، ئـەو بـەردە سـاردو سـڕە، سـاردو سـڕو ڕووتـەی لێسـتووتەوە، لێسـتووتەوە و ماچـی کـردووە، ماچکردنێـك چـۆن کـوڕە عاشـقەکان عاشـقە هـەرزەکارەکان، بۆیەکـەم جـار گـەردن و سـنگ و مەمکـی کچـە تـازە عاشـقەکان، عاشـقە تـەڕوو گەرمـەکان، گـەرم و زینـدووەکان مـاچ دەکـەن و دەلێسـنەوە، ئـاوا مـار مـاری هەمیشـە زینـدوو مـاری هەمیشـە عاشـق ئـەو ژنـە بـەردەی مـاچ کـردووەو لێسـتووتەوە، دەڵێـن: زۆر جار دیومانـە، مـار ئـەو مـارە عاشـقەو نەمـرە، زۆر بـە تـوڕەیـی، بەتـورەیـی و عاشـقانە، بـەرگ ئـەو بەرگـەی پیـرو پیاوچـاکان، پیاوچـاك و حاجـی و مـەلاکان لەبـەر ئـەو ژنـە ڕووتەیـان کـردووە، مـار ئـەو مـارە عاشـق و تووڕەیـە، ئـەو مـارە نەمـرە، ئـەو بەرگـەی پارچـە پارچـە کـردووە دایدڕیـوە، دایدڕیـوە ژنـە. ژنـەی بـە بەردبـووی سـاردو سـڕی رووت کردووتـەوە، رووتـی رووت.

دایدڕیوەو جارێکی تر ژنەی بە بەردبووی ڕووت کردۆتەوە ڕووت لەبەر تیشکی هەتاوی و تریفەی مانگە شەوێ، بای لێداوە، ئەو خەڵکە بەدوایدا دەچن و دەڵێن : هەر سەد ساڵ جارێك بە شەو... شەوی مانگە شەو مار ماری عاشق عاشقی لەهەموو عاشقان عاشقتر دێ و لەبەردەمی پەیکەرەکە، پەیکەری ژنە ڕووتەکە، ئەو ژنەی بووتە بەرد. ئەو ژنە ڕووتە، ئەو ژنەی بووەتە بەرد ڕووت وساردو سڕە، ساردو سڕ بێ گیانە هەڵدەستێتەوە سەر کلکان، بەرامبەر بە بەژنی بڵندی ژنە. ئەو ژنەی ڕووت دەکەوێتە سەمایێ، سەمای عاشقانە، سەمایەك سەمایەك هەر لەو مارە جوانە ئەو مارە عاشقە دێ، ماری عاشقە جوان، ماری عاشقە ژن، ماری عاشقە سەما، سەمایەك دەکات سەمایەك سووك وەکو ((با)) سەمایەك نەرم وەکو ((ئاو)) سەمایەك کە شوانەکان، شوانەکانی شەوێن و شێوە خواری، شوانە کوردەکان، بە شمشاڵە نۆکونەکانیان، جوانترین ئاوازیان بۆ دارشتووە، ئاوازێك کە گیان بە بەر مردوو دێنێتەوە و بەرد، بەردی ڕەق، ڕەق و بێ جووڵە دێنێتە سەمایێ مار لەسەر ئەو ئاوازە، ئاوازی سەمای عاشقان سەمای ماران، ماری شای ماران، ماری لە هەموو ماران عاشقتر، عاشقی لە هەموو عاشقان عاشقتر، لە ژێر تریفەی مانگە شەو، مانگە شەوی لە هەموو مانگە شەوان مانگە شەوتر، مار، ماری عاشق ئەو عاشقەی لە هەموو عاشقان عاشقتر لە هەموو شەوان عاشقتر، لەبەرامبەر بەژنی ژنە ! لە بەردەم بەژنی ژنە ! ئەو ژنەی بووەتە

بەرد، بەردی ساردوو سڕ، ساردو سڕو ڕووت، ڕووتی لە هەموو ڕووتان جوانتر، سەمای دەکا، سەمایەك دارو بەرد، دارو بەردی بێ گیان دێنێتە سەمایێ، سەمایەك لە هەموو سەمایان جوانتر وە لەهەموو سەمایان رێکترو لە هەموو سەمایان خۆشترو لە هەموو سەمایان سەماتر ! سەمایەك لە بەردەمی ژنە بەبەرد بووەکە، سەمایەك لەژێر تریفەی مانگە شەو، سەمایەك لەگەڵ خۆشترین ئاواز، سەمایەك کە گیان وە بەر مردوو دێنێتەوە، سەمایەك کە بەرد دێنێتە سەمایێ، سەما یەك لە هەموو سەمایان سەماتر

ژنە... ژنەی بە بەردبوو ژنەی ساردو سڕ، ساردو سڕو ڕووت، ڕووت و بێ گیان، لەگەڵ ئاوازی شمشاڵە نۆ کۆنەکانی شمشاڵی شوانە کوردەکان، لەگەڵ ئاوازی لە هەموو ئاوازان خۆشتر، لەگەڵ سەمای مار، ماری شای ماران، ماری هەمیشە زیندوو، ماری ئاشقە جوان، ماری ئاشقە ژن، ماری لەهەموو ئاشقان ئاشقتر، لەژێر تریفەی مانگە شەو مانگە شەوی لە هەموو مانگە شەوان مانگەشەوتر، گەرم دادێ... گەرم و گەرمتر خوێنی دەکەوێتەوە دەمارو جوولە دەکەوێتە بەدەنی، نەرم نەرم دەکەوێتە جوولە جوولەی ژنێکی جوان، جوولەی سەمائامێز، سەمایەك وەك سەمای ماران، لەسەر ئاوازی شمشاڵە نۆکۆنەکانی شوانە کوردەکان، لەژێر تریفەی مانگە شەو، مانگە شەوی سەمای ئاشقان، ئاشقی شای هەموو ئاشقان، لەبەرامبەر ماری سەماکەر، سەماکەری ئاشقە جوان، سەماکەری ئاشقە ژن . ژنە...ژنەی جوان و ڕووت، ڕووت و تازەو گەرم داهاتوو، گەرمی خوێن لە

بەدەن گەڕاو، خوێنی ژیان خۆێنی ئەشق، خۆێنی سەما، سەمای ژنە ڕووتەکە، ڕووتەکەی لە هەموو رووتان ڕووت تر! سەمای ژنە جوانەکە ژنە جوانەکەی لە هەموو جوانان جوان تر! سەمای ژنە ئاشقەکە، ئاشقی لە هەموو ئاشقان ئاشقتر! لەبەرامبەر شای ماران، ماری هەمیشە زیندوو، زیندووی لە هەموو زیندووان زیندووتر! ماری ئاشق، ئاشقی لە هەموو ئاشقان ئاشقتر! لەژێر تریفەی مانگە شەو، مانگە شەوی لە هەموو مانگە شەوان مانگەشەوتر! لەژێر تریفەی مانگە شەو، لەسەر ئاوازی شمشاڵ، شمشاڵە نۆکونەکانی شوانە کوردەکان، مارە لەبەرامبەر ژنە، ژنەی گیان وەبەرهاتوو دەکەوێتە سەمایێ، ژنە لە بەرامبەر مار، مارەی لەسەر سەما گەرم داهاتوو، دەکەوێتەوە سەمایی سەمای ئاشقان، سەمای شای ماران لەژێر تریفەی مانگە شەو، سەما سەمای ئاشقان دڕێژە دەکێشێ، ژنە ژنەی زیندوو، ژنەی رووت، ژنەی جوان، ژنەی ئاشق بە سەما سەمایەك دەکا، لە سەمایێ گەرم دادێ، گەرمییەك گیان وەبەر بەرد دێنێ، بەستەزمان دێنێتە زمان مار... ماری لە سەما گەرم داهاتوو بەرە بەرە هێواش هێواش، غەرێف... رغەرێفی مار لە خۆ دادەڕنێ، لەنێو غەرێفێ، غەرێفی ماردا، لەژێر تریفەی مانگە شەو، لەگەرمی سەمایێ، سەمای ئاشقان کوڕە لاوێك، لاوێکی جوان، لاوێکی ڕووت، ڕووتێکی ئاشق لە غەرێفێ دێتە دەرێ لەبەرامبەر ژنە، لەسەر ئاوازی شمشاڵ، شمشاڵی نۆ کونی شوانە کوردەکان. لەژێر تریفەی مانگە شەو، مانگە شەوی ئاشقان، دەکەوێتە سەمایێ سەمای شای ماران،

سـەمای مـاری ئاشـق، ئاشـقی لەهەمـوو ئاشـقان ئاشـقتر، ژنـە... ژنـەی زینـدوو بـەردەوام دەبـێ، کـوڕی کـوڕەی زینـدوو بـەردەوام دەبـێ، ئاواز..ئـاوازی لەهەمـوو ئـاوازان خۆشـتر. بـەردەوام دەبـێ، ژنـە. ژنـەی لـە بـەرد گیـان وەبـەر هاتـوو. مـار مـاری لەغەرێفـێ وەدەرهاتـوو، سـەمای لێـك وەردەگرنـەوە، سـەمای شـای مـاران، سـەمای بـەردە ژنـێ، سـەمای ئاشـقان سـەمای ژێـر تریفـەی مانگـە شـەو، سـەما درێـژە دەکێشـێ، مانگـە شـەو درێـژە دەکێشـێ، شـوان... شـوانی شـەوین و شـیوە خـوارێ، شـوانە شمشـاڵ نـۆ کۆنـەکان بـەدەم شمشـاڵ ژنینـەوە، بـە چاو..چـاوە برسـییەکانیانەوە سـەیری سـەمای ئاشـقە رووتـەکان دەکـەن، سـەیرکردن درێـژە دەکێشـێ، شـوانەکان بـەدەم سـەیرکردن و شمشـاڵ ژەنینـەوە، خۆشـیان نازانـن چ وەختـێ خەویـان لـێ دەکـەوێ و کـەی بەئـاگا دێنـەوە ـ!!

خەڵکـە کـە دەگێڕێنـەوەو دەڵێـن: ئەوانـەی بۆیـان ڕێـك دەکـەوێ، ئـەم سـەمایە ببینـن. تەنیـا شـوانەکانن، شـوانەکانی شـەوین و شـیوە خـوارێ، شـوانە شمشـاڵ نـۆ کۆنـەکان، ئـەوان دەتوانـن، ئـەو ( ئاشـق و ماشـووقە ) یـە لـەو شـەوەدا ببینـن. ئـەو ئاشـق و ماشـووقەی هـەر سـەد سـاڵ جارێـك، سـەما دەکـەن، زینـدوو دەبنـەوە. سـەمای لـە غەرێـف هاتنـە دەرێ لەغـە رێـف هاتنـەدەری کـوڕ. کـوڕی عاشـق. سـەمای دەکا سـەمای گیـان وەبەرهاتنـی گیـان وەبەرهاتنـی ژنـەی وە بەردبـوو، ژنـەی رووت، ژنـەی عاشـق. ئـەو شـوانەی بەختـی یاربـی و ئـەو سـەمایە ببینـێ، ئـەوا ئـەو سـاڵە مەڕەکانـی جمـکان دێنـن. بزنەکانـی جمـکان دێنـن، ئـەو سـاڵە مـەڕو بزنـەکان شـیریان لـە گـوان

نابڕێ. ئەو ساڵە بەرەکەتیان، بەرەکەتی ئەو ئاشق و ماشووقەیە، بۆ ئەو شوان و مێگەلە دەبێ ساڵێك لە ساڵان کە زۆر لە مێژنییە. شوانی مێگەلی ماڵی (حاجی حەسەن )ی ئەو حاجی حەسەنەی پێش ئەوەی بچێتە حەجێ پێیان دەگوت (( حەسەن کەر گەورە )) شوانی مێگەلەکەیان، ئەو مێگەلەی کەزەکاتی بە مێگەل لێ دەکەوت. لەژێر تریفەی مانگە شەو، ئەو سەمایە دەبینێ، ئەو سەمایە دەبینێ و بەرەکەتی ئەو سەمایەی بەر دەکەوێ ـ. شوانە شمشاڵی پڕ ئاوازتر دەبێ مەڕەکان گوانیان پڕ شیرتر دەبێ، کەسێك ئەو شیرە. بەرو بووی ئەو شیرە بخوات گۆشتی کاوڕی ئەو مێگەلە بخوات، ئەو بەرەکەتە ئەویش دەگرێتەوە ـ. جا هەر کەسێك ئەو بەرەکەتە بیگرێتەوە، خودا... خودای بانی سەر. هونەرێکی پێدەدا، هونەرێك بەکەسی تری نەدابێ. هەموو خەڵکی کەندێناوەو قەراجی - بەتایبەت خەڵکی گوندی عاڵلای - هەر هەموویان لەو بەرەکەتەیان بەر کەوتووە، بۆیێ هەر کەسێکی بیگرێ هەر کەسێکی کەندێناوە و قەراجی. بە تایبەت خەڵکی گوندی عاڵلای لەسایەی ئەو بەرەکەتە، خودا هونەرێکی پێداون، هونەرێك کە بە کەسی تری نەدابێ.

حاجی حەسەن: ئەو حاجی حەسەنەی پێش ئەوەی بچێتە حەج پێیان دەگوت. ((حەسەن کەر گەورە)) ئەویش خودا بەهرەیەکی دابوویێ، بەهرەی ئەو لە (بێستان ) کردنێدا بوو، حەسەن. چ سەردەمی (حەسەن کەر گەورە)یی و چ لە سەردەمی (حاجی حەسەنی )دا، ئەو بێستانەی ئەو کردبای، لە هەموو بێستانان

جودا بوو، ئەو زەوییەی بەر مالآن، ئەو زەویەی ڕۆژهەلآتی ((جۆ خینی گەردی))یان ئەو زەوییەی کە گەوارە بارانێك لە هەر ئاقارێك بباریێ، هەر ئەو زەوییە ڕەباس دەکا، حاجی حەسەن چ لە سەردەمی کەر گەورەییدا. چ لە سەردەمی حاجی حەسەنی ئەو زەوییەی دوو کێلْ بەگاو جووت دەکێلآ. دەیکێلآ و خەت بەخەت، کەستەك بە کەستەك، پاکی دەکردەوە، پاکی دەکردەوە و دەیکرد بە بێستان.

ئەو بەگاجووت ئەو زەوییەی دەکێلآ، خوداش...خودای بانی سەر، بە لوتف و مەرحەمەتی خۆی ئەو بێستانەی. ئاو دەدا، بێستان چەقێلەی دەکرد، دەبووە دوو پەلکە، دوو پەلکە دەبووە بڕك هەر بڕکەکی لاتەك عەردی دادەگرت، بڕك کوریکەی دەکردو کوریکەی زەرد دەبوو هەڵدەوەرا، کوریکە دەبووە گلێرە ـ. گلێرە دەبووە کارك، کارك پێدەگەیی زەرد دە بوو، حاجی حەسەن چ لە سەردەمی حەسەن کەر گەورەیی و، چ لە سەردەمی حاجی حەسەنیدا، ئەو بێستانەی بڕك بە بڕك، لات بە لات تەربیش دەکرد، تەربیش دەکرد و بژاری دەکرد، کارك پێدەگەییێ، زەرد دەبوو، دەبووە گندۆرە، هەر گندۆرەیەکی لەو بێستانە ڕسکابا، لەگەڵ گندۆرەی هەموو دنیای جودا بوو، گندۆرە کە تەواو دەهاتنە خواردنیێ حاجی حەسەن، گندۆرە زەردەکان گندۆرە گەییوەکانی دەڕنی و تێڕکە و جەواڵی لیێ پڕ دەکرد، تێڕکەو جەواڵی لە کەرە گەورە بار دەکرد، ئەو کەرەی سەفەری حەجی پیێ کردبوو، تێڕکەو جەواڵی دێناو لەسەر سەکۆی ڕووی دەکرد،

سەکۆی ناوەڕاستی حەوشەی، جەواڵ و تێرکەی پڕ لە گندۆرە، گندۆرەی تازە گەییو و ناسکی هەڵدەڕشت. هەر ئەوەندە تێرکەو جەواڵی پڕ لە گندۆرەی هەڵدەڕشت، خەڵکەکە خەڵکی گوندی عالّلای، دەرو جیران و خزم و کەس، خزمانی گوندی هەر کەسە دەهات. دەهات و بەشی خۆی لەو گندۆرە تازە گەییوە بەتامانە دەبرد. پاش ئەوەی هەموو خەڵکی بەشی خۆیان دەبرد و کەس نەدەما، ئەوەی دەماوە، ئەوەی لەبەر خەڵکی گوندی دەماوە! ئەو بەشی ماڵی حاجی حەسەنی بوو، بەشی ژن و منداڵەکانی حاجی حەسەنی بوو، ئەو حاجی حەسەنەی پێش ئەوەی بچێتە حەج، پێیان دەگوت: (حەسەن کەر گەورە ).

هەر بەتەنیا خەڵکی گوندی نەبوون لەو بێستانەیان دەخوارد، هەموو ڕێبوارێك ! هەموو شوانێك ! هەموو جووتیارێك ! مافی ئەوەی هەبوو کە تێر بەسکی خۆی لەو بێستانە بخوات. نەك هەر ڕێبوارو شوان، بەڵکە کەروێشك و ڕێوی و گورگیش، ئەو گورگانەی لەترسی سەگەکان نەدەوێران، خولە قەرەی هیچ گوندێك بدەن. ئەوانیش مافی ئەوەیان هەبوو لە بەری ئەو بێستانە بخۆن. ئەو بێستانەی حاجی حەسەن دەیکێڵێ و خزمەتی دەکا. خوداش...خودای بانی سەر بەلوتف و مەرحەمەتی خۆی ئاوی دەدا، مار- (ئەو ماری نەمر )[١٠]، ئەو مارەی گیای نەمریی خوارد، ئەو مارەی شای ماران، وەك پاسەوان، شەوو ڕۆژ ئەو بێستانەی پاس دەکرد، ئەو بێستانەی دەپاراست. ئەویش گندۆرە ناسك و بەتامەکانی ئەو بێستانەی دەخوارد. دەیخوارد

و لەژێر برکە پان و پڕەکانی کەپکەی دەکرد، کەپکەی دەکردو سەیاد دەبوو، سەیادێك بەشەو و بە ڕۆژ، سەیادێك کەس نەیدەوێرا گندۆرەیەکی زیاد لێ بکاتەوە ! بڕکێك هەڵبکەنێ، کەسێك دزەی کردبوایە نێو بێستانی مار ماری شای ماران، ماری هەمیشە زیندوو، ماری پاسەوانی بێستانی، وای خۆی پیشان دەدا، کە نیوەی ڕۆحی هەڵبقەنێ !!

ئەو بێستانە ! بێستانی ماڵی حاجی حەسەنییە، ئەو حاجی حەسەنەی کە دەکاتە باپیرە گەورەی ئەو منداڵە چاو بە فرمێسکەی، ئەو منداڵەی نێو کۆلی سەر پشتی پەستی، ئەو منداڵەی کە باوەشی لە خوشکە بچکۆلەکەی وەرێناوە و سەیری ئەو ڕێگایە دەکات کە دەچێتەوە گوندی عالڵای و چاوی بڕیوەتە ئەو سەگەی کە بە بنەچە دەچێتەوە سەر ڕەچەڵەکی سەگی باوە ئادەم، ئەو سەگەی لەسەر گردی بێمرادان ڕەپ و ڕاست وەرکەوتووە، وەرکەوتووە و تەماشای ڕێگای هەولێرێ دەکات و چاوی بڕیوەتە ئەو منداڵەی لەسەر پەستی، ئەو پەستەی لەسەر هەورازی دومبەڵانان چەقیوە ! ئەو منداڵەی وەك کوورە گەرم داهاتووە، گەرم و سێ ڕیز فرمێسك... فرمێسك نا. ئاسناو.. ئاسناوی تیژاو. تیژاوان دادەبارێنێ، تیژاو تك تك دەتکێتە سەر پشتی پەستی، ئەو پشتە پەستەی دارو ئاسنە ! دارو ئاسن وەك گۆشتی زیندوو وەك نەرمە گۆشتی چززەی لێوە دێ و کون دەبێ و دەسووتێ. دەسووتێ دەسووتێتەوە..

# ٩

بەرەکـەت... ئـەو بەرەکەتـەی بـەر هـەر کەسـێك بکـەوێ، بـەر هـەر ماڵێـك بکـەوێ، بـەر هـەر بەرەکەتێـك بکـەوێ، ئـەو بەرەکەتـە پشـتاو پشـت دەمێنێتـەوە و نـەوە بـە نەوەلێکـی وەردەگرنـەوە. ئێسـتا لـە کەندێنـاوەو قەراجـی، بەتایبـەت لـە گونـدی عاڵـڵای دەیـان کـەس و بنەماڵـە دەدۆزییـەوە، کـە هێشـتا ئـەو بەرەکەتەیـان پێـوە دیـارە، بەرەکەتـی شـەوین و شـیوەخوارێ، بەرەکەتـی سـەمای شـای مـاران و بـەردە ژنـێ ! بەرەکەتـی زیندووبوونـەوەی بـەردی سـاردو گـران، بەرەکەتی هاتنـە دەرێی کوڕە لـە غەرێفـێ، غەرێفی مـاری، بەرەکەتـی جوانـە ژن و کـوڕە جوانـێ، ئـەو بەرەکەتـە بـەر شـوان و مێگەلـی ماڵـی حاجـی حەسـەنیش کـەوت، ئـەو حاجـی حەسـەنەی پێـش ئـەوەی بچێتـە حەجـێ، پێیـان دەگـوت

((حەسەنە کەر گەورە )) ئەو بەرەکەتە لە حاجی حەسەنییەوە بەر منداڵەکانیشیەوە کەوت. ئەو منداڵانەی ماون و نەمردوون! نەمردوون و کەمێك لە بەری تەمەنیان خوارد، ئەوان زۆر بەجوانی بەهرەی ئەو بەرەکەتەیان پێوە دیار بوو، کچ.. کوڕ.. هەریەکە و لە کارێکدا، کارێکی تایبەت کە لەوەی دی جیا بوو، بەهرەی ئەو بەرەکەتەیان بەر کەوتووە، هونەری ئەو بەرەکەتەیان پێوە دیار بوو، بەردەوام بەو هونەرەوە، بەو پیرۆزییەوە، بەو بەرەکەتەوە خزمەتیان دەکرد. خزمەتی خەڵکی.خەڵکی گوندی.. گوندی عاڵڵای،گوندەکانی کەندیناوە و قەراجی، خەڵکی هەموو دنیایێ.

# ١٠

حاجی حەمەدەمین: کوڕە گەورەی حاجی حەسەنی، حاجی حەمەدەمین، ئەو حاجی حەمەدەمینەی لە کاسبی و مەڕداریدا ماندوو نەدەبوو، دەست ئەو دەستەی هەمیشە لە کاری گەیاند بوایە هەر شکستێك، ئەو شکستەی شکستی لە هەموو شکستان گرانتر بوایە، جاك دەبۆوە و عەلەمی لەبەر دەبڕا، بەو دەستانەی ئەو دەستی پربەرەکەت، لەو سەری سەرەوە شکستی بۆ هاتوون، لەو دیوی کێوانەوە، لە قوولایی بیابانەوە، لە دووری دوورەوە، عەرەب. تورك. فارس. مەسیحی. ئەرمەن. جوو. ئینگلیز. ڕووس لە هەر کوێ ناوبانگییان بیستبا، شکستەکانیان دەهێنا بەردەستی حاجی حەمەدەمینی، تا حاجی حەمەدەمین سەیرێکی بکا و دەستێکی بگەینتێ، ئەو شکستەی لە کن دکتۆرو نەخۆشخانان،

چەند جار دەگیرایەوە، دەگیرایەوەو چاك نەدەبووەوە، دەیانهێنا چوار دەستە، بەبیسمیللاە. بیسمیللاە لەماڵی حاجی حەمەدەمینی، حاجی حەمەدەمینی کوڕی حاجی حەسەنی، لەبەر دەمی حاجی حەمەدەمینیان دادەنا ـ. دایان دەناو دەیان گوت ((:مام حاجی دەخیلە. هیچ جێگایەك نەماوە بۆی نەچین ـ. هیچ دکتۆرێك نەماوە نەچینە کنی. هیچ چارێکمان نەماوە، خۆت و خوات چارێکی بکەو لە ماڵی دنیا چیت دەوێ بخوازە))..

حاجی حەمەدەمین، ئەو حاجی حەمەدەمینەی خودا لە بەرەکەتی خۆی بەشی دابوو، بەچاو... دوو چاوە تیژەکانی سەری، سەرە لەرزۆکەکەی، لە شکست، شکستی کابرا ڕادەما. ڕادەماو ورد دەبووەوە، ورد دەبووەوەو بەدەست و پەنجە پیرۆزەکانی ئەو دەست وپەنجە پیرۆزانەی کە هەر خودا خۆی دەیزانێ، چەندی شکست گرتوونەتەوە، چەندی شکست چاك کردوونەتەوە. ئەو دەست و پەنجانە لەکارکردن ماندوو نەدەبوون، بە هێواشی... بە زانایی دەستی دەگەیاندە جێگای ئەستووربوو، و جێگای شکستەکە، ئەگەر بیزانیایە بۆی دەگیرێتەوە و چاك دەبێتەوە. جا شکست هەبوو لە ژێر دەستی دەرچێ ! ئەو بە زانایی، بە سانایی، بەمەسرەفێکی کەم بە هێلکە چەوری دەکردو، بە جاو و تەختە و قەمیش دەیپێچایەوە و پێچانەوەیەك، کە دەکرایەوە، ساغ وەکو جاری یەکەم، ساغ وەکو پێش شکانی، جا دەیگوت: (بڕۆ. هیچ ترست نەبێ) خەڵکی کەندێناوە و قەراجی بەتایبەت خەڵکی گوندی عالّلای تا ئێستا بۆیان ڕێك نەکەوتووە، نەیانبینیوە،

لەبەر دەستی حاجی حەمەدەمینیێ، لە ماڵی حاجی حەمەدەمینیێ، شکستێك بەنائومێدی بچێتە دەرەوە.

ئێستا لە گوندی عالّلای، لە ناوچەی کەندێناوەو قەراجی لە ڕۆژهەڵاتی دوورەوە لەڕۆژ ئاوایی دووەوە، لە خوارووی خوارەوە، لە سەرووی سەرەوە، دەیان و سەدان کەس هەن، لە کورد لە عەرەب، تورك، فارس، ئینگلیز رووس، جوو و دیان کێ و کێ کە بەدەستی پیرۆزی حاجی حەمەدەمین، شکستیان... شکستی گرانیان گیراوەتەوە و لەدەست شکانی ڕان، شکانی پشت، شکانی مل ڕزگاریان بووە و ئێستا ڕەپ و راست ساغ و سەلیم دەسووڕسێنەوە.

ئەو حاجی حەمەدئەمینە، کوڕە گەورەی حاجی حەسەنی بوو، ئەو حاجی حەسەنەی کە دەکاتە باپیرە گەورەی منداڵە چاو بە فرمێسکەکە، ئەو چاو بەفرمێسکەی لە نێو کۆل و لەسەر پشتی پەستی و باوەشی لە خوشکە بچووکەکەی وەرێناوەو چاوی بڕیوەتە ئەو ڕێگایەی کە دەچێتەوە گوندی، گوندی عالّلای.

عالّلای لە هەموو گوندان گوندتر،عالّلای شاگوندی هەموو گوندان، گوندی هەموو دنیایێ.

## ١١

*پلکە مۆتیێ : پلکە مۆتێی کچە ناوەنجی حاجی حەسەنی، ئەو پلکەمۆتییەی خڕکەرەو ڕەشکۆکەی کە ماندووبوونی نەدەزانی، لە هەوێزێ بۆ پەرێزێ، لە بەڕێزێ بۆ هەوێزێ لەو تاریکەوە بۆ ئەو تاریك ئاو ڕاوەستابا ئەو ڕانەدەوەستا ئەو. ئەویش ئەو پلکە مۆتێیە خڕکەرەی ڕەشکۆکە، ئەویش لەو بەرەکەتەی بەر کەوتبوو، بەرەکەتی ئەو لە مەڕ دۆشین لە شیر هەوینکردنی دابوو، بەدەستە چکۆلەو پەنجە کوتمەکانی، هەر مەڕێکی دۆشیبایە لەو مەڕە گوان شۆڕو پڕ لە شیرەکانی کەندێناوە و قەراجی، ئەو مەڕانەی کە خەڵکەکە دەڵێن: ئەو سەگەی کە یەکەمین گیانلەبەر بوو پێشوازی لە باوە ئادەمێ کرد، ئەو سەگەی شوان. شوانی ئازاو چاوساغی ئەو مەڕانە بوو، ئەو مێگەلە مەرەی کە یەکەمین

مێگەلی، شوانکارەی ئەو سەرزەوییەیە. ئەو مەڕانەی کە هەموو مەڕی ئەو دنیایە، لەو مەڕانە کەوتوونەتەوە، لێرەوە لەو چیایەی بڵباسان بە دنیادا پەرت بوون، پلکەمۆتی هەر مەڕێکی دۆشیبا دەستی گەیاندبوایە گوانی هەر مەڕێك، یەك مەشکە شیر شیری چەورو سافی لێ دادەدۆشی، شیر شیری ئەو مێگەلەی زەکاتی بە مێگەل لێ دەکەوت. لە مەنجەلان مەنجەڵی زنجیردار هەوێن دەکرد، هەوینکردنێك بە بۆن و بەرامەی گوڵە کێوییەکانی دامێنی چیای بڵباسان، شیر ئەو شیرەی یەك ڕەنگ و یەك شێوە، لەژێر دەستی پلکە مۆتێ سەدو یەك شێوەی لێ دەکەوتەوە، هەر شێوەیەك تام و ڕەنگێکی تایبەت بەخۆی هەبوو، بچووبایتە ماڵی پلکە مۆتێ، لەماڵی پلکە مۆتێ میوان بوای وەك هەر یەك لە ژنە رووخۆش و میوان دۆستەکانی کەندێناوە و قەراجی. سێ ڕۆژان دە ڕۆژان، مانگێك میوان بوای، رۆژێ سێ جەمە شیری دەرخوارد دەدای، ئەو شیرەی لە ژێر دەستی پلکە مۆتێ سەدو یەك جۆری لێ دەکەوێتەوە، سێ جەمە بەرهەمی شیری دەرخوارد دەدای، هەر جەمە بەڕەنگێك و تامێك رەنگ و تامێك خۆشتر و بە تامتر لە جەمەکەی پێشوو. پلکە مۆتێ، پلکە مۆتێ... وەك هەر یەك لە ژنە دەست ڕەنگین و دەست بە بەرەکەتەکانی کەندێناوە و قەراجی، پلکە مۆتێ سەد و یەك هونەری لەگەڵ شیر بەکار دێنا، هونەرێك کە لە هەر کوێی دنیا نەبیسترابێ، خەڵك دەڵێن: خەڵکی کەندێناوەو قەراجی، بەتایبەت خەڵکی گوندی عالڵای، زۆر جار لە زاری پلکە مۆتێیان بیستووە،

بیستوویانە و گوتوویەتی : ئەگەر نان نانی گەنمی کەندێناوەو قەراجی، شیر شیری مێگەلە مەڕی کەندێناوەو قەراجی، یەکتر بگرن و ڕوو لە هەرماڵێك بکەن ئەو ماڵە بەرەکەتی هەموو دنیای تێدا کۆدەبێتەوە، بەرەکەتێك هیچ بەرەکەتێکی تری دنیا خوی لەقەرەی نەدا. بەختەوەرترین ماڵ ! بە بەرەکەتترین ماڵ ! ئەو ماڵەیە، کە ڕەوسەی گەنمی، گەنمی کەندێناوەو قەراجی لەبەر دەرکەی ڕووکرابێ، کە مێگەل مێگەلە مەڕی کەندێناوەو قەراجی لەبەردەرکی وری بێ! پلکەمۆتێ، پلکەمۆتێی کچە ناوەنجی حاجی حەسەنی، ئەو حاجی حەسەنەی کە دەکاتە پاپیرە گەورەی ئەو مندالە چاو بەفرمێسکە، ئەو چاو بەفرمێسکەی لەسەر پشتی پەستی، ئەو پەستەی لە هەورازی دومبەلانان، باوەشی لە خوشکە بچووکەکەی وەرێناوەو چاوی بڕیوەتە ئەو ڕێگایەی کە دەچێتەوە گوندی عالّلایء سەیری ئەو سەگە دەکات، کە لەسەر گردی بێمرادان ڕەپ و راست ڕماوە. ڕماوە و سەیری ئەو پەستە دەکات. کە روو لە هەولێر، لەنێوان گوندی کەندالە قەل و چەلتووك و عالّلای لەسەر هەورازی دومبەلانان چەقیوە.

# ١٢

*برایم : برایمی کوڕە ناوەنجی حاجی حەسەنی، ئەو برایمەی قەت حەزی نەدەکرد پشتی لەکارکردندا گەرم ببێ ئەو برایمە ئەویش خودا لەو بەرەکەتە بەشی دابوو، بەشی دابوو بەهرەیەکی دابووێ ! بەهرەی ئەو بەهرەی برایمی لەدەم و دوویدا بوو. برایم ئەو برایمەی لەکارکردنێ زۆر گەرم نەبوو، لەماڵی دنیای ماڵی زۆر نەبوو، ئەوەی هەیبوو تەنیا ئەقڵی سەرو دەم و دووی شیرین بوو، ئەو دەمو دووەی لە نێو هەردوو ناوچەی کەندێناوەو قەراجی، بەتایبەت لەگوندی عالّلای لە هەر کوێ کێشەیەك هەبوایە نە بەماڵ نە بە ژن نە بەحکومەت، بەکەس و کەس چار نەکرابوایە، برایم، برایمی حاجی حەسەنی، برایمی خوا بەرەکەت پێداو، لیێ دوابا و قسەی لێ کردبا، کێشە کێشەی چەند ساڵ و چەند

پشت کێشەی بە گرێ و خوێناوی، وەك برین، برینی تیمارکراو ساڕێژ دەبوو، ساڕێژ دەبوو و چاك دەبووەوە، چاك دەبووەوە و دوژمنایەتی لەنێوان هەردوو لا کۆتایی دەهات. کۆتایی دەهات و دۆستایەتی سەر لەنوێ و لە جاران چاکتر دەستی پێدەکردەوە، کەم کێشە هەبوو، برایم برایمی حاجی حەسەنی قسەی تێدا کردبێ و کۆتایی نەهاتبێ. لەنێو گوندی عاڵڵای، لە هەردوو ناوچەی کەندێناوەو قەراجی، کێشەیەك نادۆزییەوە، برایم برایمی ئەقڵ لە سەرو دەم و دووشیرین، ئەقڵ و دەم و دووی تێدا بەکار هێنابێ و چارەسەری نەکردبێ، برایم برایمی کوڕی حاجی حەسەنی، ئەو حاجی حەسەنی کە دەکاتە باپیرە گەورەی ئەو منداڵە چاو بەفرمێسکەی ئەو چاوە بە فرمێسکەی لە نێو کۆڵی لەسەر پشتی پەستی، باوەشی لە خوشکە بچووکەکەی وەرێناوە و چاوی بڕیوەتە ئەو ڕێگایەی کە دەچێتەوە گوندی، گوندی عاڵڵای.

## ١٣

*خەلیفە ئەحمەد: خەلیفە ئەحمەدی کوڕە گچکەی حاجی حەسەنی، ئەویش بە جۆرێك لە جۆران لەو بەرەکەتەی بەرکەوتووە. ئەو بەرەکەتەی بۆ بە میرات ماوەتەوە، بەرەکەتی خەلیفە ئەحمەدی لە دەست و شمشێریدا بوو، خەلیفە ئەحمەد، ئەحمەدی حاجی حەسەنی، ئەو حاجی حەسەنەی بەڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر حەزرەتی نوح، حەزرەتی باوە ئادەم. ئەو خەلیفە ئەحمەدەی لە گوندی عاڵڵا و تەواوی کەندێنانەوەو قەراجی، لە قەراجی بەرەو خوار هەتا دەگاتە ئاوێ، لە کەندێناوەی بەرەو سەرەوە هەتا دەگاتە ئاوێ، شمشێری لە ملی هەر دەروێشەك نابێ، سەری هەر بابایەکی بڕیبێ، سەری بڕیبێ گۆشاو گۆش، لێنەگەڕاوە دڵۆپە خوێنەکی لێ بێ، گەرماو گەرم، سەروملی بڕاوی پێك

وەنووساندۆتەوە، ئێستا خەڵکی کەندێناوەو عالّـڵای دەتوانن، دەیان و سەدان دەروێشت بۆ بژمێرن، لەو دەروێشانەی، شمشێری خەلیفە ئەحمەدی، ئەحمەدی حاجی حەسەنی سەری بڕیون، سەری بڕیون بێ ئەوەی دڵۆپە خۆینێکی لێ بێ ـ. خوێنی لێ بێ و جێ شمشێری دیاربێ، بێ ئەوەی دەروێش هەست بە ئێشی برینی بکات، ئێستا دەیان و سەدان سەرو ملی بڕاو بە شمشێری خەلیفە ئەحمەدی، زەپ و زیندوو لەسەر شانی دەرووێشە کانەوە زیکری خوای دەکەن. ئەو خەلیفە ئەحمەدەی دەکاتە کوڕە کچکەی حاجی حەسەنی ئەو حاجی حەسەنەی دەکاتە باپیرە گەورەی، منداڵە چاو بە فرمێسکەکە، ئەو چاوە بە فرمێسکەی لەسەر پشتی پەستی باوەشی لە خوشکە بچووکەکەی وەرێناوە و چاوی بڕیوەتە ئەو ڕێگایەی کە دەچێتەوە گوندی عالّـڵای !

# ١٤

بەرەکـەت: بەرەکەتـی ئـەو زەوییانـەی کەندێنـاوەو قەراجـی، بەرەکەتێکێـن لـە بـاوە ئادەمـەوە بـەو ناوچەیـە بـڕاون، لـە حەزرەتـی نوحـەوە بـەو ناوچەیە بڕوان و لـە بـاوە ئادەمـەوە بۆ یەکـەم جار ئـەم بەرەکەتـە، لـە پاداشـتی پێشـوازی... پێشـوازیکردنی بـاوە ئـادەم بـەو ناوچەیـە بـڕا ـ لـەڕۆژگاری حەزرەتـەوە، حەزرەتـی نوحـەوە، ئـەم بەرەکەتـە دوو شـاخ کرایـەوە. هـەر لـە سـایەی ئـەم بەرەکەتەوەیـە، هـەر جووتیارێکـی کەندێنـاوەو قەراجـی، لاتـە عەردێکـی هەبـێ و ئـەم لاتـە عـەردە بکێڵـێ و بچێنـێ، بچێنـێ و یـەك سـاڵ هـات بـێ ـ ئـەو هاتییـەی ( یـەك بـە پەنجا یـەك بـە سـەت)[١١] بیگرێتـەوە، ئـەو جووتیـارە خـۆی و نـەوەی پشـتاو پشـت، هەتـا مـاون نانـی کـەم ناخـۆن، هـەر لەسـایەی ئـەم هـات و بەرەکەتەیـە، جووتیارەکانـی

کەندێناوە و قەراجی، بەتایبەت جووتیارەکانی گوندی عاڵڵای، لەسەر ئەو باوەڕەن - لە کە سیشیان قبوڵ نییە ! گومان بخاتە سەر باوەڕیان - ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن و دەڵێن ((جووتیار نەخۆش دەکەوێ، بەڵام نامرێ !)) لەڕاستیشدا هەر وایە، هەر کەسەکی لاتە عەردەك، لاتە عەردەکی پڕ بەرەکەتی کەندێناوەو قەراجی بەرکەوێ، ئەو لاتە عەردە پشتاوپشت، نەوە بە نەوە بەسیەتی ! هەر بەهۆی ئەم بەرەکەتەوەیە، هەر جووتیارێکی کەندێناوە و قەراجی، هەر جووتیارێکی گوندە بێ ژمارەکانی کەندێناوەو قەراجی ئەگەر لاتە عەردێکی هەبێ لەو عەردە پڕ بە پیت و بەرەکەتە، ئەوا دەست بۆ کارێکی تر نابات ! ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن ! ئەوەی نانی لە سەر هات و بەرەکەتی ئەو زەوییانە بێ، پێویستی بەهیچ کارێکی تر نابێ ! هەر ئەو باوەڕەشە وای لەخەڵکەکە کردووە، ئەوەی جووتیار بێ ! مەڕداری ناکا، ئەوەی مەڕدار بێ جووتیاری ناکا ! ئەوان دەڵێن نان ئەو نانەی لە گەنمی کەندێناوە و قەراجی بێ. ئەو نانە پێخۆری ناوێ ! هەتا هەتایێ پیاو دەتوانێ، تەنیا تەنیاو بەو نانە بژی! بژی و پێویستی بە هیچ خواردنێکی تر نەبێ ! ئاخر ئەو نانەی نانی گەنمی کەندێناوە و قەراجی بێ، هەر بەتەنیا نان نییە ! ئەو نانە تامی هێزی هەموو خواردنێکی دنیای لە خۆدا کۆ کردووتەوە، میوانی هەر ماڵێك بێ، لەهەر گوندێك. گوندە زۆرەکانی کەندێناوە و قەراجی سێ رۆژ دە رۆژ، مانگێك! ئەو ماڵە سێ جەمە خواردنت دەداتێ، خۆشترین خواردن بەتامترین

خواردن، خواردنیش هەر گەنمە ! گەنمی زەوییە بە پیت و بەرەکەتەکان، هەر جەمەو بە شێوەیەك و بە جۆرێك جیا لەجاری پێشوو، خۆشترو بەتامتر لە جاری پێشوو، ئەم دنیایە بگەڕێت لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژ ئاوا، لە باکوورەوە بۆ باشوور، هۆزێك، ناوچەیەك، نەتەوەیەك نادۆزییەوە، هێندەی جووتیارەکانی کەندێناوەو قەراجی هونەریان لە خواردنی گەنمدا بەکارهێنابێ، ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن، ئەو گەنمەی ئێستا لەزەوییەکانی کەندێناوەو قەراجی دەچێندرێ ! ڕێك و ڕاست پاشماوەی ئەو گەنمەیە کە باوە ئادەم و دایە حەوا لە بەهەشت خواردیان و لەسەر خواردنی ئەو گەنمە لە بەهەشت دەرکران، تامی ئەو گەنمە بوو، تەنیا ئەو گەنمە کە بەرامبەر بوو لەگەڵ تامی هەموو خواردن و خواردنەوەکانی تری نێو بەهەشت ! تامی ئەو گەنمە بوو تامی هەموو خواردنەکانی تری نێو بەهەشتی بێ تام کرد، تامی ئەو گەنمە بوو وای کرد باوە ئادەم و دایە حەوا، بەهەشت. ئەو بە هەشتەی وا خۆش و پڕ لەخۆشی ! بەو گەنمە تەنیا بەو گەنمەی بگۆڕنەوە. گۆڕییانەوە وخواردیان و لەسەر ئەو ((گەنم خواردن ))ەش لە بەهەشت دەرکران. خەڵکەکە دەڵێن :

ئەو گەنمە تەنیا خواردنێك بوو خودا، خودای بانی سەری ڕێگای باوە ئادەم و دایە حەوای دا کە لە بەهەشتەوە بۆ سەر زەوی لەگەڵ خۆیان بیهێنن!! ئەوان دەڵێن: ئەو گەنمە لە بەهەشت هاتووە ! گەنمی بەهەشتییە، خواردنی بەهەشتییە، کۆنترین خواردنە لەنێو هەموو خواردنە زۆرەکانی سەر ئەم زەوییە.

ئـەوان دەڵێـن: هەمـوو گەنمـی دنیـا، ئـەو دنیایـە پـان و بەرینـە، لـە ڕەگـی ئـەو گەنمـەن !! دەڵێـن گۆڕانـی تـام و ڕەنـگ و شێوەشـیان. بەهۆی گۆڕانـی زەوی و ئاو و بایـە ! دەنا چۆن بـاوە ئادەم، باپیرە گـەورەی تـەواوی _ ئادەمیـزاد-ی سـەر ئـەو زەوییەپـان و بەرینەیـە ! ئـاواش گەنـم. گەنمـی کەندێنـاوەو قەراچـی بەتایبـەت گەنمـی ئاقـاری گونـدی عاڵـڵای ئەویـش ئـاوا (بابـی هەمـوو گەنمانـە گەنمـی هەمـوو دنیایـی).

ئـەوان لەسـەر ئـەو بـاوەڕەن و لەکەسیشـیان قبـووڵ نییـە! گومـان بخاتـە سـەر باوەڕیـان - دەڵێـن بـاوە ئـادەم پـاش ئـەوەی لـە بەهەشـتی دەرکـرا. هەوڵیـن کارێـك کـە کـردی، هەوەڵیـن کارێـك کـە ئارەقـەی تێـدا ڕشـت، پـاش شـوانی، جووتیـاری بـوو. گەنـم چانـدن بـوو . ئـەوان دەڵێـن: هەوەڵیـن خەتـە جـووت، کـە لەسـەر پشـتی ئـەم زەوییـە لـە زەوی درابـێ، لێرە لـە دامێنـی چیـای بڵباسـانەوە لێدرا. هەوەڵیـن چەنگـە گەنـم کـە مـرۆڤ بەعـەردی وەرکـرد، بەنیـازی چاندنـێ، گەنمـی بەهەشـتی بـوو، لێـرە لـە دامێنـی چیـای بڵباسـانەوە لێـرەدا بەعـەردی وەرکرا بەدەسـتی هەوەڵێن جووتیـار بەدەسـتی بـاوە ئادەمـی یـەوە بـوو. ئـەوان دەڵێـن: بەرەکەتـی ئـەو زەوییانـە ! بەردەوامـی بەرەکەتـی ئـەو زەوییانـە، لـە بەرەکەتـی زوو کێڵانییەتـی لـە بەرەکەتـی زۆر کێڵانییەتـی.

خەڵکەکـە دەڵێن و لەسـەر ئـەو باوەڕەشـن ! بـاوە ئادەم لـە پاداشـتی ئـەو زەوییـە، ئـەو زەوی و ناوچەیـەی کـە یەکەمیـن ماڵـی بـوو، لـە پـاش ماڵـی بەهەشـتی، لەپـاش دەرکرانـی لەماڵـی بەهەشـتی

یەکەمیـن ماڵـی بـوو کـە لەسـەر زەوی ئاوەدانـی کـردەوە، یەکەمیـن ماڵـی بـوو. کـە لەسـەر دنیـای توانـی نـەوەی خـۆی تێدا زۆر بـکا. لەپاداشـتی ئـەم هەمـوو ژیانـە بـە خۆشـی و ناخۆشـییەوە، کـە لـەم ناوچەیـە، لەدامێنـی چیـای بڵباسـان ژیـا، لەخـودای خـۆی، خـودای بانـی سـەری پاڕایـەوە، پاڕایـەوە و گوتـی: (( خودایـە . بەزانایـی خۆتـم لەگـەڵ بکـە، بەنەزانـی مـن نـا. خودایـە ! بـە گەورەیـی خۆتـم لەگـەڵ بکـە. بەبچووکیـی مـن نـا. خودایـە! بـە بەزەیـی خۆتـم لەگـەڵ بکـە، بەدڵڕەقـی مـن نـا. خودایـە ! بـە پیرۆزیـی خۆتـم لەگـەڵ بکـە، بەپیسـی مـن نـا، خودایـە ! بەتوانایـی خۆتـم لەگـەڵ بکـە، بەبێ توانایـی مـن نـا. خودایـە! بـە پاکـی خۆتـم لەگـەڵ بکـە، بەگوناهبـاری مـن نـا، خودایـە ! بـە هەمیشـەیی خۆتـم لەگـەڵ بکـە، بەتەمـەن کورتـی مـن نـا. خودایـە! بەجوانـی خۆتـم لەگـەڵ بکـە، بـە ناشـرینی مـن نـا. خودایـە ! بـە بەهونـەری خۆتـم لەگـەڵ بکـە، بەبێ بەهرەیـی مـن نـا. خودایـە! بـە خودایـی خۆتـم لەگـەڵ بکـە، بـە بەندەیـی مـن نـا.

خودایـە : ئەگـەر تـۆ لەسـەر گوناهـی گەنـم خواردنـی بەغەزەبی خـۆت لـە بەهەشـتێت وەدەرنـام، خودایـە بـە مەرحەمەتـی خـۆت کەمێـك شـێوەی بەهەشـت بـەم ناوچەیـە ببەخشـە. خودایـە ! ئەگەرچـی مـن بەندەیەکـی سـەرکێش بـووم و یەکەمیـن گونـاه کـە مـرۆڤ بیـکات مـن کردوومـە ! گوناهێکیـش لەنێـو بەهەشـت، گوناهێـك کـە پێشـتر لێـی ئـاگادار کرابوومـەوە. خودایـە ! ئەگـەر چـی گوناهـکارو سزادراویشـم، بـەڵام هـەر بەنـدەی تـۆم بەندەیێکـی بـێ دەسـەڵات، کـە توانـای ئـەوەم

نییە لە سنووری دەسەڵاتی تۆ بچمە دەرەوە! خودایە! ئەم سەر دنیایەش، هەر موڵکی تۆیە، هەرماڵی تۆیە. خودایە! ئەگەر غەزەبی تۆ گەورەو گرانە. بەزەیی و لێبووردنیشت بێ سنوورە. خودایە!ئەوە هەر بەندە گوناهکارەکانن، لەخودای خۆیان دەپاڕێنەوە. ئەوە هەر خودای دڵ پڕ بەزەییشە لە بەندە گوناهکارەکانی خۆی دەبووریٚ.)

خەڵکەکە دەڵێن: ئەویٚ رۆژی باوە ئادەم، هێندە لە دڵ و بە پەشیمانییەوە، لە خودای خۆی پاڕایەوە، خودا... خودای بانی سەر، پاڕانەوەو دووعای ئەو بەندە سەرکێش و سزادراوەی، ئەوبەندەیەی کە یەکەمین بەندەیە، خودا بە گەورەیی خۆی سزای داوە. ئەو بەندەیە یەکەمین بەندەیە، پاش سزادانیٚ، بە دڵ و بەبیٚ دەسەڵاتییەوە لەخودای خۆی دەپاڕێتەوە. خەڵکەکە دەڵێن: خودا پاڕانەوەکەی لیٚ قبووڵ کرد. خودا بەرەکەتێکی دا بەو زەوییانە، بەرەکەتێك کە هەر شتێك لە سەر ئەو زەوییانە بچێندریٚ ! هەر شتێك لەسەر ئەو زەویەییانە سەوز ببیٚ ! ئەو زەوییانەی تەواوی هەردوو ناوچەی کەندێناوە و قەراجی، لە زێڕ زێڕی بێگەرد بە نرختربیٚ دووعاو پاڕانەوەی باوە ئادەمی بۆ هات و بەرەکەتی سەرزەوییەکانبوو.

پاشان ..پاش سەدان ساڵ، پاش هەزاران ساڵ حەزرەتی نوح پاش ئەوەی هیچ چیایەك، هیچ چیایەکی ئەو دنیایە لەخۆی ڕانەدی شان بداتە بەر گرانی و پڕ ئاوەدانی کەشتییەکەی، ئەوە بەتەنیا (چیای بڵباسان) بوو، ئەو چیایە بەرد ڕەق و لووسە،

شانی خۆی بۆ کەشتییە پڕ لە ژیانەکە خۆش کرد، پاش ئەوەی بەخۆشییەوە چیای بڵباسان بۆ یەکەمین جار و دوا جار بە قسە هات. و باوەشی بۆ حەزرەت کردووە، بە خۆشەویستی و سۆزەوە، بە سۆزو پاڕانەوە فەرمووی لە حەزرەت کرد، فەرمووی لە ژیان کرد .

حەزرەت ئەو حەزرەتی چل شەو و چل رۆژ خەو نەچووبووە چاوی، چل شەو و چل رۆژان بە دیار تەواوی ژیانەوە پاسەوان بوو، چل شەو و چل رۆژان، لەنێو شەپۆلی لافاوی تووڕە ! ئەو لافاوە تووڕەیەی کە تەواوی دنیای ژێراو کردبوو. ئەو لافاوە کە تەواوی دنیای ژێراو ژوور کردبوو.

ئەو لافاوەی بستە خاکێك، لووتکەی شاخێکی بەدەرەوە نەهێشتبوو. حەزرەت حەزرەتی ماندوو ژێر باری بەرپرسییەتییەکی پیرۆز، ئەو حەزرەتەی هیچ کەس، هیچ بستە خاکێك، هیچ لووتکە شاخێك پێشوازی لێ نەکرد. ئێستا ئەو چیایە بچووکە ئەو چیایە بەردە ڕەق و لووسە، ئەو چیایەی بڵباسان کارێك دەکات کە زۆر لە توانای ئەو بەدەرە، کارێك دەکات لە چ عەقڵاندا نییە! لەعەقڵی چ سەراندا نییە! ئەوەی ئەو لووتکە بەرزانە ! ئەو لووتکە سەربە هەورانە بۆیان نەکرا -یان لەخۆڕا نابینن بیکەن — ئەوا چیای بڵباسان، ئەو چیایەی وەك پاڵەوان لەسەر زەوی راکشاوە، ئەو چیایە، ئەو چیایەی لەهەموو چیایان بچووکتر، لەهەموو چیایان نەوی تر. شانی خۆی خۆش کردو بەدڵ، بەدڵ و سۆزەوە باوەشی کردەوەو فەرموو. فەرمووی لە حەزرەت دەکا، فەرموو لە(ژیان)

دەكا. فەرمـوو فەرمووبەكـی چارەنووسساز، ئـەو فەرمـووەی جارێكـی تـر (گیـان) ی وەبـەر ( ژیـان ) هێنایـەوە. جارێكـی تـر لێنەگـەڕا، ڕەچەڵەكی باوە ئادەم تۆیان ببڕێتەوە، حەزرەت، حەزرەتی خۆشەویست لەكن باری تەعـالان جارێكـی تـر ئەویش لەخودای خۆی پاڕایـەوە، خـودا خـودای بانـی سـەر، پاڕانەوەیـەك، پاڕانـەوەی گوناهـكاران. تاوانبـاران، پاڕانـەوەی بەندەیەكـی گوناهبـار. گوناهبارێـك كـە لـە هەمـوو تەمەنیا هیـچ كارێكـی چاكـی نەكردبێ، لەهەمـوو تەمەنیا لەهیـچ كارێكـی خـراپ نەپەنگابێتـەوە ئـاوا دەپاڕایـەوە، پاڕانـەوەی گوناهبارێـك بـە هۆشـیارییەوە بـە بـاوەڕەوە لـە هەمـوو گوناهەكانـی خـۆی پەشـیمان بێتـەوە. وەك پاڕانـەوەی پێغەمبـەران و پیـاو چـاك و خواناسـان، دەپاڕایـەوە و دەیگـوت: خودایـە! بـۆ خاتـری مەزنیـی ئـەو كەسانـەی خۆشـت دەوێـن، بـۆ خاتـری مەزنیـی ئـەو پیـاوە چاكانـەی خۆشـت دەوێـن، بـۆ خاتـری مەزنیـی ئـەو پێغەمبەرانـەی خۆشـت دەوێـن. خودایـە بـۆ خاتـری پیرۆزیـی ئـەو چركانـەی لات پیـرۆزن. خودایـە! بۆخاتـری ئـەو ڕۆژانـەی لات پیـرۆزن بـۆ خاتـری پیـرۆزی ئـەو هەفتانـەی لات پیـرۆزن. خودایـە! بۆخاتـری ئـەو ماڵانـەی كـە لات گرنگـن. بۆخاتـری گرنگیـی ئـەو شـارانەی لات گرنگـن. بـۆ خاتـری گرنگیـی ئـەو وڵاتانـەی لات گرنگـن. خودایـە! بۆخاتـری ئـەو مەزنانـەی لات مەزنـن، بۆخاتـری پیرۆزیـی ئـەو پیرۆزانـەی لات پیـرۆزن، بۆخاتـری گرنگیـی ئـەو گرنگانـەی لات گرنگـن، ئەگـەر لـە خەزنـەی خـۆت، تاكـە بەرەكەتێكـی پیـرۆزی خـۆت، بـە بەنـدەی خـۆت ڕەوا دەبینـی! ئـەو بەرەكـەت و پیرۆزەیـە بخـەرە ژێـر

ئـەو زەوییـە. ئـەو زەوییـەی دەوروبـەری ئـەو چیایـە، ئـەو زەوییانـەی کـە ئـەو چیایانەیـان لەسـەر شـانی خۆیـان ڕاگرتـووە، ئـەو چیایـەی شـانی خـۆی بـۆ کەشـتییەکەی مـن. کەشـتییە پـڕ لـە ژیانەکـەی مـن نـەوی کـرد ئـەو کەشـتییەی هیـچ بسـتە خاکێك، هیـچ لووتکـە شـاخێك پێشـوازی لـێ نەکـرد. ئـەوە ئـەو چیایەیـە. ئـەو چیایـەی لەهەمـوو چیایـان بچووکتـر لـە هەمـوو چیایـان نەویتـر، ئـەو چیایـە بـەرد ڕەق و لووسـە، لەنێـو هەمـوو چیایـان ئـەو باوەشـی بۆکەشـتییەکە کـردەوە فەرمـوو... فەرمـووی لـە ژیـان کـرد. خودایـە ! ئـەو پیـت و بەرەکەتـەی لـە خەزنـەی خۆتـدا هەڵگرتـووە وە بـە بەنـدەی خۆتـی ڕەوا دەبینـی، خودایـە بـە گـەورەیـی خـۆت، بەزانایـی خـۆت، بـە مەرحەمەتـی خـۆت، ئـەم پیرۆزی و بەرەکەتـە بخـە ژێـر ئـەم زەوییـە.

زەوی کەندێنـاوە و قەراجـی، ئێسـتا لەسـایەی پاڕانـەوەی بـاوە ئـادەم، لـە سـایەی پاڕانـەوەی حەزرەتـی نـوح، ئەویـش لـە پاداشـتی پێشـوازیی ئـەو چیایـە، لـە بـاوە، بـاوەی بێکـەس، بێکەسـی لـە بەهەشـت دەرکـراو، لـە سـایەی پێشـوازی لـە حـەزرەت، حەزرەتـی بەرپـرس، بەرپرسـی ژیـان، سـەر زەوی وژێـر زەوی ئـەو ناوچانـە، ئـەو دوو ناوچەیـەی کەندێنـاوە و قەراجـی، پـڕاو پـڕە لـە بەرەکـەت و پیـرۆزی، هەرچـی لەسـەر ئـەو زەوییـە هەیـە، هەرچـی لەژێـر ئـەو زەوییـە هەیـە. لـە زێـڕ... زێـڕی سـەد جـار لەزێـڕ بەنرختـرە. هـەر بەهـۆی ئـەو پیـت و بەرەکەتەیـەوە، لـەو سـەری دنیـاوە، لـە چـوار کەنارەوە، پاشا چاوچنۆکـەکان، پاشا خوێنرێژو دەسـەڵاتدارەکان، پاشا لـە خـودا عاسییەکان، ئەو پاشا دەبەنـگ و هیـچ لەبارانەبوانـەی لـە

ڕژتنی خوێنی خەڵك، لەدزینی ماڵی خەڵك بەولاوە هیچی تر نازانن،ئەو پاشایانەی لەپشتی دەریاکانەوە دێن، ئەو پاشایانەی لە پشتی بیابانەکانەوە دێن، لە پشتی چیاکانەوە دێن، دێن و خێرو بێری ئەو خاکە ئەو خەڵکە دەدزن، ئەو خەڵکە دڵ و دەروون پاك و دەست پڕ لە هونەرە.

# ١٥

لە سەر ئەو چیایەی بڵباسان لووتکەیەك هەیە، ملەیەك هەیە، ئەو لووتکەیە، ئەو ملەیە، خەڵکەکە، خەڵکی کەندێناوەو قەراجی، ناویان لێناوە (بێژنگ بە سەر) لە ڕاستیشدا کە لە دوورەوە سەیری دەکەی، تۆ قەڵەی سەری ئەو لووتکەیە، ئەو ملەیە ڕێك وڕاست خڕو بچووك دیارە، هەر دەڵێی بێژنگە و لەسەر ئەو لووتکەیەت داناوە. خەڵکەکە لەسەر ئەو باوەڕەن، ئەو بێژنگ بەسەرە، ئەو بێژنگ بە سەرەی بەرزترین لووتکەو ملەی چیای بڵباسانە، ئەو بێژنگ بەسەرە، پاش ئەوەی شەو دادێ، شەوی درێژ، شەوی تاریك، شەو بەسەر دەچێ، ڕۆژ دادێ... ڕۆژی رووناك، ڕۆژی پڕ تیشك، ڕۆژی جوان، ڕۆژی پیرۆز جارێکی تر لە خەزنەی خوای دێتەوە دەرێ، هەوەڵێن تیشکی، تیشکی پیرۆزی، تیشکی

زێڕینی، بەر لە هەرجێیەك، بەر لە هەر وڵاتەك، بەر بێژنگ بەسەری دەکەوێ، خەڵکەکە دەڵێن :

هەر کەسێکی خوا بیداتێ و بتوانێ، ئەو کاتە، لەو کاتە ناسك و تیژ تێپەڕە لەوێ بێ، لەوێ لەسەر بێژنگ بەسەری ئەو تیشکە جوانە، ئەو تیشکە پیرۆزەی بەرکەوێ، پاك دەبێتەوە، پاك وەك منداڵی ساوا، ساوای بێ گوناە، هەر کەسێکی خوا بیداتێ، لەو چرکەیەدا لەوێ بێ، لەو چرکەیەدا هەر مرازێکی هەبێ، ئادا دەبێ، ئادا دەبێء بە مرادی خۆی دەگا.

بچێتە سەر ئەو چیای بڵباسان، لەسەر ئەو چیایە بچیتە سەر ئەو ملەی بێژنگ بەسەر، ئەو لووتکەی بێژنگ بەسەری لەسەر ئەو بێژنگ بەسەرە سەیری ( کلکەی دارە بزماران ) بکەی، ئەو دارە بزمارانی چاك و پیرۆز، پیرۆزو کۆن، کۆنێکی کەس نازانێ – پیاوچاکی چ زەمانێکە ؟ پیاوچاکی چ ئاینێکە ؟ هێندە هەیە، ناوبانگی ئەو پیاوە چاکە بەدنیا دا بڵاوبوتەوە و بڵاوبووتەوە شوێنی خۆی لەنێو دڵی خەڵکی ناوچەکەدا کردووتەوە. ناوی پیاوچاك کەس نایزانێ ! ئاینی پیاوچاك کەس نایزانێ ! سەردەمی پیاوچاك کەس نایزانێ ! ئەو- دار-و- بزمار-ە جێگای ئەو ناو و ئاینەی گرتووتەوە. گرتووتەوە بووە بە دارە بزماران، ئەو درەختە پەلی بەهەر چوار لادا هاویشتووە و سێبەری بە چوار دەوری خۆیدا بڵاو کردووتەوە، مێگەل مێگەلە مەڕی گەورەو گران. ئەو مێگەلەی زەکاتی بە مێگەل لێ دەکەوێ دەتوانێ لەژێر سێبەری ئەم دارە، ئەم دارە پەل بەهەر چوار کەنارەکەدا

هاویشتووە مۆر ببێ، مۆر ببێ لەژێر سێبەری ئەم دارە پیرۆزە کێشتان کێشتی گەرم، عەسران عەسری گەرم، لەژێر ئەو دارە، ئەو دارە گەورەو پیرۆزە، ئەو دارە گەورە پیرۆزەو شوان مێگەلی بحەسێنێتەوە، ئەو دارە پڕ لق و پۆپە، لق و پەلی بەهەر چوار لادا پەرت بووە، هەر لقێکی چەندین (ناڵ) ی پێوە شۆڕ بووەتەوە، هەر پەلێکی چەندین بزماری لێ کوتراوە. ئەو ناڵانە کێ هەڵیان دەواسێ ؟ ئەو بزمارانە کی دەیانکوتێ، ئەو ناڵ و بزمارانە، ناڵ و بزماری کیژو کوڕە بێمرادەکانی کەندێناوە و قەراجینە ! ئەو کیژو کوڕانەی لە بەهاران لەگەڵ پشکوتنی گوڵەکێو یلەکانی چیای بڵباسان، ئەوانیش دڵیان دەپشکوێ، دەپشکوێ و دێن بۆ ئادابوونی مرادیان، بۆ بە ئەنجام گەیشتنی عەشقیان، ناڵ بەسەر لقەکان، لقی ئەو دارە پیرۆزە هەڵدەواسن. بزمار لە قەدی ئەو دارە پیرۆزە دەکوتن.

دێن و بەجووتە کچ و و کوڕە تازە عاشقەکان، کچ و کوڕە دەستگیرانەکان، ناڵان هەڵدەواسن، بزماران دەکوتن. بەهیوای ئەوەی ساڵێکی تر بەپێکگەیشتوویی، بە ژن و مێردی بێنە سەر چاکی، چاکی دارە بزماران. ساڵێکی تر کە ئەو ناڵانە دەڕزن، کچ و کوڕە عاشقەکان پێك دەگەن، کە بزمارەکان دەڕزن کچ و کوڕە دەستگیرانەکان پێك دەگەن. دار ئەو دارەی پڕ لق و پەل، ناڵ داپۆشیوە! بزمار داپۆشیوە!

کە لەسەر بێژنگ بەسەری سەیری ئەو (دارە بزماران) ە دەکەی، هەتا چاو و بڕ دەکا رۆژهەڵاتە! هەتا عەقڵ پێ

دەحەسیێ... ڕۆژهەڵاتە! هەر لەسەر ئەو لووتکەوە لووتکەی دارە بزماران، کە سەیری ( بازاڕگە ) ی دەکەی، ئەو بازاڕگەیەی لە ڕۆژئاوا، هەتا چاو بڕ دەکا ڕۆژئاوایە! هەتا عەقڵ پێ دەحەسیێ ڕۆژ ئاوایە! ئەو بازاڕگەیەی کەس نازانی لە کەینێوە بازاڕە ؟ هێندە هەیە، بازرگان لە چین، لە هیند، لە قەفقاس، بە وشتر بار، بە هێستر بار، بەکەرو بار دێن، دێن و باریان لێرە دەخەن، لێرە لەو بازاڕگەیە، دەخەن . لێرە لەو بازاڕگەیە، هەردوولا، بازرگانی هەردوولا، بە بار بە قەتار دەکڕن، دەفرۆشن، بازاڕگە بازاڕی نێو وڵاتانە! بازاڕگە بازاڕی هەموو دنیاییێیە! لەسەر بێژنگ بەسەریەوە کە سەیری ئەو بازاڕگەیە دەکەی، هەتا چاوبڕ دەکا ڕۆژئاوایە! هەتا عەقڵ پێ دەحەسێی ڕۆژئاوایە هەر لەوێ لەسەر ئەو لووتکەیە، سەیری لای باشوور بکەی، سەیری لای دەشتی قەراج بکەی، هەتا چاو بڕ دەکا گوندە، هەتا عەقڵ پێ دەحەسیێ گوندە ! گوندی لەسەر زەوی گوندی لە ژێر زەوی، هەر لەوێ لەسەر ئەو لووتکەیەوە، لەسەر بێژێنگ بەسەریەوە، سەیری لای کەندێناوەی بکەی، سەیری لای باکوور بکەی، هەت چاو بڕ دەکا گوندە، هەتا عەقڵ پێ دەحەسیێ گوندە، گوندی لەسەر زەوی، گوندی لەژێر زەوی.

* * *

# ١٦

چاو هەر بەتەنیا ئەو گوندانە دەبینێ. کە تاك و لووك بە سەر پێوە ماون، ئەگەر ئەو گوندانە لە هەر چوار کەنارەوە زۆرن و لە ژماردن نایەن ! ئەوە گوندە سووتێنراوو وێرانکراو و ڕاگوێزراوەکان. گوندەکانی سەر زەوی، گوندەکانی ژێر زەوی، گوندە زانراوەکان و گوندە نەزانراوەکان دەهێینەو سەد هێندەن.

لەوەتەی دەنگ و باس و ناوناوبانگیی خێرو بەرەکەتی ئەو ناوچەیە بەدنیادا بڵابووتەوە، لەوەتەی پاشا هیچ لەبارانەبووەکان، پاشا خوێن ڕێژو ترسنۆکەکان، لە چوار کەنارەوە دەسەڵاتیان پەیدا کردووە، پاشا نەماوە، پاشای خوێن ڕێژ. پاشای چاو و چنۆك، پاشای عەرەب، پاشای تورك، پاشای فارس، پاشای ڕووس. ئینگلیز و ئەڵمان فەرەنگ لەوسەری دنیاوە، لە دووری

دوورەوە، نەهاتبن و لە گوندانەیان وێران نەکردبێ و نەسووتاندبێ و ڕانەگوێزتبێ کەس نازانێ چەند پیاوی پیاوی ئازا و جوامێر! چەند ژن. ژنی شۆڕەژن و خاتوون، بەدەست ئەو پاشا هیچ لەبارانەبوانە، ئەو پاشایانەی کە لە دووری دوورەوە هاتوون، خوێنیان ڕژاوە ماڵیان براوە؟؟ خەڵکی کەندێناوەو قەراجی، بەتایبەت گوندی عاڵڵای هەر یەکەکیان بگری. پیرە ژن پیرە مێرد.. گەنج، گەنجەکانیشیان هەر کامێکیان بگری دەیان و سەدان چیرۆك و بەسەرهاتی تاڵ و سوێرت بۆ دەگێڕنەوە، لەو چیرۆك و بەسەرهاتانەی کە پاشا هیچ لەبارانەبووەکان، لەدووری دوورەوە هاتوون... هاتوون و کارەساتی گەورەو گرانیان بەسەر ئەو خەڵکە بێ وەی و عاشق بەژیانەوە هێناوە. ئەو خەڵکە خەڵکی کەندێناوە قەراجی، بەتایبەت خەڵکی گوندی عاڵڵای، لەسەر ئەو باوەڕەن - لە کەسیشیان قبووڵ نییە! گومان بخاتە سەر باوەڕیان — ئەو چیرۆك و بەسەرهاتانە بەڕاست دەزانن. ئەوان دەڵێن: ئەو چیرۆك و بەسەرهاتە تاڵانە، کە بەسەر ئەو خەڵکە بێ وەی وعاشق بەژیانەوە داهاتوون، هاتوون ولێرە... لەسەر ئەو زەوی یە پر لە خێرو بێرو پیرۆزە، لەسەر ئەو زەوی یە پڕ لە بەرەکەتە، بەسەر ئەو خەڵکە بێ وەی و عاشق بەژیانەیان هێناوە . ئەوان دەڵێن: ئێستاش لەو ئاقارانە، لەو شەڕگانە، بەهارە جووتان، پایزە جووتان، هەر وەختەکی لە هەر جێیەکی گاسن لە عەردی بدەی، سەرە ڕم و نێزەی شکاوی شەڕان شەڕی نێوان ڕۆمء عەجەم، قەوان و گوللە تۆپی شەڕان، شەڕی نێوان رووس و ئینگلیز بەدەردەکەون، ئێستا گوللەو تۆپ و قومبەلەی

نەتەقیو و بەجێماوەی ئەو شەڕانە، رۆژ نییە لەژێر پێی منداڵ و لەدەست شوانان نەتەقنەوە. بچیتە هەر گوندێك، لە گوندە زۆرەکانی کەندێناوە و قەراجی، لەهەر کۆڵانێك لەبەر دەرگای هەر مزگەوتێك چەندین شەل و کوێرو سەقەتت بەرچاو دەکەوێ، شەل و کوێرو سەقەتی دەست ئەو گوللە تۆپ و قومبەلە بەجێماوانەن.

ناوچەی کەندێناوەی، ئەو ناوچەیەی پڕاو پڕە لە گوند، کەندێناوە ئەو کەندێناوەیەی لە ڕۆژ هەڵاتەوە لە گوندی (گڕاو) ێوە دەست پێدەکات، تا دەگاتە ملەی دارە بزماران، لە دارە بزمارانەوە، هەڵدەکشێ، دێ بە دێ گوند بە گوند، ئاقار بە ئاقار تا دەگاتە گوندی ( کەلەشخان ) ی، ئەو گوندەی کەوتووتە ڕۆژئاوای کەندێناوەی ئەو کەندێناوەیەی لە باشوورەوە لە چیای بڵباسان دەست پێدەکا دێ بەدێ، گوند بەگوند ئاقار بەئاقار تادەگاتە زوورگی (( زوورگەزراو )) ێ، ئەو زوورگەزراوەی سنوورە لە نێوان کەندێناوەو تەواوی دنیایێ. ئەو ناوچەیە، ناوچەی کەندێناوە لە کۆنی کۆنەوە لە سەردەمی بابە ئادەمەوە لە سەردەمی حەزرەتەوە، لەسەردەمی هەموو سەردەمانەوە، پڕ بووە پڕاو پڕ لەگوند، گوندی گەورەو گران گەورەو گران و پڕ لە ماڵ، پڕ لە ماڵ و ئاوەدان، پڕ بووە لەگوند، گوندی زانراو گوندی نەزانراو، خەڵکەکە دەڵێن: کەس نازانێ گوندی کەندێناوەی چەند گوندن . ئەو گوندانەی چەندیان ئاوەدانن، چەندیان چۆڵ کراون ؟ ئەو گوندانەی سەر زەوی، ئەو گوندانەی ژێر زەوی، ئەو گوندانەی زانراون ئەو گوندانەی نەزانراون. ئەوان هێندە دەزانن

و دەڵێـن: لەهـەر عەردەکـی، عـەردە پـان و بەرینەکـەی کەندێنـاوەی، لـە هـەر ئاقارەکـی لـە ئاقـارە زۆرەکانـی کەندێنـاوەی هـەر دەمەکـی هەوجارِ، هەوجارِی جووتـی، کەمێك دابگـرێ، بناغـەی کۆشـکێك، کەنیسـەیەك پەرستگایەك مزگەوتێك خانوویـەك بەدەردەکـەوێ. لەنێـو ئـەو هەمـوو گوندانـەی کەندێناوەی، ئـەو هەمـوو گونـدە چۆڵکـراو و ئاوەدانـەی کەندێنـاوەی گونـدی (عاڵـڵا )ی کەوتووتـە ناوەڕاسـتی گوندەکانـی کەندێنـاوەی، بەڵکـە عاڵـڵا... عاڵـڵای پایتەختـی هەمـوو گونـدان، ڕێك و ڕاست کەوتووتـە ناوەڕاسـتی هەمـوو (دنیـا )یـێ. دنیا...دنیـای پـان و بەریـن ڕێـك و ڕاسـت بـێ کـەم و زیـاد بـە چـوار دەوری گونـدی عاڵڵایـدا پـەرت بـووە، عاڵـڵا شـا گونـدی هەمـوو گوندانـە! عاڵـڵا پایتەختـی هەمـوو گوندانـە ! عاڵڵاییـەکان لەسـەر ئـەو بـاوەڕەن - لـە کەسیشـیان قبـووڵ نییـە ! گومـان بخاتـە سـەر باوەڕیـان. دەڵێـن : عاڵـڵا هەوەڵیـن گونـدە لـە گونـدە زۆرەکانـی کەندێنـاوە و قەراجـی لـە نێـو هەمـوو گوندەکانـی دنیایـێ، کـە بـۆ یەکەمیـن جـار لەسـەر ئـەم زەوییـە ئادەمیـزاد ئاوەدانـی کردۆتـەوە.

عاڵـڵا گونـدی هەمـوو گونـدان، شـای هەمـوو گونـدان، پایتەختـی هەمـوو گونـدان، گونـدی لەهەمـوو گونـدان گوندتـر، گونـدی لەهەمـوو گونـدان پـر ماڵتـر.. لـە هەمـوو گونـدان ئاوەدانتـر. ئـەو عاڵڵایـەی لـە (گۆمـی ڕەزی )یـەوە تادەگاتـە ((گـردی حەمـەد هەولێری))[١٢] لـە ((بیرێ حاجی ڕەحمانـی)) وە تادەگاتـە ( جۆخینـی گەردیـان ) دیـوار بـە دیواریـوە نووسـاوە، حەوشـە بـە حەوشـەوە نووسـاوە، خانـوو بـە خانـووی نووسـاوە.

عاڵـڵا... ئـەو گونـدەی لەهەمـوو گونـدان گوندتـر! عاڵـڵای خاوەنـی بیـری حاجی رەحمانـی، ئەو بیـرەی لەپێش هەمـوو بیـران! بیـری هەمـوو دنیایـێ هەڵکەنـدراوە . ئـەو بیـرەی یەکەمیـن بیـرە ئادەمیـزاد هەڵیکەندبـێ، ئـەو بیـرەی ئـاوی لەهەمـوو ئـاوان پـاك و خۆشـترە ! ئـەو بیـرەی کیـژ... کیـژە جوانەکانـی عاڵـڵای، ئـەو کیژانـەی ڕەنـگ و ڕوویـان تـەواو لـە ڕەنـگ و ڕووی دایـە حـەوا دەچـێ، ئـەو کیژانـەی لـە هەمـوو کیـژان جوانتـرن، کیـژی هەمـوو دنیایـێ، ئـەو کیژانـە دەوری لـێ دەدەن، ئـاوی لـێ دەبـەن، ئـەو ئـاوەی بـە موتفـەڕك دەچـێ، ئـەو ئـاوەی هـەر بادییەکـی لەدەسـتی ئـەو کچـە جوانانـەی وەربگـری، چـی وەی لـە ( ئـاوی حەیاتـێ ) کەمتر نییە! ئەو ئاوە ئاوێکە ! هـەر کوڕە عاڵڵاییـەك ئاواتی پێوە دەخـوازێ، خەونـی پێـوە دەبینـێ. ئـەو کیژانـە ئێسـتاش بەهـاران، خەناوکـە! خەناوکـەی گوڵچـن لـە گوڵـە حاجیلـەو بەیبوونـی ئـەو ئاقارانـەوە دەچنـن. دەچنـن و جوان وەکـو دایکـە حـەوا، ئـەو خەناوکـە گوڵییـە، ئـەو خەناوکـە بـۆن خۆشـە لـە مـل دەکـەن. لەمـل دەکـەن و دەبـن بـە تۆپێـك لـە گـوڵ، ئـەو گوڵانـەی هـەر لـە -گـوڵ -ان دێ. ئـەو گوڵانـەی هـەر لەکیژە جوانـەکان دێ، کیژە جوانەکانی عاڵڵای، ئـەو کیژانـەی ئـاو لەسـەر بیـری حاجـی ڕەحمانـی دەبـەن. ئەوبیـرەی بوویتـە دوا بەنـدی هەمـوو (حەیـران) ان، حەیرانـی هەمـوو حەیـران بێـژان، حەیـران بێـژی هەمـوو گونـدان، ئـەو حەیـران بێژانـەی بەندیـان بـۆ نایـێ، دەنگیـان بـۆ هەڵنایـێ، ئەگـەر دوا بەنـدی حەیرانەکانیـان، نەهێننـەوە سـەر بیـری حاجـی ڕەحمانـی عاڵـڵای، حەیـران ! ئـەو

حەیرانانـەی کـە لـە هەمـوو دنیـا وێنەیـان نییـە ! حەیـران بـە شـیعرو ئـاوازەوە، بـە گـوتـن و ناوەڕۆکـەوە، لەهـەر دوو ناوچـەی کەندێنـاوەو قەراجـی، بـە تایبـەت لەگونـدی عالـڵای سـەری هەڵداوە، لەسـەر دەسـتی ئـەو هونەرمەندانـەی، ئەوانیـش بەشـی خۆیـان بەرەکەتیـان بەرکەوتـووە، بەرەکەتـی دیتنـی سـەمای شـای مـاران، مـاری نەمـر، مـاری ئاشـقە جـوان، مـاری عاشـقە ژن، ئـەو مـارەی شـەو نییـە نەچێتـە ژوانـی یەکێ لـە کچـە جوانەکانی عالڵای، ژنـە جوانەکانـی عالڵای، مـاری ئاشق ئاشقی لـە هەمـوو ئاشقان ئاشقتر! شەو نییە! لەنێـو بـاب وبرایـان، بـراو مێـردان دزە نـەکاو نەچێتـە سـەر جێـگای جوانێـك لـە کچـە جوانەکانـی عالـڵای، ژنێـك لـە ژنـە جوانەکانـی عالـڵای، لەنێـوان خوترمـەو خەنجـەرو تفەنـگ و دەمانچـان، بەنێـوان ئەڵقـەی پیـاوان، پیـاوە ئـازاو دەسـت راسـتەکانی عالـڵای، پیـاوە ئـازاو نیشـانە شـکێنەکانی عالـڵای، مـار. مـاری شـای مـاران، مـاری نەمـر، مـاری هەمیشـە زینـدوو مـاری هەمیشـە ئاشق ئاشقی کچـە جوانـەکان، ئاشـقی ژنـە جوانـەکان، تـا ئێسـتا کـەس و کـەس نەیتوانیـوە ڕێـی لـێ بگـرێ، ئـەو مـارەی لـە کەشیدەی حاجییـەکان ناگەڕێتـەوە، لـە مەندیلی مـەلاکان ناگەڕێتـەوە، لـە قورئـان، قورئانـی پیـرۆز ناگەڕێتـەوە، ئـەو قورئانـەی خـودا، خـودای بانـی سـەری، بـە دیـاری و بەتایبـەت بـۆ خۆشەویسـتی خـۆی نـاردووە، مـار مـاری ئاشـق، مـاری مـاری ئـازا، مـاری نەتـرس لەهیـچ... هیـچ شـتێك ناگەڕێتـەوە، خەڵکی عالڵای بـاب و بـراو مێردە ئازاکانـی کـچ و ژنـە جوانەکانـی عالـڵای، تائێسـتا دەیـان جـار، سـەدان جـار، مـار مـاری

عاشـق مـاری نەترسـیان بـەدارو تفەنـگ كوشـتووە ! كوشـتوویانەو سـەریان پـان كردووتـەوە، تـا ئێسـتا دەیـان جـارو سـەدان جـار پیـاوە ئازاكانـی عالـڵای بەدەسـتی خۆیـان، بەتفەنگـی خۆیـان، لەبـەر چاوی هەمـوو خەڵكی گونـدی، ئەو مارەیـان كووشـتوەو سـووتاندووە نـا شـتوویانە، ناشـتوویانە و لـە قووڵایـی بەژنـەك زەلام كێهـە زەلامـی زۆر كەڵەگەتـە خاكیـان بـۆ هەڵكەنـدووە، هەڵیانكەنـدووە و مـاری كوژراو و سـووتێنراویان تـێ هاویشـتووەو پەسـتوویانەتەوە. كەچـی مـار مـاری نەمـر، مـاری هەمیشـە زینـدوو، مـاری عاشـقە ژن، مـاری عاشـقە جـوان، ڕۆژی پاشـتر ئێـوارێ، لـە هەمـان كات چووتـەوە ژوانـی یەكێكـی تـر و لـە قـەدو بـاڵای یەكێكـی تـر لەگەردنـی جوانێكـی تـر ئـاڵاوە! ئـاڵاوە و سـنگ و گەردنـی ئـەو جوانـەی زۆر ئاشـقانە! زۆر گەنجانـە! بـۆن كـردووە و مـاچ كـردووەو لێسـتوەتەوە، لەبـەر چـاوی بـاوك و بـراو مێـردی كـچ و ژنـە جوانـەكان، خـۆی لەگەڵ سـنگ و گەردنـی ماشـووقەكەی كردووتـەوە یـەك. تـا خـۆی ویسـتوویەتی تـا خـۆی پێـی خـۆش بـووە، تـا خـۆی توانیویەتـی، لەكەمـەری باریـك و گەردنـی شووشـەیی كچـە جوانـەكان، ژنـە جوانـەكان، ئـاڵاوەو بۆنـی كـردوون. بۆنـی گەردنـی ئـەو جوانـە گیـان لەبـەر نەماوانـەی، كـەس، هیـچ كـەس ناتوانـێ لەدەسـت ئـەو مـارە ئاشـقەیان دەربێنـێ، ئـەو جوانـەی مـار وەكـو كوڕان وەكـو پیـاوان وەكـو زاوایـان، كەمـەری دەگوشـێ و گەردنـی مـاچ دەكا و زمـان.. زمانـی باریـك و دوو فلێقانـی خـۆش و خـۆش بەلێـو كوڵمـی كچـە جوانـەكان و ژنـە جوانـەكان دادێنـی..

مـار.. مـاری نەمـرو یەکسـەرە ئاشـق ! مـاری عاشـقی بـێ ماشـووق! جوانـە کـچ نەمـاوە، جوانـە ژن نەمـاوە، لـە کەندێنـاوەو قەراجـی، بەتایبـەت لـە گونـدی عالـڵای، نەچووبێتـە ژوانـی و خـۆی لـە کەمـەری نەئالاندبـێ، جوانـان کـە دەچنـە کەنگـران، کـوارگان، دومبەلانـان، مـار مـاری ئاشـقە جوان، مـاری ئاشـقە ژن، مـاری یەکسـەرە ئاشـق بەدوایانەوەیـە ! بەدوایانەوەیـە و دەیانپارێـزێ ! دەیانپارێزێ، وەك چۆن پیاو ژنـی خـۆی دەپارێزێ، کوڕ دەسگیرانی خـۆی دەپارێزێ، دەیانپارێـزێ و تائێستا ئـەو مـارە، ئـەو مـارە نەمـرو هەمیشـە ئاشـقە، لـە مـاچ زیاتـر، لـە ڕامووسـان زیاتـر ! لـە کەمـەر ئـالان زیاتـر ! ئـازاری هیـچ جوانێـك هیـچ ژنێکـی نـەداوە ! ئـەو مـارە لەبـەر خاتـری ژنـە جوانـەکان ژنـە جوانەکانیـان، لەبـەر خاتـری کچـە جوانـەکان، کچـە جوانەکانیـان ئـازاری هیـچ پیاوێـك هیـچ منداڵێـك، هیـچ زیندەوەرێکـی ئـەو ناوچەیەشـی نـەداوە. هەمیشـە ئاشـقانە چـاو نەترسانەو سـاغ و زینـدوو لـەو ناوچەیـە دەسووڕێنەوە، ئـەو مـارە بـەم عەشـقە گـەرم و بـەردەوام و گیـان پـڕ لەقوربانییـەوە، چووەتـە ناوچیرۆکـی خەڵکەکـەوە، چوەتـە نـاو ئەفسانەی خەڵکەکەوە، چووتـەوە نـاو شـیعرە فۆلکلـۆری و حەیرانـە خـۆش و بەتامەکانـی خەڵکەکـەوە، سـەرەتای زۆر چیـرۆکان، کرۆکـی زۆر چیـرۆکان، بەمـار دەسـت پێـدەکات و لەسـەر مـار دەگـەڕێ وبەماریـش کۆتایـی دێ، (لـۆم برینـە شـای مـاران)[١٣]* سـەربەندو دوابەنـدی زۆر بەنـدی دوورو درێـژە، بەسـەرهاتە دڵدارییـەکان، بەسـەرهاتە کۆمەڵایەتیـەکان، بەسـەرهاتە ئاینییـەکان، بەسـەرهاتە نەتەوەییـەکان، هـەر هەموویـان لـە

مار بەدوور نین، ماری عاشق، ماری نەمر ماری شای ماران.

خەڵکەکە دەڵێن: ئەو مارە، ئەو مارە نەمرو عاشقە ! ئەو مارە عاشق و نەترسە. هەر ئەو مارە بەهەشتییە کە لە بەهەشت، گەنمی دەرخواردێ دایە حەوا دا دەڵێن: ئەو مارە ئاشقی دایە ببوو دیاریی عەشقی بۆ هێنا، دیاری گەنم، ئەو گەنمەی، تا ئەو دەم دایە تامی نەکردبوو، نەیخواردبوو، ئەو گەنمەی لەهەموو خواردنەکانی تری بەهەشت خۆشترو بە تامتر بوو، ئەو گەنمە بوو کە دایە حەوا.. باوە ئادەم هەموو خواردنە خۆش وخۆشییە خۆشەکانی تری نێو بەهەشتیان بەتامی خۆشی ئەو گەنمە گۆڕییەوە. ئەو گەنمەی دیاریی مار بوو، ماری باپیرە گەورەی ماری عاشق! ماری هەمیشە زیندوو. ئێستا ئەو مارە بەو زیندووییە هەمیشەییەی، بەو ئامادەییە هەمیشەییەی، بووە بەئەندامێك لەنێو ئەو خەڵکە، لەبن ساپیتەی مزگەوتی، لەسەر ڕەوسەی گەنمی، لەناو کادینی کایێ لەناو سەرشۆرکی ژنان لەسەر قەبران، لەناو تەپوتۆزی ئاشی، لەهەر جێگایەك دووکەس، سێ کەس، چوار کەس، پێکەوە کۆببنەوە، ئەگەر شین بێ شینی ئازیزان مار ماری زیندوو ماری نێو خەڵك لەسەر سواندەی خانووان کەپکە دەکاو غەمگینانە سەیری شینگێڕەکان دەکات. ئەگەر شایی بێ، شایی کچ و کوڕە جوانەکان، ژن و پیاو دەست بگرن و فیقەی زوڕناو دەنگی دەهۆڵ بێ، ئەگەر ژنە جوانەکان بچنە شای، کچە جوانەکان بچنە شایی، مار ماری ئاشق ماری نێو خەڵك، بەخۆی ناوەستێ و دەچێتە بەردەم

دۆڵەنگێوی دەچێتە بەردەم زوڕناژەنیێ، بەرامبەر بەکچە جوانەکان، بەرامبەر بە ژنە جوانەکان لەنێوەندی شایی هەڵدەستێتەوە سەر کلکان و لەگەڵ ئاوازی دەهۆڵ و زوڕنا، لەگەڵ ئاوازی شایی، دەکەوێتە سەما. سەمای شلك و نەرم، سەمای شای ماران، سەمای عاشقان. مار ماری نێو خەڵك ئەویش بۆخۆی وەکو خەڵکەکە دنیایەك هونەر دەزانیێ، هونەری عەشق، هونەری سەماییێ، هونەری چوونە ژوانیێ، هونەری هەمیشە زیندوویی.

ئێستا لە هەردوو ناوچەی کەندێناوەو قەراجی، لەکن تەواوی خەڵکی گوندی عاڵلای، مار ماری عاشق بووە بەواقعێکی تاڵ و ڕۆژانە لە گەڵیان دەژی. شەو تا سبەینیێ، ماڵەو ماڵ و ژوانەو ژوان و جوانەو جوان دەگەڕیێ، دەگەڕیێ و کچە جوانەکان، ژنە جوانەکان ڕۆژ بە ڕۆژ لەترسی مار، ماری عاشقی یەکسەرە ڕەنگیان زەرد دەبیێ و لاواز دەبن و پتر دەبنیسێن. کچە جوانەکان، ژنە جوانەکان هەر هێندە جوانن، تا مار ماری عاشق ماری نەمر ماری بیێ شەرم پێی نەزانیون ـ. کوڕە عاشقەکان، پیاوە ژن جوانەکان ئەوانیش لە خەمی دەستگیرانەکانیان، لە خەمی ژنە جوانەکانیان، وەکو کچە جوانەکان، وەکو ژنە جوانەکان ڕەنگ زەرد و لاواز دەبن. پیاوەکان دەڵێن : لەوەتەی ئەو مارە پەیدا بووە کەسمان بەتەواوی خاوەنی ژنی خۆی نییە، ژنەکان دەڵێن: لەوەتەی ئەو مارە پەیدا بووە هەموومان هەریەکەو دوو مێردمان هەیە. مێردی یەکەممان، پیاوە بەوەفاکانن، ئەو پیاوانەی باڵ بەسەر ژن و منداڵەکانیان دادێنن. مێردی دووەممان مارە. ماری

نەترس، ماری بێ شەرم، ماری هەمیشە زیندوو. ئەو کچە جوان و ڕەنگ زەردانە ئەو ژنە جوان و ڕەنگ زەردانە، ئەو پیاوە بە وەفاو ڕەنگ زەردانە، خەڵکی ئەو گوندانەن، گوندە زۆرەکانی کەندێناوە و قەراجی، بەتایبەت خەڵکی گوندی عالّڵای، عالّڵای شای هەموو گوندان، گوندی لە هەموو گوندان گوندتر.

هەر کەسێکی بیگری، چ ژن، چ پیاو . لە خەڵکی گوندەکان، گوندە زۆرەکانی کەندێناوە و قەراجی، هەر یەکێکی بیگری لە کارێکدا هونەرمەندە! هونەری کار، هونەری ژیان هونەری سادە، ئەو هونەرانەی بەهەموویان ژیان پێك دێنن. بەڵام خەڵکی عالّڵای، عالّڵای پایتەختی هەموو گوندان، ئەوان هەر هەموویان هونەرێکیان هەیە ! لە هەموو هونەران جیایە ! هونەرێکە تایبەتە بە خۆیان، هونەرێکە هەر هەموویان تییدا وەستان هەموویان تێیدا هاوبەشن، ئەو هونەرە هونەرێکە لەدەرەوەی هەموو هونەران، ئەو هونەرە، هونەری تایبەتی عالّلاییەکانە ئەو هونەرە.... (هونەری جوێن)ە[١٤] جوێنی جوێن!

عالّلاییەکان... ژنیان پیاویان، ڕیش سپییان سەر سپییان، حاجییان مەلایان، سەیدیان ئاغایان هەر هەموویان لە جوێندانی وەستان!! هونەرمەندن !! ئەو هێزەی عالّلاییەکان، ئەو وەختەی عالّلاییەکان لە هونەری جوێندانیان خەرج کردووە، لەهیچ هونەرێکی تریان خەرج نەکردووە، عالّلاییەکان ئەو عالّلاییە نەخوێندەوار و بێ سەوادانە، لە جوێنداندا، هەموو هونەرەکانی زمانیان تێدا بەکار بردووە، هەموو هونەرەکانی کورتبێژی و

روونبێژییـان تێدا بـەكار بـردووە، ئـەو جوێنـەی عاڵڵاییـیەكان پێكـی دەدەن، ئـەو جوێنـەی عاڵڵاییـیەكان بەخەڵكـی دەدەن، ئەگـەر ئـەو جووێنانـە، جوێنـی عاڵڵاییـیەكان نەبـێ، هـەر كەسـێكی تـر ئـەم جوێنانـەی لـە زاری بێتـە دەرێ و بـە یەكێكـی تـری بـدا، بـێ شـك هـەر جوێنـی چەندیـن مەیتـی لـێ دەكەوێتـەوە، ئـەو جوێنانـە، ئەگـەر جوێنـی پـڕ لەخۆشەویسـتی و هونـەری قۆشـمەی عاڵڵاییـیەكان نەبـێ، هەرجوێنـەی چەندیـن بەرەبـاب تێكبـەردەدا. ئـەوان تەنیـا جوێـن بەیەكتـر نـادەن ! جوێـن بـە مـەڕدارو جووتیـاری گوندەكانـی تـر نـادەن، جوێـن بـە ئاغـای گوندیـش دەدەن، ئـا: ئاغـای گونـدی، ئـەو ئاغایـەی دەتوانـێ، زەلام، زەلامـی سـپ و سـاغ، بـێ ئـەوەی هیـچ تاوانێكـی كردبـێ، لـە عـەردی بچێنـێ ! ئـەوان جوێـن : كام جوێنـی كـورت و تیـژە، كام جوێنـی كـەس نـەی گوتـووە، كـەس ناتوانـێ بیڵـێ ! كـەس بەخەیاڵیـدا نەهاتـووە ! ئـەوان لـە نێـو دیوەخانـێ لـە كاتـی فـوو لـە چـرا كردنـێ، بەدەم كڵاش ڕاوەشاندنەوە بۆ شانو ملی ئاغا ئـەو جوێنانـە بـە ئاغـای دەدەن. ئاغـای گـەورە ! ئەگـەر یـەك یـەك جوێـن بەیەكتـرو بـە خەڵكـی تـر دەدەن، بـەڵام، ئاغـا ئـەو ئاغایـەی كـەس ناتوانـێ بـە رۆژی ڕوونـاك (گا)چـاو سـوربووەكەی لەسـەر رەوسـەی گەنمـی دەربكات ! بەشـەو : شـەوی تاریك لەنێو دیوەخانـی خـۆی، لەبـەر چـاوی خـۆیء پیـاوە دەسـت بـە تفەنگەكانـی خـۆی، هەموویـان تێكـڕاو یـەك ئـاواز زۆر بـە هونەرمەندانـە، جوێنبارانـی دەكـەن، نـەك هـەر بەتەنیـا ئاغـا، بەڵكـە (حكومـەت !!!) حكومەتـی گـەورەو گـران، حكومەتـی خـاوەن زۆرو لەشـكر، حكومەتـی خـاوەن

زینـــدان، حکومەتـــی خـــاوەن سـێدارە، حکومەتـــی حوکمـــەت !! لـــە پۆلیس سواریەوە تا دەگاتە مودیری ناحیە ! لە مودیری ناحیەوە تـا دەگاتـە قایمقـام ! لـە قایمقامـەوە تـا دەگاتـە موتەسـەریف ! لـە موتەسـەریفەوە تـا دەگاتـە سـەرۆك وەزیـران. لـە سـەرۆك وەزیرانـەوە دەگاتـە پادشـای وڵات هـەر هەموویـان، کـەس و کەسیان لـە جوێنـی عاڵڵاییـیـەکان، لـە جوێنـــی پـــڕ هونـــەری عـاڵڵاییـیـەکان ڕزگاریـان نابێـت !

دەگێڕنـەوە: پیرەمێردەکان لـە سێبەری مزگەوتێ دامەیـان دەکـرد، گەنجـەکان لەسـەر سـەکۆی جوێنیـان پێـك دەدا.

عەریـف سـەلیم یەکـەم جاری بـوو دەهاتـە گـوندی عـاڵڵای هێشـتا لـە ئەسـپەکەی دانەبەزیبـوو بانگـی کـرد، ئـا : کـوڕە ئـەو ئەسـپەم بـەرن ئـاوی دەن و لەسـەر ئاخـوڕی پـڕ ئالیکـی ببەسـتنەوە.

یەکێ لەگەنجەکان گوتی : ئەو دایك بەدووکەوتووە کێیە ؟

گەنجـەکان: پیـرەکان، ئـەو پیرانـەی دامەیـان دەکـرد، ئـەو گەنجانـەی جوێنیـان پێـك دەدا، هـەر هەموویـان بـە دەنـگ پێکەنیـن. عەریـف سـەلیم، هێشـتا هـەر جڵـەوی ئەسـپەکەی بەدەسـتەوە بـوو، دیـار بـوو چـاك لـە جوێنـی گەنجەکـە نەگەیشـتبوو گوتـی:

بۆچ ڕاوەستاون سەگ باوکینە !؟

گەنجەکـەی کـە یەکـەم جـار جوێنـی پێدا بەهێمنـی و لەسـەرخۆ گوتـی :

- کوڕی دایك بەدووکەوتی ئەوە چ تڕەتڕتە ؟!

عەریـف سـەلیم قـەت وەڵامـی ئاوهـای بـە خەیاڵدا نەدەهات، ئـەو

لەهەر گوندێك دابەزیبا سێ سێ و چوار چوار جڵەوی ئەسپیان لێ وەردەگرت، کەچی ئەوە لێرە نەك هەر جڵەوی ئەسپەکەی لێ وەرناگرن، بەڵکە جوێنیشی پێ دەدەن، بە هاڕاندنەوە گوتی:

- ئەوە سەگ باوك جوێن بە من دەدەیت، نازانی من نوێنەری حکومەتم ؟!

گەنجەکە دیسان بێ خۆ شێلووکردن لەسەرخۆ گوتی :

- جا حکومەت کێیە ؟ ئێمە زۆر جار حکومەتمان گاوە و خۆشمان بسمیل نەکردووە ؟!

عەریف سەلیم دەمی کەفی دەکردو دەستی دەلەرزی داردەستەکەی بەرز کردەوە لە کوڕە چووە پێش، لەپشتڕا پیرێك دەستی گرت و گوتی :

- خۆت کەر مەکە، عەریف سەلیم ! سوحبەتە سوحبەت !!

عەریف سەلیم قیافەی خۆی چاك کردەوەو گوتی :

- کوڕە ئەوە جوێن بەمن دەدا، واتە جوێن بە حکومەت دەدا ! تۆ دەزانی ئەوە چ کفرێکە ؟!

پیرە گوتی :

- تۆ دۆخینی خۆت توند بگرە، تا لێیان نەپساندووی، خەمی حکومەتت نەبێ، حکومەت دەرپی نییە!! عەریف سەلیم گوتی :

- ئەوە دەڵێی چی ؟ پیاو هەیە دەست بۆ دۆخینی من ببات ؟!

کوڕە گەنجەکە گوتی :

- جا حەز دەکەیت عەریف سەلیم لە دەلینگتڕا بۆت تێدێخم

!! لەوکاتـەدا گەنجێکی تـر سواری ئەسپەکە بـوو دایـە بـەر تەقـلان.
عەریف سەلیم گوتی :
- ئـەوە ئەسپی حکومـەت بۆ کێ دەبەی، هـەی دزی لـە بابێ دز ؟! پیـاوە پیرەکـە، کـە هێشـتا پیلـی عەریـف سـەلیمی گرتبـوو گوتـی :
- خۆت تێك مەدە پیاو ! دەیبا دایکتی لێ چاك دەکا !
عەریـف سـەلیم تـا ئێسـتا کـەس جوێنـی وای پـێ نەدابـوو، بەتایبەت لەوەتەی پیلی لـە بەرگی حکومـەت هەڵکێشاوە، گوتی:
- ئـەوە تـۆش جوێـن بەدایکـم دەدەی، هـەی دایکـی هەمووتـان بگێـم.
پیرە هەر زوو گوتی :
- دەی. دەی تـۆ بەتەنیـا دایکـی هەموومانـت گا، ئێمـەش هەموومـان پێکـەوە دایکـی تـۆ دەگێیـن !
عەریـف سـەلیم وا تووشـی سـەدمە ببـوو، سـەری لـێ شـێوابوو، نەیدەزانـی چ بـکا، ڕووی لەهـەر لایـەك دەکـرد بەجوێـن وەڵامیـان دەدایـەوە، گـەرووی پـڕ گریـان ببـوو، نەیدەزانـی چـۆن بەرگـری لەخۆی و لـە حکومەتەکەی بکات ! بەتووڕەیی و دەنگی نووساوەوە گوتـی:
وەڵاهی شکات لـە هەمووتـان دەکـەم، سـەرتان لـە گـۆڕی باوکتان دەنێـم، لـە بەندیخانەتـان دەپەسـتم، هەڵتـان دەواسـم، بەمردوویـی دەتانگێـم.
پیرە گوتی :

- جاریَ وەرە با ئێمە بەزیندوویی ئێمە تۆ بگێین ! دوایی نۆرەی حکومەتت دادیَ ! ئەوسا تۆ چیت لە دەست دێت بیکە.

گەنجێك لە نێو گەنجەکان هەر زوو گوتی :

- بیبەینە ماڵی کیَ تا بیگێین ؟!

عەریف سەلیم بەگریانەوە، دەم بەکەفەوە جوێنی دەداو کەس لە قسەکانی نەدەگەیشت.

یەکیَ لە پیرەکان کە هێشتا بەردی دامەی لەنێو دەستدا بوو گوتی:

- ئەوە حکومەت بۆچی دەگرییَ ؟!

ئەو پیرەی کە پیلی عەریف سەلیمی گرتبوو هاتە وەڵام و گوتی :

ئەوە ئەو گەنجانە دەیانەویَ بیبەن سواری بن !

پیرە وەڵامی دایەوە و گوتی :

-جاریَ نیوەڕۆیە، نانێکی دەرخوارد دەن، پاش تێر خواردنیَ تێرگێی بکەن.

عەریف سەلیم هەر جوێنی دەداو دەمی کەفی دەکردو دەگریا، خۆی دەپچڕییەوە،

پیرە گوتی :

خۆت تێك مەدە، ئەوە هەر تەنیا بۆ تۆ وانییە ! هەرکەس بێتە ئەو گوندەی دەبیَ سواری ببین، خەمت نەبێت کەس بیَ سواربوون و گایین لەم گوندە نەچوویتە دەرەوە.

عەریف سەلیم گوتی :

- کـەس ناتوانـێ. کـەس ناتوانـێ، مـن عەریـف سـەلیمم. عەریـف سـەلیم.

گەنجەکەی یەکەم جار گوتی:

- جەنابی عەریف سەلیم ئەگەر خۆشت پێت خۆش نەبێ، ئەوا ئێمە تۆبزی گێت دەکەین.

- پیرە دەستی گرت و بەدوای خۆیدا ڕایکێشا، عەریف سەلیم بەترسـەوە وا نـاو قـەدی خـۆی گرتبـوو وای دەزانـی هـەر ئێسـتا دۆخینـی دەپسێنن.

- پیرە گوتی:

- عەریف سەلیم مەترسە : کەس بەسواربوونێ نەمردووە !

عەریـف سـەلیم درۆ و ڕاسـتی لـێ تێکـەڵ ببـوو، ئـەو نانـەی لەماڵی پیرەی خوارد، ئەو ئالیکەی لەپێش ئەسپەکەی ڕووکرابوو، زۆرجیابـوو لەگـەڵ پێشـوازیی پێش مزگـەوت. لێـی تێـك چـوو بـوو نەیدەزانـی چ کەسـەو بۆچـی هاتـووە ؟ لـە کوێنـدەرە ؟ کـە سـواری ئەسـپەکەیان کـرد، هیـچ ئـاگای لەخـۆی نەبـوو، وڕێنـەی دەکـردو دەیگـوت:

-دایکتان دەگێم : باوکتان دەگێم : دایکتان... باوکتان.!!

ئەسـپەکەی، ئـەو ئەسـپەی لـە عەریـف سـەلیم شـارەزاتر بـوو، ڕێـگای کەنداڵـە قەلـی گرتـە بـەر وبـەرەو (دیبەگـە) مەرکـەزی ناحیـە پشـتی لەگونـدی عاڵـڵای کـرد. عەریـف سـەلیمیش لێـی تێکچووبـوو، نەیدەزانـی، چ کەسـەو بۆچـی هاتـووە و لـە کوێنـدەرە؟!

عاڵڵاییـیـەکان بەیانییـان کـە لەخەوهەڵدەسـتان، بەجوێنـەوە ڕۆژ

باشییان لێك دەكرد. شەو كە دەخەوتن بەجوێنەوە شەو باشییان لێك دەكرد. بۆ ئەوان ناخۆشترین ڕۆژ ئەو ڕۆژە بوو كە یەكێ جوێنی بێ نەدابوون، ئەوان جوێنیان بەیەكێك نەدابوو كە جوانترین كچیان شووی دەكرد. كە ئازاترین كوڕیان ژنی دەهێنا، كە خۆشەویستترین كەسیان كۆچی دەكرد، ئەوان بەجوێنەوە پیرۆزباییان لێك دەكرد، بەجوێنەوە سەرەخۆشییان لێك دەكرد.

سەرەتای هەموو كارێكیان بەجوێن دەستی پێ دەكرد، كۆتایی هەموو كارێكیشیان هەر بەجوێن كۆتایی دەهات، شوان بەیانیان كە مێگەلی ڕادەدا، جووتیار بەیانیان كەهێستری بار دەكرد، مەلا مەلای گوندی ئەگەر بەیانیان یەكێك لەنوێژ دوا كەوتبا، بەجوێن هەڕەشەی لێ دەكرد. ئێستا عالڵاییەكان فەرهەنگێكی دەولەمەندی جوێندانیان هەیە، جوێندانێك هەر هەمووی هونەرە، فەرهەنگێك فەرهەنگی جوێنی هیچ نەتەوەیەك هێندە دەولەمەندو پڕ هونەر و گەرم و لەكار نەبووە، هەركەسێك ڕێی كەوتبایە گوندی عالڵای، جا هەر كەسێك بوایە! ناسیاو. نەناس. ڕێبوار. غەریب لەجوێنی عالڵاییەكان ڕزگاری نەدەبوو، زۆر كەس لە عالڵاییەكان فێرە جوێن بوون و ئێستا بەدنیادا بڵاو بوونەتەوە و وەك نوێنەری عالڵاییەكان، خەریكن فەرهەنگی جوێن بڵاو دەكەنەوە.

مامۆستا (محەمەد عەرەب) چووە پۆلی قوتابخانە وقوتابییەكان وەك پیشەی هەمیشەیی خۆیان لەبەر مامۆستا هەلسانە سەرپێ، مامۆستا بۆ ئەوەی قوتابییەكان دانیشێنتەوە گوتی: ((دانیشە

داچت بجێم!!)) قوتابییەکان ئەو قوتابییانەی چاویان لەنێو جوێن تروکاندووە، هەر زوو تێکڕا گوتیان ((مامۆستا ئێمەش دایکی تۆ بگێین!!))

مام محەمەد ((محەمەد فەڕاش)) ئەو مام محەمەدەی دەتگوت بەفەڕاشی لەدایك بووە! ئەو تەنیا فەڕاش نەبووە، مامۆستا بوو، بەڕێوەبەر بوو، باوکی هەموو قوتابییەکان بوو، یەکەم جار بوو لەنێو قوتابخانە گوێی لەجوێن دەبوو، جوێنیش لەنێو پۆل. ئەو لەنێو مزگەوت، مزگەوت ماڵی خودای، لەنێو دیوەخان، دیوەخانی ماڵی ئاغای، لەسەر سەکۆی جوێنی زۆری بیستبوو، جوێنی زۆری دابوو، زۆری جوێن پێدرابوو، بەڵام قەت وقەت، لەو هەموو ساڵە فەڕاشییەی، لە کەسی نەبیستبوو لەنێو قوتابخانە جوێن پێك بدەن، جا قوتابییەکان بن، یان مامۆستاکان. بۆیێ زۆر بەسەرسوڕمانەوە دەرگای پۆلی کردەوە، بۆ ئەوەی بزانێ چی بووە، چی ڕوویداوە؟

مامۆستا محەمەد عەرەب هەر زوو پەنای بۆ مام محەمەد فەڕاش هێنا، لەکاتێکدا قوتابییەکان پێدەکەنین و جوێنیان دەدا، مامۆستا محەمەد عەرەب گوتی: ((عەمی محەمەد داچت بجێم شنو، ئانی مائەعرف؟)) مام محەمەد فەڕاشی دنیا دیتە هەر زوو تێگەیشت و دەستی مامۆستای عەرەبی گرت و ڕایکێشایە دەرەوەو گوتی ((ئوستاد ئەدری ئەنتە ماتەعرف دایکت بگێم شنهو، بەس ئانی زێن ئەعرف —داچت بجێم— یەعنی شنهوو؟!))

پاش ئەوەی مام محەمەدی فەڕاش، مامۆستای عەرەبی ورد و باریك لە مەسەلەکە گەیاند، مامۆستا محەمەد گریان و پێکەنینی تێکەڵ بوو، گوتی: ((وەڵڵاە زێن داچت بجێم!!))

مامۆستا محەمەد عەرەب، یەکەم عەرەب بوو دەهاتە گوندی عالڵای و خەڵك لێی نەدەترسان و هەریەکەم عەرەبیش بوو کە ڕۆیشتەوە خەڵك چاویان لەدووی بوو. ئەو مامۆستایە لە عەرەبستانەوە هاتبوو، ئەو عەرەبستانەی کە عالڵاییەکان نەیاندیبوو تەنیا ئەوانە نەبێ کەخودا سەفەری حەجی بەنسیب کردبوون، ئەوان نەیاندەزانی عەرەبستان لەکوێیە ؟ هەر ئەوان دەیانگوت: ((عەرەبستان لەسەر لێواری دەریایە)) ئەو مامۆستا محەمەد عەرەبە دواجار وا تێکەڵی عالڵاییەکان ببوو، ببووە یەکێك لە عالڵاییەکان، کە جوێنی دەدا، جوێنی عالڵاییانە : ئەگەر ڕەنگ وڕووت نەدیبا، قەت بەخەیاڵت دانەدەهات،ئەوەی ئەو جوێنانە دەدا، ئەوەی هەموو هونەرێکی جوێندان فێربووە، جوێندانی عالڵاییان عەرەبە ! ئەویش تەواو ڕەوشتی عالڵاییەکانی هەڵگرتبوو، ڕۆژێ ئەگەر جوێنی پێ نەدرابا، ڕۆژێ ئەگەر جوێنی بەکەسێ نەدابا، شەو خەوی لێ نەدەکەوت.

مامۆستا محەمەد عەرەب جوێندان وا تێکەڵی خوێنی ببوو، کە ڕۆیشتەوە، چۆوە بۆ عەرەبستان، ئەو عەرەبستانەی یەکجار دوورە، بەردەوام نامەی بۆ عالڵاییەکان دەنارد، پێت وایە چی دەنووسی ؟ ئەو سەرەتای نامەکەی بەجوێن دەست پێ دەکرد، کۆتاییەکەشی هەر بەجوێن دەهێنا! لە نامەیەکیدا کە بۆ یەکێ

لـە عـاڵڵایەکانـی ناردبـوو، ئـەو عـاڵڵاییيانـەی فێرە جوێنیـان کردبـوو. لـە سـەرەتای نامەکـەدا نووسـیبووی ((دایکـی هەمووتـان بگێـم!!)) پاشان نامەیەکی دوورو درێژ و پڕ لەخۆشەویستی بۆ یەکەیەکەی عاڵڵاییيـەکان نووسـیبوو.

لـە وەڵامـدا، کابرای عاڵڵایی، ئەویش لەسەرەتای نامەکە بۆی دەنووسـێتەوە ((ئێمـەش هـەر هەمووممـان دایکـی تـۆ دەگێیـن!!)) کابرای عاڵڵایی لەبیریشی نەکردبوو ئەو تێبینییەی بۆ نووسیبوو گوتبـووی : ((ئوسـتاد تـۆ بەتەنیـا ناتوانـی دایکـی هەمووممـان بگێـی ! بـەڵام، ئێمـە هەمووممـان هەریەکـە و دەتوانیـن چەنـد جـار دایکـی تـۆ بگێیـن !! شـلۆنەك زێـن ئوسـتاد؟!))

لە نامەیەکی تردا مامۆستا محەمەد لەیادی گوندی عاڵڵایی و عاڵڵاییيـەکان نووسـیبووی : ((مـن خۆشـترین شـوێن کـە تائێسـتا تێیدا ژیابم گوندی عاڵڵای بووە، چاکترین خەڵکێك کە تا ئێستا لەگەڵیانـدا ژیابـم عاڵڵاییيـەکان بـوون، خۆشـترین رۆژانـی ژیانیشـم ئـەو رۆژانـە بـوون، کـە لەگـەڵ عاڵڵاییيـەکان جوێنمـان پێـك دەدا.))

جوێنی عاڵڵاییيـەکان جوێـن نەبـوون. وشـە و دەسـتەواژەو ڕسـتەی خۆشەویسـتی بـوون. بەئـاوازی خۆشـەوە، بـەزاری بەپێکەنینـەوە، بەدڵی پاکەوە لێك ڕاست دەهاتـن، لێك ڕاست دەهاتـن و بەدەست لـە ملی یەکتر کردنی برایانە، ئەو جوێنە کورت و پڕ لـە هونەرانەیان لـە زار هەڵـدەوەرا. جوێنێـك. جوێنـی ڕق و کینـە نەبـوو، جوێنـی شـەڕ نەبـوو، جوێنـی خۆشـی و جوانـی بـوو، ئـەوان جوێنەکانیـان تـەواو بەپێچەوانـەی ماناکانیـان بـوو، هـەر بۆیـێ، پلکـە (حەنیـف)

زۆر جـار دەیگـوت : ((ئەگـەر كـردەوەی كـوڕە عالّلاییيـەكان وەك جوێنەكانیـان بوایـە، هیـچ دایكێكـی عالّلایـی نەیدەتوانـی لنـگ لـە دەرپێـی هەڵكێشـێتەوە )) ئـەوان جوێنەكانیـان جوێنـی خۆشەویسـتی و پاكـیء برایەتـی بـوو، جوێنـی جوانـی بـوو، جوانـی وەكـو ئـەو تفەنگـە بـێ فیشـەك و باقەنەجمەیـەی كـە هەرتەنیـا بـۆ جوانـی لـە نێـو مـاڵ هەڵدەواسـرێ وا بـوو. ئـەوان توانیبوەیـان، بەهونـەری جوێـن، ژیانـی خۆیـان زۆر خۆشـتر بكـەن، نێوانـی خۆیـان زۆر ڕێكتـر بكـەن، ئەگـەر دووكەسـی عالّلایـی لەسـەر هـەر شـتێك دڵیـان لەیەكتـر هێشـابا،ئەوا عالّلایـی سـێیەم، دەهـات و بـەدوو جوێنـی مـزر ئاشـتی دەكردنـەوە.

ئـەو هونەرمەندانـە، هونەرمەندانـی جوێـن، خەڵكـی گونـدی عالّـلان، عالّـلای پایتەختـی هەمـوو گونـدان.

عالّـلای یەكەمیـن گونـد، گونـدی ئاوەدانكـراوەی پێـش هەمووگونـدان گونـدی هەمـوو دنیایـێ، عالّـلا گونـدی ناوەڕاسـتی هەمـوو گونـدان.

# ١٧

لـە هـەردوو ناوچـەی کەندێنـاوە و قەراجـی، وەرزەکانـی سـاڵ، هـەر چـوار وەرزی سـاڵ هەریەکـەو جوانیـی خـۆی هەیـە: هەریەکـەو بەرەکەتـی خـۆی هەیـە : هەریەکـەو کاری خـۆی هەیـە، هەریەکـە و پیرۆزیـی خـۆی هەیـە! بـەڵام، ئـەوە هەیـە وەرزی زسـتان و هاویـن زۆر لـە ڕۆژانـی پایـزو بەهـار دەخـۆن.

هاوینـی ئـەو سـاڵە، کـە دروێنـەی جـۆ تـەواو ببـوو، دروێنـەی گەنـم تـازە دەسـتی پێکردبـوو، چەنـد هەژارێکـی بێـکار و چەنـد پیرەمێردێـك لـە سـێبەری مزگەوتـی عاڵلایـی، خەریکـی دامـەی بێـکاری بـوون. لەپـڕ دەنگـی وەسـتانی جێبێـك چـاوی هەمووانـی بەسـەر خۆیـدا کۆکـردەوە ! جێبەکـە سـێ کەسـی بیانـی و پیاوێکـی میریـی تێـدا بـوو، پێویسـتییان بەکرێکارێـك بـوو بەردەسـتییان بـکات،

لـە پیاوەکانـی بـەر سـێبەری مزگەوتـێ تەنیـا (ئەحمـەدی ئـاوێ) هەسـتابۆوە سـەر پێیـان، بۆیـێ هـەر زوو یەکـێ لـە بیانییـەکان پەنجەی بۆ درێژ کردوو گوتـی :(یـوو) ئەحمـەدی ئـاوێ چونکە پێشـتر لـە کۆمپانیـای نـەوت لـە (کەرکوك) کاری کردبـوو، (یـەس و نۆ)یەکـی ئینگلیـزی دەزانـی، بـەڵام ئـەو پیاوێـك بـوو، زوو خـۆی ئاشـکرا نەدەکـرد.

بەبێدەنگـی بەدوایـان کـەوت و مـاوەی دوو مانـگ، دوو مانگـی تـەواو ئـەو ئاقـارەی لەگەڵدا پیـوان.

پاشان ئەحمەدی ئاوێ دەگێڕتەوە :

- ئـەوان دوو پیـاو و کچێك ! چاکتـر وایـە بڵێم: دوو پیـاو و ژنێك. بـوون. کارەکـەی مـن لەگـەڵ ئـەوان تەنیـا ئـەوە بـوو کـە (سـێپێك)و قەپێلکـی دووربینەکەیـان بۆ هەڵگرم، وەختـێ بە پێ لەشـوێنێکەوە بۆ شـوێنێکی تـر دەیانگوێزتـەوە. ئـەوان وایـان لـە مـن گەیانـد کەبـەرزی و نزمـی وپانـی و فراوانیـی ئـەو ناوچەیـە دەپیـون. هەرگیـز لەبارەی کاری ڕاسـتەقینەی خۆیـان وشـەیەکیان بەمـن نەدەگـوت. ڕۆژانـە لـە سـەعات (نـۆ)ی بەیانییـەوە دەهاتـن و دەسـتمان بـەکار دەکـرد. هـەر زوو لـەو ئاقـارە جێگایەکیـان دەستنیشـان دەکـرد و سـێپێکەکەیان لـێ دادەمەزرانـد و بەچەندیـن شـێوەو چەندیـن دووربینیـان دەگـۆڕی. هەرجارەی کە لەپشکنین و گەڕانەکەیان دەگەیشتنە ئەنجام، یەکێ لەپیـاوەکان کـە نـاوی (جۆنـەر) بـوو، بەدڵخۆشییەکی دیـارو ئاوازێکی سـەیر دەیگـوت : ((ڤێری... ئیسـەر..!! ئەنـدەر یـور فیـت، ژێـر لایـز ئـەن ئۆشـیەن، ژی ئۆشـیەن ئـەڤ ئۆیـل))[١٥] لەهـەر شـوێنێك جۆنـەر

ئەمــەی گوتبــا، ئــەم شــوێنەیان دەستنیشــان دەکــرد و دەســتەیەکی تــر دەهاتــن و بیرێکیــان لــێ هەڵدەکەنــدو بیــر تــەواو دەبــوو، تاقــی دەکرایــەوە، ئەوسا دادەخراو ژمارەیەکی تایبەتی بۆ دادەندرا.[١٦] کە جاری دووەم، جۆنــەر بەهەمــان ئــاوازو بەهەمــان دڵخۆشــییەوە گوتــی: ((ڤێــری. ئیســەر !! ئەنــدەر یــور فیــت، ژێــر لایــز ئــەن ئۆشــیەن، ژی ئۆشــیەن ئــەڤ ئۆیــل)) ڕستەیەکی تریشی زیــاد کــردو گوتــی: ((زیــز ڕاســکالز ئــار فــۆر چنــت ئینــەف))[١٧] ئــەم دڵخۆشــییەی جۆنــەرو ئــەم ڕســتانە لــەزۆر شــوێن دووبــارە بوونــەوە، لەگــەڵ هــەر دووبارەبوونەوەیەکــدا ژمارەیەکــی تــازەی بیــرەکان زیــادی دەکــرد، لــەم مــاوەی ئــەم دوو مانگــەدا، تــەواوی گوندەکانــی کەندێنــاوەی، تــەواوی ئاقــاری گوندەکانــی کەندێنــاوەی، دۆڵ بــە دۆڵ، گــرد بەگردمــان پێــوا، ئێســتا ژمارەیەکــی زۆر بیــر، بیــری هەڵکەنــدراو، هەڵکەنــدراوی داخــراو، بیــرە نــەوت بەدرێــژی و پانــی کەندێناوەیــدا بــڵاو بوونەتــەوە، لــە تەنیشــت هــەر بیرێــك شــوێن پێــی جۆنــەر دیــارەو ئــاوازی ڕســتەکانی دەنــگ دەداتــەوە ((فێــری. ئیســەر ئەنــدەر یــور فیــت، ژێرلایــز ئــەن ئۆشــیەن، زی ئۆشــیەن ئــەڤ ئۆیــل)). ((زیــز ڕاسکالز ئــار فــۆر چنــت ئینــەف )). ئەحمــەدی ئــاوێ تەنیــا پیــاوی عاڵــڵای بــوو تــا ئــەو دەم زۆرتریــن (زمــان)ی بیانــی دەزانــی، عەرەبــی تورکــی ئەرمەنــی ئینگلیــزی، ئــەو زمانزانییەشــی هــۆی ئەوەبــوو، ســاڵانێکی زۆر لەگــەڵ (کۆمپانیــای نــەوت) کاری کردبــوو زۆر شــاران گەڕابــوو. ئەحمــەدی ئــاوێ دوژمنــی بابەکوشــتەی (دەوڵەمەنــدان) بــوو، بەتایبــەت ئــەو دەوڵەمەندانــەی لەســەر حســابی

ئارەقەی خوێناوی خەڵکانی تر باخەڵیان پڕ دەکەن، زۆر جار دەیگوت ((ئەگەر بچیتە ماڵی دەوڵەمەندێك و خواردنێکی خۆشیان هەبێ، زۆری بخۆی دەڵێن :. نەیدیوە خورێنە. ئەگەر کەمی بخۆی دەڵێن : نەیدیوە بڕی پێ ناشکێ ))

ئەو ئەحمەدی ئاوێیە دەگێڕتەوە: نیوەڕۆیان کە جۆنەر و ڤێری و ئیسەر – لەژێر خەیمە سەفەریەکە سێکوچکەیان دەبەست و لەنێوان جانتاکانیان قوتی خڕ خڕو پان پانیان دەردێناو بەکلیل سەریان لوول دەدا و هەڵدەپچڕی و ڕوویان دەکردە نێو تاوەیەکی ستیل و لەسەر ئاگری ئەو کەستەکانە گەرمیان دەکردەوە کە ڤێریلەو ئاقارە دەیهێناو بەچەرخ دایدەگیرساند، کەستەك کەستەکی ئاقاری دادەگیرساو وەکو مۆم ئاگری دەگرت، ئاگری دەگرت و چا و خواردنیان لەسەر ئاگری ئەم کەستەکانە گەرم دەکردەوە، قوتییە بەتاڵەکانیان بۆ لای من هەڵدەدا، زۆرجار بەدزییەوە، نانە ڕەقەی خۆم لەو کەمە چەورییە وەردەدا کە لە بنی قوتییەکان بەجێ دەما. کە نانیان دەخوارد هەریەکەو لەژێر خەیمەیەکی تایبەت بە پانتۆڵی شۆرتەوە ڕادەکشا. ڤێری بەتەنیا ڤێری کەدەچووە ژێر خەیمەکە ئەو شۆرتەشی دادەکەندو خۆی ڕووت دەکردەوە، ڕووت وەکو بەردە ژنێ، ئەو بەردە ژنەی لەئاقاری بای لێدەدا، هەر ڕۆژی یەکەم، کە ژنە خۆی ڕووت کردەوە، خۆی ڕووت کردەوەو هەڵمی ڕووتیی لەشولاری ژنە بەرز بووەوە، کەبۆنی ژن، ژنی ڕووت ئەو ناوەی گرتەوە، مار ماری ئاشقە ژن، ماری ئاشقە جوان، ماری بێ ترس، ماری بێ شەرم، ماری هەمیشە زیندوو

لـەویٚ پەیدا بـوو، کـەس نازانـیٚ: چ زوو و چۆن وا زوو لـە کەمـەری ژنـە ئـاڵا! ژنـەی ڕووت، ژنـەی غەریـب. ژنـە. ژنـەی نوسـتوو، ژنـەی نووسـتووی سـامگرتی بەئـاگا هـات، مـار. مـاری ئاشـقە ژن، مـاری ئاشـقە جوان، مـاری ئاشـقە هـەوەس ئاڵابـووە کەمـەری و سـەری خسـتبووە سـەر هـەردوو مەمکـی و زەق زەق سـەیری ئێمـەی دەکـرد و کلکـی هێنابـووەوە نێـو گەڵـی !

جۆنـەر هـەر زوو بانگـی کـرد ((ئـای وۆتـس زس؟!)) منیـش وەڵامـم دایەوە(نـۆت دێنجـەڕس!!) .

پـاش ماوەیـەك مـار. مـاری ئاشـقە ژن، خـۆی لـە کەمـەری ڤێری شل کـردەوەو خشییە خوارەوە، هەر زوو جۆنـەرو ئیسـەر ڤێرییان لەباوەش گـرت و کەوتنـە دڵدانـەوەی. لە ورۆژەوە، دۆستایەتی – یان راستتر خۆشەویستی – نێوان ڤێری و مـار سـەری هەڵداوە ! هەمـوو نیوەڕۆیـیٚ کـە ڤێری لەژێر خەیمەکـەی خـۆی ڕووت دەکـردەوە، مـار. مـاری ئاشـقە ژن، مـاری ئاشـقە هـەوەس، مـاری هەمیشـە زینـدوو پەیـدا دەبـوو، پەیـدا دەبـوو و لەسـنگ و کەمـەری ڤێـری دەئـاڵا و کوڵـم و گـەردنی بـۆن دەکـردو دەلێسـتەوە، لەماوەیەکـی کەمـدا ڤێـری و مـار وا ئاشـنای یەکتـر ببـوون، وەك شـوان و کارە کۆرپـە بـەدوای یەکدا هەڵدەهاتـن. مـار مـاری کەندێنـاوەو قەراجی، دەتگـوت فێـری زمانـی ڤێری بـووە، ڤێری هەرچی لـیٚ خواسـتبا، مـار وای دەکـرد. هەڵدەسـتایەوە سـەر کلـکان سـەمای دەکـرد، دەهەژایـەوە، بـە بەژنـی هەڵدەگـەڕا، زۆر جـار کـە ڤێـری شـەبقە پانەکـەی لەسـەر دەنـاو بەپانتۆڵـە شـۆرتەکەی چـاوی دەخسـتە سـەر چـاوی دووربینـەکان،

مــار. مــاری ئاشــقە ژن، مــاری ئاشــقە جــوان خــۆی لەپێچکــەی سـێپێکەکە دەئاڵانـدو هـەوراز هەڵدەکشـا، هەنـدێ جـار ڤێـری خـۆی لـێ تـوورە دەکـرد، مـار دەچـوو لەژێـر سـێبەری خەیمەکـە کەپکـەی دەکردو بەچاوە زەقەکانـی ئاشقانە لـە ڤێری ڕەدامـا، نێوانـی ڤێری و مارەکـە گەیشـتبووە ڕادەیـەك، دواجـار کـە بارگەیـان تێکنـا و هەمـوو کەرسـتەکانیان لـە جێبەکـە بـار کـرد، ڤێـری بانگـی مارەکـەی کـرد.

مــار. مــاری عاشــق، مــاری ئاشــقە ژن، مــاری ئاشــقە جــوان، بەنەرمـی خشـی و سـەر جێبەکـە کـەوت. جێب ڕوو لـە کەرکوك لەنێو تـۆزدا بـزر بـوو. ئەحمـەدی ئـاوێ دەگێڕیتـەوە دەلـێ : پێـم وابـوو مـار. مـاری نەمـر مـاری ئاشـق ئاشـقە جـوان، بـۆ هەتـا هەتایـێ ڕۆیشت و جارێکی تـر ڕێی ناکەوێتەوە کەندێناوە و گونـدی عاڵـڵای ! کەچی شـەو ڕاکشا دیسان بـوو بـە زاق و زیـق، مـار. مـاری نەمـر، مـاری ئاشـقە ژن، مـاری هەمیشـە زینـدوو چووەتـە سـەر جێـگای جوانێکـی تـر و لەکەمـەری ژنێکـی تـر ئـاڵاوە، ئـەو ژنـە جوانانـەی، ئـەو کچـە جوانانـەی شـەو لەترسی مـار خەویـان لـێ ناکـەوێ، کچـە جوانـەکان و ژنـە جوانەکانـی گونـدی عاڵـڵای، عاڵـڵای پایتەختـی هەمـوو گونـدان.

## ١٨

بەهاری کەندێناوەو قەراجی، بەهاری چیای بڵباسان، بەهاری گوندی عالْلای، بەهارێکی تایبەتە ! بەهارێکی تەمەن کورتە، بەڵام ئەم بەهارە تەمەن کورتە، هەموو جوانییەکانی بەهاری لەخۆیدا کۆکردووتەوە. کە بەهار دادێ، هەر دۆڵێك، هەر ئاقارێك، هەر ملە شاخێك، هەر بن بەردێك پڕ دەبێ پڕاوپڕ لە گوڵ لە کوریکە لە حاجیلە لە بەیبوون. لەگوڵ و کورییەکەی ڕەنگاوڕەنگ، ڕەنگاو ڕەنگ و پڕ بۆن، بۆنی نەرم و توند، توندوتیژ، ئەو گوڵ و کوریکە ڕەنگاو ڕەنگ ووردیلانە ! قانە وقان و باوەشە وباوەش و دەستە دەستە ئەو دەشت و ئەو کێو ئەو ئاقارە پڕ دەکات، لەگوڵ و حاجیلە وردو بۆندارەکان، بەم ڕەنگ و شێوەیە، بۆن وجوانییەك بەسەر ناوچەکەدا دێنن: جوانییەکی

ئەفسووناوی، جوانییەکی ئەفسانەیی؛ جوانییەك هەر لە کەندێناوەو چیای بلّباسان دەوەشێتەوە، هەر لەگوندی عالّلای دەوەشێتەوە، لەو بەهارە تەمەن کورتە، لەو بەهارە پڕاوپڕ لە (گوڵ و حاجیلە) یە[١٨]، کچە جوانەکانی عالّلای، ژنە جوانەکانی عالّلای لەو گوڵ و کوریکانە، لەو بەیبوون و حاجیلانە، خەناوکەی گوڵی دەچنن و کڵاوی گوڵ لەسەر دەنێنن، باوەشیان پڕ دەکەن لەگوڵ. ئەو خەناوکەو کڵاوەو باوەشە گوڵە، تەنیا لەکچە جوانەکانی عالّلای دێ، تەنیا لەژنە جوانەکانی عالّلای دێ.

هەر گوڵێك لەو گوڵانەی ئاقاری کەندێناوە و گوندی عالّلای چیرۆکی تایبەت بەخۆی هەیە، چیرۆکی پیرۆزی، چیرۆکی ئەفسانەیی، چیرۆکی واقیعی، کە بەهار دادێ، خەڵکی کەندێناوەو قەراجی، خەڵکی گوندی عالّلای بەو ئاقارە پڕلە گوڵ و پڕ لەنهێنییەدا دەگەڕێن، ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن، لە کەسیشیان قبووڵ نییە! گومان لە باوەڕیان بکات. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن ودەڵێن، هەر سەد ساڵ جارێك، هەر سەد بەهار جارێك ! خودا. خودای بانی سەری،خودا ئەو خودایەی هەموو زانستان دەزانێ، لەهەموو زانستان زانایە، زانایەك زانای هەموو زانایان، خودا ئەو خودایەی دەسەڵاتی بەسەر هەموو کارێك دا دەشکێ، ئەو کارەی لە چ عەقڵاندا نییە ! خودا خودای فریشتە دڵپاك و نەرم و حەلیمەکان، ئەو فریشتانەی هەرگیز بەبێ ئەمری خودای خۆیان هیچ کارێك ناکەن، ئەو خودایە هەر سەد ساڵ بەهارێك چوار فریشتە لەو فریشتە دەست و دڵپاکانە ڕادەسپێرێ،

ئەوانیش. ئەو فریشتانەی هەموو گوڵەکان دەناسن، هەموو ئەو گوڵانەی خودا ڕەنگی پێداون! خودا بۆنی پێداون؛ قانێك لەو گوڵە کێوییانە، لەو گوڵە هەڵبژاردانە، لەو گوڵە بەهەشتییانە، دێنن و لەسەر پشتی چیای بڵباسان، ئەو چیایەی بەرد ڕەق، ڕەق و لووس. لەبەر دەستی خودا دادەنێن، ئەو خودایەی هەموو زانیارییەکان دەزانێ؛ ئەو زانیارییانەی ئێمە دەیزانین و نایانزانین. ئەو خودایەی هەموو جوانییەکان دەناسێ، ئەو جوانییانەی ئێمە دەیانناسین و نایانناسین، ئەو خودایەی ئەو هەموو هونەرە دەزانێ، ئەو هونەرانەی ئێمە دەیانزانین و نایانزانین. ئەو خودایە مەزنە، بەو هەموو هونەر وزانینەوە، زۆر بەجوانی لەسەر پشتی چیای بڵباسان ئەو چیا بەردە ڕەق و لووسە، بەو گوڵە کێویلانە، بەو گوڵە هەڵبژاردانە، بەو گوڵە بەهەشتییانە، نەخشێك دەنەخشێنێ، لەجوانیدا تا ئێستا هیچ دەستێك، دەستی هیچ هونەرمەندێك نەخشی وا جوانی نە نەخشاندبێ، نەخشێك نەخشی دەستی خودابێ. هیچ چاوێك. چاوی هیچ غەیب بینێك نەخشی وا جوانی نەدیبێ!

خەڵکەکە دەڵێن: باری تەعالان بەو دەستە پیرۆزانەی خۆی لەو گوڵە جوانانە، ناوی پیرۆزی خۆی بەزمانی کوردی، بەپیتی کوردی، بەڕێنووسی کوردی لەسەر ئەو چیایەی، لەسەر ئەو چیا بەردو ڕەقە: ئەو بەردە ڕەق و لووسە، بەو گوڵە جوان و هەڵبژاردانە ئەو گوڵە ڕەنگاو ڕەنگ و پڕ بۆن و توند و تیژانە ڕێك و جوان جوان و ئاشکرا دەنووسێ، دەنووسێ دەنەخشێنێ.

ئـەو خەڵکـە دەلێـن :. نابـێ کـەس گومـان لـە بینیـن و باوەڕمـان بـکات. ئێمـە باپیرانمـان، باپیـرە پیـرۆزە لەمێژینەکانمـان، بەچـاوی خۆیـان، ئـەو قانـە گوڵانـە، ئـەو گوڵـە نەخشـاوانە، ئـەو نەخشـی نـاوی پیـرۆزی خودایـان بـە زمانـی کـوردی و بـە ڕێنوسـی کـوردی، بـەڕۆژی ڕوونـاك لەسـەر پشـتی چیـای بلْباسـان زیاتـر لەجارێـك دیـوە، دیـوە و خوێندویانەتـەوە.

ئـەوان دەڵێـن: نابـێ کـەس گومـان لـە خوێندنـەوە بینینمـان بـکات. ئێمـە باپیرانمـان نـاوی پیـرۆزی خودایـان، بەکـوردی خوێندووتـەوە، ئـەو نـاوە پیـرۆزە بەزمانـی کـوردی، بەڕێنووسـی کـوردی، بـەو گوڵـە جـوان و کێوییانـە، بـەو گوڵـە هەڵبـژاردەو بەهەشـتییانە، بـەو گوڵـە ڕەنگا و ڕەنـگ و بـۆن خۆشـانە ڕێك و ڕەوان نەخشـاوەو نووسـراوە !!

ئـەوان دەڵێـن: نابـێ کـەس گومـان لـە کـوردی نووسـینی خـودا بـکات ؛ چمـا ئـەو خودایـە، خـودای بانـی سـەری کـوردی نازانـێ ؟: دەیزانـێ. دەیزانـێ و لەمـن و لەتۆشـی چاکتـر دەزانـێ، خـودا ئـەو خودایـەی بانـی سـەری، نـەك هـەر بەتەنیـا کـوردی، بەڵکـە هەمـوو زمانێـك، زمانـی هەمـوو مرۆڤێـك. نـەك تەنیـا زمانـی مـرۆڤ. خـودا زمانـی هەمـوو بەسـتەزمانێك دەزانـی، خـودا زمانـی دار و درەخـت و بـەردو ئـاو، خـودا. خـودای بانـی سـەر، زمانـی بـێ زمانانیـش دەزانـێ، خـودا هەمـوو ئـەم زمانانـە بەنووسـین و خوێندنـەوە، بەگوێگرتـن و ئاخاوتنـەوە لەخاوەن زمانـەکان چاکتـر دەزانـێ دەزانـێ. چـۆن نایزانـێ، خـودا. خودایـە !!

خەڵکەکـە لەسـەر ئـەو بـاوەڕەن، لەکەسیشـیان قبـوول نییـە: گومـان

بخاتە سەر باوەڕیان. ئەوان دەڵێن :. ئەو گوڵە کێویلانە، ئەو گوڵە کێوی و هەڵبژاردانە، ئەو گوڵانەی کە خودا. خودای بانی سەر، بەدەستی پیرۆزی خۆی، ناوی پیرۆزی خۆی، بەزمانی پیرۆزی کوردی، بەڕێنووسی پیرۆزی کوردی، بەپیتی پیرۆزی کوردی، زۆر پیرۆز و هونەرمەندانە نەخشاندووە، ئەو گوڵانە، ئەو گوڵانەی کە هەر سەد ساڵ جارێك، ناوی پیرۆزی خودا، بەزمانی پیرۆزی کوردی، لەسەر پشتی پیرۆزی چیای بڵباسان، ئەو چیای و ها بەردو ڕەق، ڕەق و لووس دەپشکوون و ناوی پیرۆزی خودا، خودای بانی سەر دەنەخشێنن، ئەو گوڵانە: ئەو گوڵە پیرۆزو کێوییانە، ئەو گوڵە و پیرۆزو هەڵبژاردانە، ئەو گوڵە و بەهەشتییانە، بەدەرمان دەشێن. دەرمانێك مردوو. مردووی حەوت ساڵان، لەنێو گۆڕ – گۆڕی سارد و سڕ ڕاست دەکاتەوە، ئەوان دەڵێن: ئەو دەرمانە، دەرمانی ئەو گوڵانە، بەردەستی هەر کەسێ بکەوێ، ئەو کەسە (نەمریی!) بەدەست دێنێ، نەمرییەك لە (ئاوی حەیاتێ) ئەو ئاوەی (خدری زیندە) لێی خواردۆتەوە، لەو ئاوە بەهێزتر و لە(گیای نەمریی) ئەو گیایەی گلگامش دۆزی یەوە، دۆزییەوەو مار، ماری هەمیشە زیندوو لێی دزی، لێی دزی و بۆ خۆی خواردی. لەو گیایەش بەهێزترە. ئەوان دەڵێن: ئەو کەسەی ئەو دەرمانە، دەرمانی ئەو گوڵانەی بەردەست کەوێ خودا. خودای بانی سەر..دنیا. دنیاو قیامەتی دەداتێ. ئەو کەسە دەتوانێ لە هەموو زمانان بگات، بەهەموو زمانان بدوێ، بدوێ و هەتاهەتایێ نەمربێ!! نەمر بێ و بەهەشتی بێت.

خەڵکە کە دەڵێن. کەبەهاردادێ، بەهاری کەندێناوەو قەراجی، بەهاری گوندی عاڵلای، کەگوڵ وحاجیلە و بەیبوونەکان دەم دەکەنەوە، کە بۆنە خۆش و تیژو نەرم و توندەکانیان تێکەڵ بای بەهارێ دەبن. مار. ماری نەمر، ماری هەمیشە زیندوو، ماری ئاشقە جوان، ماری ئاشقە گوڵ، ماری ئاشقە ژن، لەنێو ئەم بەهارەدا، لەنێو ئەم ناوچە فراوانەدا، لەنێو ئەم قانە گوڵە ڕەنگاوڕەنگانەدا، دەگەڕێ، دەگەڕێ و گوڵە جوانەکان، گوڵە دەرمانەکان، گوڵە پڕ نهێنییەکان دەناسێ و مار. ماری ئاشقە ژیان، ماری ئاشقە ژن، ماری ئاشقە جوان، ماری ئاشقە گوڵ، لەو گوڵانە دەخوات کە خوێنی تازە دێننەوە نێو دەمارەکانی، کە نەخۆشییەکانی دەپەڕێنن، ئەو نەخۆشییانەی کە لەهێزو تواناو جوولەی گیانلەبەرەکان کەم دەکەنەوە. مار. ماری گوڵناس لەنێو ئەم بەهارە بێ سەروبنە، لەنێو ئەم گوڵە بێ ژمارانە، لەنێو ئەم گوڵە پڕ نهێنییانە، کام گوڵ پڕ دەرمانە، کام گوڵی پڕ هێزە، لەو گوڵانە هەڵدەبژێرێ، ئەو گوڵانەی کە هیچ مرۆڤێك دەستی ناکەوێ، هیچ مرۆڤێك نایناسێ، کە بەهار دادێ مار، ماری ئاشقە ژیان، ماری ئاشقە گوڵ، ماری گوڵناس گیانێکی تازەی دەکرێتەوە بە بەردا. ژیانێکی ڕێك و ڕاست نەمرییە! نەمرییەك بە هۆی ئەو گوڵە ڕەنگاو ڕەنگ و بۆن خۆشانەی هەڵبژاردەی زاتی خودان! لە سەر ئەو چیای بلباسان، لە سەر ئەو چیا ڕەق و لوسە! لەو بەهارە تەمەن کورت و پڕ لە گوڵە .. مار ماری گولناس گوڵناس گیانێکی تازەی دەکرێتەوە بە بەردا.

## ١٩

خەڵکی کەندێناوەو قەراجی، بەتایبەتی خەڵکی گوندی عالڵای، لەوەتەی هەن پشتاوپشت، نەوە بەنەوە، بەدوای ئەو گوڵانە، بەدوای ئەو دەرمانە، ئەو هەمموو زانینە، ئەو هەمموو نهێنییە، ئەو هەمموو نەمرییەدا دەگەڕێن.

ئەوان :. هەر تەنیا خودا. خودای بانی سەر بۆخۆی دەزانێ، لەپێناو بەدەستهێنانی ئەو نەمرییە، ئەو هەمموو زمانزانییە، لەپێناو بەدەست هێنانی ئەو گوڵە پیرۆزانە، شەڕی چەند پاشایان کردووە ؟ ئەو پاشا هیچ لەبارانە بووانەی لەدووری دوورەوە، لە هەر چوار کەنارەوە دەهاتن، دەهاتن و لێرە لەو زەوییانە، ئەو زەوییانەی لە ڕۆژگاری باوە ئادەمەوە، لەو ڕۆژگارەی باوە ئادەم کە یەکەمین ماڵی مرۆڤی لێرە دانا. لەوێ ڕۆژێوە، ئەو زەوییانە دەکێڵدرێن و

دەکێڵدرێنەوە، ئەو زەوییانەش نانی خەڵکی دەدەن، بژێوی خەڵکی دەدەن، لێرە لەسەر ئەو زەوییانە، ئەو زەوییە بەپیت و پیرۆزانە، شەڕی زۆر، شەڕی زۆر و بێ ژمار، شەڕی گرانیان کردووە، ئەو پاشا هیچ لەبارانەبووانەی لەهەر لایەکەوە هاتبن، لەگەڵ هەر پاشای وڵاتێکدا بەشەڕ هاتبن، شکابن. سەرکەوتبن، بێ بەزەییانە، زاڵمانە، وێرانکارانە، ئەو گوندانەیان وێران کردووە، ئەو گوندە جوانانە، لەو خەڵکەیان کوشتووە، ئەو خەڵکە بێ وەی و عاشق بە ژیانە، ئەو خەڵکەی کەندێناوە و قەراجی، ئەو خەڵکەی گوندی عاڵڵای، عاڵڵای شای هەموو گوندان. گوندی لە هەموو گوندان گوندترە.

## ٢٠

زستانی کەندێناوە و قەراجی، زستانی گوندی عاڵڵای، زستانێکی تایبەتە. لێرە زستانیش وەکو هاوین لە بەشی بەهارو پاییز دەخوا، بۆیە زستانی کەندێناوەو عاڵڵای زستانێکی دوورو درێژە، هەر بەهۆی ئەو دوورو درێژی و تایبەتمەندییەوە، وەرزەکانی تری ساڵ، هەموویان چاویان لەدەستی زستانە : زستانە سەوزایی بەگیاو درەختەکانی بەهار دەبەخشێ، زستانە ڕەنگە جوان و بۆنە خۆشەکان بەگوڵ و کوریکەو بەیبوون و حاجیلەکانی بەهار دەبەخشێ، زستانە ڕەوسەی گەنم وچاڵەجۆ و لەودەی کا لەهاوین بەجووتیارەکان دەبەخشێ، زستانە تەڕو ناسکی و شیرینی و مزری و ترشی و مێخۆشی بەمێوە خۆشەکانی پاییز دەبەخشێ، زستانە ئاو بەژێر زەوی و رووبارەکان و دەریاکان دەبەخشێ، زستانە گیان

بە گیاندارەکان و نرخ بە بێ گیانەکان دەبەخشێ، بەکورتی زستان گیان بە ژیان دەبەخشێ، ژیان بە ژیان دەبەخشێ.

زستان لەکن عالّلاییەکان دایکی بەخشندەی هەموو وەرزەکانە. عالّلاییەکان. گەوارەو باران و بەفر و سەرمای زستان بەڕەنگێکی تر و بەمانایەکی تر و بەپیرۆزییەکی تر دەبینن. عالّلاییەکان هەور و گەوارە و برووسکی زستان چاك دەناسن، ئەوان لەنێو رۆژەکانی زستاندا. ڕەنگ و شێوەو خێروبێری وەرزەکانی تر دەبینن. زانیارییەکانی ئەوان لەسەر جوولەی باو گەرمیی خۆرو ڕەنگی گەوارەکان، زانیارییەکی تاقیکراوەیە، ئەوان دەزانن چ هەورێك دەبارێ، چ رۆژێك دەبارێ، چ رۆژێك نابارێ، چ هەورێك نابارێ، ئەوان بارانی هەموو جۆرو هەورەکان دەناسن، ئەوان سەرمای هەموو ڕۆژەکان دەناسن. ئەوان بۆ هەر ڕۆژو هەفتەیەکی زستان حسابێکی وردیان هەیە، ئەوان هێندە بەدەمارو خوێنەوە لەگەڵ زستاندا دەژین، دەیان و سەدان چیرۆك و پەند و بەسەرهاتی سەیرو سەیر لەبارەی رۆژو هەفتەو مانگەکانی زستانەوە دەزانن، کە دەڵێن: (زستان لۆ رۆژەکیش بێ زستانیی خۆی هەر دەکات) یانی زستان ناڕوات، ئەگەر زستانیی خۆی واتە سەرماو شەختەو بەفری خۆی پیشان نەدا، ئەوان دەزانن چی دەڵێن. ئەوان هەورەکان چاك دەناسن، ئەو هەورانەی بەئاسمانەوە، کە دەڵێن: (هەور ڕۆیی لۆ بادینێ، خۆ هەرکوتە لۆ کادینێ) ئەوا ئەو هەورەی روو بکاتە بادینان بێ شك دەبارێ. تۆش بۆئەوەی خۆت لەو بارانە بپارێزی دەبێ بگەڕێیتەوە نێو ماڵ و بەر ئاگردانی

خۆت. وەختێ دەڵێن: (هەور رۆیی لۆ شارەزوور خۆ هەرکوتە لۆ ڕێگای دوور) تۆ دەتوانی کارو ژیانی خۆت لەسەر ئەو گۆتەو بەندانە دامەزرێنی، ئەو بەندو گۆتەیەی عاڵڵاییەکان، تۆ دەتوانی لەزستان تەمەشای شێوەو جوولەی هەورەکان بکەی و لەخوێندنەوەی شێوە و جولەیان، لەشیکردنەوەی شێوەو جوولەیان، لە شیکردنەوەی گۆتەو بەندی عاڵڵاییەکان داهاتووی خۆت ببینی، داهاتووی دوور و نزیك هەریەکێکیان بگری لە عاڵڵاییەکان، لە جووتیارەکانی کەندێناوە و قەراجی، لەپیرە پیاو و پیرە ژنەکان، لە شوان و سەپان و گاوانەکان، هەر هەموویان، هەوا ناس و هەور ناس و زستان ناسێکن، کە تۆ دەتوانی لەهەموو ڕۆژەکانی ساڵ، هەموو ڕۆژەکانی زستان پرسیان پێ بکەی و پشتیان پێ ببەستی.

## ٢١

هەور. ئەو هەورەی بارانی پێیە، ئەو هەورەی لە بارانیَ ئاوسە، ئەو هەورەی زگی لە عەردی ناوە، ئەو هەورەی بارانی پەڵەی پێیە، ئەو هەورەی بارانی سەر بەکڵاوەیە، ئەو هەورانەی بەگرم و هۆڕ و بەشریخە و برووسکن، لەو هەورانە، لەو هەورانەی لەسەر دەریاکانەوە دێن، لەسەر چیاکانەوە دێن، دێن ولەسەر چیای بڵباسان، لەسەر ناوچەی کەندێناوە و قەراجی لەسەر ئاقارو گوندی عالڵای یەکتر دەگرن، یەکتر دەگرن و هێواش هێواش نەرم نەرم لەزەوی نزیك دەبنەوەو لووتکەی بێژنگ بەسەری بزر دەکەن، چیای بڵباسان بزر دەکەن. دارە بزماران بزر دەکەن، بزریان دەکەن و هێندە لەزەوی نزیك دەکەونەوە، هەروەکان. هەورە پڕ بەفر و بارانەکان دەگەنە حوکمی گۆپاڵی شوانەکان، دەگەنە حوکمی

داری گاوانەکان، ئەو هەورە بەگرمە گرم و گەوارانە، ئەو هەورە بە شریق وهۆڕو برووسك و باسکانە، دنیای لەبنە خۆ دەگرن، کەندێناوەوە قەراجی لەبنە خۆ دەگرن، گوندی عاڵڵای لەبنە خۆ دەگرن، گاوان گاڕانی دێنێتەوە گوندی، شوان مێگەلی دێنێتەوە گوندی، ڕێبوار قۆناغی دێنێتەوە گوندی، مریشکەکان دەچنەوە کۆڵیتیێ، چۆلەکەکان دەچنەوە بن سواندان، سەگەکان دەخزنە کادینیێ، مەلا دەکەوێتە دووعا خوێندنیێ، حاجی دەکەوێتە دووعا خوێندنیێ، پیرەژن دەست دەکەن بەپاڕانەوە، منداڵە ساواکان بەترسەوە، خۆ لەبن باڵی گەورەکان دەکوتن، ترس و تاریکی ناوچەکە پڕ دەکەن لەدڵەڕاوکێ، پڕ دەکەن لە ترس. گەوارەکان لێك دەگێڕنەوە، برووسکەکان لێك وەردەگرنەوە، باران دڵۆپ دڵۆپ، دڵۆپی گەورە، گەورەو پڕ ئاو تۆز لە عەردی بەرز دەکەنەوە، گەوارەکان دەرگا دارینەکان دەهەژێننەوە، ڕووناکیی برووسکەکان لەدەرگاو کلاوڕۆژنەکان دێنە ژوورەوە، دەنگی گەوارەکان دڵی خەڵکی پڕ دەکەن لەبێدەنگی، پڕ دەکەن لە ترس! مەلا بەردەوام دەپاڕێتەوە، حاجی بەردەوام دەپاڕێتەوە، پیرەژنەکان بەگریانەوە دووعای بۆ دەکەن، منداڵەکان بەترسەوە لاسایی گەورەکان دەکەنەوە، پشکە بارانەکان زۆرتر دەبن، گەورەتر دەبن، بانەکان دەنگی گەوارەکان دێننە ژوورەوە، باران دەست پێ دەکات، باران درێژە دەکێشێ، باران بەردەوام دەبێ (خوایە بێ ئافاتی کەی) (خوایە بەخێری وەگێڕێ) (خوایە لە غەزەبی خۆتمان بپارێزی) دووعاو پاڕانەوەی خەڵکەکە بەردەوام دەبێ، منداڵەکان لەترسان

بەبرسیییەتییەوە خەویان لێ دەکەوێ، باران بەردەوام دەبێ.

هەر ساڵەی چەند جار، هەر زستانەی چەند جار، ئاوا هەورەکان لە دوورەوە دێن، لەرۆژهەڵاتەوە لەسەر دەریاکان، لەڕۆژئاواوە لەسەر دەریاکان، لە باکوورەوە لەسەر چیاکان، لە باشوورەوە لەسەر سەحراکان، دێن و ئەو هەورانە یەکتر دەگرن، یەکتر دەگرن و ناوچەکە لەژێر باڵ دەگرن، ئەو هەورە پڕ بارانانە، ئەو هەورە یەکگرتووانەی سێ شەو و سێ رۆژ یەك بێن دەبارن، بارانێك ئاو لەبن بەردانەوە هەڵدەقوڵێن، کانییە مردووەکان دەژێنەوە، جۆگەلەکان پڕ ئاو دەبن، دۆڵەکان پڕ ئاو دەبن، ئاوەکان لەچیای بڵباسانەوە سەرەو ژێر دەبن و دەرژێنە کەندی کەندێناوێ، ئاوەکان لەزوورگێ. زوورگە زراوی سەرەو ژێر دەبن و دەڕژێنە کەندی کەندێناوێ،ئەو کەندەی کەس نازانێ سەری لەکوێوە هەڵدەبێ، کەس نازانێ بنی لەکوێوە دەکوژێتەوە، ئەو کەندەی ڕۆژگارێك ڕووبار بوو، ڕووباری دەریا ئاسا.

کەندی کەندێناوەی، هەموو چاوگەکانی لەو خانەیەدا یەك دەگرنەوە، هەموو ئاوەکان لەو کەندەی یەك دەگرنەوە، ئەو کەندەی بەشی زۆری ساڵ وشك و بێ ئاوە، کەند ئەو کەندەی زستانان لە ڕۆژئاوا پڕ دەبێ لەئاو، لێواو لێو دەبێ لەئاو، ئاوی تووڕەو توند، ئاوی لێڵ و سوور، ئاوی بەلرمە لرم و هاشە هاش؛ توند و تیژ، تووڕەو توند شەپۆلان دەکا و سەرەوژێر دەبتەوە، شەپۆلان دەکا و دەنووڕێنی، دەنووڕێنی و هەرچی بکەوێتە پێش شێتانە ڕایدەپێچی.

جووتیارەکان، کە دەنگی کەند دەبیسن، کە شەپۆلی کەند دەبینن، ترس.. ترسی ئاوێ، ترسی ئاوی تووڕە، ترسی کەند، کەندی بێ بەزەیی دایاندەگرێ.

مەلاو پیرەمێرەدکان، حاجی و ڕیش سپییەکان، نوێژ دادەبەستن، نوێژی نیشتنەوەی ئاوێ، نوێژی ساردبوونەوەی کەند، کەندی تووڕەو توند، هەژارەکان مریشك دەکوژنەوە، مریشکی قوربانی، مەڕدارەکان بەردیل دەکوژنەوە، بەردیلی قوربانی، دەوڵەمەندەکان گۆلك دەکوژنەوە، گۆلکی قوربانی خوێنی قوربانییەکان تێکەڵی شەپۆلی کەند دەبێ، شەپۆلی کەند، لەو دەمەیدا مەلاو ڕیش سپی و حاجییەکان دەپاڕێنەوە، لەو دەمەیدا ژنەکان بەگریانەوە دووعایێ دەکەن، لەو دەمەیدا منداڵەکان بە چاولێکەری و ترسەوە دەپاڕێنەوە و دەگریین، لەو دەمەیدا قەسابەکان کێرد دەنێنە ملی کوشتییەکان. ڕێك لەو دەمەیدا مار. ماری هەمیشە زیندوو، ماری ئاشقە ژیان، ماری ئاشقە ژن، پەیدا دەبێ. پەیدا دەبێ و جلیتان دەکا، جلیتان دەکا و کلك لەخوێنی قوربانییەکان وەردەدا و دەفیشقێنێ، دەفیشقێنێ دەنگی دنیا پڕ دەکا. دنیای پڕ دەکا و هەرچی ماری بن بەردان هەیە، هەرچی ماری سەر عەردان هەیە، هەرچی ماری بن سواندان هەیە، هەرچی ماری کەلەنە شاخان هەیە، هەر هەموویان یەك جێ یەك دەم بەدوو دەنگی شای مارانەوە دێن ! دێن. دێن و لەدەوری شای ماران کۆدەبنەوە، کۆبوونەوەی نوێژکەر لەدەوری مەلای، کۆبوونەوەی سەرباز لەدەوری ئەفسەر، کۆبوونەوەی دەروێش لەدەوری شێخ،

مـار مـاری هەمیشـە زینـدوو مـاری نەتـرس مـاری ئاشـقە ژیـان، مـاری عاشق، مـاری هەمیشـە ئامادە، مـاری شـای مـاران.. یـەك یـەك مـارەكان بەسـەر دەكاتـەوە، یـەك یەكیـان دەژمێری پاشـان مـار، مـاری شـای مـاران، هەڵدەستێتەوە سـەر كلكان ! مـاران مـاری لەبـن عەردانـەوە هاتـوو، مـاری لەبـن بەردانـەوە هاتـوو، ئەوانیـش لـەدوای شـای مـاران هەڵدەسـتنەوە سـەر كلـكان، هەڵدەسـتنەوە سـەر كلـكان و سـەمای مـاران دەسـت پێدەكات. ئـەو سـەمایەیی هـەر لەمـاران دێ، سـەمای سـەر ئـاوێ، سـەمای سـەر شـەپۆلان.

هـەر ساڵەی زسـتانان، هـەر زسـتانەی چەنـد جارێك، بـاران ئـاوا دادەبارێ، ئـاوی بارانـێ، لەچیـای بڵباسانەوە شـۆڕ دەبێتـەوە، لەجۆگە جیـا جیاكانـەوە سـەرەوژێر دەبێتـەوە، سـەرەوژێر دەبێتـەوە و دەڕژێتـە كەنـدی كەندێنـاوێ، ئـاوی بارانـێ لـە زوورگـی زوورگـەزراوی شـۆڕ دەبێتـەوە، لەجۆگـە جیـا جیاكانـەوە سـەرەوژێر دەبێتـەوە، سـەرەوژێر دەبێتـەوە و دەڕژێتـە كەنـدی كەندێنـاوێ، كەنـدی كەندێنـاوێ ئـاوا هەڵدەسـتێ و ئـاوا لێـواو لێـو دەبـێ، شـەپۆلان دەكاو دەنووڕێنـێ، دەنووڕێنـێ و تـووڕەو تونـد شـەپۆڵ لـەدوای شـەپۆڵ سـەرەو ژێـر دەبێتـەوە، سـەرەو ژێـر دەبێتـەوە و هەرچییەكـی بكەوێتـە پێـش ڕای دەپێچـێ، خانـووان دەڕووخێنێ،لـەودان دەڕووخێنـێ، تانـۆكان دەبـا، وڵاخـی بەبـارەوە دەبـا، لانكـی بەمنداڵـەوە دەبـا، دەیانبـا پێچـاو پێـچ شـەپۆلە و شـەپۆل، سـەراو بنیـان دەكا.

لەو ڕۆژانـە، لـەو دەمانـە، كەكەنـد. كەنـدی كەندێنـاوەی بە شـەپۆلە گـەورە و گرانەكانـی، بەدەنگـە پـڕ لەتـرس و تووڕەییيەكانـی خـۆی

لەتەواوی ڕۆژەکانی ساڵ جیا دەکاتەوە، بەترسە بێ ئامان و نووڕە نووڕە بێ بەزەییەکانی، سام بەسەر تەواوی ناوچەکە دادەگرێ، سام بەسەر تەواوی گیانلەبەرو بێ گیانەکان دادەگرێ، لەو ڕۆژەدا، لەو دەمەیدا تەواوی جووتیار و مەڕدارەکانی کەندێناوەی، خەڵکی تەواوی ئەوبەر و ئەم بەری کەندی کەندێناوەی، بەوێنەی خەڵکی گوندی عاڵڵای. مەلاکان دووعایێ دەکەن، ژنەکان بەگریانەوە دەپاڕێنەوە، منداڵەکان بەترسەوە چاو لە گەورەکان دەکەن.

لەوبەر و لەم بەری کەندی. کەندێناوەی جووتیار و مەڕدارەکان لەماڵی خۆیان دێنە دەرێ، لەگوندی خۆیان دێنە دەرێ، دێنەدەرێ و دەچنە سەر لێواری کەند. کەندی لێواو لێو پڕ و تووڕە و توندو بەترس، دەچن تا ئەو شوێنەی نەرمە شەپۆلەکان بەر سمی پێڵاوەکانیان دەکەون، مەلاکان دووعایێ دەکەن، پیرە پیاو و حاجییەکان دووعایێ دەکەن، ژنەکان بەگریانەوە دەپاڕێنەوە، منداڵەکان بەترسەوە چاو لە گەورەکان دەکەن، هەژارەکان مریشکی دەکوژنەوە، مریشکی قوربانی، مەردارەکان بەردیلی دەکوژنەوە، بەردیلی قوربانی، دەوڵەمەندەکان گۆلکی دەکوژنەوە، گۆلکی قوربانی، خوێنی کوشتییەکان تێکەڵ شەپۆلە تووڕەکان دەبێ، کەند. کەندی تووڕەو بەلرمە لرم دەلرمێنێ و کەفان دەکا، کەفی لەخوێندا سوور.

لەم ڕۆژانەدا، لەم کاتانەدا، هەموو گوندەکان، گوندە زۆرەکانی کەندێناوەی، لەم بەرو لەوبەری کەندی کەندێناوەی، بەدرێژایی کەندی کەندێناوەی، هەموویان وەکو گوندی عاڵڵای. عاڵڵای

شا گوندی هەمـوو گونـدان، ئـەو گونـدەی لـە هەمـوو گونـدان، گوندتـرە! مـەلای گونـدی، ئـەو مەلایـەی سـینگ پـڕ لەدووعـا سـینگ پـڕ لەپاڕانـەوە، لەپێش هەمـوو خەڵکـی، هەمـوو خەڵکـی گونـدی، بەترسـەوە بەئیمانـەوە دەپاڕێتـەوە، پیـرە پیـاو و حاجـی و ڕیـش سـپییەکان لـەدوای ئـەو دەپاڕێنـەوە، ژنـە سـەر سـپییەکان، ژنـە جوامێـرەکان، جوانـە ژنـەکان، قەیـرە کیـژەکان، کیـژە تـازە پێگەیشتووەکان،، منداڵەکان. منداڵە دڵ پڕ لەترس و سەرسامییەکان، ئەوانیش لـەدوای مـەلای، لەدوای پیرە پیاو و حاجییـەکان دووعـای دەگێڕنـەوە، دەگێڕنـەوە و دەپاڕێنـەوە، دەپاڕێنـەوە لەسـەر ئـاوازی شمشـاڵی (شـێتە!)ی، ئـەو شـێتەیەی کـە فـوو لـە شمشـاڵ دەکات، گیـان وەبـەر شمشـاڵ دێنـی کـە پەنچەکانـی دەبزێـوی، بـەرد گـوێ دەگری، دار گوێ دەگری، با گوێ دەگری، ئاو گوێ دەگری.

لەوبـەری کەنـدێ، بەرامبـەر خەڵکـی گونـدی، گونـدی عاڵڵای، شـای مـاران، ماری ئاشـقە ژیـان، مـاری ئاشـقە ژن، مـاری ئاشـقە ئـاو، سەردەسـتەی مـاران، هەڵسـاوەتەوە سـەر کلـکان، هەرچـی مـار هەیـە، مـاری بـن بـەردان، مـاری بـن عـەردان لـەدوای شـای مـاران هەڵسـاونەتەوە سـەر کلـکان. لەسـەر ئـاوازی پاڕانـەوەی مـەلای، لەسـەر ئـاوازی پاڕانـەوەی پیرەمێـردو پیاوچاکانـی گونـدی، لەسـەر ئـاوازی پاڕانـەوەی پیرەژنەکانـی گونـدی، لەسـەر ئـاوازی گریانـی منداڵەکانـی گونـدی، لەسـەر ئـاوازی شمشـاڵی شـێتەی دەلەرنـەوە و سـەمایێ دەکـەن، سـەمای پاڕانـەوە، سـەمای قوربانیـدان، سـەمای سـەر ئـاوێ، سـەمای سـەر شـەپۆلان. لـە بەرامبـەر کەنـد. کەنـدی

هەڵچوو، کەندی تووڕەو توند، توندو تێنووە خوێن، ئەو کەندەی ڕۆژێك لە ڕۆژان، ڕووبار بووە، ڕووباری دەریا ئاسا، ڕووباری پڕاوپڕ لە ئاو، ساڵ دوانزەی مانگ پڕاوپڕ لەئاو، ئەو ئاوەی کەس نەیدەزانی سەری لەکوێوە هەڵدەبێ و بنی لەکوێ دەکوژێتەوە.

هەموو خەڵکی گوندی، هەموو گوندەکانی ئەو بەرو ئەم بەری کەندی کەندێناوەی، لە یەك ساتدا دەپاڕێنەوە، هەموو مارەکان ماری هەموو گوندەکان لە یەك ساتدا سەمایێ دەکەن، لە یەك ساتدا کوشتییەکان دەکوژنەوە، لەیەك ساتدا خوێنی هەموو قوربانییەکان دەڕژێنە نێو ئاوی تووڕە و بەلرمەلرم و تێکەڵ شەپۆلە تووڕەکان دەبن، ئەو شەپۆلانەی هاوار دەکەن، هاوار دەکەن و خوێنیان دەوێ، کەند لە ڕۆژئاوای دووری دوورەوە، تا دەگاتە ڕۆژهەڵاتی دووری دوورەوە، بەدرێژایی درێژیی کەندی کەندێنانەوەی، لەنێوان هەموو گوندەکان گوندە زۆرەکانی کەندێناوەی، بەبەرچاوی هەموو گوندییەکان، کەند..کەندی هەڵچوو، کەندی تووڕە، کەندی تێنووە خوێن، کەف دەکات کەفی سوور کەفی خوێناوی.

مەلاو پیرە پیاو و حاجی و ڕیش سپی و شۆڕە ژن و منداڵەکان بەردەوام دەپاڕێنەوە، مارەکان بەردەوام سەمایێ دەکەن، شێتە ئەو شێتەیەی شمشاڵی ئەفسووناوییە، پەنجەکانی ئەفسووناوییە لێو و هەناسەی ئەفسووناوییە، بەهونەرەوە پەنجە لە شمشاڵ دەبزێوی، ئەو هونەرەی هەزاران ساڵە لەو ناوچەیەی باوە، هەزاران ساڵە هونەرمەند. هونەرمەندی بێ وێنە هونەرمەندی هەموو هونەرمەندان، پشت بەپشت لێکی وەردەگرنەوە دەیدەنەوە یەك، کوڕ

لەباوکی وەردەگرێ، باوك دەیداتەوە بەکوڕ، باب لەپاپیرە گەورەی وەرگرتووە، باپیرە لەباپیرەی وەرگرتووە، هەزاران ساڵە هونەرمەندان پشتاوپشت دەیدەنەوەیەك، شێتە ئەو شێتەیەی دڵ پڕ لەئیشق و هونەر، ئەو هونەرە لەمێژینە و باڵایە !

زۆر هونەرمەندانە، لە هونەرەمەندانی پێش خۆی وەرگرتووە، وەرگرتووە و لێهاتووانە، هونەرمەندانە ڕێکی خستووە و لێی زیاد کردووە، ئێستا بەو تەمەنی پەنجا ساڵییەوە، بەدڵی پڕ لە عێشق و هونەرەوە، زۆر بەئەفسووناوی لێوی خستووتە سەردەمی شمشاڵ و هونەرمەندانە هەناسەی تێ دەکاو ئاشقانە پەنجەی تەمەن لەهونەر ڕاهاتووەکانی، پەنجە لەهونەر بەسەربردووەکانی دەبزێوی. چ بزاوتنێك : ئاوازێك لەژێر بزاوتنی ئەو پەنجانە پەیدا دەبێ، مەلا خۆی لەبیر دەکا، حاجی خۆی لەبیر دەکا، ڕیش سپی و سەر سپییەکان خۆیان لەبیر دەکەن، شۆڕە ژن و جوانەژن و منداڵە ترساوەکان خۆیان لەبیر دەکەن، مارەکان خۆیان لەبیر دەکەن، شای ماران خۆی لەبیر دەکا، خەڵك لەمبەری کەند، مار لەوبەری کەند، لەگەڵ ئاوازی پڕ لەهونەر و ئەفسون، لەگەڵ ئاوازی شمشاڵی شێتەی: ئەو ئاوازەی لەهیچ کوێی دنیا نەبیستراوە ! لەگەڵ ئەو ئاوازەی خەڵکی گوندی دەلەرنەوە، مارەکان دەلەرنەوە.

شەپۆل بەردەوامە، مەلا بەردەوامە، مار بەردەوامە، شێتە بەردەوامە. لەگەڵ بەردەوامیی شمشاڵ هەورەکان دەڕەونەوە، شەپۆلەکان کەم دەبنەوە : ئاو لە کەمی دەدا، شای ماران. ماری ئاشقە ژیان، ماری ئاشقی ئاو، ماری ئاشقە سەما، زۆر

هونەرمەندانــە، زۆر ئاشــقانە، لەســەر ئــاوێ، لەســەر ئــاوی کەنــدی کەندێنــاوێ، دەکەوێتــە ســەمایێ، ســەمای مــاران، ســەمای شــای مــاران، ســەمای ســەر ئــاوێ، مــارەکان، مــاری بــن بــەردان، مــاری بــن عــەردان، هەموویــان لــەدوای شــای مــاران، لەســەر ئــاوازی شمشــاڵی شــێتەی دەکەونــە ســەمایێ، ســەمایەك هــەر لەمــاران دێ، هــەر لەخۆیــان دێ، مــەلا و پیــرە پیــاوو ڕیــش سپییەکان، شــۆڕە ژن و منداڵــەکان، جوانــە ژن و کچــە جوانــەکان، بــەردەوام دەلەرنــەوە ! شــێتە بــەردەوام شمشــاڵی دەژەنــێ، شای مــاران بــەردەوام بەلەشکری مــارەوە ســەمای دەکا، ســەمای مــاران ســەمای ســەر ئــاوێ.

مــەلا بەردەوامــە، شــێتە بەردەوامــە، شــای مارانــی بەردەوامــە، کەند. کەنــدی کەندێنــاوێ، ئــەو کەنــدەی کــە پــڕ دەبــێ، کــە لێــواو لێــو دەبــێ - خوێنــی دەوێ ! بــەردەوام کــەم دەبێتــەوە، کەفــی خوێنــاوی نامێنــێ، شــەپۆلی تــووڕەو تونــد نامێنــێ، ئــاو ئــەو ئــاوی تــووڕەو تونــدو بــێ بەزەیــی، ئــەو ئــاوەی وەکــو ئەژدیهــا بــە لرمەلــرم : باریــك دەبێتــەوە دەکەوێتــە بنــی کەنــد، دەکەوێتــە بنــی کەنــد و وەك گــورزە ئارمــووش ئارمووشــی نــەرم نــەرم و شــل شــل و هێــواش هێــواش دەخشــێ، دەخشــێ و نــەرم نــەرم دەڕوا و لــە چاوبــزر دەبــێ.

## ٢٢

خەڵکەکە دەڵێن: خاکی کۆن و پیرۆز و پڕ لەبەرەکەتی کەندێناوەی، ئەو خاکەی سەر زەوی و ژێرزەوییەکەی پڕاوپڕە لەخێر و بێر ! ئەو خاکە ئەو خێرو بەرەکەتە، بێ باران، بارانی سەر چاوەی ژیان بەهیچ ناچێ، خەڵکەکە : لەگرمەی گەوارە، لەبارانی پشك گەورە، لە بارانی سەر بەکڵاوە، لەبارانی بەردەوام، گوڵە جوانەکانی بەهار دەبینن. کێڵگە سەوز و بەهات و باتەکانی بەهار دەبینن. ڕەوسە گەورە و دەنکە گەنمە لیرە ئاساکانی هاوینان دەبینن. مێوە بەتامەکانی پایزان دەبینن. گوانی پڕ شیرو شیری پڕ بەرەکەتی مێگەلەکان دەبینن، بەڵام، ئەم خێرو بەرەکەت و جوانی و پیرۆزییە، ئاوێزانە بە ترس ! ترسی هەڵسانی کەندی کەندێناوەی، ترسی تووڕەیی و بێ ئامانی کەندی کەندێناوەی، ئەو کەندەی زۆر جاران،

مێگەلی بەشوانەوە بردووە، گوندی بەمزگەوتەوە بردووە، لانکی بەمنداڵەوە بردووە، باوك و کوڕی لێك کردووە، بووك و زاوای لێك کردووە، ڕەوسەی گەنمی بردووە، لەودەی کای بردووە، ئەو کەندە، ئەو کەندەی کەندێناوەی کە هەڵساوە و تووڕە بووە، زۆر جاران ژیانی لە ماڵێك گوندێك ڕەش کردووتەوە، ئەو ترسە ! ئەو ترسە لەمێژینەیە، ئەو ترسەی بەدرێژایی درێژی کەندی کەندێناوەی، لەرۆژهەڵاتی ڕۆژهەڵاتەوە، تاوەکو ڕۆژئاوای ڕۆژئاواوە، لە تەك ماڵەکان، ماڵە زۆرەکانی عاڵڵای لە تەك گوندەکان، گوندە زۆرەکانی کەندێناوەی، سێ وەرزی ساڵ خەوتووە، هەر تەنیا بە زستانان ! زستانی دوور و درێژی کەندێناوەی، زۆر جاران لەگەڵ گرمەی گەوارە، لەگەڵ شریقەی برووسك بەئاگا دێ، بەئاگا دێ و دەلرمێنی، لرماندنێك ترسی لەمێژینە و پڕ کارەساتی لە دڵی یەکەیەکەی خەڵکی عاڵڵای، خەڵکە زۆرەکانی عاڵڵای، لەدڵی یەکەیەکەی خەڵکی گوندی، گوندە زۆرەکانی کەندێناوەی دەژێنێتەوە،، ئەو کەندەی کە هەڵدەستێ، کە تووڕە دەبێ، زۆر جاران، زۆر سالان، نە لەدووعای مەلا، مەلای سینگ پڕ لە دووعا، سینگ پڕ لە قورئان، نە لەپاڕانەوەی پیر و پیاوچاکەکان، نە لەگریان و نزای پیرەژنان، نە لەترس و سەرسامیی منداڵان، نە لە سەمای شای ماران و سەمای سەر ئاوێ، نە لەشمشاڵی شێتەی، نە لەخوێنی سووری کوشتییەکان، لە هیچ ناگەڕێتەوە، ناگەڕێتەوەو کوێرانە و بێ بەزەییانە دەسەڵاتدارانە، ئەوە دەکات، کە دەیکات، دەیکات و کردوویەتی و بەردەوام دەیکاتەوە.

خەڵکەکە دەڵێن: تووڕەیی تووڕەیی بێ بەزەییانەی بەردەوامی

زستانی کەندی کەندێناوەی هێرش. هێرشی بێ بەزەییانەی بەردەوامی شا هیچ لەبارانەبووەکانی هەر چوار کەنار، تامی خۆشی و ڕەنگی جوانی و بەرەکەتی زەوی و پیرۆزیی ناوچەکەیان گۆڕیوە، نە کەندی تووڕە و هەڵچووی کەندێناوەی تێر خوێن دەبێ، نە شا زۆر و هیچ لەبارانەبووەکانی دەوروبەر لە خوێن ڕشتن بێزار دەبن.

خەڵکەکە دەڵێن: هیچ دڵۆپە ئاوێکی ناوچەکە خاڵی نییە لەخوێنی مرۆڤێکی بێ گوناه وقوربانییەکی بەستەزمان، هیچ چەنگە خاکێکی ناوچەکە خاڵی نییە لەخوێنی مرۆڤێکی بێ گوناه وقوربانییەکی بەستەزمان.

خەڵکەکە دەڵێن: ئەگەر ئەو هەڵچوون و تووڕەبوونەی کەندی کەندێناوەی نەبێ، باران. بارانی سەرچاوەی ژیان، بارانی جوانی و خۆشی و پیرۆزییە. زۆر جاران کە باران لێ دەکاتەوە، کە ئاوی کەند و جۆگەلەکان دەنیشنەوە، زۆر شتی کۆن، کۆن و جوان، جوان و بەنرخ، بەنرخ و پیرۆز لەدوای خۆیان بەجێ دێڵن، زێڕ. لیرەی زێڕ، خەناوکەی زێڕ، ئەنگوستیلەی زێڕ، لەژێر زەوی بەدەردێخن، پەیکەری جوان، پەیکەری بەرد، بەردی نووسراو بەجێ دێڵن، پاشماوەی کۆشك و بناخەی تەلاری کۆن، کۆنی سەردەمی ((دەقنەنووس!!))[١٩] ێ بەدەردێخن. لەپاش ئەو جۆرە بارانە، لەو ڕۆژە تایبەتییانە، جووتیار و مەڕداری کەندێناوەی بەئاقارێدا پەرت دەبن، ئەو شتە جوان و بەنرخ و پیرۆزو کۆنانە کۆدەکەنەوە، ئەو زێڕو لیرە زێڕانەی لەبەر هەتاوێ دەترسیکێنەوە کۆدەکەنەوە، ئەو پەیکەرانەی نیوەیان لەخاك و خۆڵ هاتووتە دەرێ، کۆدەکەنەوە، ئەو کۆشکانەی بناخەیان بەدەر دەکەوێ دەسنیشان دەکەن.

# ٢٣

ئەگەر تووڕەیی و هەڵچوونی کەندی کەندێناوەی، هەربە تەنیا لەپاش بارانی زۆر و تەنیا لەکەژی زستاندا دەبێ. ئەوا تووڕەیی و هەڵچوونی پاشا هیچ لەبارانەبووەکانی هەر چوار کەنار، پاشا زۆر و لەبن نەهاتووەکان، لەهەر چوار وەرزی ساڵە.

ئەگەر هەڵچوونی کەندی کەندێناوەی بەتایبەت لەدوای گرمەی گەوارە و شریقەی برووسکی زستانانە دوای بارانی سێ ڕێزبێ ! ئەوا تووڕەیی و هەڵچوونی پاشاکان، پاشا هیچ لەبارانەبووەکان. پاشا زۆرەکانی هەر چوار کەنار، پێش ڕۆژانی جەژنە، جەژنی قوربان و جەژنی ڕەمەزان و جەژنی نەورۆزو جەژنی سەری ساڵە، لەکاتی پشکووتنی گوڵە، لەکاتی سووربوونی رەوسەیە، دوای پێگەیشتنی میوەیە، دوای بارانی پڕ بەرەکەتە، پێش دەستپێکردنی

ژیانـە !!

ئەمسـاڵەش پـاش دروێنـەی تەبـارەو لەکاتـی کوتینـەوەی جۆخیـن و پێـش سـووربوونی ڕەوسـە، جارێکـی تـر، پـاش سـەدەمین جـار و هەزارەمیـن جـار و بـێ ژمارەمیـن جـار، پاشـایەکی تـر لەپاشا بـێ ڕەسـەنەکانی مێژوو، لـەو پاشایانەی لەهیـچ شتێکدا پاشازادە نیـن، تەنیـا لـە وێرانکـردن و کوشـتن و خوێنڕشـتندا نەبـێ، خوێنڕێـژ کـە، لەسـەر هیـچ مەزهـەب و ئاییـن و بـاوەڕ و یاسـاو ڕەوشـتێك نییـە! خوێنڕێژێـك و وێرانکەرێکە لەکۆڵانـە تەنگەکانی مێژووەوە پەڕیوەتـە سـەر کورسـی دەسـەڵات و پشـتی بەتـەواوی خیانەتـە نەتەوەیـی و مەزهەبـی و ئایینـی و مرۆڤاییەتـی و نیشـتمانییەکان داوە، خوێنڕێژێکـە لەهەمـوو خوێنڕێژەکانـی مێـژوو پتـر تێنـووی خوێنـە، وێرانکەرێکـە سـەد جـار شـارە مێروولەیـەك وێـران بـکات ئۆخـەی نامـرێ، لەخوێنڕشـتن و وێرانکـردن و بـەد ڕەوشـتیدا دەرسـی لەکـن هەمـوو پاشـا خوێنڕێژەکانـی مێـژوو خوێنـدووە، وەسـتای تـەواوی ئەهریمەنەکانـی مێـژووە، دەسـت لەبـاوك و بـرا و کـچ و کـوڕی خـۆی ناپارێزی، سل لەکوشتنی هـاوڕێ وهاوبیـرو هـاوکاری خـۆی ناکاتـەوە، پابەنـدی هیـچ یاسـاو ڕەوشـت و ئاینێکـەوە نییـە! هیـچ شـوێن و ڕۆژێـك لای ئـەو پیـرۆز نییـە ! ئـەو لەپێنـاوی بەرژەوەنـدی و ئـارەزووی نەخۆشـانەی خـۆی، هەمـوو ڕۆژێـك بـە ڕۆژی شـەڕ دەزانـێ، هەمـوو جێگایـەك بەمەیدانـی شـەڕ دەزانـێ، هەمـوو کەسێك بەقوربانـی خـۆی تێدەگا، لەسـەر ئـاوازی شـەڕ خـەوی لـێ دەکـەوێ و هـەر بەئـاوازی شـەڕیش لـە خـەو بەئـاگا دێ.

ئەم پاشایە ! ئەم پاشا هیچ لەبارانەبووەی تەنیا لە خوێنڕشتن و وێرانکردندا لەپاشا دەچێ، کە جەیشی بەرەو کەندێناوەی بەڕێ کرد، ئەو جەیشەی سەریان، سەری پێش مێژووە، چەکی دەستیان تازەترین و گەرمترین چەکی سەدەی بیستەمە، ئەو چەکانەی لە کوورەکانی ڕۆژهەڵات ! لە کوورەکانی ڕۆژئاوا خۆشکراون : ئەو چەکانەی بەپارەی خوێنی خەڵك و بەپارەی پارووەنانی دەمی خەڵك کڕاون، خەڵکی وڵات، ئەم وڵاتەی پاشاکەی وێرانی دەکات و ئەم خەڵکەی پاشاکەیان خوێنیان دەڕێژێ !!

جەیش بەڕێکەوت : ئەو جەیشەی کە سەریان سەری پێش مێژووەو چەکی دەستیان، تازەترین و گەرمترین چەکی سەدەی بیستەمە!

جەیش بەڕێ کەوت.. ئەو جەیشەش لە کوشتندا کارگەیەکی پڕ بەرهەمە، لە خوێنڕشتندا تێرنەخۆریەکی ئەفسانەیە!

## ٢٤

ئـەو بەیانییـە كـە لەگونـدی عاڵـڵای ڕا تەماشـای ڕۆژئـاوای كەندێنـاوەت دەكـرد، تەماشـای لای (بازاڕگـە)ت دەكـردو هەسـتت ڕادەگـرت، دووكەڵـت دەبینـی بـەرز دەبـووەوە، دووكەڵـی سـووتانی گونـدان، گونـدە زۆرەكانـی كەندێنـاوەی، دووكەڵـی سـووتانی جۆخیـن و پەرێزوگیشـەكان، دەنگـی تۆپـت دەبیسـت، ئـەو تۆپانـەی بـەرە بـەرە نزیـك دەبوونـەوەو كوێرانـەو بەنیشـان دەهاویشـترانە هەمـوو زیندەوەرێـك و هەمـوو بەرزاییيـەك. دووكەڵـەكان بـەرز دەبوونـەوەو تادەهـات زۆرتـر دەبـوون، زۆر بەقـەد ئـەو گوندانـەی دەكەوتنـە بـەر دەسـتی جەیـش، جەیشـی داگیركـەر : جەیشـی سـووتێنەر و تێكـدەر، جەیشـی پاشـا هیـچ لەبارانەبووەكانـی عەرەبسـتان؛ ئـەو پاشایەی شـاگردی هەمـوو تێكـدەرو خوێنڕێژەكانـی مێـژووە، دەرسـی هەمـوو ئەهریمەكانـی

سەردەم دەدات، پاشا پاشای ئەو جەیشەی کە سەریان، سەری پێش مێژووە. چەکی دەستیان تازەترین و گەرمترین چەکی رۆژهەڵات و رۆژئاوایە. دووکەڵەکان بەپانی کەندێناوەی لەچیای بلْباسانەوە تادەگاتە زوورگەزراوێ، لەگوندی (کەڵەشخان)ییەوە تادەگاتە گوندی (چەغەمیرە)ی دووکەڵ لەهەموو گوندەکان بەرز دەبووەوە، تۆپەکان بەپانایی کەندێناوەی دەیانکوتاو دەهاتنە پێش. تۆپەکان لەئاقاری بەر شوانان دەکەوتن ! بەر مێگەلان دەکەوتن، بەر گاوانان دەکەوتن، بەر گاڕانان دەکەوتن ! بەر سەپانان دەکەوتن. بەر گیشەو پەرێزان دەکەوتن، بەر ڕێبواران دەکەوتن، کەسیان نەدەپاراست، کەس و کەس. دووکەڵەکان بەردەوام بەرز دەبوونەوە، دووکەڵی تەواوی گوندەکان، تۆپەکان بەردەوام دەتەقین، دەتەقین و دەهاتنە پێش، نووڕەی دەبابەکان و گڕەی ماشێنەکان، تۆزی دەبابە زۆرەکان، ماشێنە زۆرەکان، لەنێو جەیشە زۆرەکە، هەتا دەهات دەهاتە پێش.

شوانەکان، شوانەکانی مێگەلە زۆرەکان، ئەو مێگەلانەی زەکاتیان بەمێگەل لێ دەکەوت ! بەترسەوە بەناچاری مێگەلەکانیان ڕووەو گوند شۆڕ کردەوە. گاوان گاوانی گاڕانە زۆرەکە (خەییۆ) بەترسەوە، بەشەپڕێوی گاڕانی بەرەو گوندی شۆڕ کردەوە، سەپانەکان لەپەرێزێ، گیشەکارەکان لەپەرێزێ، پەرێزیان بەجێ هێشت بەترسەوە بەناچاری ڕوویان لەگوندی کردەوە، ڕێبوارەکان بەناچاری بەترسەوە گەڕانەوە گوندی، گوندی عاڵلای.

دەنگی تۆپەکان نزیك دەکەوتنەوە، دەنگی ماشێنەکان نزیك

دەکەوتنـەوە، نـووڕەی دەبابـەکان نزیـك دەکەوتنـەوە، گوللـە تۆپـەکان بەپەرتـی نـاو گونـدی و دەوروبەریـان دەکوتـا.

مـەلا لەسـەر سـەکۆی مزگەوتـێ، دووعـای دەخوێنـد، دووعـای پاراستنی مـاڵ و منداڵەکەی، خانـوو ماڵەکەی، گوندەکەی، خەڵکی گوندەکەی، گونـدی عاڵڵای. پیرەمێردو ڕیشی سپی وحاجییەکان، دووعایـان دەکـرد، لەخـودای ئاسـمانی دەپاڕانـەوە، پیرەژنـەکان. شـۆڕەژنەکان، جوانـە ژنـەکان، کیـژە تـازە هەڵهاتووەکان..بەگریانـەوە دەپاڕانـەوە، منداڵـەکان بەترسـەوە چووبوونـە باوەشـی دایکەکانیـان و بەگریانـەوە لاسـایی گەورەکانیـان دەکـردەوەو دەپاڕانـەوە. مامۆسـتایان لەقوتابخانـە بەترسـەوە قوتابییەکانیـان بەردابـوو، قوتابییـەکان بەترسـەوە بەخـۆ و جانتـا پەڕۆینەکانیانـەوە، چووبوونـە بـن باڵـی گـەورەکان، مامۆستاکان لەبەردەمـی مزگەوتـێ تێکـەڵ خەڵکـی گونـدی ببوون. ئەوانیـش بەترسـەوە، بەسەرسـامییەوە دەپاڕانـەوە.

لەنێو گوندی، لەنێو حەوش و ماڵـەکان، لەنێو کۆڵان، مریشکەکان جێیـان بەخۆ نەدەگرت و دەیانقورتاند، کەڵەشێرەکان لەترسان بانگیـان دەدا. مـەڕ و بزنـەکان دەیانقاڕانـد و دەیانباعانـد، کـەرەکان دەزەڕیـن، سـەگەکان دەنووسکانەوە و تێکدەسووڕان.

لـە گەڕەکـی گەردییانـەوە، لـەو ماڵـی پەڕگـەی، لـەو ماڵـەی تەنیشت گـردی، ئـەو گردەی شـەوانە گرۆز گرۆز نووری لـێ بـەرز دەبێتـەوە، لـەو ماڵـەی حاجـی حەسـەنی، باپیرانـی حاجـی حەسـەنی هەموویـان لـەو حـەوش و ماڵـە گـەورە بـوون، لـەو ماڵـە، ژنێـك دوو منداڵـی سـاوا هەریەکـەی خسـتبووە ژێـر باڵێـك و بەپـێ خواسـی

بەنەرمە غار بەترسەوە، بەرەو مزگەوت، بەرەو ئاپووراییی خەڵکەکە غاری دەدا، سەگ. سەگی چاو بەفرمێسك، ئەو سەگەی بەڕەسەن دەچێتەوە سەر ڕەگەزی سەگی حەزرەتی نوح، سەر ڕەگەزی سەگی حەزرەتی ئادەم. سەگی بەهەشتی، ئەو سەگەش بەوشتیییەوە دوای ژنە پێخواسەکە کەوتبوو. خەڵکەکە، پیرو جوان، ژن و پیاو، گەنج و منداڵ، لەدەوری مزگەوت وری بوون، مەلا.. مەلای مەندیل سپی، لەنێو ڕەشاییی خەڵکەکە بەرز مەندیلی سپی دەچۆوە. مەندیلی سپی دەچۆوە و دووعای دەکرد، دووعای دەکردو خەڵکەکە بە ژن و پیاوەوە، بەگەورەو بچووکەوە، تێکڕا دەیانگێڕایەوە و دەیانگوت ((ئامین)). لوولەی دەبابەکان، لمۆزی ماشێنەکان، لە ڕێگای گوندی ((چەغەمیرە)) وە بەدەرکەوتن، لە ڕێگای کەنداڵە قەلییەوە بەدەرکەوتن، لە ڕێگای (دارە خورما) یەوە بەدەر کەوتن و بە نێو گوندو دەوروبەری گوندیدا پەرتبوون.

کەر و بزن و مەڕو سەگ و مریشك لەنێو حەوشی و ماڵەکاندا لە نێو کۆڵان و گونددا تێکدەسووڕان و دەزەڕین و دەیانباعاند و دەیانقاراند و دەحەپین و دەیانقورتاند.

خەڵکەکە لەدەوری مزگەوت، لەدەوری مەلای، پیرەژن و پیرە پیاو، گەورەو بچووك کڕ وری بوون و نەیاندەزانی چ ڕوودەدا، دەنگی تۆپ و نووڕەی دەبابە و گڕەی ماشێن و قرمەی دەسرێژ و حەپەی سەگ و زەڕەی کەرو باعەی مەڕو قاڕەی بزن و قوقەی کەڵەشێر، هێندەی تر دڵی خەڵکەکەی تەنگ دەکردن.

مار..ماری هەمیشە زیندوو، ماری ئاشقە ژن، ماری ئاشقە

ژیـان، مـاری ئاشـقە جـوان، لەنێـو گونـدی، لـەدەورەی مزگەوتـێ، دەیفیشـقاند و جێگەیـەك بەخۆی نەدەگرت، دەسـووڕا، لەنێـو حـەوش و ماڵـەکان، لـە سـەربان و سـەر سـواندەکان، سـەردەکەوت و دەهاتـەوە خـوارەوە، بـزر دەبـوو بەدیـار دەکەوتـەوە.

دەبابـە زنجیـر پانـەکان، زنجیـر پـان و لـو لـە درێـژەکان، لوولـە درێـژ و پـڕ ئاگـرەکان، گەیشـتنە کـن (گۆمـی ڕەزی) ماشـێنە لمـوز درێـژو پـڕ سـەربازەکان، بـە پڕسـەربازییەوە، سـەربازە چـەك بەدەستەکان، بە چەکە پڕ فیشـەکەکانیانەوە، گەیشتنە کن (گۆمێ ڕەزی) ئەفسـەری بەرپرس دابـەزی، سـەربازەکان دابەزیـن و بـەدەوری ئەفسـەرە بەرپرسـەکەدا پـەرت بـوون، پـەرت بـوون و دەبابـە لوولـە درێژو زنجیر پانەکە لوولـەی بەسـەردا بـەرز کردنـەوە و خستنیە ژێر پارێزگاریەتـی خۆی، ئەفسـەرەکە بەڕۆیشـتنێکی سـەربازییەوە کەوتـە ڕێ، سـەربازەکان بـە خـۆیان و چەکـی دەسـتیانەوە بەهەمـان ڕۆیشـتنەوە دوای کەوتـن، دەبابـە زنجیـر پـان و لوولـە درێژەکـە بەهەمـان ڕۆیشـتنەوە دوایـان کـەوت.

مەلا قورئان و فەرموودەی پێغەمبەرو شەرعی هەموو ئیمامەکانی لـە نێو سینگدا بـوو، قورئـان قورئانێکی جوان و پیرۆزیشـی لـە سـەر سـینگدا بـوو، قورئـان، ئـەو قورئانـە بـوو چەنـد سـاڵ لـەوەو پێش خۆی لـە سـەفەری حـەج لەگـەڵ خۆی بەدیـاری بـۆ مزگەوتـی هێنابـوو. قورئـان لەنێـو سـینگ و قورئـان لـە سـەر سـینگ، پێش خەڵکەکـە کەوتبـوو، لـە مزگەوتـی گونـدی ڕا بـەرەو گۆمـی ڕەزی، بـەرەو ڕووی ئەفسـەرە بەرپرسـەکە دەڕۆیشـت، بـەرەوڕووی سـەربازەکان دەڕۆیشـت،

خەڵکەکە پیرو گەنج و ژن و پیاو بەهێمنی و بە ترسەوە، بەدڵی پڕ لە ترس و زاری پڕ لە گریانەوە، زاری پڕ لەپاڕانەوە بەدوایەوە بوون. شای ماران، ماری هەمیشە زیندوو، ماری ئاشقە ژیان، ماری ئاشقە ژن، زۆر کۆبوونەوەی خەڵکەکەی دیبوو، خەڵکی گوندی عالّلای، کۆبوونەوەی شاییان، کۆبوونەوەی تازییان، کۆبوونەوەی (مەولود)ان، بەڵام، کۆبوونەوەی ئەمجارەیان، لەهیچ کۆبوونەوەیەکی پێشووی نەدەکرد. مار سەرسام. نیگەران، لەنێو گوندو ئاژەڵەکان و لەنێو خەڵکەکە دەهات و دەچوو، هیچ کەسێك بەخۆی نەدەگرت. ئەفسەری سەر لەشکری کوشتن و وێرانکردن، بەخۆی و سەربازە چەك بەدەستەکانییەوە، ئەو سەربازانەی سەریان سەری پێش مێژووە، چەکی دەستیان تازەترین چەك گەرمترین چەکە، لەژێر سایەی دەبابە لوولە درێژ و زنجیرە پانەکە بەدڵی پڕ لەکینە و شەڕەوە، ڕووەو ناو گوندی دەڕۆیشتن، گوندی عالّلای..عالّلای گوندی هەموو گوندان، مەلا سەردەستەی پیرە پیاوو ڕیش سپی و سەر سپی و ژن و منداڵە ترساوەکان، بەدڵی نیگەران و زاری پڕ لە دووعاوە، بەهیوای پاڕانەوە ڕووەو سەرلەشکرەکە چوو، سەرلەشکری کوشتن وێرانکردن.

هەردوولا لەپێش ماڵی (حوسێنە گەورە)ی نزیك باخچەی (حەمە بۆر)ی گەیشتنە یەك. ئەفسەری بەرپرس ڕاوەستا سەربازی دەوروبەری ڕاوەستان، دەبابە زنجیر پان و لوولە درێژەکە ڕاوەستا، مەلاش هەروەستەیەکی کردو خەڵکەکە بەدوایەوە ڕاوەستان. هەردوولا بێدەنگ.

مـەلا ئـەو بێدەنگییـەی قۆسـتەوە و قورئانـی سـەر دەسـتی بـەرز کـردەوە و چـووە بـەردەم ئەفسـەرەکە و بەدەنگێکـی پـڕ لەپاڕانـەوە، گوتـی : بـۆ خاتری-اللـه- بۆخاتـری —نبـی- بـۆ خاتـری —قران- ئـەو خەڵـك و ئـەو گونـدەم دایـە دەسـت تـۆ وەك چۆن ئـەم قورئانـەم دایـە دەسـت تـۆ: قورئانەکـەی بـۆ ئەفسـەرەکە بـەرز کـردەوە.

ئەفسـەری بەرپـرس بەدەنگێکـی پـڕ لەتووڕەیـی و دەسـەڵاتەوە: بەدەنگێکـی پـڕ لـە سـووکایەتی پێکردنـەوە، گوتـی : موڵـڵا اللـه مجـازە، نبـی نایـم، قـران عاجـز !! ئەمـەی گـوت و بەدارەکـەی دەسـتی قورئانەکـەی سـەر دەسـتی مـەڵای دوور هەڵـداو قورئـان لەبەرپێیـان کەوتـە نێـو تـۆز و خۆڵـەوە.

مـەلا هەمـوو هیوایەکی لەو پاڕانەوە و لەو ڕستەیەدا کۆ کردبووەوە، لای ئـەو لەخـودا گەورەتـرو لەپێغەمبـەر خۆشەویسـتترو لەقورئـان پیرۆزتـر. نەبووە و نابێ ! ئەوا پاڕانەوەکـەی بەهیـچ هەڵنەگیـراو خواو پێغەمبـەر و قورئانەکەشی سووکایەتی پێ کرا، ئـەو خودا و پێغەمبـەر و قورئانـەی کـە مـەلا خـۆی و خەڵکەکـەی بەدوایـەوە بـوون لـەم ڕۆژەدا پشـت و پەنایـان بەمانـەوە بـوو.

لەکاتێکـدا ئەفسـەری بەرپـرس بەخـۆی و سـەربازەکانی دەوروبـەری لەژێـر لوولـەی دەبابـە زنجیـر پـان و لوولـە درێژەکـە بەرامبـەر بەمـەلا و خەڵکەکـە ڕاوەسـتابوون، ڕێـك لـەو کاتـەدا مـار. مـاری هەمیشـە زینـدوو، مـاری نەتـرس، مـاری ئاشقە ژیـان، بەنیگەرانییـەوە، لـەو نێوە دەهـات و دەچـوو. یەکێ لـە سـەر بـازەکان کـە مارەکـەی دی بەترسـەوە دایـە بـەر دەسـترێژ، ڕێـك لـەو کاتـەی قورئانەکـە کەوتـە سـەر زەوی،

گوللەکان لەدەوروبەری مار بەعەردی کەوتن، مارەکە لەگەڵ دەنگی تەقەکان فیشقاندی وجللیتی سەربازەکەی کرد، سەرابازەکە زیڕاندی و هەڵات ! ئەفسەرەکە کە ئەمەی بینی گوتی: ((گواوید سەحەرە !!)) زوو سەر دەبابەکە کەوت لەگەڵ فیشقەی مارەکە، هەرچی ماری بن عەردان هەیە، هەرچی ماری بن بەردان هەیە، هەرچی ماری کەلەنە دیواران هەیە، هەموویان بەدوو دەنگی مارەکەوە هاتن : ئەفسەرەکە فەرمانی بە دەبابەکە دا بەدەم تەقەکردنەوە بکەوێتە ڕێ؛ مار ئەو ناوەی پڕ کردبوو، ماری نەترس، ماری هەمیشە زیندوو، ئەو ڕۆژە هەموو توڕەیی خۆی لەم کاتەدا کۆکردبووەوە، وەك تیر لەو ناوە دەهات و دەچوو و دەیفیشقاند. خەڵکەکە لەنێو گریانی ژن و منداڵان، بەهەڵاتن بەنێو گوندیدا پەرت بوون، دەبابە بەنێو ماراندا کەوتە ڕێ و مار لەزنجیری دەئاڵان، ماری شای ماران، ماری نەترس، ماری هەمیشە زیندوو سەر دەبابە کەوت و چەند مارێکی تر بەدوایەوە، سەرکەوتن، ئەفسەر چووبووە نێو دەبابە و قەپاغی داخستبوو، مارەکان لەسەر دەبابەکە دەسووڕان و لە لوولەکەی دەئاڵان و لەجامی پەنچەرە ودیتنی سایەقەکەوە سەیری ژوورەوەیان دەکردو دەمیان لێك دەکردەوە و دەمە هەراش و ددانە تیژەکانیان بەوانەی ژوورەوە نیشان دەدا ! ئەفسەرەکە وا عەقڵی خۆی لەدەست دابوو، هەر هێندەی بۆ کرا بەدەمی پڕ جوێن و کفرەوە داوا لە سایەقەکە بکات، هەتا دەتوانێ زوو خۆی لەوناوە ڕزگار بکات، خۆی لەدەست ماران ڕزگار بکات، دەبابە بەدەم تەقەی سام ڕەوێنەوە بەهەڵاتنێکی پڕ لەترسەوە، تەقەی دەکرد و هەڵدەهات.

# ٢٥

کێشتەکی درەنگ، پێش نیوەڕۆییێ، کە لە عالّلای ڕا لەسەر سەکۆی مزگەوتێ ڕا، سەیری ڕۆژئاوات دەکرد، سەیری لای گوندی (کەڵەشخان)و (بازاڕگە)ت دەکرد، تادەگاتە گوندی (چەغەمیرە)ی لە (زوورگەزراوێ)وە، تادەگاتە (چیای بلّباسان) لەهەموو گوندان لەزۆر پەرێز و جۆخینان، بەپانیی کەندێناوەی دووکەڵبەرز دەبووەوە.

پاش نیوەڕۆی عەسرێکی درەنگ، کە لە عالّلای ڕا لەسەر سەکۆی مزگەوتێڕا، سەیری ڕۆژهەڵاتێت دەکرد. لە گوندی (گراوێ)وە تادەگاتە گوندی (قەپڵان)[٢٠] ی، لە (زوورگەزراوێ) وە، تادەگاتە (چیای بلّباس) لەهەموو گوندان لەزۆربەی پەرێزو جۆخینان، بەپانایی کەندێناوەی- بەگوندی عالّلا- شەوە دووکەڵ بەرز دەبووەوە.

گونـدی (عالّـلا)ش وەك هەمـوو گوندەكانـی تـری كەندێنـاوەی، گونـدە زۆرەكانـی كەندێنـاوەی، ئەویـش زۆربـەی خانووەكانـی سـووتێنراو ڕووخێنـرا بـوون، لەنێـو گونـدی لەنێـو كـۆڵان و حـەوش و ماڵـەكان، زۆر لاشـەی ژن و پیـاوو منداڵكەوتبـوون. كـە لاكـی زۆر بـە بەسـتەزمان كەوتبـوون.

زۆر بەسـتەزمان بـەر دەسرێژ و گولـلە و تـۆپ كەوتبوون، نـەك هەر تەنیـا لەنێـو گونـدی عالّـلای، بەڵكـە لـە ئاقاریـش ئاقـاری هەمـوو گوندەكان، وەك هەمـوو گوندەكان بەدرێژی و بە پانـی كەندێنـاوەی، ئـەوەی بەسـەر گونـدی عالّـلای هاتبـوو، بەسـەر تـەواوی گوندەكانـی كەندێنـاوەی، گونـدە زۆرەكانـی كەندێنـاوەی هاتبـوو. لەئاقـاری لەسـەر پەرێـزیَ لـە چۆمـان لەكەندان،لەبـن كەندەڵانـان، مـەڕ و بـزن و كـەرو گا، وەك شـوان و سـەپانەكان بـەر دەسـرێژی جەیـش و گوللـە تۆپـی دەبابـە كەوتبـوون. مێگـەل مێگەلـی زۆری شـوانەكان، گاڕان ... گاڕانـی گـەورەی (خەییـۆ)ی گاوان دابڕدابڕو داغـان داغـان ببـوون لەبـن كەنداڵـی لەسـەر ڕێـگای (دارە خورمـا )یـیَ (مـام پیـرداود) مـام پیرداودی قاوەچـی، مـام پیرداودی تەمـەن شەسـت ساڵەیان بەر دەسـرێژ دابـوو، هەرتەنیـا لەبـەر ئـەوەی كراسـێكی كۆنـی سـەربازیی كـوڕە سـەربازەكەی لەبـەر كردبـوو..

ئـەو ڕۆژە كەندێنـاوە، لەڕۆژهەڵاتیـەوە تادەگاتـە ڕۆژئـاوای، لـە (لـە چیـای بلّباسـان )ەوە تادەگاتـە (زوورگـەزراو) یَ بەپانـی وەبەدرێـژی كەندێنـاوەی، تـەواوی گوندەكانـی، گونـدە زۆرەكانـی كەندێنـاوەی، سـووتێنراو و رووخێنرابـوون!

کـەلاك و جەنـازەی بەسـتەزمان وبـێ گوناهـان، لەنێـو حـەوش و کۆڵانـی گونـدەکان، لەئاقـارو سـەرپەرێزو نێـو کەنـدو چۆمـەکان، جەنـازەی شـوان و سـەپان و ڕێیـواران کەوتبـوو، جەنـازەی پیـرەژن و پیرەمێـرد و منـداڵان کەوتبـوو، کەلاکـی مـەڕو بـزن و کـەرو گای کەوتبـوو.

ئەگـەر لـە هەنـدێ گونـد گونـدە زۆرەکانـی کەندێنـاوەی، تـاك تاکـە خانـوو ئاگریـان نەگەیشـتبووێ ولـە ڕووخـان ڕزگاریـان بـووە، ئـەوا لەهیـچ گوندێـك —مزگـەوت —قوتابخانـە — بەپێـوە نەمابـوون !مزگـەوت بـە قورئـان و بەرماڵـەوە، قوتابخانـە بـە کتێـب و تەختـە ڕەشـەوە، سـووتێنراو و ڕووخێنرابـوون، سـووتان و ڕووخانێـك زۆر دوژمنانـە !! قورئانـی نیـوە سـووتاو بەرماڵـی نیـوە سـووتاو لەژێـر دیـواری نیـوە ڕووخـاوی مزگـەوت! کتێبـی نیـوە سـووتاو و تەختـە رەشـەی نیـوە سووتاو لەژێـر دیـواری نیـوە رووخـاوی قوتابخانـە!! ئـەم دیمەنـە لەهەمـوو گوندەکانـدا هەبـوو، هەمـوو گوندەکانـی کەندێنـاوەی وەك گونـدی عاڵـلای، عاڵـلای شـا گونـدی هەمـوو گونـدان.

لـە نێـو مـاڵ و حەوشـەکان، بـەرو بوخچـەو نوێنـەکان دەرهێنرابـوون، ئـەوەی بەنـرخ و جـوان بـوو، لەزێـرو خشـڵ و پـارە، لـە شـتی کۆنینـە و گرانبەهـا، گرانبەهـا و پیـرۆز، لـە بـازن و خلخـاڵ و گـوارەو خەزێـم، لـە خەناوکـە و بەربـەرۆك و عەشـقبەندو لاسـەرەو تـاس کڵاو و جلوبەرگـی دەق نەشـکاو و لەبـەر نەکـراو ! لەخەنجـەر و تاپـڕی ڕاوێ، لـە قەڵەمبـڕی دەم ئەڵمـاس و دەسـك زێـڕ ! لـە کل و کلدانـی کلچـووك شـاخە مـار ! هیچیـان نەهێشـتبوو، هەموویـان بردبـوو.

هەمبانــە و جــەواڵ و کەنــدووی دانــە وێڵــە، دانەوێڵــەی ســاوارو بــڕووش و نیســك و نــۆك، کەشــك و گەنمــە کوتــاو دانــدۆك. گوێــزو بــاوی و خورمــاو مێــوژ. ســووتابوو تێەکــەڵ کرابــوو، ئــەوەی لەنێــو ماڵەکانــدا دەخــورێ، لەبــەر دەکــرێ و بەکەڵــك دێ و بەنرخــە ! بردرابــوون و ســووتێنرابوون و تێکــەڵ کرابــوون و لەکەڵــك خرابــوون.

## ٢٦

پاش عەسرێکی درەنگ، دەنگی تۆپ و دەبابە نەمابوو، جەیش تەواو دوور کەوتبووەوە. لەنێو گوندی عالّڵای لەنێومالّ و کۆلان و خانووە سووتاو و ڕوخاوەکاندا، ئەوانەی مابوون، مابوون و دەیانتوانی بێ ئەوەی کەس دەستیان بگرێ، هەڵسنەوە سەر پێ، لەنێو مالّ و خانووە سووتاوەکان نەسووتابوون نیوەگیان کەوتبوونە جوولّەو یەکتریان بەسەردەکردەوە، ئەوا نەش لە ئاقاری، لەنێو تەبارەو بن گیشەو کەندو چۆمان بەر گوللە تۆپ و دەسڕێژ نەکەوتبوون، لەنێو تەبارەو بن کیشان نەسووتابوون، ئەوانیش نیوە گیان لەهەرچوار لاوە، بە ترس و بێ تاقەتییەوە، بەرەو گوندی دەهاتنەوەو یەکتریان بەسەر دەکردەوە، مێگەلی پەڕاگەندەو گارانی لێکدابڕاو ئەوانیش پێش وەخت بەرەو گوندی دەهاتنەوە، ئاژەڵە بەستەزمانەکانی نێو ئاوایی،

ئەوانــەی بــەر گوللــەو تــۆپ و دەســڕێژ نەکەوتبــوون، وەك مرۆڤــەکان سەرسام ! تێکدەسووڕان، کـەس کوژراوەکان دەگریان، خانوو سووتاوەکان دەگریان، ژنـەکان دەگریان، پیرەمێردەکان دەگریان، منداڵـەکان دەگریان، گونـد هەمـووی دەگریـان گونـدی عاڵـلای، گوندەکانـی کەندێنـاوەی هـەر هەموویـان دەگریـان.

لـە پەڕگـەی گونـدی، لـە (گەڕەکی گـەردی)یـان لـە حەوشـەیەکی گـەورە، لـەو ماڵـەی کـە نـەوەی (حاجـی حەسـەن )ی لـەو ماڵـە گـەورە بـوون، کـە باپیرانـی حاجـی حەسـەنی لـەو ماڵـە کۆچیـان کـردووە، لـەو ماڵـە ژنێـك، ژنێکـی بێـوەژن بەخـۆو بـەدوو منداڵـی بچووکـەوە، لەنێـو لـەودەی کایـێ هاتبـووە دەرێ و خـۆی و منداڵکانـی هەمـوو گیانیـان کا بـوو. ئـەو لـەودەیـەی نیـوە سووتاو، ژنـە بەخـۆو بـەدوو منداڵـەوە دەگریـا، دەگریـاو بیـری لـە منداڵـەکانـی تـری دەکـردەوە، چـاوی لـە منداڵـەکانـی تـری دەگێـڕا. سـەگ ئـەو سـەگی بـە ڕەسـەن، ئەویـش بەدیاریانـەوە وەرکەوتبـوو، وەرکەوتبـوو و چاوەکانـی پـڕ بـوون لـە فرمێسـك، پڕبـوون لـە پرسـیار.

خەڵکەکـە، خەڵکـی گونـدی عاڵـلای، خەڵکـی تـەواوی کەندێنـاوەی، کـەس و کەسـیان نەیاندەزانـی، ئـەوە چەندەمیـن جـارە گوندەکەیـان، ناوچەکەیـان، وڵاتەکەیـان دەسـووتێنرێت ودەرووخێنرێـن ! خەڵکەکـە دەکوژرێـن ! و ئـاوارە دەکرێـن ؟ بـەڵام هـەر هەموویـان دەیانزانـی ودڵنیـا بـوون، کـە ئـەم کوشـتن و وێرانکردنـەش دوا کوشـتن و دوا وێراکـردن نییـە!

## ٢٧

زستانان، زستانی کەندێناوەی، کە باران دەبارێ، کە بارانی سێ ڕێزو سەر بەکڵاوە دەبارێ، کە باران سێ شەو و سێ ڕۆژە بەردەوام دەبارێ، کە کەندی کەندێناوەی هەڵدەستێ و لێواو لێو دەبێ و شەپۆڵان دەکا، شەپۆڵان دەکاو دەنووڕێنێ، دەنووڕێنێ و داوای خوێن دەکات !

ئەگەر هەڵسانی کەندی کەندێناوەی پاش بارانی زۆری زستانانە، پاش بارانی سێ ڕۆژە ! ئەوە هاتنی جەیش ! جەیشی پاشا دوورەکان پاشا هیچ لەبارانەبووەکان، پێش ڕۆژانی جەژن. جەژنی قوربان و جەژنی ڕەمەزان و جەژنی نەورۆز و جەژنی سەری ساڵە ! لەکاتی پشکووتنی، گوڵە، لەکاتی سووربوونی ڕەوسەیە ! دوای پێگەیشتنی میوەیە، دوای بارانی پڕ بەرەکەتە،

پێش دەست پێکردنی ژیانە !!

ئەگەر نیشتنەوەی کەندی کەندیناوێ، پاش دووعای مەلا و پاڕانەوەی پیرو ڕیش سپی و گریانی پیرەژن و ترسی منداڵان و سەمای شای مارانەو ئاوازی ئەفسووناوی شێتەی و ڕژانی خوێنی مریشك و بەردیل و گولکی قوربانییەکان و ڕەوینەوەی هەورەکانە! ئەوا کشانەوەی جەیش، جەیشی پاشا هیچ لەبارانەبووەکان، جەیشی پاشا دوورەکان، پاش سووتاندن و وێرانکردنی گوندەکان و کوشتن و ئاوارەکردنی خەڵکەکەو دزینی خێرو بێری ماڵەکانە! پاش کوشتنی ئاژەڵ و سووتاندنی سەوزایی و وێرانکردنی ئاوەدانی و کوێرکردنەوەی کانی و بیرەکانە ! پاش هێنانی مەرگ و دەرکردنی ژیانە !!

# ٢٨

کە لە ئاسمانەوە، لە چاوی تەیرەوە، لەسەر لووتکەی هەرە بڵندی (بیژنگ بەسەر)ییەوە، سەیری هەردوو ناوچەی کەندێناوەو قەراجیت دەکرد، گوندەکان. گوندە زۆرەکانی کەندێناوەو قەراجی بەوێنەی شارە مێرووڵە، شارە مێرووڵەی تێکدراو و دووکەڵ تێکراو دەهاتنە بەرچاو. ئەو گوندە زۆرانە، ئەو گوندە پڕ لە خەڵکانە، ئەو خەڵکە مرۆڤ دۆست و سروشت دۆست و بەستەزمان دۆست و ژیان دۆستانە! وەکو مێرووڵەی شار لێ تێکدراو بێ جێگاو سەرلێشێواو بەهەر چوار لادا پەرت دەبوون. بەپێیان و ماڵ لە کۆڵ، بەسواری کەرو گا و هێسترە برینندارەکان، پیاو و ژنە برینندارەکان، پیرو پەککەوتەو جەرگ سووتاوەکان، منداڵە برسی و پێخاوس و ترساوەکان، بەسواری تراکتۆرو جێب و پەستە کۆنەکان، بە هەر

چوارلادا پەرت دەبوون، پەرت دەبوون و بۆخۆشیان نەیاندەزانی بۆ کوێ دەچوون. وەکو هەموو گوندە سووتاو و تێکدراوەکان، گوندی — عالّلا —ش، خەڵکی گوندی عالّلاش، بەهەمان شێوە خانووە سووتاوەکانی خۆیان بەجێدەهێشت، زەوییە کێڵراو و نەکێڵراوەکانی خۆیان بەجێ دەهێشت. گەڕو کەندو دۆڵ و کانییەکانی خۆیان بەجێ دەهێشت، پەرێزو تەبارەو دارستان و بێستانی خۆیان بەجێ دەهێشت، تەواوی زەویو ئاقارەکانیان، ئەو زەوی و ئاقارانەی کە بەهەموو دنیای ناگۆڕنەوە. ئەو زەوی و ئاقارەی پڕاو پڕە لە چیرۆك و بەسەرهات و یادگاریی جوان و پیرۆز، پڕاو پڕە لە شتی بەنرخ و پیرۆز، پڕاو پڕە لە بەرەکەتی خودا، پڕاو پڕە لە شتی کۆنی بەنرخ، شتی تازەی بەنرخ، ئەو زەوییەی کە سەر زەوییەکەی، ژێر زەوییەکەی پڕاو پڕە لە زێڕ، لە زێڕی سەدجار لە زێڕ زێڕتر!! ئەو زەوییەی پڕاو پڕە لە ژیان، ژیانێك لە هەموو ژیانان ژیانتر!!

ئەو زەوییەی یەکەمین جار پێغەمبەرە بەهەشتییەکان ئاوەدانیان کردەوە، دووەمین جار پێغەمبەرە بەهەشتییەکان ئاوەدانیان کردەوە، ئەو زەوییەی لەوێ ڕۆژێوە، کاری بەردەوامی هێزو بازووی شوان و جووتیارو سەپانەکانی کەندێناوەو قەراجی، بەعەشقەوە، عەشقی ژیان، بە پیرۆزییەوە پیرۆزیی ژیان. بە هونەرەوە هونەری ژیان، خزمەتی دەکەن، دەیپارێزن. خەڵکی کەندێناوەو قەراجی، بەتایبەت خەڵکی گوندی عالّلای دەڵێن: ئەگەر باوە ئادەم، باوە گەورە بەهەشتی دۆڕاند ! دەبێ ئێمە ئەو بەهەشتە بکڕینەوە،

بەهەشت دروست بكەینەوە، ئەوان ئەو جووتیارو سەپان و شوانانە، هەر بەسادەیی و خۆڕسكیی خۆیان، هەر بەسادەیی ژیان و بیركردنەوەی خۆیان، زۆرجار ناوچەكەی خۆیان بە (بەهەشت!) ناودەبەن، ئەگەر غەریبێك نەناسێك لە شوانێك جووتیارێك سەپانێكی كەندێناوەو قەراجی بپرسێ: ((برادەر تۆ خەڵكی كوێندەری؟)) بەو سادەیی و خۆڕسكییەی خۆیانەوە، زۆر لە دڵەوە لەوەڵامدا دەڵێن: ((ئێمە خەڵكی بەهەشتی كەندێناوەین، ئێمە خەڵكی بەهەشتی قەراجین!)) ئێستا ئەو جووتیارو سەپان و شوانە بەهەشتییانە، بێئەوەی تاوانێكیان كردبێ ! قەدەغە شكێنییەكیان كردبێ ! بێئەوەی لە فرمانی خودای خۆیان لادابێ! ئەوا بۆ جاری دووەم ! لە بەهەشت دەردەكرێن ! ئەمجارە نەك بە فرمانی خودا ! بەڵكە بە دەستی ئەهریمەن ! ئەهریمەنی لە خودا یاخی !! لە بەهەشت دەردەكرێن، بەهەشتی ژیان !!

لە گوندی عاڵلای، لە گەڕەكی گەردییان، لە بەرامبەر (جۆخینی گەردییان) لەپێشماڵی نەوەی حاجی حەسەنی، ئەو حاجی حەسەنەی پێش ئەوەی بچێتە حەج پێیان دەگوت: ((حەسەن كەر گەورە)) پیرە پەستێك، كۆنە پەستێك، پاشماوەی نەدزراو و نەسووتاوی ئەو ماڵەی لێ باركرابوو، لەنێو پەستەكەدا، لە خانەی پشتەوە، دوو بزن و كاوڕێك و چەند مریشكێكی پەل بەستراو باعە باع و گاڕە گاڕیان بوو.

سەگ، ئەو سەگەی نەوەی سەگی حەجێیە، ئەو سەگی حەجێیەی بە ڕەچەڵەك، دەچێتەوە سەر ڕەچەڵەكی ئەو سەگەی

پێش حەزرەتی نوح لە کەشتی دابەزی! ئەو سەگەی بەڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر ڕەچەڵەکی سەگی باوە ئادەم. ئەو سەگی بەوەفا. ئەو سەگی چاو نەترس! ئەو سەگی گورگ خنکێن، ئەویش وەك ئەندامێکی ئەو ماڵە، وەك هەموو سەگەکانی گوندی عالّلای وەك هەموو سەگ و بەستەزمانەکانی گوندە زۆرەکانی کەندێناوەو قەراجی، سەری لێ شێوابوو، سەرلێشێوانێك جیا لە هەموو کارەسات و سەرلێشێوانەکانی پێشوو.

پیرە پەست، کۆنە پەست تەواوی زیندەوەرو شڕوشیتاڵەکانی ئەو ماڵەی لە خۆ بار کردبوو، باعە باعی دوو بزن و کاوڕێك، گاڕە گاڕی مریشکە پەل بەستراوەکان، زۆر غەمگین و بە سۆز دەهاتنە بەرگوێی، بە چاوە تیژەکانی، ئەو چاوانەی لە شەوی تاریك دۆست و دوژمنی لێك دەکردەوە، لەنێو قەمیشەڵان.. دڕکەزییان گورگی دەدۆزییەوە، بەو چاوانە زۆر بە برسییەتی و سۆزەوە سەیری فرمێسکی چاوی ژنە بێوەژنەکەو شەش منداڵە هەتیوەکەی دەکرد. سەیرکردنێك هەزارو یەك ماناو پاڕانەوەی تێدابوو، سەیرکردنێك هەمووی پرسیارو پاڕانەوە بوو، وەك خولخولە بە دەوری پیرەپەست دا دەسووڕایەوە، دەسووڕاو هیچ عەردێك بە خۆی نەدەگرت، زۆری هەوڵدا لە تەك منداڵە ساواکان، لە تەك دوو بزن و کاوڕەکە، لە تەك مریشکە پەل بەستراوەکان، جێگای خۆی بکاتەوە. بێ فایدە بوو. لە هەموو ژیانیا دڵڕەقی و ناحەقییەکی بەرامبەر بەخۆی لە هیچ یەکێك لە ئەندامانی ئەو ماڵە نەدیبوو، کەچی ئەوا یەکەم جارە، ڕێگەی لێ

دەگرن ! ڕێگەی ڕۆیشتن، ڕۆیشتنێك بە ناچاری، ئەو ڕێگە گرتنەی زۆر بە غەدرێکی گەورە دەهاتە بەرچاو ! بۆی لێك نەدەدرایەوە. باعەی کاوڕو دوو بزنەکە، گاڕەی مریشکە پەل بەستراوەکان، گریانی ژنە بێوەژنەکەو مندالّە هەتیوەکان، دەنگی ماشێنی پیرە پەست، لە پەنا دووکەڵی خەستی ماشێنی پەستەکە تێکەڵ ببوون، پەست بەڕێ کەوت. بەڕێکەوت و هەرچی ئەو خۆشی دەویست و سەبووری پێدەهات لەگەڵ خۆی برد، زۆر بەبێ تاقەتییەوە دوای پەست کەوت! پەست پەستی دار و ئاسن، پەستی بێ هەست و بێ بەزەیی. هەتا دەهات خۆشتر دەڕۆیشت، سەگ ئەو سەگەی کەروێشکی لە بای غارێ دەگرت، گورگی لە حەفت کێوان دەتەقاند، ئێستا نەدەگەیشتە پیرە پەست، ئەو پیرە پەستە کۆن و شلۆقە، ئەو پیرە پەستە دارو ئاسنە ! بێ بەزەییانە دڵڕەقانە دوور دەکەوتەوە، دوور دەکەوتەوە لە گوندی عالّلای، لە سەگی بەوەفا، لە سەگی ئازا، لەگەڵ دوورکەوتنەوەشی هەموو ئەو مرۆڤ و گیانلەبەرو شڕوشیتاڵەی لەگەڵ خۆی دەبرد کە ئەو لێیان ڕاهاتبوو لەگەڵیان گەورە ببوو و سەبووری پێیان دەهات و خۆشی دەویستن.

پەست دوور دەکەوتەوەو لەگەڵ خۆی دەنگی باعە باعی دوو بزن و کارەکە، گاڕەگاڕی مریشکە پەل بەستراوەکان، گریانی ژنە بێوەژن و مندالّە هەتیوەکانیشی دوور دەخستەوە، دوورخستنەوەیەك وەك ئازاری گیان کێشان گران، پەست دەڕوا تیژتر دەبێ ! سەگ بە جێدەمێنێ و لە غاردان گرانتر دەبێ ! پەست دوور دەکەوێتەوە،

دوور دەکەوێتەوە لەگەڵ خۆی هەموو ئەو مرۆڤ و زیندەوەرو شڕوشیتاڵە دەبات کە ئەو سەبووری پێیان دەهات و لەگەڵیان گەورە ببوو و لێیان ڕاهاتبوو، پەست دوور دەکەوێتەوە و هیچ هێزێك ئەو پیرە پەستە دارو ئاسن و دڵڕەق و بێبەزەییە ڕاناگرێ، هیچ هێزێك هێزی بەزین بە چوارپەلی شلبووی ئەو ناداتەوە، بەزین و غارێك پیرە پەست لە دەست نەدا. ئەو ئەندامەی ئەو دەم دەیتوانی لە هەموو ئەندامەکانی تری زیاترو زۆرترو چاکتر بەکاری بێنێ، تەنیا چاوەکانی بوو، چاوە تیژەکانی، پیرە پەست تا دەهات دوور دەکەوتەوە، دوور دەکەوتەوەو چکۆلە دەبووەوە. دەنگی باعە باعی دوو بزن و کاوڕەکە، گاڕەگاڕی مریشکە پەل بەستراوەکان، دەنگی گریانی ژنە بێوەژن و منداڵە هەتیوەکان لە گوێی دەزرینگایەوە، یەکەم جار بوو، یەکەم جار لە هەموو ژیانی، هەستی کرد لە ناخەوە، حەزدەکات کە سەگ نەبوایە! ئێستا ئەویش یەکێك بوایە، لە ئەندامانی ئەو خێزانە ! یەکێك بوایە لە دوو بزن و کاوڕەکە، یەکێك بوایە لە مریشکە پەل بەستراوەکان، هەر چنا شڕوشیتاڵێك بوایە لە شڕوشیتاڵی ئەو ماڵە! ئەگەر وابوایە ئێستا ئەویش لەگەڵ تەواوی ئەو خێزانە لە نێو پیرە پەستەکەدا دەبوو، پیرە پەست لە ((گردی بێمرادان)) ڕەت بوو، تۆزی ڕێگای لەدوای خۆی دا بەجێهێشت، چوار پەلی هەر هێندەی هێز تێدا مابوو خۆ بگەیێنێتە سەر گردی بێمرادان و بە چاوە تیژەکانی، بە چاوە پڕ فرمێسکەکانی، چاو ببڕێتە ئەو پەستەی، کە پشتی لە گوندی عالڵای کردووەو

ڕووی لە شاری هەولێر، دەڕوا زۆر بێبەزەییانەو دڵڕەقانە، هەرچی ئەو دڵی پێ خۆش بوو و سەبووری پێ دەهات لەگەڵ خۆی دەبرد.

پیرە پەست، ڕوو لە هەولێرو پشت لە گوندی عالڵای، پشت لە گردی بێمرادان، پشت لە سەگی بەوەفا تۆزو خۆڵ دوای خۆی بەجێ دێڵێ، سەگ سەگی بەڕەگەز! سەگی بەوەفا سەگی ماندوو لەسەر گردی بێمرادان روو لە پیرە پەست وەردەکەوێ.

## ٢٩

لەسەر پشتی ئەو پەستە، منداڵە تەمەن دە ساڵییەکە، ڕوو لە گوندی عالڵای ڕوو لە گردی بێمرادان، پشت لە هەولێر، باوەشی لە خوشکە بچکۆلەکەی وەرێنابوو بە چاوە پڕ لە فرمێسکەکانی سەیری گردی بێمرادانی دەکرد و لە سەگە بەوەفاکە ڕادەماو بیری لە ڕۆژانی ڕابردوو دەکردەوە، ئەو ڕۆژانەی ئەو منداڵە بچووك بوو، ئەو سەگە گوجیلەیەکی بچووك بوو، زۆر جار ئەستوورکی لەدەست دەردێنا، ئەو ڕۆژانە ئەو منداڵێکی هەراش بوو لە سەگی گوندی و جیرانان دەترسا، ئەو سەگە پاسی دەکردو دەیپاراست، ئەو ڕۆژانەی ئەو بەرخەوان بوو، ئەو سەگە هاوڕێی بوو، ئەو منداڵە تەمەن دە ساڵییە، یادگارێکی زۆری لەگەڵ ئەو سەگە هەبوو، ئەو سەگەی لەزۆر شەڕی پڕ

ئازایەتیدا دیبوو، لە شەڕی گورگان، لە شەڕی پرینگان، لە شەڕی جندۆکە ڕزگارکردنی، لە شەڕی مار کوشتنی. ئەو تەمەن و ئەو یادگارانە، ئەو سەگەیان زۆر خۆشەویستتر کردبوو، ئێستا ئەو سەگە ئەو هاوڕێ دڵسۆزە، بەجێ ماوەو لە سەر گردی بێمرادان وەك تەم دیارە! سەگەکە لە بەرچاوی بوو بە بەشێك لە گردەکە، بوو بە تەواوی گردەکە، یان ڕاستتر گردەکە بوو بە سەگەکە! ئێستا سەگەکەو گردەکە بوون بە یەك و لەنێو تۆز و خۆڵی پەستەکەدا بەرز بەرزتر لە هەموو گردەکان دیارن.

سەگ، سەگی گرد، سەگی بەوەفا، سەگی ئازا، لەسەر گردی بێمرادان، گەورەو مەزن وەك گردی بێمرادان، چاوی بڕیبووە پەستەکە، ئەو پەستە دارو ئاسن و دڵڕەقەی هەرچی ئەو خۆشی دەویست، هەرچی ئەو لە گەڵیدا ژیابوو، هەرچی ئەو لێی ڕاهاتبوو لەگەڵ خۆی برد، ئەو پەستە گەیشتە ((هەورازی دومبەڵانان)) لەو هەورازە چەقی. چەقی و نەبزووت! چەقی بوو بە بەشێك لە هەورازەکە، بوو بە تەواوی هەورازەکە، یا ڕاستتر هەورازەکە بوو بە پیرە پەستەکە! ئێستا ئەو پەستە هەورازی دومبەڵانانە، ئێستا هەورازی دومبەڵانان پیرە پەستە! لەوێ ڕۆژێوە نە ئەو پیرە پەستە دەگاتە شاری هەولێری و نە ئەو منداڵە گەورە دەبێ، ئەو منداڵە تەمەن دە ساڵییەی لەسەر پشتی پەستی باوەشی لە خوشکە بچووکەکەی وەرێناوە، بەچاوی پڕ فرمێسکەوە، چاوی بڕیوەتە سەگی بەوەفا، سەگی گردی بێمرادان، فرمێسکان لە چاو دەبارێنێ، فرمێسکی ئاو نا !... تا

ئاوی چاوان بێ. خوێن نا !... تا خوێنی دڵان بێ، فرمێسکی تیـژاو. تیـژاوی ئاسـناو کـە دڵـۆپ دڵۆپـی دەتکێتـە سـەر پشـتی پیـرە پەسـتی دارو ئاسـن، دارو ئاسـنی وشـك و ڕەق، وەك گۆشـتی زینـدوو زینـدوو و تـەڕ. چـززەی لێـوە دێ چـززەی لێـوە دێ و کـون دەبـێ، کـون دەبـێ و دەسـووتێ.

ئێسـتا لـەوێ ڕۆژێـوە، سـەگی بەوەفـا لەسـەر گـردی بێمـرادان، گـەورە وەك گـردی بێمـرادان، چەقیـوە. چەقیـوەو نابـزوێ، پشـت لـە گونـدی عاڵـڵای ڕوو لـە شـاری هەلێـر چـاوی بڕیوەتـە ئـەو پەسـتەی کـە لەسـەر هـەورازی دومبەڵانـان چەقیـوە، چەقیـوەو بـووە بـە بەشـێك لـە هـەورازی دومبەڵانـان، بـووە بـە تـەواوی هـەورازی دومبەڵانـان، لـەو چاوانـە فرمێسـك دەبارێنـێ، فرمێسـکی ئـاو نـا. تـا ئـاوی چـاوان بـێ. خوێـن نـا . تـا خوێنـی دڵان بـێ، فرمێسـکی تیـژاو ... تیـژاوی ئاسـناو، دڵـۆپ دڵـۆپ دەتکێتـە سـەر گڵـە سـووری، گڵـە سـووری گـردی بێمـرادان، گڵـە سـووری وشـك و برینـگ وەك گۆشـتی زینـدوو. زینـدوو و تـەڕ چـززەی لێـوە دێ، چـززەی لێـوە دێ و دەسـووتێ، دەسـووتێ و کـون دەبێـت !!

## پەراوێزەکان

١) کەندێناوە ( دەشتی کەندێناوەی دەشتێکی بەپیتە، دەکەوێتە نێوان – چیای قەرەچووغ و زوورگی – زوورگەزراوی – درێژییەکەی ٥٠ کیلۆمەترەو پانییکەی ٢٣ کیلۆمەترە، کەندێکی زۆری تێدایە)، ل ٣١ سنتان فی کوردستان، ب١

* قەراج : ( بەوە ناسراوە کە بە بڕشتە، دەڵێن لەو ساڵانەی کە ڕەحمەتی خوای – باران زۆربێ بەرهەمی هەر دەنك سەد دەنکی دەکا، بەداخەوە لەبەر کەم بارانی ئەوە کەم ڕوو دەدات ). ل ٣٠ سنتان فی کوردستان، ب١

٢) عالڵا : عەبدوڵڵا گجیلان. عالڵا گوجیلان، بۆ ناوی گوندی عالڵای زۆر ڕای لێك جیا هەیە. کە من جارێ بەهیچیان دڵم ئاوێ ناخواتەوە.

٣) ( ئادەم گەنمی خوارد، کردی گوناه) تحفە مڤقریە، بەشی دووەم ل ٣١٥.

٤) چیای بڵباسان : ئێستا بە ( قەرەچووغ ) ناو دەبرێت ئەو ناوەی لە سەردەمی عوسمانیەکان بەسەردا براوە دەنا پێشتر خەڵکەکە پێیان دەگوت چیای ( بڵباسان ) ( بەرزایی ٢٨٠٠ پێیە لەسەر ڕووی دەریا )، ل ٣٠ سنتان فی کوردستان ب١

٥) دەرماناوە : ناوی کانییەکە کەوتۆتە بن چیای قەرەچووغ – چیای بڵباسان – وەك لە ناوەکەی دیارە ئاوەکەی بەدەرمان دەشێ، بەتایبەت دەرمانی نەخۆشییەکانی پێست.

٦) بێخێر : ناوی چیایەکە لە کوردستان – نزیك زاخۆ – خەڵکی ناوچەکە دەڵێن : وەختی خۆی نوح پێغەمبەر ویستوویەتی کەشتییەکەی خۆی لەسەر ئەم چیایە بگیرسێنێتەوە کەچی ئەم چیایە نەیتوانیوە شان بداتە بەر گرانایی کەشتییەکە، هەر لەبەر ئەم بێتواناییەی ناوی لێ دەنێن (بێخێر) _!! .

٧) لەو ساڵانەی دوایی لە ئاقاری عاڵڵای پەیکەرە بەردێك دەدۆزنەوە پەیکەرەکە پەیکەری ژنێکی ڕووت دەبێت خەڵکەکە ناوی لێ دەنێن (بەردە قوز)

٨) گلگامش : پاڵەوانی داستانێکی کۆنی سۆمەرییە، لەبارەی مێژوویەوە دەگەڕێتەوە بۆ ٢٦٠٠ ساڵ پێش زاین و پێنجەمین پاشای سۆمەرە کە لە شاری ( ئۆرۆك ) دا حوکمی کردووە ئەو گلگامشە پاش مردنی (ئەنکیدۆی ) هاوڕێی مردنی زۆر ناشرین دێتە بەرچاو بەدوای ( گیای نەمریی )دا دەگەڕێ وەپاش سەراو دەراوێکی زۆر بە دەستی دێنێ، کەچی لەڕێگای گەڕانەوەی مار دێتە سەر حازری ئەو گیایە دەخوا.

٩) ئەنکیدۆ – کێوییێکە – ئۆروری – خوداوەند دروستی کردووە بۆ ئەوەی ڕێگا لە زۆرداریيەکانی گلگامش بگرێت، ئەنکیدۆ وەکو دڕندان دەخواو دەژی – ژنێك – کەوی دەکاو دەیهێنێتە نێو ئاوەدانی سەرەتا لەگەڵ گلگامش مل لەبەر ملی یەکتر دەنێن، پاشان دەبنە هاوڕێ.

١٠) کاژ فریدانی مار خەڵکی وای لێکدەدەنەوە کە (مار) بەمە ژیانی تازە دەکاتەوە و نامرێ، ئەم باوەڕە لە عەقیدەی زۆربەی نەتەوەو سەردەمان هەر وایە ئەوەتا لە داستانی گلگامش سۆمەرییەکان هەمان باوەڕیان هەبوو سەیری کە شاعیری داستانی گلگامش چی نووسیوە: (گلگامش بیرێکی ئاو ساردی بینی)

( تا ) خۆی لە ئاوی وەربدا

مار بۆنی گیاکەی کرد هات و گیاکەی دزی پاشان کراسی لەبەر خۆی داڕنی ). ل ١٦٦ ملحمە گلگامش

١١) ( دەڵێن – لەو ساڵانەی کە ڕەحمەتی خوا - باران - زۆربێ هەر دەنکەکی سەد دەنکی دەکا ). ب١، ل٣٠، سنتان فی کوردستان.

١٢) گردی حەمەد هەولێری: ( ئەم گردە مێژوویێکی کۆنی هەیە لەوە دەچێ پێشتریش شارستانیەت و ئاوەدانی لەخۆ گرتبێ، بەڵگەش ئەوەیە

لەلایەن جووتیارەکانی ئەم دێیە چەندین جەرەو گۆسکە و پەیکەری لە قوڕ دروستکراو لە کاتی جووتکردنیاندا بەر سەرە نێزەی گاجووتەکانیان کەوتووە. هەموو ئەو ئاسەوارە کۆنانەش لە گردێك دۆزرانەوە پێیان دەگوت گردی (حەمەد هەولێری) کەوتبووە ڕۆژهەڵاتی دێیەکەوە) ل ٣٦-٣٧ ژمارە (٢) هاوینی ٢٦٩٩ ی کوردی گۆڤاری (قەرەچووغ). ڕۆژی ١٩٩٩/٩/١٢ ئەم گۆڤارەم کڕی.

١٣) ( لۆم برێنە شای ماران ) بەندێکی دوورو درێژی فۆلکلۆرییە، لە شایی و دروێنەدا بەئاوازێکی خۆش دەگوترێ، خۆزگە کۆ دەکرایەوە.

١٤) جوێن و زارگەمەو نوکتە خۆشەکانی عالّلاییەکان ئەوە دێنێ کە یەکێ لە نووسەرە گەنجەکانی عالّلای کۆیان بکاتەوە، دڵنیام بەکۆکردنەوەی جوێنە نوکتە ئامێزەکان خزمەتێکی چاك بە عالّلاییەکان و بە ئەدەبی کوردی دەگات.

١٥) (ڤێری... ئیسەر !! ئێوە لەسەر دەریا ڕاوەستاون، دەریای نەوت!!).

١٦) لە ئاقاری گوندی عالّلاو تەواوی کەندێناوەی زۆر بیرە نەوت هەڵکەندراوە و سەری داخراوە. هەر لەبەر ئەم پڕ نەوتییەشە ڕژێمی عێراق کەندێناوەی بەتەواوی لە کورد چۆڵ کردووەو عەرەبی هێناوەتێ.

١٧) ((ئەو دەبەنگانە چەند بە بەختن !!))

These rascals are for tunate enough

١٨) لەبارەی دەوڵەمەندیی خاکی کوردستان لە گوڵ و گیا، زۆر گەڕۆك و ڕۆژهەڵاتناس و کوردناس سەرنجیان دەربڕیوە (لە بەهاردا زەوی نەخشی خۆی بەدەردێخی وخۆی بەگوڵ دەڕازێنێتەوە، ڕۆژێك (٣٠) جۆری جیاوازم ژمارد لە (٣٠) یاردەی حەوشەکەمدا)- مەبەستی سی جۆر گیای کێوییە – ئەمە قسەی نووسەری (سنتان فی کردستان)ە، ل ٤٩ - ب١.

١٩) دەقنە نووس : سەردەمی دەقنە نووسێ، واتە ئەو سەردەمەی هیچ دەقێکی نووسراوی لێ بەجێ نەماوە.

(لەڕووی مێژووییەوە وشەکە (دقیانووس)ە، کە پاشایەکی فارس بوو، شاری (گرسوس)ی داگیر کردو چەند ئیماندارێك لەترسی ئەو خۆیان لە ئەشکەوتێك شاردەوە و (٣٠٠)و ئەوەندە ساڵیان پێ چوو، سەگەکەی عالّلای پاسەوانی دەکردن، ئەوانە بوون بە (اصحاب الكهف) ناسران. د. ع. گەردی.

٢٠) قەپڵان، قەپران : تۆما ئەسقەف مەرجی – مەرگی – نووسەرێکی مەسیحییە، لە چارەگی یەکەمی سەدەی نۆیەمی زاینی- (٨٠٠-٨٢٥) لەدایك بووە، پاشان کتێبێکی نووسیوە بەناوی – الرؤساء – واتە ئەو پیاو چاکانەی کە لە دێر (بيث عابى) پیرۆز خزمەتیان کردووە، لەلاپەڕە (٦٧)ی کتێبەکەی باسی گوندی – کوفلانا- دەکات. وەرگێڕ و پەراوێز نووسی عەرەبی، - الاب البير ابونا- لە پەراوێزدا نووسیویەتی: (گوندی – کوفلانا- یان – قوفلانا، گوندێکە دەکەوێتە خوارووی ڕۆژهەڵاتی دەشتی کەندێناوە، لە دووری ٢٥کم ڕۆژئاوای پردێ – التون کۆپری – لەناوچەی حدياب) ئەم ناوچەیە هەولێر و دەشتی کەندێناوەش دەگیرێتەوە، جا بەم شێوە ئەم گوندی کوفلانا، قوفلانا دەکاتە گوندی – قەپڵان – کە گوندێکە لە گوندەکانی کەندێناوەی و لە ڕۆژهەڵاتی عالّلای و ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە زۆر پێش هەزارو دوو سەد ساڵ (قەپران). – قەپڵان – ئاوەدان بووە. لەوە دەچێ، ناوەکەشی ئاوا گۆڕانی بەسەردا هاتبێ. کوفلانا، قوفلانا، قەپڵان. قەپران.

## بەندەو تاقەت

پێم وایە، ساڵی ١٩٩٣ بوو، بە بۆنەی یەکێ لە جەژنە ئایینییەکانەوە، سەردانی ماڵە خزم و برادەرانمان دەکرد، لە یەکێ لە ماڵە (عاڵڵا)ییەکان، کە ئاوەدانییەکی باشی تێدا کۆ ببۆوە! لە نێوان قسەکاندا نازانم چۆن بوو! باس هاتە سەر (نووسین!!) لە پڕ یەکێ لە برا جووتیارە عاڵڵاییەکان ڕووی لە من کردو زۆر بە گەرمییەوە پرسی: ((تۆ چی دەنووسی؟)). وەك قوتابییەکی شەرمن لە بەردەمی مامۆستا وەڵامی پرسیار نەزانێ، ئاوا دامام! ماڵی ئاوابێ زۆر چاوەڕێی وەڵامەکەی منی نەکردو هەر خۆی گوتی: ((نا، نەکەی، هەرشتێکت نووسی، ناوی – عاڵڵا – ی تێبکە!)) تا ئەو کاتە من لە هیچ نووسینێکما ناوی (عاڵڵا)م نەهێنابوو. هیچ ڕۆژێکیش بە شێوەی ئەم برا جووتیارە بیرم لە گوندەکەم (عاڵڵا) نەکردبۆوە. بەڵام، قسەکەی ئەم برا جووتیارە هێندە لە دڵەوە بوو، بۆیێ یەکسەر بە دل و هەستمەوە نووسا! ئەو دەم لەبەردەم (گەورە)یی و (سادە) یی ئەم جووتیارە عاڵڵاییە هێندە خۆم (بچووك) هاتە بەرچاو، کە تائێستا هیچ ڕۆژێك ئاوا هەستم بە بچووکی خۆم نەکردووە. داخوازییەکەشی هێندە (ڕەوا) و (مەزن) بوو، قەت بە خەیاڵمدا نەدەهات ڕۆژێ بێ و جەسارەتی ئەوە بکەم، مل لەبەر کارێکی ئاوا بنێم !! کارێك کە بمەوێ ئەو برا عاڵڵاییەی پێ (ڕازی) بکەم. ئاخر عاڵڵاییەکان بە کێ ڕازی دەکرێن! لە کاتێکدا داخوازییەکانیان لە بارەی (عاڵڵا!!) وە بێ، عاڵڵای وێرانکراو و

داگیرکراو بە عەرەب!!. داخوازییەکانیان لە بارەی (عاڵڵاییییەکان)ەوە بێ، عاڵڵاییییە دەرکراو و ئاوارەکراوەکان.
لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٧ کاتێك بە خۆم زانی ئەوا خەریکی نووسینی - بەردە ژن - م، لە ڕاستیدا وەك زۆربەی نووسینەکانم، لەوەشدا، نەمدەزانی لە کوێوە سەرم هەڵگرتووەو لە کوێش دێمەوە کۆتایی، لە نێوانیشدا باسی چی دەکەم؟
ئێستا کە ئەم نووسینە - بەزاهیر - بەم شێوەیە دەرچوو کە برا جووتیارە عاڵڵاییییەکە دەیخواست، لەوەتەی ئەم نووسینە تەواو بووە لە هەموو کەس زیاتر بیر لەو جووتیارە عاڵڵاییییە دەکەمەوە و لە دڵی خۆمدا دەڵێم: تۆ بڵێی ئەم (لاوکە رۆمان)ە بە دڵی ئەو بێ، تۆ بڵێی بتوانم ڕازی بکەم؟! زۆریش دەترسم، نەك هەر بەدڵی نەبێ! لێشم تووڕەبێ. - ئاخر-ئەو-ان زۆر لەمن (جوان)تر عاڵلای خۆیان دەبینن - جا کێ بەرگەی تووڕەیی عاڵڵاییییەکان دەگرێ! خوا نەکا عاڵڵاییییەکان لە هیچ کەسێ تووڕەببن. شتێکی کە کەمێك پشتم پێی قایمە و دڵی خۆمی پێ دەدەمەوە، لێبوردەیی عاڵڵاییییەکانە، ئەوان ئەگەرچی لە تووڕەییدا وەك - چیایی بڵباسان- ڕەق و قایمن، ئەوا لە هێمنیشدا نەرمن وەك گوانی پڕ شیری بزنەکانیان. ئەوان ئەگەر کاری کەسێکیان بە دڵ نەبێ و دڵنیاش بن کە کابرا هەر هێندەی لە بارە و لەوەی پتر لە دەست نایێ، بە گەورەیی خۆیان دەیبەخشن و مۆری پەسندیی بۆ لێدەدەن و دەڵێن: ((بەندەو تاقەت)) و لەلای خوارێ جێگەی بۆ دەکەنەوە، چونکە عاڵڵاییییەکان لە مێژە

گوتوویانە: ((باز بە چی دەچوو، ئەگەر چۆلەکەی بەستەزمان نەبوایە)) واتە مەزنەکان، بەشێکی مەزنییەکەیان لە بچووکیی بچووکەکاندایە.

ئێستاکە ئەم —بەردە ژن- ە پێشکەش بە عالّلاییەکان دەکەم، ئەگەر وەك دیارییەکی (بچووك) لێم وەربگرن، ئەوە (گەورە)یییەکە هەر لە خۆیان دەوەشێتەوە. چونکە عالّلاییەکان چاك دەزانن. باسی (مێژوو) و (جوگرافیا)ی عالّلای، باسی ژیان و بەسەرهاتی عالّلاییەکان کاری تەنیا (کەسێك) و (ڕۆژێك) نییە! دڵنیام عالّلاییەکان ئەوەش چاك دەزانن، کە ئەو (ڕووداو) و (شوێن) و (کەس)انەی لەم نووسینەدا ناویان هاتووە، قەت لەبەرئەوە نییە! کە لە ڕووداو و شوێن و کەسەکانی تر لە پێشترن! نا... نەخێر!!بەڵکە ئەو —ڕاستی و واقیع-ەی کە باس کراوە، بەشێکە لەو —یادگاری-یەی کە لە یادەوەریی نووسەر ماوەتەوە، ئەو (نووسەر!!)ەی زۆر بە منداڵی- دەتوانم بڵێم: لە پێش هەمووان ئاوارە بوو. دەنا- عالّلا- عالّلای دەشتی کەندێناوەی، ئەویش سەر زەوییەکەی- بە هەموو پێکهاتەکانییەوە- وەك ژێر زەوییەکەی وایە. ئەو ژێر زەوییەی پڕاو پڕە لە (زێڕ) هەر زێڕی زێڕ!! ئەو وڵاتە زێڕەی کە مەگەر هەر بە تەنیا
— داگیرکەران - بزانن چ زێڕێکە!!؟

١٩٩٩ - هەولێر